# بێوار

## بەرگی دووەم (گێڕەک)

د. کامەران مەنتک

چاپی دووەم: ئەلیکترۆنی
2021

ناوی کتێب: بێوار، بەرگی دووەم، گێژەن

نووسەر: د. کامەران مەنتک

بابەت: ڕۆمان

چاپی دووەم: چاپی ئەلیکترۆنی2021

لەلایەن نووسەوە دیزاین کراوەو بڵاوکراوەتەوە

# بێوار

## بەرگی دووەم (گێژەن)

کامەران مەنتک

چاپی دووەم ئەلیکترۆنی

2021

ئێمە گەلێکین زۆرمان حەز لە گوڵە، کەچی لە دەرگای هەر باخێک دەدەین دڕکمان پێ نیشان دەدەن!

پێشکەشە بە گیانی پاکی دایکی خۆشەویستم

## وتەیەکی پێویست

لەچاپی دووەمدا پێداچوونەوەی بۆ کراوەو بەتایبەتیش خاڵبەنەدی چاککراوە، بەڵام دەقەکە بەهیچ شێوەیەک دەسکاری نەکراوە، تەنیا چەند وشەیەک نەبێت، کە تێبینی کراوە گونجاو و لەشوێنی خۆیدا نەبووە

نووسەر

2021\6\12

## له باتی پێشەکی

وەک ئاشکرایە نووسسینی رۆمان وەک بابەتێکی ئەدەبی، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە دایک بوو، دوای ئەوەی مرۆڤ بە هۆی داهێنانی ئامێرەوە زیاتر بەسەر سروشت زاڵ بوو، شێوازی ژیان و بیرکردنەوە گۆڕاو زیاتر بەرەو ریالیستانە هەنگاوی نا، رۆمان ، وەک رەنگدانەوەیەکی ئەو بارە نوێیە ، جێگای (رومانس) واتە چیروکی سوار چاکی گرتەوە، کە بابەتی ئەدەبی چێژلێکراوی چەرخە ناوەڕاستەکان بوو.

لەو سەردەمەوە، رۆمان شێوازێکی جیهانی وەرگرت، نووسەران هەوڵیاندا ژان و ئازارەکانی خۆیان ، یاخود بیرو بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای خۆیان. لە ڕێی ئەم بابەتە نووسینەوە دەربڕن. کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ ئەم ڕێچکە نووسینە بەردەوامە. هەرچەندە بەڕای ئێمە، ئەم شێوازە نووسینە لە دوا چرکەکانی ژیانیەتی، لەبەرئەوەی ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی ئەمڕۆ هاتونەتە ئارا ، کاتی لای مرۆڤی هاوچەرخ زۆر کەم کردۆتەوە. بە ڕاددەیەک کە ناپەرژێتە سەر ئەم جۆرە نووسینە درێژانە ! ئەگەر چی رەنگ بێ لە رۆژگارێکی پڕ چەرمەسەری و ئاژاوەی وەک ئەمڕۆماندا رۆمان ئامرازێکی باش بێت ، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دڵەڕاوکێی و جەختە دەروونیەکان کە ئێجگار زۆرن دەرباز بکات و بیخاتە هەمێزی جیهانێکی ئەندێشەیی و ئەفسووناوی . کە تیایدا

له ناخی دڵەوە ، منداڵ ئاسا ، یا پێ بکەنێت ، یا زەنگوڵە فرمێسکان قەتار بکات.

ئەم چەند دێرەمان بۆ ئەوە خستە روو، چونکە پێمان وایە، ئەو بەرگەی بێوار ، ئەگەر چی بە بابەت و ناوەڕۆک تەواوکەری بەرگی یەکەمە، بەڵام بە شێواز ، رەنگ بێ جیاوازیەکی هەبێت لە گەڵ شێوازەکانی تری نووسینی رۆمان ، تا رادەیەک لە شێوازی ریالیستی ئەفسووناوی ( الواقعیە السحریە) وە نزیک بێت ، کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە برەوەی سەند. بەڵام لە راستیشدا هەوڵماندا لەم بەرگەدا شێوازێکی کوردانە بە نووسینی رۆمان بدەین. واتە نەک بە تەنیا زمان و بابەتی رۆمانەکە کوردی بێت، بەڵکو شێوازی نووسینەکەشی کوردانەبێت ، ئەویش تێکەڵ کردنی شێوازی بەیت و لاوکی کوردی بە شێوەی پەخشان تیایدا.

رادەی سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵە خوێنەرو رەخنەگران دیاری دەکەن. بەڵام هەرچۆنێک بێت . دەکرێت بە هەوڵێک بژمێردرێت ، ئەگەر بچووکیش بێت.

کامەران مەنتک

2005\2\10

هەولێر

# بەشی یەکەم

( 1 )

( ڕۆیشت ... واژەی هات و وەک زریانێک بەڕێکەوت.داروبەرد، ئاگرو ئاسن،ئاخ وکەپکە شاخ... هەموو بە ناگزوریەوە سەیریان کردن. تێیان رامان. دەمەژییێخۆیان هەژاندولێیان وردبوونەوە.ئەویش تاویبەگوڕ،تاوێکیتربەنەرمیولەسەرخۆ...دەڕۆیشت ! هەنگاوەکان بە خێرایی لێک جوێدەبونەوە.سیەکان بە شەکەتیەوە هەناسەیان تیا دەهات و دەچوو.چاوەکان بە دیقەتەوە زێرەوانیان دەکرد.برژانگەکان بە جواناو تەڕببوون وکزوبێهێزدەهاتنە بەر چاو !).

رابۆ گوتی:

–چەندین ساڵە ژیانی ئێمە ئیوهایە ! ئەدی کوڕم ...تۆ چیت دیوە !؟ تالێ وسوێریت کەی چەشتوە. تۆ هێشتا ئازارت نەدیوە. ئا...ئازارت نەدیوە. ئەگەر باسی ئازار کرا،ئەگەر باسی ژان وخەفەتخانی و جگەر سۆژین کرا، ئەگەر باسی بێ ئەنوایی وبێکەسی کرا.تۆ یەکسەر وەرە کن دایکی خۆت. ڕێوراست وەرە کن دایکی خۆت! دایکە پیرو کلۆڵەکەت. دایکە سەر سپی و دنیا دیوەکەت. هەتاوەکونێ ئەو واتای ئەو شتانەت فێربکا. تێتبگەیەنێ کەر لە کوێ کەوتوەو کوندە لە کوێ دڕاوە!

* * *

(کاروانەکە خشەی دەهات و دەڕۆیشت.لاشەکان ماندوو، بەلەکی پێیەکان رەق ببوون.  هەموو تووڕەو ئەنری ، واگەرم داهاتبوون وەک دەرویشی تەریقەت زەرگت لیدابوان هەستیان پێنەدەکرد ! بەرگەی هەموو شتێکیان دەگرت. بەڵێنیان دابوو شتێکی وا بە مێژوو نیشان بدەن بتاسێ. پەڕەکانی بلەرزن و رۆندکیان لەچاو قەتیس بمێنێ! ).

* * *

(دەنگی لاوکێک لەماڵێکدا بەرز بوەوە، پیرێژنێکی پرچ وەک پەمۆ، کە ساڵ پشتی وا دووقەد کردبوەوە تا ئاسمانی دەبینی شپرزە دەبوو، بە قورگە پڕ ئاورەکەی هاواری دەکرد، دەینالاند... دەگریا. بە نەرمی دەنگی دەلەراندەوە و لەسەرخۆ لاوکی دەگوت. لاوکێکی جگەر تەزێن، لاوکێکی خوێناوی!. لاوکەکە دەیگوت: گەلی برا.. هەڤالینۆ، چیاو گوندەکان بێ خاوەن ماونەتەوە.دزەکان... نژدەکان، چەتەو سەرسەری و مرۆ کوژەکان. رۆژگار چەکی نامەردی داونەتە دەست. ئەوان خاوەن ماڵ ومەردان دەردەکەن ! مێرخاس و شۆڕەسوارو بەچکە شێران دەردەکەن. چەند سنورانیان پێدەشکێنن.گەلی و دۆڵ و زەندۆلانیان پێدەبڕن ! گەلی براو گۆهدێر...ئەوەی ئەمڕۆ روو دەدا...ئەوەی ئەمڕۆ زۆر بە ئاسایی بە چاوانی خۆتان دەبینن. لە هیچ ئان و سەردەمێکدا. لەگەڵ هیچ نەتەوەو تیرەیەکدا نەکراوە، لەگەڵ ئەوەی بیر بکاتەوەو روخساری لە مرۆڤان بچێ نەکراوە هەرگیزاو هەرگیزیش رێی تێناچێ لەگەڵیان بکرێ).

* * *

(کاروانەکە بەردەوام بوو. دەمێ بەگوڕ، تاوی بە ئارامی ڕێگەیان دەبڕی، لوولەی تفەنگیان هەردەم بەرز بوو، تاوانبارانیان دەکوشت. ڕێگرو چەتەو دزو درۆزن و تەڵەکە بازانیان دەکوشت. داگیر کەرو زۆڵ و تیرە مارانیان دەکوشت!. ئەوانەیان دەکوشت، کە لە ئاخ و وارێ خۆ بۆسەیان بۆ دادەنانەوە. هەوڵیاندەدا قاچ بەستیان بکەن و لەو ڕێگەیان پەژیوان بکەنەوە کە تروسکەی ژیانیان تیا بەدی دەکرد، کەچی بێسود بوو. هەوا دەوەستا...ئەوان نەدەوەستان.باو بۆران وزریان کڕدەبوەوە..ئەوان کڕنەدەبونەوە. رووبار لە شوێنی خۆی گۆمی دەکردو دەوەستا...ئەوان هەر نەدەوەستان. نەدەوەستان و بەردەوام بوون. دەیانزانی وەستان بۆ وان واتای مردنی هەیە. واتای لە ناوچوون و سڕانەوەی هەیە.سڕانەوەیەکی بێگومان ! سڕانەوەیەکی وا، کە هەتاوەکۆنی دنیا ماوە پەڕە کاغەزێک ناویان بەخۆوە هەڵنەگر).

❊ ❊ ❊

(دەنگی لاوکەکە هەر وەکو خۆی.، وەکو دوکەڵێکی باریک. بە شێنەیی..لە چوارچێوەی خانوە قوڕەکە دەهاتە دەرەوە. بە خەمباری..بەزگاری دەلەریەوەو بەرز دەبوەوە. بەرز دەبوەوەو دەلەریەوە!. تا دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان. وەک پۆلە کۆترێکی کێوی بە ئارەزووی خۆی.. بەکامی دڵی خۆی باڵی لێکدەدا. لە دەریای ئەو ئاسمانە پان و بەرینە مەلەی دەکرد. پەیڤەکان وەک پەپوولەیەکی خنجیلانە بە واتایەک خۆیان خەملاندبوو. ئەو باڵ وستۆیە ناسکەیان خستبوە ژێر باری واتایەکەوە.واتایەکی هێند گەورە گۆی زەوی بۆی هەڵنەدەگیرا!. ئەو لاوکە باسی وارێکی دەکرد. وارێکی جوان وقەشەنگ،

پارچە زەویەکی سەوز، کتومت بەهەشت بوو. لاوکەکە دەیگوت: ئەو وارە...ئەو دۆڵ و چیاو تیشە شاخانە، ئەو کانی و زەمەندو زنەو لوتکانە. خوا بە دەستی خۆی، بە دەستی ناسک و پاک و بەرزو پیرۆزی خۆی. لە بەهەشتی دەرهێناو پێشکەش ئەو میللەتەی کرد ! گوتی ها ئەو پارچە زەویە... ئەو خاکە دڵ نشینە. لە هیچ شوێنێکی دیکەی گۆی زەویەکەتان پارچەیەکی ئاوای لێ نیە ! رەنگینترین و دڵگیرترین واری لێ دروست بکەن. ئەو گێوژو کرۆسک و رێواس کەنگرو کاردیو پیفۆک و کوارگەی لەوێ هەیە لە هیچ شوێنێکی تر نیە. من ئەو پارچە زەویە دەکەمە دیاری بۆ ئێوە. پێشکەش ئێوەی دەکەم، چونکێ دەزانم ئێوە مێرخاسن!. ئازاو بوێرو بەجەرگ و چاونەترسن. دەتوانن بیپارێزن. وەکو گیانی خۆتان خۆشتان بوێ و بەرگری لێ بکەن. هەر لەو رۆژەوە...هەر لەو ساتەوە...هەر لەو چرکەوە دیاریەکەیان وەرگرت، سێ جاران کڕنوشیان بۆ بردو نێوچەوانیان پێوەنا،کڕنوشیان بۆ بردو نێوچەوانیان پێوەنا. کڕنوشیان بۆ بردو نێوچەوانیان پێوەنا... تێر تێر ماچیان کردو زەنگوڵە فرمێسکیان لە چاو تکا ).

* * *

(کاروانەکە هەر دەڕۆیشت، لە دواوەش وردە وردە شتیان لێ بە جێدەما، لاشەی کوژراوی بێ گیان، جێ قاچی ماندوو شەکەت، وشە...وشە، دێر...دێر... دیرۆکیان لە دوا بەجێدەما. لەگەڵ خۆشیان جگە لە لاشەو نان . جگە لە چەک و جل و بەرگ. جگەلە ئەسپ و چارەوی. هەگبە یادێکیان لە دڵ هەڵگرتبوو. یادی ئاخەکەیان. یادی

شەڕوشۆڕو داستانە نەمرە کانیان. یادی هێلانە و ماڵ ومنداڵیان.. یادی گراوو خۆشەویست و دەزگیرانەکانیان، کە نەیاندەزانی چارەنووس بۆ کوێی راپێچ کردون و لە نێو گێژەنی کام دەریا یاریان پێدەکا. لەگەڵ ئەوەش ...سەرباری ئەوەش ، بیریان بەهیچ کامێک لەوانە خەریک نەدەکرد. لە بیری سەرکەوتن وگەیشتنە لوتکە زێتر بواری هیچ بیر کردنەوەیەکی تریان نەبوو!).

*    *    *

–کوڕم تۆ چیت دیوە !؟هەر لەبەر ئەوەی بە چاوێکی سوور سەیریان کردی، هەر لەبەر ئەوەی  لە کونجی زیندانێیان ئاخنی، جا ئەمە بۆ بستە منداڵێکی وەکو تۆ چیە!. یانی چی ئەگەر بە ناڕەوا زللەیەکیان لێدای.. تۆ بەزۆرداری تێدەگەی. کێ دەڵێ ئەوان راست نەبوون، ئەی وا نیە، ئەمە ژیانەو هەموو رێیەکی تێدەچێ ؟!

– راست دەکەی دایە. ئەمە ژیانەو وهەموو رێیەکی تێدەچێ، وەلێ ئەمە زۆرداری بوو. چۆن دڵنیام هەنوکە تۆ بەرانبەرم رونیشتی و لەگەڵ من داخێوی. واش دڵنیام بووم ئەمە زۆرداری بوو. ئەی باشە دایە گیان، بێژە..پێم بڵێ. ناڵێن خوا زۆرداری قەبوڵ ناکا. ناڵێن خوا پشتی هەژارو لێقەوماوو بێ دەرەتانان دەگرێ، پشتی دەربەدەرو بێ پەسیوو پەڕاگەندان دەگرێ. ئەی واناڵێن !؟ ناڵێن لە کاتی تەنگانەدا، لە ئاستەنگ و ناخۆشیدا وەفریاتان دەگا، ئەی بۆ رەفریای من نەکەوت، بێژە...بۆ نەکەوت، بۆ بێدەنگ بووی، خۆمن هەموو شتێک بووم، دەربەدەر...هەژار...لێ قەوماو.. بۆ رەفریام نەکەوت..ها !؟

–تۆبە خوایە. ئەوە تۆ چی یەژی گەوجە! یانی ئەو گلیانەی دەڵێن لە کتێبان هەیە،بە درۆ گۆتراوە ؟!.. تۆبە خوایە، ئەو منداڵە گەمژەڵە وبە بێئاوەزی ئەو مەکە. کوڕم بەسیەتی. هەر بەسیەتی بەس. چیتر ماخێوە. لەدین وەرگەڕاوی ! گلی لە خۆت زلتر مەکە ، ئەو پەیڤانە کەی هی بستە منداڵێکی وەکو تۆیە!

–مەغەیدی.. ئەی گوایە وانیە ، درۆت لەگەڵ دەکەم. خۆت هەموو شتێک لە من باشتر دەزانی. ئەی وانیە ؟!

– ووس بە کوڕم.ووس..س..س. چیتر ماخێوە، چۆن دەبێ بە گۆلمە ئاوێک وا بکەویە مەلە. هەر لەبەرئەوەی دوو زللەیان لێدای!

– ئەی چۆن... گوایا ئەمە کەمە، لە ناخەوە زامداریان کردم هێشتا کەمە. تۆ نازانی چۆن دڵم پڕخوێن بوە، ئەگەر خۆت لا ژیرو راست ویستە بڵێ کەی ئەمە رەوایە؟!

رابۆ ترسا، رەنگی زەرد هەڵگەرا، خیزی لە قورگی ووشک بوو؟ زانی تەحۆ گۆڕاوە، بیری لەمە نەکردبوەوە!. گلیەکانی لە خۆی زلتر ببوون، شێوازی ئاخاوتنی گوڕابوو. لە شێوازی ئاخاوتنی هۆمەری دەکرد بەرلەوەی بڕوا! بۆیە تا بیری کردەوە ترسەکەی زێدەتر بوو، قوڵتر بوو.. پتر ئازاری‌دا، ئەو کاتەی هاتەوە بەرچاو، کە هۆمەرۆک ماڵئاوایی لێکردن. چۆن هەموو شتێکی رێکخستبوو، پێویستی بە گلی ورازی ئەوان نەمابوو. لەگەڵ ئەوەش لە تەکی دانیشت. دەستی خستە سەر شانی وگوتی:

–دایە... دایکی من. ئەو بڕیەم داوە تۆ چی یەژی ؟! ئەگەر وا نەکەم تەمەن کورت دەبم ،خاترجەم بە تەمەن کورت دەبم. لەداخا دەمرم، دەتۆپم !وەک سەگ لەسەر گوفەکان فڕێ دەدرێم وگۆڕم پێ ڕەوانابینرێ... بڕیەم داوە دەڕۆم..تۆچی یەژی ؟!

رابۆ سەری بادا. وەک ئەوەی هۆمەر هەنوکە بەرانبەری دانیشتبێ ئاوا وشەکان لە نێو گوێی دەزرگانەوە.

–دایەکەم... دایکێ من. ئاگاداری هەموو شتێکی. بە چاوی خۆت بینیت چیان لێکردین.چۆن لەبەر زەقەی چاوانمان گوندەکەیان ئاور تێبەردان. توو ئەو خوایەی هانای بەبەردەبەی، ئەمە ڕەوا بوو، بێدەنگ بوونمان بەشداری کردن نەبوو لە تاوانەکە؟! زمان گرتن لەو کاتانەدا یانی مافی خۆ سووتاندن. بەدڵنیاییەوە دەڵێم وارەکەم مافی خۆیەتی هەنوکە گلی وگازاندانم لێ بکا.چەنکێ هیچمان بۆی نەکرد.ئەو هەموو شتێکی بۆ کردین..ئاوی پێبەخشین.سەوزی پێبەخشین. کەچی ئێمە هیچمان بۆ نەکرد!!! بۆیە خۆم بە تاوانبار دەزانم بڕیەم داوە بڕۆم...دەڕۆم ...ڕەزو باخەکەمان پێویستیان بە پەراکردن هەیە، دەچم پەرایاندەکەم!.

رابۆ هەر ئەو چرکەیە زانی ئەگەر ئەو رازی بێ یانا ئەو کارەکەی خۆی ئەنجام دەدا، کوڕی خۆی بوو لە هەموو کەس چێتری دەناسی، بۆیەرێ وراست  هەموو شتێکی پێگوت...پێیگوت:

– کوڕم بڕۆ...خوات لەگەڵ وارەکەت لە ئێمە زیاتر پێویستی بە تۆیە، بڕۆ خوات لەگەڵ، ءبەڵانەکونێ پیاو بە ها..بەزەییت بە دوژمن نەیەتەوە. وەلێ کوڕە شیرینەکەم... گەردەنت ئازاد ناکەم ئەگەر دڕندانە  ڕەفتار

بکەی، چونکیٚ ئەگەر وابکەی وەکوئەوانم دێیتە بەرچاو، تێگەیشتی... دەبێت تۆ وەکو ئەوان نەبی!

رابۆ شانازی بە خۆی دەکرد، کە لەو کاتەدا ئەم پەیڤانەی دەربڕیبوو!. موچڕکێکی خۆشی بە لەش داهات، هەرچەندە بەرایێ باوەڕی پێنەبوو وەلیٚ بەم دواییە رەگەکەی لە ناخی ڕۆچوو بوو...

-ئەگەر بە گوێرەی ئەو شتانە بوایە، کە تۆ دەتگوت، دەبوایە کابرا دەستی لە ئاسمان ببێتە بەرد. دەبوایە خوا دەستی بکاتە بەرد. بیکا بە پەڕجوو بۆ خەڵکی دیکە ! بۆ ئەوەی  هەموو کەس بزانیٚ دەست درێژکردنە سەر ماڵی خەڵکی ئاکامەکەی ئاوا دەبیٚ!

* * *

( کاروانەکە هەر دەڕۆیشت..میلی کاتژمێریش هەر دەسووڕا.تاویٚ دەکەوتنە بەرچاوان، گاویٚ شوون بزر دەبوون. زۆربەیخەڵکی وایاندەزانی توانەوە لەسەر گویٚ زەوی جێگەیان نەمایەوە، کەچی لە پڕێکا... دەنگی قاچیان بەرز دەبوەوە، بە هێزو گوڕێکی نوێوە هەنگاویان دەنایەوە)

* * *

-کوڕێژگەکەم... بڵی چی واکاری تێکردووی، ئەو پەنگرە تووڕەییە چیە لە دەروونت دایساوە ! من سەروبەرەکەی دەزانم، وەلیٚ حەز دەکەم خۆت بە تەواویم بۆ بگێڕیەوە، بڵیٚ بزانم چی بوە، بە چ چەقۆیەک وا پەڕەی هەستیان دادڕیوی. دەبیگێڕەوە.. بەڵکو کوڵی دڵت دادەمرکیٚ، ئەو

گرێیه کەسەرەی دەروونت دەتوێتەوە، من هەر وا دەزانم گوایا دوو زڵلەیان بە ناحەق لێداوی، بەڵام وێدەچی شتەکە لەوە زلتر بێ..بۆیە تکا دەکەم بۆم باس بکە، پەیڤ بە پەیڤم بۆ بگێڕەوە، وا دەری گوێچکەم بۆ واڵا کردی، دەی باخێوە!.

* * *

(دەنگی لاوکەکە بەردەوام دەهات. وەک تروسکە ئاورێک لەدوورەوە دەبریسکایەوەو تادەهات زێتر کڵپەی دەسەند. سەرنجی مرۆی زێتر رادەکێشا، خەلکی زێتر بۆ لای خۆی پەلەکێش دەکرد. بەردەوام سەرگوزەشتەی دەگێڕایەوە، بەدرێژی لە وردو درشتی دەکۆڵیەوەو دەیگوت :

–ئەو کاتەی خوای مەزن، خوای گەورەو گران، سەرداری سەرداران، ئەو پارچە زەوییەی لە بەهەشت جوێ کردەوەو پێشکەش بە باپیرانی ئێمەی کرد یەک سوێندی دان. داوای لێکردن بیپارێزن، ئەوانیش داواکەیان هێنایە جێ... لەهەر شوێنێک خێزانێکیان بەیەکەوەنا، هەر خێزانەی منداڵی بوو، هەر منداڵەی گەورە بوو، پاشان ئەویش نەوەی نایەوە، رۆژ بەرۆژ زێتر دەبوون، ئەو بەلێنەشیان لەیاد نەچوو، کەبەخوای خۆیان دابوو. وارەکەیان دەپاراست. بەچاو زێرەوانیان دەکردو بەخوێنیش دەیان پاراست).

* * *

– دایەگیان چیت بۆ بگێڕمەوە، ئەو شتانەی چەندین کەڕەت دەست لەهەناوم وەردەدەن و جگەرم دەئەنجنن؟! باوەڕ بکە وشە ناتوانێ دەریانبڕێ، ژمارەش ناتوانێ بیانژمێرێ. نەچاو بەرگەی بینینی دەگرێ و نەهەستیش دەتوانێ دەریببڕێ! نابێژی چی بگێڕمەوە... ئەمجارەیان بەگوێرەی جارەکانی تر هیچ نەبوو، تەنیا هێندە بوو لێیاندام، دارکاریەکی وایان کردم لەگەڵ گوێ درێژی غەزریو نەکرابێ! من بەلێدانەکە دڵگیر نەبووم، ئەوەی منی پەست و دەهری کرد، شتەکە لەخت و خۆڕایی بوو. تاوانێکم نەبوو، هەر لەبەر ئەوە بوو داخوازیەکانی کابرام بەجێنەهێنا! ئەو شتەی من لەسەری گیرام گوایە قاچاخ و قەدەغەیە. هەر ئەو کەسەی بۆی هێنام خۆی کەلەپچەی خستە دەستم. چونکێ ئامادە نەبووم بەو نرخە لێی بکڕم کە ئەو گەرەکی بوو. بەدەست خۆم نەبوو، نرخێکی وای داوادەکرد من نەک قازانج بگرە زیانیشم دەکرد! دەیزانی بازاڕ چۆنە و چەند دەکا، ویستی زێتر درێژەی پێ بدات، کەچی رابۆ هەڵیدایێ:

--چی بوو کوڕم... ئەو شتە چی بوو، خۆ من ماوەیەک بوو لەو بەرەوە زێرەوانیم دەکردی. لەنکاوڕا سەیرم کرد نەمابووی، ئاگام لە هیچ نەبوو!

– پاکەت بوو ... کەپاکەتەکەم لێ نەکڕی هەنجەتی ئەوەی پێگرتم گوایە جگەرەم گران فرۆشتوە! لەسەر ئەوە هەفتەیەک دارکاری کرام. خۆیان نایەتە بەرچاو، کە بازرگانی بەخۆێنی ئەو خەڵکە هەژارە دەکەن .

کەژێ لەو دەمەدا چوە ژوورەوەو بەچاوێکی خەواڵوەوە کزە نیگایەکی ئاڕاستە کردن، ماندوو بوونێکی زۆر لە روخساری بەدی دەکرا. باوێشکی هاتێ وبەدەم بزەیەکەوە هەوڵیدا ماندووبوونەکەی بشارێتەوە، رووی لە تەحۆ کردو بەدەنگێکی نزم گوتی:

–ها لەکوێ بووی قارەمانە بچکۆڵەکەمان، لەکوێ بووی، دەشت و دنیامان لەدوات کرد؟ !

–چیم بەسەر هات ؟! ها.ها.. ئەمجارەیان چاوتان پێم کەوتەوە کار وابڕوا نامبیننەوە، ئاگات لە چییە!

رابۆ بە نیمچە هەڵچونێکەوە هەموو باسەکەی بۆ گێڕایەوە. بە شێنەیی پەیڤی دەجوییەوە. تا گێڕانەوەی بە چێژ تر بێ. بواری لە یادکردنی هیچ شتێکیش نەهێڵێتەوە .

کەژێ، کە خۆی بەسەر سامی گوێی رادێرابوو، کاتێ ئەمانەشی بیست هێندەی دیکە سەرسام بوو ! وەلێ لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بوو وازی نەبوو بە هیچ لەگوێنێک باخێوی. تاوێ بێدەنگ مانەوە. پاشان تەحۆ هەڵساو چووە دەرەوە. رابۆ بە زۆر زانیەکەوە رووی لە کەژێ کرد:

– بۆ وا گیرۆ بووی، دنیا خەریکە تاریک دادێ، تووشی دوو دڵیت کردم!.

–چی بکەم.. خۆتدەزانی ریگاکە دوورە!

–بەیانی منیش دێم بۆ شار، چەند رۆژێک لەبەر تەحۆ دەستم هیچی نەدەگرت. ئەوا خوا بەزەیی پێمان هاتەوە گەڕایەوە.

– کوا بێوار ؟

–لەژوورەوەیە ...

تووڕەو تەنگەتاو، دڕدۆنگ وخەمبار بوو. لە هیچ شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت. لەنکاوڕا سەیری دایکی وکەژێی کرد، ویستی شتێک بدرکێنێ، بەڵام نەیدرکاند! وەک ئەوەی دەستێک بەر بینی گرتبێ. دانیشت وپشتی دایە دیوارەکە، تەوێلی خستە سەر چۆکی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

❋ ❋ ❋

(کاروانەکە هەر دەڕۆیشت.ماندوو بوونی نەدەزانی. ڕەهێ شلی وکۆڵدانی نەدەزانی.هەر دەڕۆیشت ودەڕۆیشت. ساڵەهابوو بەڕێوەبوو. ساڵەها بوو چاوی بەرانبەر لوتکە راگرتبوو. بەئاواتەوە...بەخۆزگەوە...ڕێگەی دەبڕی وچاوەڕوان بوو)

❋ ❋ ❋

کەژێ لە ترسانەکەی رابۆ واقی وڕما.نەیزانی ئەگەری چییە!

–بۆ وادەترسی؟! بیر لە چیدەکەیتەوە. هەر لەبەرئەوەی تەحۆ چەند رۆژێک گیرا، ئێ چی تیایە، خۆ هەر ئەو نەگیراوە، ئەمڕۆ خەڵک

هەمووی دەگیرێ وپێی دەکەوێ، چانیە بەریان دا. ئەی بەوانە چی یەژی، کە شوون بزر کراون وجێگەیان دیار نیە ؟!

–کچم کەژێ من لەو ناترسم. ئەوەی من لێی دەترسم تەحۆیە، دەترسم لەدەستمان بەر هەڵدابێ. ئەمڕۆ، کە سەیرم دەکرد نیگاکانی ئەوەیان پێدەگوتم، پەیڤەکانیشی هەروایان دەگوت. دەترسم بڕوا، هەرزەکارەو ئەو گرتنە داخی کردوە!

–تۆ چی دەڵێی، بابڕوا ... ئەی گوایا رۆیشتن بۆ ئەو باشتر نیە، بەلای منەوە کن هۆمەر بۆ ئەو لەبارترە !.

–تەحۆ منداڵە. بەرگەی سەرماو گەرما ناگرێ. ئەو بستە منداڵە چی پێدەکرێ

تەحۆ بەردەوام دەچوە دەرەوەو دەگەڕایەوە ژورەوە. لەپڕێکا بەرانبەر دایکی وەستا:

–گوێ بگرە دایە گیان... دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. حەز دەکەم.. شتێکت پێ رابگەیەنم!.

–کەرەم کە کوڕەکەم...بزانم چی یەژی!

رابۆ بە خێرایی ئەمەی دەربڕی، لە کاتێکدا هەناوی لەگەڵ لەرینەوەی دەنگی کوڕەکەی خەریک بوو بەردەبوەوە. لە مەبەستی تەحۆ گەیشت. وەک گیانلەبەرێکی بێدەسەلات خۆی ئامادەی چەقۆ کرد، دەیزانی کوڕەکەی چی دەبێژێ!

– دایە گیان باوەڕبکە... باوەڕبکە نەشێم چیتر بەرگە بگرم. بۆیە بڕیەم داوە بڕۆم، گەلی ودۆڵ و زەندۆڵان دەبڕم. دەچمە کن هۆمەری برام!

رابۆ خیزی قوت دایەوە ! هەر چەندی کۆشای هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە ...

–دایەکەم.. دایکی من. باوەڕ بفەرمە بە دەست خۆم نیە. جام پڕ بووەو لەسەری دەڕژێ، ئەگەر لێرە بمێنم ئەوا وەکو ئەوانەی دیکە رۆژێک دادێ شوون بزرم دەکەن، هەموو شتێکتان وام لێدەکا ئەو ڕێگایە بگرم. بە تەواوی بە پێچەوانەی بیری منن، کە ئەوان دەگرین من پێدەکەنم، چونکێ دەزانم گریانەکەیان ساختەو درۆیە، کە پێدەکەنن توورە دەبم، چونکێ دەزانم گەرەکیانە لە خشتەم بەرن. ئەوەی ئەوان بە سەوزی تێدەگەن لەبەر چاوێ من رەش رەشە!

رابۆ بێئەوەی سەری بەرز بکاتەوە. وێ دەچوو فرمێسک لە چاوانی قەتیس مابێ، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– چی بڵێم کوڕەکەم... چی بڵێم. چیت لە کن باشە وابکە، چۆن و چی بە دروست دەزانی وا بکە!

کەژێ ماوەیەک لە رابۆ راما، پاشان بە هێواشی رووی بۆ لاکەی تر وەرگێڕا. حەزی نەکرد خۆی بخاتە باوەشی گفتوگۆکەیان. بێدەنگی و تێکەڵ نەبوونی لە خۆ تێهەڵقۆرتاندن بە راستر زانی، دڵنیا بوو ئەگەر هەر وشەیەک بدرکێنێ، هەر چەندە نیازی چاکەشی هەبێ. گرانی لەسەر دەوەستێ و شێوەیەکی تر وەردەگرێ. لەگەڵ ئەوەش لە ناخەوە

هەستی بە شتێک کرد. نامۆییەک و نیگەرانیەک دەستی لە هەناوی گیڕا. ئەو کاتەی هەتاوە یاد، کە هۆمەری مێردی دەڕۆیشت و رابۆ چی دەگوت چۆن بە گەرمی داوای رۆیشتنی لێدەکرد، گورِو تینی دەخستەبەر...تەکانی دەدا، هەنوکەش هەر هێندە بوو بەرۆکی تەحۆی نەدەگرت و خۆی پێوە شۆڕنەدەکردەوە، بۆی نەدەچووە سەر چۆکان و لەبەری نەدەناورایەوە. هەر چەندە رابۆ هیچ شتێکی لەو بابەتەی نەگوت، وەلێ شێوازی وەرام دانەوەکەی خۆی لە خۆیدا دەبووە سۆنگەی دروست بوونی ئەو جۆرە بۆچوونانە!

تەحۆ سەری وەریسەکەی رادەکێشاو نەیدەپچراند:

–کارەکە بە دەست خۆم نیە. نەشێم بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم. بە ئەنقەست وا دەکەن، خۆیان وا دەکەن راپەڕم، ئەگەر وا نەبێ بۆ وا دەکەن؟ ئەو هەموو تاوان و زۆرداریە لەچ زەمانێکدا کراوە..ها..پێم بڵێ لە چ زەمانێکدا کراوە ؟! نا... نەخێر... بە دەست خۆم نیە، هەر دەبێ بڕۆم، ئەگینا لە داخا دەبمە دوولەت، دوولەتی ریک.

–ئێ چی یەژم... گوایا دەتوانم لەمە باشترت پێ بڵێم ؟! شتەکە لەدەست خۆتەو بە ئارەزووی خۆت بکە، چۆنی بە راست دەزانی وا بکە گوایا لەمە باشتر چی بڵێم!.

رابۆ، کە ئەمەی تەواو کرد ، بەدەم هەنسک دانەوە هەڵسایەوە و چووە دەرەوە.

روخساری تەحۆ گوڕانێکی بەسەردا هات، وەک ئەوەی لە دایکی نیگەران بووبێت، نیگاکانی بۆ لای کەژێ وەرچەرخاند. کە دیقەتی دابوێ و لە دورٍ زاری رادەما.

–چی بکەم باشە ! نازانم بۆ بەم لەگوینە وەرامم دەداتەوە، دەبێ شتێک لە ئارادا هەبێ، بێژە تۆ دەڵێی چی ، تۆ رات چیە ؟

–من ...من رام چییە!

–تۆ رات چییە. رای خۆت بڵێ؟!

–نزانم... نزانم چیت بێژمێ تەحۆ ، وەکو دایکت گوتی چۆنی بە راست دەزانی وابکە.

کەژێ لە کاتێکدا ئەمەی دەگوت بیری لە سێ چوار ساڵ بەرلەوکاتە دەکردەوە. ئەو دەمەی هۆمەر دوا سەرنجی دەدایە. هەوڵی دەدا بە دەنگێکی نێرو مێرانەوە ماڵئاوایی لێ بکا ، کەچی بۆی نەدەلوا. سۆزو ئەوین وەک دەستێکی بەتێن بەربینیان گرتبوو. دەیویست ئەو  هەموو کەف و کوڵە بشارێتەوە. لەکن خۆشی وابوو توانیویەتی بیشارێتەوە. بە شپرزەییەوە چاوی بە هەموان دادەگێڕا. وەلێ دزە نیگایەکی هەر لەسەر ئەوبوو.حەپەسابوو ونەیدەزانی چی بکا. چۆن وبەچ شێوازێک لەگەڵ ژنە خۆشەویستەکەی باخێوی.چی پێبڵێ ؟! لە ماڵئاوایی کردنێکی ئاوادا. کە بۆ ئەو واتای بێبەشی و لاچەپی بوو لە  هەموو خۆشیەکی ژیان، دابڕان بوو لە هەمێزی ئەو کەسەی چەندین ساڵ تامەزرۆی پێگەیشتنی بوو. کە دڵنیا بوو هیچی لەمانە بۆ ناکرێ. بە خێرایی هەنگاوی ناو لە

دەرگاکە چوە دەرەوە، هەتاوەکو نەگەیشە سەری‌کۆڵانەکە هیچ ئاوڕێکی نەدایەوە. لەوێ هەڵوەستەیەکی کردو ئاوڕێکی بە لەزی دایەوە، کە ئەوانی بینی لەسەر کۆسپەکە وەستا بوون و سەیریان دەکرد، بە شەرمەوە دەستی بە ڕۆیشتن کردەوەو لەبەر چاو بزر بوو. کەژێ لەبەر ئەو وردە ئەندێشانە ئاگای لە تەحۆ بڕابوو، کە بەردەوام داخاوت و دەیگوت:

–بۆ نازانی ...بڵێ رات چیە ؟! گەرەکمە بڕۆم.پێویستم بەڕای تۆش هەیە. دەبێ بزانی ئەمڕۆ بۆ من لە جێگەی هۆمەری...ئای.. چۆن نازانی! بە کورتی و کرمانجی دەبێژم ناتوانم لێرە بژیم !.لەگەڵ هاتنی ناوی هۆمەر کەژێ راجفلی، بێئەوەی بزانی چی دەڵێ، گوتی:

–ئەوە تۆچی یەژی... لەبەر هەندێی چی، وادەزانی من تەنیا هێندەم دیوە؟! تواهوو...و... وادەزانی تەنیا هێندەم دیوە. ئەوە بە گاڵتە وا دەبێژی یا خۆتی لێ گێل دەکەی ؟! تۆ هێشتا منداڵی. باشە گریمان ڕۆیشتی ، چیت پێدەکرێ ؟! ها... خۆت بڵێ چیت پێدەکرێ. کە ئەوە دەڵێم وا تێنەگەی رام لێ نیە! نا...بە پێچەوانەوە. حەزیش دەکەم بڕۆی. چونکێ گەڕانەوەی خۆمان لە ڕۆیشتن وبەرەنگار بوونەوەی ئێوە دەبینم ئا... لە بەرەنگار بوونەوەی ئێوە دەبینم.بەڵام تۆهێشتا منداڵی. بەرگەی گەرمی وساردی ناگری. تێگەیشتی.بەرگەی گەرمی وساردی ناگری

–تڕحێو.... منداڵی ...ی..ی!

کەژێ دیقەتی دایە تەحۆ، لە ناخەوە هەستی بە خۆشیەک کرد، خۆشیەکی پڕ شانازی! لە هەمان کاتدا کزگری لە هەوکێ ماو بەزەیی بە خۆیان هاتەوە. لە دڵی خۆی گوتی:

– بۆ دەبێ ژیانی ئێمە ئاوابێ ؟ منداڵی خەڵکی لەو تەمەنە هێشتا فێری ئاخاوتن نابن، هی ئێمەش دەکەونە نێوەڕاست ئازار وتاڵی ژیان. بیر لە شتی لە خۆیان گەورەتر دەکەنەوە. خێرا بیر لەوە دەکەنەوە چۆن راپەڕن و بەرگی یاخی بوون لەبەر بکەن. ژیانێکی سەیرە. هێندەی بیر بڕ دەکا بەشی ئێمە هەر هەوڵدان وماندوو بوون ونەوەستانە. کەچی هەتاوەکونێ ئێستاش بەری رەنجەکەمان دیار نیە، گوڵە گەنمێک چیە دروێنەنەکراوە!

❊ ❊ ❊

(کاروانەکە بەردەوام بوو لە رۆیشتن، هێندێک ماندو دەبوون و دادەنیشتن، بەشێکی تر خۆیان رەپێش دەکردو لەگەڵ کاروانی دەکەوتن! ناوەناوەش... تاو ناتاویش بنە دارێکیان بە خوێن ئاو دەدا...گاو نا گاویش تاقمێک سنگیان بە خاک دەنووساند و دارێکیان لەسەر سینگ دەنێژرا. لەلایەک ریش سپی دەبوون، لەلایەکی تر تازە خەتی سمێلان دادەنرا. هێندێک پشت دەچەمانەوەو قرچەیان تێدەکەوت، هێندێکی تر تازە پشتیان قیت دەکردەوە.)

❊ ❊ ❊

تەحۆ وەک ئەوەی کێچی کەوتبێتە کەوڵی، داخاوت وبێدەنگ نەدەبوو:

–بۆ بێدەنگ بووی. بە منداڵم تێدەگەی ؟! قەینا ....نیشانتان دەدەم، وا دەکەم بە چاوی خۆتان ببینن، کە منداڵم یا نا. هەموو شتێکتان بۆ بەدەردەخەم!.

ئەمجارەیان، کە ئەم رستەیەی دەربڕی. چاوەڕوانی هیچی تری نەکردو راست چووە دەرەوە، لەهەیوانەکە بە دەستەچەپ چاوەکانی تارماییەکیان پێنیشان دا، رووی خۆی وەرچەرخاند. دایکی بە خەمباری دانیشتوو ئەژنۆی خستبووە باوەشی. کاتێک سەریهەڵبڕی و کوڕەکەی بینی، بە چاوێکی تەڕەوە نیگایەکی ئاڕاستە کرد، هێندەی نەمابوو خۆی هەڵداتە باوەشی، سەربە سنگی بکاو لە قوڵپەی گریانێ بدات، وەلێ بڕیەیدا وەکو مێران رەفتار بکا. بۆیە بەسەر خۆی نەهێناو بەردەوام بوو لە رۆیشتن، توڕەتر هەنگاوی نا!

رابۆ لەگەڵ دەنگی داخستنی دەرگاکە بە توندی چاوەکانی نوقاند، وەک ئەوەی بەردێکیان بە دڵی شۆڕکردبێتەوە هەستی کرد دڵی بەردەبێتەوە!. هەنسکی داو فنەیەکی لێوە هات. دەستی بە خۆدا شۆڕکردەوە، پشتی دەستی کەوتە سەر زەویە رووتەکەو هەستی بە سەرمایەک کرد. لەو دەمەدا بێوار بە چاوی بە خەوەوە سەری لە دەرگای ژوورەکە بردە دەرەوەو بەرەو لای چوو. ماوەیەک بەڕووگرژی و چاوی خەواڵووەوە سەیری کردن، پاشان دەستی بەیاری کرد. رابۆ سەرسام بوو، ئەو وایدەزانی، منداڵ کاتێک لە خەو هەڵدەسێت دەگریێ. کەچی بێوار بە پێچەوانەوە یاریشی دەکرد!. سەری باداو گرنێژنەک روخساری ئەویشی گرتەوە .!

* * *

( دەنگی لاوکەکە بەردەوام دەهات. نەدەوەستاو ونەدەوەستا، نەیدەزانی ماندوو بوون چیە، لە نێو دەرو دیواری ئاکنجیەکە دەنگی دەدایەوە. لەناو شارەکان دەنگی دەدایەوە. لەناو هەموو وڵات دەنگی دەدایەوە. بەڵام هێشتا مابووی لەسەر گۆی زەوی دەنگ بداتتەوە!.

هەموو گوێیان بۆ رادەدێرا، گەنجەکان بەتامەزرۆییەوە، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە، لە پەنای دیوارەکان، لەسەری کۆلانەکان. لە بازاڕو لەبەردەم کۆگاکان. دەوەستان وگوێیان بۆ شل دەکرد.ئاوازەکە کە تێکەڵ بە خوێنیان دەبوو. تێکەڵ بە گیانیان دەبوو. شادمان دەبوون. حەزیان دەکرد بگرین، لە ناخەوە بگرین. تەزوویان بە لەش دادەهات و لەبن گوێی یەک، شتی ئاشکرا... شتی نهێنی و قەدەغەیان دەچرپاند. لاوکەکە هەمیشە بەسەرهاتی ژیانی خۆیانی بۆ دەگێڕانەوە، ئەو سەرگوزەشتەی تەواو دەکرد، کە بێنێک بوو دەستی پێکردبوو. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو تاسێنەر دەیگوت:

–دوای ئەوەی ... پاش ئەوەی، لە خاکەکە، لە پارچە زەویەکەی بەهەشت، ئەوەی خوا بە دەستی خۆی، بەدەستی پیرۆزی خۆی کردیە دیاری بۆیان، نیشتەجێ بوون، بە خۆشیەوە ژیان، بە بەختیاریەوە ژیان، چەندەی وشە بڕدەکا مرۆی پاک بوون، پاک و دەروون پاک بوون، رقیان لەکەس نەدەبوەوە، ئازاری کەسیان نەدەدا. بەزەییان بە هەموو لێقەماوێک دەهاتەوە، یارمەتی هەموو برسیەکیان دەدا، چاویان نەدەبڕیە ماڵی کەس، پەنجەیان بۆ ماڵی کەس درێژنەدەکرد. ئەگەر هەر

پەنجەیەکیش، هەردەستێکیش بۆ ئەوان درێژ کرابوایە، ئازایانە.. مێرخاس وچاپوکانە، لەبنەوە... لەبن بنەوە قوتیان دەکرد! هەتاوەکونێ خوایە خۆشەویستەکەیان لێیان زویرو نیگەران نەبێ. چونکێ ئەو ئاگاداری و زێرەوانی ئەو خاکەی دەستۆی وان نابوو. ئۆباڵی هەموو شتێکی خستبووە گەردنی ئەوان، ئەوانیش خاکەکەیان چاک پاراست ، چونکێ خۆشیان ویست. خۆشەویستیەکی مەزن، خۆشەویستیەکی خوایی، خۆشەویستیەکی وا، کە هەر لە خۆیان دەوەشایەوە. چونکێ گەلێکی چاو نەترس بوون، رەووشت بەرز بوون، بە ماوەیەکی کەم، زۆر کەم، بەشێوەیەکی وا پێشکەوتن چاوی حەسودانیان پێهەڵنەدەهات. لە هەموو شتێکد ارێزی پێشەوەیان گرت، بوونە پێشڕەو و سەرقەتار. ئەمە بووە هۆی دڵگیرو پەست بوونی دراوسێکانیان، بووە هۆی ئەوەی ئێرەییان پێ ببەن، چاو لە ماڵ وسامانیان ببرن، بۆیە نەخشەو تەڵەکەیان بۆ خستنە گەڕ، داویان بۆ نانەوە، کۆڕو کۆمەڵیان دژ بەستان. دوژمن وناحەز بوونە برای پشتێ و بەرانبەریان یەکیان گرت! ئەمە لەکاتێدا ئەوان شیرو تیریان لەیەک دەسویی. هەموو دوژمنانیان لەسەر ئەوە رێکەوتن، کە دەبێ ئەوانە لە نێو ببرێن. خاکیان داگیر بکرێ وولاتیان بەش بکرێ!. بەلام هەیهوو...هەیهوو، هێزی ئەوان چۆن دەروەستی ئەو هێزە دەهات، کە لەسەر جێ و بالینگانی خۆی دەجەنگا، کە لە پێناو ماڵ وزارۆی خۆی دەجەنگا!. چۆن دەروەستی ئەوانە دەهات، کە خوای راستی و رەوشت بەرزیان لە پشت بوو. بۆیە لەگەڵ یەکەم هێرش شکان، وا شکان شەرمەزارو روو رەشی مێژوو بوون و ئاداریان لەسەر پاداریان نەما! ئەو هێرشانە چەند ساڵ درێژەی کێشا،

بەڵام بێسوود بوو، رۆژ لە دوای رۆژ زێتر شکستیان دەهێنا. هەتاوەکونێ رۆژێک ئەهریمەن خۆی لەکەوڵی مرۆیەک ناو چووە نێویان!. ئەهەریمەن پێی گوتن: من رێگەیەکتان بۆ دادەنێم، رێگەیەکی وا، کە تا هەتایە ئەوانە نەشێن بەرانبەرتان بوەست، .نەتوانن دەستتان لە بەر دەستی هەڵێنن و بەرەنگارتان ببنەوە. کە ئەمەی گوت. بە پێکەنینەوە، بە پێکەنێکی دزێوەوە، بە توندی ناو لەپی لەزەویدا و دارێکی رەش هاتە دەرەوە! دارێکی رەشی دزێو، کە خەڵکەکە ئەمەیان بینی سەیریان پێهات. گاڵتەیان پێهات. نەیانزانی مەبەستی لەمە چییە ! ئەهریمەن بەم گاڵتە پێکردنە غەیدی، چاوی سۆرو پڕ خوێن بوو. بەڵانەکونێ لەبەر ئەوەی بەندەو ئەڵقە لە گوێی خۆی بوون، لەبەر ئەوەی لەوەچەو تیرەی خۆی بوون، زویر بوونەکەی خستە دڵی و بەهەندی هەڵنەگرت! پێی گوتن، کە دەبێ بەپانەدزێ و وبەوپەڕی نهێنیەوە، لەسەرخۆو کەس نەدیتە، ئەو دارە لە ئاخی وان بچێنن، ئەگەر واتان کرد ئیدی خۆشتان نازانن چیتان بەسەر دێت. هەر چەندە دارەکە رەش و دزێوە. وەلێ سەرنج راکێشەو لە خشتەیان دەبات، هەر وەک چۆنی زۆری وەکو ئەوانەی لە خشتە بردووە، ئێوە بڕۆن ئەو دارە بچێنن ئیدی هەقتان بەسەر هیچەوە نەبێت).

❊ ❊ ❊

تەحۆ وەک سەرخۆشێک لە نێو بازاڕەکە دەخولایەوە، سەری وا گەرم ببوو بەرچاوی خۆی نەدەبینی. هەستی دەکرد دەشێ ببێتە پاڵەوانێکی گەورە. پاڵەوانێکی بە ناوو دەنگ، وەکو هۆمەر هەموو کەس بیناسێ ! گەلێ جار خۆی بە پاڵەوان دەهاتە بەر چاو، وای بۆ دەچوو مست

لەهەر یەکێک بدات، لەوانەی بەرانبەری رەت دەبوون لەوانەیە هەڵنەسیتەوە!. بە تووڕەیی سەیری خەڵکەکەی دەکرد، تووڕەییەکی وا نیگاکانی ئاورینگیان لێ بەرز دەبوەوە. بەو بوایە بکەوێتە نێویان و هەموویان دارکاری بکا. تەنانەت یەکیان دەرباز نەکات! .

رۆژێکی گەرمی مانگی گەلاوێژ بوو، دووەم رۆژ بوو کاری نەدەکرد. خۆشی سەری لە خۆی سوڕمابوو، بڕیەی دابوو بڕوا. لەهەمان کاتیشدا دەترسا. لەشتێک دەترسا نەیدەزانی چیە، سۆنگەکەی نەدەزانی، بەڵام هێندە هەبوو دەیزانی، کە هەر باسی یاخی بوون و رۆیشتن دەکرا ئەو ترسەی لە دڵ دەگورا!.

بە شەپڕێوی دەڕۆیشت. بەناڕێکی هەنگاوی دەنا، لەبەردەم کۆگاکان دەوەستا، سەیری شتە جوانەکانی دەکرد. پێڵاوی باتەی بریقەدار. پانتۆڵی جوان ، کراسی نایاب و باش. حەزی دەکرد هەموو ئەو شتانەی هەبێ. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەویش وەک ئەو خەڵکە جلی وا لەبەر بکا. بەڵام ئەو تازە دەڕۆیشت و پێویستی بەو شتانە نەبوو! سەرباری ئەوەش پێی شوورەیی بوو، ئەو کارە دەبووە شکاندنی رچەی باب و باپیرانی، نەک ئەو بەتەنیا بگرە زۆر بەیان وای تێدەگەیشتن. لە پڕ رقی لەم جلە بووەوە، رقی لە  هەموو شتێکی شار بوەوە، کە ئەو بیرەی بۆ هات حەزی کرد گاشەیەک بە جامخانەکان دابدات و وردو خاشیان بکات.!

دەڕۆیشت و هەنگاوی دەنا، بەدوای شتێکدا دەگەڕا نەیدەزانی چییە، هەستی بە کەلێنێک دەکرد لە ژیانی پەیدابووبوو. شتێکی لەیاد چوو بوو.

بۆیە هەر دەخولایەوە وشتی دێنایەوە یاد! بێسوود بوو... نەیدەزانی ئەو شتە چی بوو، کە بەدوایدا دەگەڕا!

قاچەکانی وردە وردە ، بە هێمنی و لەسەرەخۆ بۆ  لای مەزاتخانەکەیان راپێچ دەکرد، ئەو شوێنەی ئەم و هاوەڵەکانی کاریان تیا دەکرد. یاخود بە شێوەیەکی تر شتیان تیا دەفرۆشت.  هێندەی زانی ئاسێ بەرانبەری وەستاوەو لەگەڵی داخێوێ. هەمدیس حەپەسا، نەیزانی چ وەرامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بەلەزی و یەک لەدوای یەک لە زاری ئاسێ دەردەچوون، بۆیە مات و بێدەنگ بوو. بەشێنەیی لە چاوە سەوزو گەورەکەی ئاسێ ورد بوەوە. کە خەندەیەکی پڕ لە ئازاری تیا زابوو. ویستی ئازایەتی و پیاوەتی خۆی نیشان بدات. دەنگی بەرز کردەوە:

–بڕیەم داوە بڕۆم.!

ئەمەی بە نیمچە لە خۆبایی بوونێکەوە گوت

بڕۆی... بۆ کوێ ؟!!

–دەچمە کن هۆمەر ... ئەی بۆ پێت وایە ناتوانم .... ناگەمە لای؟!

–با!....

ئاسێ بەزمان وشک بوونێکەوەو بە زۆری ئەم وشەیەی لە زاری بەدەرنا، پاشان تەکانی دا خۆی و درێژەی پێدا:

–بەڵام بۆ .... بۆ دەڕۆی ؟!

–ئێ هێی ... بۆ دەڕۆی ! جا تووخوا ئەمە پرسیارە دەیکەی !؟

تەحۆ دوای ئەوەی ئەمەی گوت، بەبێباکی قاچەکانی بزواندو لێی دوورکەوتەوە. ئاسێ بە هێواشی لە دوای رۆیشت و بەسەرسامی گوتی :

–بەتەنیا دەڕۆی ؟

–ئەی چۆن.. گوایا منداڵم ، بەتەنیا ناتوانم بڕۆم. دەترسم بە منداڵمان تێبگەی. وانیە.. ها.ها.های!

تەحۆ خەریک بوو وەک جاری پێشوو بەبێباکی بڕوا، دەنگی کزی ئاسێ، کە تێکەڵ بە ڕۆندک ببوو ، سەر لە نوێ رایگرتەوە:

–پێت نەگوتم... کەی دەڕۆی ؟

–ها....ئەمڕۆ.. ئەمڕۆ دەڕۆم!...

تەحۆ لەگەڵ ئەو وەرامە خۆشی دڵی کەوتە لەرزە! ترسەکە سەر لە نوێ گیانی گرتەوە. لەم وەرام دانەوە خێرایە پەژیوان بوەوە! کەچی بەسەرخۆی نەهێنا، وەک جاری پێشوو بە گورجی هەنگاوی ناو لێی دوورکەوتەوە، تاسەیەک هێدی... هێدی پەنجەی بە هەناویدا داهێنا. دڵ تەنگ و زگار بوو، بە وریاییەوە ئاوڕی لەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە، کەوتە نێو باوەشی بیرکردنەوەیەکی قووڵ، هەر چەندەی لە خەڵکەکە رادەما، پەشێویەکی لە روو بەدی دەکردن! هەڵس و کەوت و بزوتنەوەیان ئاسایی نەبوو. زۆربەی هەرە زۆری رەنگ زەردو لێو بەبار دەهاتنە بەر چاو، بە سڵیەوە لەدەوروبەر رادەمان، تێکەڵ بە خەڵکی دیکە نەدەبوون ! وەک ئەوەی شتێک لە ئارادا هەبێ وخۆیانی

لێ بشارنەوە، هەموو بێ فڕفینگ بوون و دەتگوت تازە لەنێو گۆڕ هەڵساونەتەوە، بزە لەسە ئادگاریان کۆچی کردبوو خەمێکی ئەستوور جێگەی گرتبوەوە. لەلایەکی دیکە خۆشبەزۆکی تازە مۆدێل و رەنگاو ڕەنگ لەسەر شەقامەکە دەڕۆیشتن، جامەکانیان کرابوەوە، دەنگی پێکەنین، یاخود گۆرانی بە ئەسپایی دەهاتە دەرەوە، وەک ئەوەی دنیا شامی شەریف بێت و نەشەڕ لەئارادا بێ نە هیچ! . تەحۆ لە مانە رادەماو هیچی لێ تێنەدەگەیشت، بەڵانەکونێ هەستی بە جیاوازیەکە دەکرد! دەیزانی تای تەرازوەکە لەنگەو خەراو بە لایەکدا کەوتوە، تایەکی کەوتۆتە قوڕولیتەی شەڕو بەشی هەر کۆست کەوتن و لێقەومان ومالۆێرانیە. تایەکەی تریش شەڕ بۆی بۆتە خێرو خۆشی و بەسەریدا باریوە!

پیکابی پڕ لە چەکدار بە هێواشی لەسەر شەقامەکان دەسوڕایەوە، وەک ئەوەی لە بەرەی جەنگابن، هەموو دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان، تەیارو ئامادەبوون. تووڕەیی و رق لە نێوچەوانیان بریسکەی دەدا، بەچاوی باوە کوشتەو ودوژمنداری سەیری خەڵکەکەیان دەکرد، کە وەک مەڕێکی گێژو بێدەسەڵات، بەکزیەوە لەسەر شۆستەکە دەهاتن و دەچوون. نەیاندەتوانی چاو لەبەر چاوی ئەوان هەڵێنن، هەر کاتێ نیگایەکیان ئاڕاستە کرابوایە، خێرا مژیلانەکانیان وێکدەهێنایەوە!. جاری وا هەبوو لە نکاوڕا.. کت وپڕ دادەبەزین و یەکێکیان قۆڵبەست دەکرد. دوای ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکەکە دارکاریان دەکردو لە خوێنیان دەگەوزان. هەڵیاندەدایە نێو

پیکابێک و دەیانبرد ! نەکەس دەیزانی بۆ کوێی دەبەن و نەکەسیش زاتی ئەوەی دەکرد ئەو پرسیارە بکا !

ویستی بۆ لای ئاسێ بگەڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەنگاوێکی نا، کەچی خێرا پەژیوان بوەوە. حەزی نەکرد ئاسێ بەدەمچەفت و ترسنۆکی تێبگا، بۆیە رووی قاچەکانی رووەو ئەو شەقامە کردەوە، کە هیچ کارێکی پێی نەبوو .!

بازاڕەکە لە مردووی دەکرد، شارەکەش لە شاری مردووان، بەرێکەوت دوو گەنج بەپێش ئەو کەوتن. یەکیان موزەردەی بە خۆوە بوو. ئەوەی تریان جلێکی کۆنی لەبەردابوو تۆزێک بنێستر بوو. بەپەشۆکاویەوە داخاوتن، بە ئاسانی گوێی لە ئاخاوتنەکەیان دەبوو، هەر چەندە زۆر لەسەر خۆ دەدوان!

–تووخوا کەی ئەمە ژیانە، مردن سەر کەڕەت مێرانە و سەرفرازی تر نیە ؟! ژینێک بەو جۆرە بێ نەبوونی باشترە، ناتوانین دوو هەنگاوان بێ ترس هەڵێنین. وەکو مێردەزمە قاچەکانیان بەسەر سنگمان شۆڕ کردۆتەوە

– بە راستی هێندەی نەماوە لەکەوڵی خۆم بچمە دەر، لە ناخەوە هەست بە بێزاری دەکەم، هەست بە دەستێک دەکەم قوڕگمی گرتوەو هەوڵی خنکاندنم دەدا، نازانم ئەوانە چین، بەزۆرو زۆردارەکی خۆیان بە سەرمان سەپاندووە، دەست بەداری هەموو رەوشتێکی مرۆڤانە بوونەو باکیان بەهیچ نەماوە!

--تاوانی ئێمەشی تیایە، بێدەنگ بوون واتای رازی بوونە، واتای ئەوەیە ئێمە ئەوانەمان گەرەکەو بە نوێنەرو پێشڕەوی خۆمانیان دەزانین، ئەو بێدەنگیەمان خەڵکی وا تێدەگەیەنێ، کە ئێمە هیچ کەم و کوڕیەکمان نیە وئەوانە کت ومت رەنگدانەوەی بیرو بۆچوونەکانی ئێمەن. ئێمە هەڵمابژاردوونەو لەو شوێنەمان داناون.

–سەیر لەوە دایە ئەو  هەموو تاوانە دەکرێ و کەسێکیش باسی ناکا ! لەو جیهانە گەورەو گرانە کەس باسی ناکا. ئەگەر چۆن ناوە ناوە خێرەومەندێک تیواوتیو نووکە قەڵەمێکی بۆ بخاتە کار. ئەویش هەر، کە بەرژەوەندی نەما، قرقەپ  دەبێ و نە ئەو کەسەی جاران!

–  مەسەلەکە  هەموو لێرەیە. ئێمە  چاومان لەوەیە خەڵک بەزەیی پێمان بێتەوەو سەردولکەمان بۆ بلێن، جا ئەو باسکردنە ساختە بێ یا فرمێسکی راستەقینە، ئەگەر راستیت گەرەکە پێویستە ئێمە بەو شتانە خەمبارو دڵگیر نەبین. چونکێ دڵنیابە ئەو شتانە بۆیان ناکرێ هیچ لە مەسەلەکە بگۆڕن، دەڵێن رای گشتی جیهانی و نازانم چی و چی ! ئەو ناوە زلانە. بەرای من هەمووی پوولێکی سووتای ناهێنێ ! هەمووی ناکا تاقە بەردێک بە دەستی خۆت بیگریە دوژمنەکەت. مەبەستم ئەوە نیە خەڵکی هەمووی خەراون ! نا...  وەلێ وەک پێشینان دەڵێن بەدەستی خۆت نەبێ خورشتی لەشت داناکەوێ!

--راست دەکەی برام.. ئەمرۆ وای لێهاتوە  هەموو شتێک بە چاوی بەرژەوەندی و قازانجەوە سەیر بکرێ، لەراستیشدا ژیان هەروابووە. ئێمە لە گوێی گادا خەوتبووین و تازە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. کاکی

خۆم... ئەگەر خۆت بەزەییت بەخۆت نەیەتەوە خەڵکی چۆن فرمێسکت بۆ دەڕێژێ ؟! لەسەرەوە  هەموو برای پشتێن و لە ژێرەوەش وەکو دوپشک چزیلکیان خستۆتە سەرپشت، ژیان هەر وا رۆیشتوە، ئەگەر لەبەر هەنگوین نەبێ مێشهەنگوین ئەو زیندەوەرە نیە لە ماڵان بە خێو بکرێ و پەرای بکەن، ئەو  هەموو رێکخراوە جیهانیەی دانراوە.. لە رێکخراوی مافی مرۆڤەوە بگرە تا نەتەوە یەکگرتوەکان و جڤاتی ئاسایش، هەموو  هەرناوی زلن و بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان دەپارێزن.  ناوێکی گەورەنەو هیچی تر، بۆ ئەوە دروست کراون تا بە هۆیانەوە نەتەوە بچووک و ژێر دەستەکان هەڵخەڵەتێنن و بەڕاگرتن و هێورکردنەوە لە رەوتی شۆڕشگێرانەیان دووربخەنەوە ! ئەگینا هەتا ئێستا بۆ ناوی ئێمەیان نەهێناوە، زۆر مەسەلەی لە هی ئێمە بچووکتریان گەورە کردوە و هی...

–باشە بەڕای تۆ چی بکەین باشە، دەرمانەکە لە کوێیە ؟!

– دەرمانەکە لە گیرفانی خۆمانە، بەر لە  هەموو شتێک پێویستە خۆمان پاک بکەینەوە. بیرمان... دڵمان. نیازمان پاک بکەینەوە. پاشان چاومان لە دەستی خۆمان بێت.  ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە. پێویستە چاومان لەدەستی خۆمان بێت. ئەگەر خۆمان شتێک نەکەین کەس بۆمانی ناکا. هەتاوەکونێ ئێمە گلی وگازاندە لە خەڵکی بکەین و پشت بەم و بەو ببەستین،  نەڕزگارمان دەبێت و نەمافی رزگاربونیشمان دەبێ ! بۆبە بێ هێزو بێدەسەڵاتمان تێ بگەن ها.......پێم بلێ ......بۆ؟!

تەحۆ ئاوێتەی باسەکە ببوو  ئاگای لەخۆی نەمابو. بەشێکی تێگەیشت بەشەکەی تریش بۆ ئەو گوێز ژماردن بوو!

– پێویستە خۆمان بەزەییمان بە خۆمان بێتەوە، ئەگەر بە خۆمان شتێک نەکەین کەس نایکا!.

زۆر شتی وای لەبەر چاو روودەدا، کە درکی پێ نەدەبردو لێی تێ نەدەگەیشت. بۆیە بە سەرسامی لەدەوروبەری رادەما. چەند دیمەنێکی وای بەر چاو دەکەوت، ئەوەی دەهێنایەوە یاد، کە بڕیەی دابوو بڕوا، ئەو خەونانەی هاتەوە یاد، کە بە لوتکە و کێو و بەندەنانی بینیبوو و دەبینی، گوندەکەی خۆیانی هاتەوە یاد، وێنەکەی لە مێشک چێ دەبوەوەو نەدەبوەوە، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، دەستێکی بەسەرە پاک تاشراوەکەی داهێناو خوراندی، هەستی کرد تاکە پێڵاوی پێی راستەی شل بووە، کە داهاتەوە توندی بکاتەوە، بینی قەیتانەکەی پسابوو. بایەخی پێنەداو بەردەوام بووەوە لە رۆیشتن، وێنەی رەزو شاخ و چیاکان وەک خۆی لەبەر چاوی بوو. هۆمەری دەبینی بەسەر لوتکەکە هەڵدەگەڕا، ماندوو ببوو گیانی بەسەر ئاو جواناو کەوتبوو. وەکو پێشان بە توڕەییەوە هەنگاوی دەنا. بە رقەوە قاچی لە زەوی دەچەقاند، هەناسەیەکی تری هەڵکێشا، هەستی بە شانازیەک کردو خۆشیەکی لەدڵ گورا، سەیری ئەو چەکدارانەی کرد، کە لە سەری پێچەکە وەستابوون. پێکەنینی هات، بیری لە چارەنوسیان کردەوە، لەبەرئەوەی هەموو رۆژێ ئەو شتانەی دەبینی زۆر گرنگی پێ نەدا. هەر هێندەی لێیان رەت بوو ئیدی وەک ئەوەی نەیبینی بن. جگەلە رقێکی پیرۆز هیچ شوێنەوارێکیان لەدڵ جێنەهێشت. هەمدیس گەڕایەوە نێو گوندەکەی،

گەڕایەوە کن هۆمەر. خۆی بینی چەکی لەدەست بوو، فیشەکدانی خستبوە سەر مل وخۆی لەنێو گولله بزرکردبوو، بێ ترس... بێباک تەماشای ئەو لوتکەیەی دەکرد، کە زۆری نەمابوو بیگەنێ!. هەر پێچێکی تریان کردبوایە خۆیان لە ترۆپکەکەی دەدۆزیەوەو دەکەوتنە باوەشی ئاسمانی شین و گەورە. ئیدی ژیانێکی بەهەشتیانە دەژیان. لەو کاتەدا هەستی دەکرد هۆمەر لێی ناڕازی بوو، بۆیە دەستی خستە سەر شانی و بەدەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە پێی گوت:

– کاکە گیان... برای گەورەم. بۆ زویر بووی، ژ بەرچی ئەنری، گوایا پێت ناخۆشە هاتوومە کنت، گوایا پێت ناخۆشە منیش وەک تۆ دەستم داوەتە چەک و بەرەنگاری دوژمنان دەبمەوە، تۆڵەی خوێنی وارەکەمان دەکەمەوە. تۆڵەی ئەو هەموو تاوانانە دەکەمەوە، کە بەرانبەر میللەتەکەمان کراوە، گوایا پێت ناخۆشە!؟ ئەی چی بکەم باشە، بەڕای تۆ چی بکەم ؟! ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بەرگری لە خۆی نەکا کێ بەرگری لێدەکا...ها... خۆت بڵێ کێ بەرگری لێدەکا؟!

–ئەوە چی یەژی تەحۆ ... بلێی تۆ تەحۆی برای بچووکی من بی؟!! یەژە ئەم گلیانە لە کوێ فێربووی، تۆ بلێی تەحۆ ئاوا باخێوی. نەخێر... هەرگیز باوەڕ ناکەم. ئەمەم ناچێتە مەژیێ. نا... نەخێر... بەڵانەکۆنێ کەرەم کە... باخێوە. وا دەبینم خۆتی. رەپ و راست تەحۆی. یەژە کێ فێری ئەو گلیانەی کردووی، هەرگیز باوەڕ بە چاوانی خۆم ناکەم!

– دوژمن فێری کردووم. کاکی خۆم. دوژمن فێری کردووم ! بۆ باوەڕ ناکەی، گوایا مندالْم ؟! لەمە گەورە تر بم، گوایا مندالْم ! من ئەوەم پێ

ناخۆشه. بەمەدڵ تەنگ دەبم. بەمه قەڵس دەبم. ئێوه هەر به چاوی مندالْ دەڕواننه من! به چاوی بسته زارۆیەکم تەماشادەکەن. من بەمه دڵ تەنگ دەبم، باوەڕ بکه کاکێ خۆم ، برای خۆم. من دەمێکه کەوڵی منداڵیم فڕێداوه!

–چی بڵێم ...! دەزانی تەحۆ گەلێ زۆرزان بووی، فێری ئاخاوتن بووی، ئاخاوتنی ژیرانه. ئاخاوتنی مێرانه، ببووره، که بەراێی باوەڕم نەکرد. هەرگیز لەم باوەڕەدا نەبووم تەحۆ ئەو زەلامه ڕێک وپێکەی لێ دەرچووبێ، چی بکەم... خۆت بلێ چی بکەم. تۆش له جێگەی من بوای هەروا دەبووی، بۆیه تکا دەکەم گازاندەم لێ مەکه، برا بچوکەکەم گازاندەم لێ مەکه!.

– ناچار بووم ... ناچار بووم برایه گەورەکەم. نەمتوانی چیتر بێدەنگ بم، بۆیه هاتم، گوتم بچم لەگەڵ ئەو خەبات بکەم باشتره، گوتم لەگەڵ ئەو مێرانه بمرم باشتره، گوتم بچم لەگەڵ هۆمەری برام بەگژ زۆرداراندا بچمەوه. بەرگری له ئاخەکەم، لەواره خاپوورکراوەکەم بکەم!.

––خۆشحاڵم...خۆشحاڵم تەحۆ بەم بیرکردنەوەیەت. گەلێ خۆشحاڵم بەم شێوازه بیر دەکەیتەوه، بەلانەکۆنی شتێکت لەیاد کردوه. بیرت له شتێک نەکردۆتەوه!

– –چیه ئەو شته... یەژه برای خۆم، چییه ئەو شتەی من بیرم لێی نەکردۆتەوه. من سەرسامم. بەلای خۆم وابێ بیرم له هەموو شتێک کردۆتەوەو بەسەر هیچم باز نەداوه.

–با ... شتێکی گرنگت لەیاد کردوە، بەڵام لەزی مەکە، هەنووکە پێت دەڵێم، لەزی مەکە. ئەی ئەوەت لەیادچووە، کە دایکم و کەژێت بە تەنیا جێهێشتوە، ها... ئەی ئەمە هەڵە نیە!؟ پێویست بوو تۆ ئاگات لەوان بێ. یاخود ئەوانیشت لەگەڵ خۆت هێنابوایە، ئەدی ... وابوایە باشتر دەبوو. بەڕای تۆ باشتر نەدەبوو!؟

تەحۆ تاوێ داما .

––با ... بەڵانەکۆنی  هەموو کەس دایکی هەیە، کەس لە کونە دیواران نەهاتۆتە دەرەوە. چۆن دەمتوانی ئەوان لەگەڵ خۆم بێنم. ئەگەر وات لا باشترە نەچووە و بچێ، دەتوانین بەیەکەوە بزورینەوە و بیانهێنین!

هۆمەر پێکەنی:

––نەخیر... هەرگیز باوەڕ ناکەم،  ئەمە تەحۆیە، تەحۆ ئاوا داخێوی ؟! ئاوا زیخ و ژیرانە بیردەکاتەوە، هەرگیز باوەڕ ناکەم!

لەگەڵ ئەوپەیڤانە خۆشیەک دڵی  داگیر کرد. سمێلە خرچەی هاتێ و خۆی بەمرۆیەکی ژیرو بەئاوەز هاتە بەر چاو، بۆیە سینگی دەرپەڕاندو و بەگورجی ریگاکەی بڕی، گرنژی و گەشایەوە. بێئەوەی ئاگای لەخۆی، یاخود لە دەوروبەری بێ، کە سەیری ئەو بەری شەقامەکەی کرد ئاسێی بینی. بە خۆشحاڵیەوە ویستی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. چەند هەنگاوێکی نا. هەستی کرد شتێکی گەورەخۆی لێیدا. لەگەڵ ئەوە گوێی لە زریکەی ئاسێ بوو. ئیدی هەر ئەوەندەی  ئاگا لە خۆ بوو!

ئاسێ قیژاندی و تاوتاو خۆی گەیاندێ. بەرچاوی تاریک بوو دنیای لێ وێکهاتەوە، بەردەوام زریکاندی، قیژەی هات، تیتکی رنیەوەو لەخۆیدا. لەو کاتەدا خەڵکێکی زۆر کۆبونەوە، بەلەزی تەحۆیان هەڵگرت و بردیان.

❊ ❊ ❊

( کاروانەکە دەڕۆیشت و نەدەوەستا. لەلایەک خەڵک دەکوژرا لەلایەکی دیکەمنداڵ لە دایک دەبوو. لەلایەک دار دەسوتێنرا ، لەلایەکی تر دار دەچێنرا. لەلایەک سترانیان بۆ سەرکەوتن وسەرفرازی دەچڕی. لەلایەکی تر بەشەڕو خاپوربوون و ماڵوێرانیان هەڵدەگوت. لەلایەک شالوول ئاوازی ئەویندارى دەژەند.لەلایەکیترکوندە پەپوچاوی دەگێڕاودەیخوێند).

❊ ❊ ❊

رابۆ لەبەر هەیوانەکە دانیشتبوو، بسکە سپیەکانی لە بن چارۆگەکەی سەریان دەرهێنا بوو، لچکی کەواکەی بە چاویەوە نابوو دەگریا. لەبەر خۆی دەیگوت :

–هاوار بەماڵت رابۆ، هەر ئەوەت لە دەست مابوو، ئەویش رۆیشت، وەک کۆترێکی کێوی هەڵفڕی و جارێکی تر ناگەڕێتەوە. هاوار بە ماڵت رابۆ، بابان وێرانێ رابۆ، ئەوەت مابوو ئەویشت لە دەست دەرچوو. تەحۆ ، کوڕی خۆم... هەنووکە دەبێ لە کوێ بی؟! دەبێ گەیشتبێتە هۆمەر ؟ نا... دڵنیام نایگەیتێ! نەشارەزاو نابەڵەدی، لەو کێو بەندەنانە

پەکت دەکەوێ وگورگ دەتخوا. رابۆ ... لە خۆت بابان وێرانێ. ئەویشت لەدەست دەرچوو. لەو کێو بەندەنانە پەکی دەکەوێ و گورگ دەیخوا! .

کەژێ، کە ماوەیەک بوو لەژوورەوە قرقەپ دانیشتبوو، چیتر خۆی بۆ نەگیرا، بەلەزی خزیە تەکی و پشتی دایە دیوارەکە، بە تیلە چاوێک سەیری کرد، رابۆ بەردەوام ورێنەی دەکرد:

–بینابیت دایێ رابۆ، بابان وێرانێ رابۆ، هەشت بەسەر رابۆ، قوڕی دنیات بەسەر رابۆ. لەو چیاو کێوانە گورگ هەلا هەلای دەکەن، یاخود هرس دەیڕفێنێ. بینابیت دایێ رابۆ، چیت بەسەر هات، چۆن بوویتە خەمکی خەمان، چۆن دەروازەی هەموو شتێکت بە روو داخرا. ئۆی لەو دنیایەی. هێ..ی ی ...دنیا...دنیای زۆرداران. دنیای خوێن مژو چاوسۆران، کوڕم تەحۆکە... پاشە بەرەی دایکی خۆت، دەبێ هەنوکە لەکوێ بی. لە چ پەنابەردێک ، یاخود لە چ ئەشکەوتێک خۆت مەڵاس دابێ! لەسەرمان... لە ترسان هەڵدەلەرزی، کەسیش نیە بە دەنگتەوەبێ، کەسیش نیە یارمەتیت بدات ، ئای رابۆ چیت بەسەر هات...

کەژێ دەنگی بەرزکردەوە، پەیڤەکانی کردە چەقۆیەک و نیمچە سەردولکەکەی رابۆی پچڕاند، بە شێوازێکی هێمن، کە لەلایەک بەزەیی پێهاتنەوە، لەلایەکی تر زویر بوونی پێوە دیار بوو، گوتی:

– بۆ وارەشبینی؟ تەحۆ منداڵە. هەنوکە شتێک یەژێ، دوای نەختێ شتێکی تر، تۆ هەستت نەکرد گلیەکانی لە خۆی زەلامتر بوون، تۆزێک پەستی بوو، خەمباری بوو هێنابویە هەژان، باوبژ بوو لەزگی خۆی

دەردەکرد، جگە لە دامرکاندن و ئاسوودەکردنی دەروونی مەبەستێکی دیکەی نەبوو. ئەگەر هەر شتێکیشی گوتبێ. مانای ئەوە نیە دەقاودەق دەیهێنێتە جێ!.

–کچم کەژێ گازاندەم لێ مەکە. نازانم بۆ... چ ئەگەرە ئەمڕۆ دڵم پەستە، پشیم سوارو تەنگ بووە، سەیرکە... تۆ سەیرکە. هەناسەم بە زۆری دێ ودەچێ، نازانم بۆ وام لێهاتوە. دەڵێن مرۆڤ ئەگەر شتێکی ناخۆشی لێ روبدات، دڵ تەنگ دەبێت، لە دوورەوە هەست پێدەکا، دەترسم شتێکمان لێ رووبدات. تووکی ناحەزو ناگەهان کارمان لێ بکاو بە کۆستی خۆمان بکەوین، هەروەک کەوتووینە!. تەحۆ منداڵە...گێڵە ، بێئاوەزە. هێشتا فێری بیرکردنەوە نەبووە. دەترسم تووشی هەڵەیەک بێ، لەو چیاوچۆڵە، لەو وارە خاپوور کراوە. ببێتە خۆراکی گورگان، ببێتە خۆراکی دڕندان. دەترسم کەژێ. دەترسم کچەکەم، هۆمەرم لە دەست بەرهەڵدابوو رۆیشت. ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ. سێ ساڵی رەبەق نەمبینیوە، هۆمەرە جوانکیلەکەم نەبینیوە، تووخوا کەی رەوایە، بڵێ ... کەی رەوایە، بەو پیرییە، پێمەردە هەر کاتێکی ئێخەم بگرێ دەگرێ، لە بینینی کوڕەکەم بێبەش بم.. یەژە.. بۆ من نا.. بۆ خوا..بۆ پیاو چاک و ردێن سپیان. کەی رەوایە ؟!

–ئەوە چی یەژی. بەرایی چیت گوت و ئێستا چی یەژی. ئەو پرسیارە لە من مەکە. لەخۆتی بکە. دەبێ دایکێک، کە کوڕەکەی، کوڕە قارەمانەکەی، کە لە پێناو وارەکەی بەرگی شادی فڕێدابێ و بەرگی دێوانانی لەبەرکردبێ، حەسانەوەو ئارامی لە خۆ حەرام کردبێ، شێرانە پەنجە لە چاوی دوژمن بنێ و وارەکەیانی لە قوڕگ دەربێنێ، ئاوا بەو شێوەیە

ڕەفتار بکا!. ئەی بەمن چی دەڵێی. باوکی بێوار. بێوارە خۆشەویستەکەم. تێر بە ئارەزووی خۆمان. بە کامی دڵی خۆمان لە نێو یەک جێو بالینگان نەڕازاین. سەرمان بەسەر یەک سەرین نەکرد. ئەی بەمن دەڵێی چی !؟ پاشان بڵێ بۆ وا خۆت سەخڵەت کردوە. هەر لەبەر ئەوەی تەحۆ ئەم گلیانەی کرد، دەبێدەنگ بە تووخوا... بێدەنگ بە، بزانە، هەربزانە هاتەوەو هیچی لەیاد نەبوو، هەر هیچ هیچی لەیاد نەبوو!.

– ئاخ خوایەکەم... کچم بە دەست خۆم نیە دەترسم، دنیام لێ بۆتە کونی دەرزی، نازانم چی بکەم، چۆن و بە چ شێوازێک بیربکەمەوە!!. ئاخ خوایەکەم... چیمان بەسەرهات. چۆن بووینە گاڵتەجاڕی ناکەس بەچان. کامە لوتکە ئاستەنگ و ڕژدە کەوتە ڕێمان. ئاخ...خوایەکەم ئاخ. دەبێ چیمان کردبێ، تاوانی ئێمەچیبێ. دەستمان بۆ ماڵی کەس درێژ نەکردوە، چاومان نەبڕیوەتە ماڵی کەس! ئاخ...خوایەکەم ئاخ، خۆ هێلینە پەڕەسێلکەمان تێکنەداوە، مزگەوتمان نەسووتاندوە، قورئانمان نەدڕاندوە، دەبێ تاوانمان چیبێ!. دەڵێن مرۆ ئەگەر پاک بێ شتی پیس زوو کاری تێدەکا. ئێمەش پاکین... پاک و بێگەردین وەک ئاوی‌کانی. بۆیە وامان بەسەر هاتووە، ئەگەنا گومانی هیچ لە خۆمان ناکەم. هەتاوەکونێ هەردە پەنجەیان بریندار نەکردبین پەنجەی کەسمان بریندارنەکردوە، دەبێ تاوانمان چیبێ، خۆ مزگەوتمان نەسوتاندوە. دەبێ تاوانمان چی بێ ؟!

❋ ❋ ❋

( دەنگی لاوکەکە وەک خۆی، جارجار بەنزمی و جارجاریش بە تورەیی بەرزدەبوەوە، رەهێیەکانی روخساری پیرێژنەکە گرژ ببوەوە، قورگی پرو چەنەگەی بڵند ببوو، ئاوازەکەش لەگەڵ دەنگەکە تیژ دەبوو، یاخود بە ئەستوورایی قورگی دەهاتەدەرەوە. لاوکەکە دەیگوت: دوای ئەوەی ئەهریمەن. ئەهریمەنی شەڕ خوازو چاو بە ئاشتی هەڵنەهاتوو، نەخشەی بۆ دانان، دوژمنان وردبینانە، زیرەکانە دارەکەیان چاند، هەموو زێرەوانیان کرد هەتاوەکونێ ئەنجامی بیری گەورە کەیان ببینین! لەوکاتە... گەنجێکی پووتەڵە، گەنجێکی منۆخ و سەرسواڵکەر، کەرو بێئاوەز، کە لەبەر برسیەتی، لەبەر گەمژەیی وچاوچنۆکی، لە گوندەکەیان وەدەرکەوتبوو بە دوای نێچیرێکدا دەگەڕا، نێچیرێکی چەورو بە دۆن، ئەو دارەی بینی. بەرایێ قێزی لێبوەوە، رێ وراست بۆ دوواوە کشایەوە. پاشان سەرنجی دا، لێی ورد بووەوە وسەرسام بوو. کاتێ بینی ئەودارە رەشە لیرەی زێڕی گرتوە! بە خۆشحاڵیەوە... بەشادمانیەوە دەستی بۆ درێژ کرد، لەگەڵ ئەوە ئاسمان بروسکەیدا. دنیارەش داگەڕا! دەنگێک بەرزبوەوە. هاواری کردو پێی گوت :

--کوڕۆ گەنجۆ. شێت وشوورێ ماڵوێرانێ. لەقە لەبەختی خۆت مەدە. ئەم دوو دلێەت مەهێڵە. لیرەیەکی لێ بخۆ ! دەست درێژ بکەو لیرەیەکی لێ لرف بکە ! سەیرت پێ نەیە. چۆنی پێت دەڵێم ....وابکە!

دەنگێکی تر لە شوێنێکی دیکە بەرز بوەوە ! پێی گوت:

– هێی گەلحۆ. لەخۆت گەمژەی بێئاوەزێ، لەخۆت منۆخێ... سەرکزی بابان وێرانێ، ئەوشتەی تۆ گەرەکتە بیکەی هەرگیز کەس نەیکردووە!

لەباتی ئەوەی ئەو ژارە بنۆشی تفێکی خەستی پێدا بکە. بیخە ژێر پێ و بیپلیقێنەوە. لیرەی  هەموو دنیا ناکاتە چرکەیەک لەو ژیانە خۆشەی ئێستا دەژی، برۆ لێی دوورکەوە.. تووڕی هەڵدە، برۆ لێی دوورکەوە.

دەنگەکەی تر گوتی:

–لەم ژیانەدا... تەنیا خۆت بەختەوەر بی، تەنیا خۆت ئاسوودەبی و باش بژی، ئەوەی دیکە بە گوێرەی تۆ بایەخی نیە، هەمووی درۆیە! درۆیەکی زڕت و زەلام، برۆ بینۆشە، ئەوەی گەرەکتە دەیگەیتێ. رەزو باخت زۆر دەبێ. زەوی پاراوت زۆر دەبێ. هەرهی خۆت دەبێ ، هی خۆت بە تەنیا!. بینۆشە. ئەگەر خۆت دڵشادبی.. ئەگەر خۆت بەختەوەربی چ باکت بە خەڵکی دیکە هەیە!

--فریو نەخۆی، باوەڕنەکەی! ئەگەر بەرایێ زارت شیرین بکا، دواتر ژارە. ژارێکی تاڵ، کە تاماوی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، ئەوەی ئارامی بێ نایەتە لات، ئەوەی ئاسوودەیی بێ خۆی لێت بزر دەکا! نەکەی... برۆ لێی دوورکەوە، ئەوەی خەریکە  درێژدەکەی ئەو چەقۆیەیە داری شادی خۆتی پێدەبڕی ! پەردەی ئابڕوو ناموسی خۆتی پێدادەڕی.

 – –برۆ بیخۆ... دەست درێژ بکە. ئەمڕۆ هەرکەس خۆی گەرەکە، خۆی و تەنیا. ئەگەر وانەبوایە، ئەگەر لەبەرخۆپەرستی نەبوایە، قابیل سەری هابیلی پان نەدەکردەوە، ئەگەر تۆ نەیخۆی یەکی تر دەیخوا!

گەنجەکە لە نێوان ئەو دوو دەنگەدا حەپەسا. نەیزانی کامیان راستن. یاخود دەیزانی  و گەرەکی بوو خۆی لەخشتەبەرێ! ماوەیەکی زۆر

لەدەوری دارەکە خولایەوە. لەپڕ بێئەوەی بیرکاتەوە، ئاواتی دەنگی یەکەمی هێنایەدیو داخوازیەکەی بەجێ گەیاند. هەر لەگەڵ ئەوەی لیرەکەی لرف کرد. هەستی کرد گۆڕانێک لە روخساریدا پەیدابوو، خورشتی کەوتە کەوڵ و تووشی نەخۆشیەک بوو، حەزیکرد ئەوانەی بەرانبەری هەمووی بەرەورووی یەکتر ببنەوە. دەست لە بینی یەکتر بنێن و خوێنی یەکتر بڕێژن! لە هەموو شتێک بێبەش بن و نینۆکیان نەبێ خۆ پێبخورێن ...

گەنجەکە، کە ئەو کارەی کرد ئەوەی لەیادچوو کاتێ خوا زەویەکەی پێبەخشین. وتەیەکی لەگەڵ لەبن گوێ چرپاندن.پێی گوتن :

--من ئەو پارچە زەویەتان دەدەمێ دەبێ بیپارێزن و بەرگری لێبکەن. ئەگەر هەر دارێکی رەشی تیاچاندرا دەبێ خێرا لە رەگەوە هەڵیکەنن. بەری ئەو دارە لە ئێوە حەرامە وەکو گۆشتی سەگ.، ئەگەر بە گوێرەی فەرمایشتەکانم نەجوڵێنەوە کارێکی واتان پێدەکەم بۆ حاڵی خۆتان بگرین. من ئەمە بە فەرمان شکاندن دادەنێم. وای لەوەی، کە فەرمانی منیش دەشکێنێ!. لە یادتانە کاتی خۆی چیم لە ئادەمی باوە گەورەکەتان کردو لەسەر چیش بوو؟! ئەگەر ئێوەش بەری ئەو دارە بخۆن ، یاخود رێگە بدەن لە خاکەکەتان شین بێ. ئەوا سەربەستیتان لێدەستێنمەوە، دەتانخەمەبن دەستی دزو جەردەو پیاوکوژان، دەتانخەمە ژێرباری گرانی دیلی وبن دەستی، کە هەتاوەکونێ نەیبینن، نازانن چۆنە !

گەنجەکە، کە گەڕایەوە نێو میللەتەکەی هەموو بە چاوی سووک سەیریان کرد، لەگەڵ ئەوەش بەشێک فریویان خواردو تووشی

نەخۆشیەکە بوون. ئیدی خواش بڕیەی خۆی ئەنجام دا. دوژمنەکانیان لێهاتنە دەست و خاکەکەیان لێداگیرکردن).

تەحۆ وەک لاشەیەکی بێ گیان کەوت وبردیان، ئاسێ قیژاندی و بەدەم گریانەوە ڕێگەی ماڵەوەی گرتەبەر. وەک سەرخۆشێکی لێهاتبوو نەیدەزانی چیدەکا، کە سواری پاسەکەبوو هێدم گر ببوو. وای بۆ دەچوو تەحۆ مرد، لەبەر ئەوە تادەهات گریانەکەی بە کوڵتر دەبوو. بەزەیی بە تەحۆ دەهاتەوە، کە ئاوای بەسەر هات. ئەوانەی لە نێو پاسەکەش بوون بەزەییان بەو دەهاتەوەو سۆنگەی گریانەکەیان لێدەپرسی، ئەویش بەدەنگی نەرم وتێکەڵ بەگریان، ناوەناوە دەوەستا،پاشان دەستی پێدەکردەوەو ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە...

(2)

رابۆ بە هەڵەداوان، بەتەنگە تاوی. بەپەشۆکاوی و چاوتژی فرمێسکەوە. بەسەر کۆتی و پێ پەتیەوە، خۆی گەیاندە نەخۆشخانەکە، لەنێو قاوشەکان رای دەکرد، بە گوێرەی ئەو وەرامانەی بۆ پرسیارەکانی دەدرایەوە هەنگاوی دەنا، دەگریاو قژی دەڕنیەوە.

کەژێ بێواری لە هەمێز بو لەدوای ئەو دەڕۆیشت، بێوار دەگریاو و گریانەکەی لە نێو قاوشەکان دەنگی دەدایەوە. وای دەکرد  هەموو خەڵک بەسەرسامیەوە تەماشایان بکەن. کە گەیشتە شوێنەکە. هەر چەندەی هەوڵیانداو خۆیان پچڕیەوە نەیانهێشت بچنە ژوورەوە.

خەڵکێکی زۆر لەو ناوە بوو.هەر یەکەی تووشی داوی خۆی ببوو و بە دەردی خۆیەوە دەینالاند! وەلێ لەبەر ئەوان، لەبەر هاوارو فیگانی ئەوان. خەریک بوو دەردی خۆیان لە یاد دەکردو بەزەییان پێیان دەهاتەوە !.

دوای ئەوەی نوژدارەکە چوە دەرەوە  هەموو شتێکیان زانی، خەریک بوو نەختێ هێور دەبوو نەوەو خاترجەم دەبوون. کاتێ گەنجێک لە رابۆ نزیک بوەوەو چەند پەیڤێکی بە نهێنی لە بن گوێی چرپاند، رابۆ لە جێی خۆی تاسا، ترسێک گیانی خستە لەرزەو سەرسام بوو، گەنجەکە مرۆیەکی خاوێن و روخۆش بوو

–ئێوە خەڵکی ژوورینە ؟!

–!......

–لەڕاگوێزراوەکانن وانیە ؟!

رابۆ غەیدی!

–ئەگەر بڵێم نا .... چیدەکەی ؟! سەرباری ئەو  هەموو دەردەسەریەی تووشی هاتووین. گەرەکتە تووشی چیترمان بکەی، قاچمان بخەیتە چ قەفێکی تر!!!...

رابۆ خەریک بو وردە وردە. بێئەوەی هەست بکا دەنگی بەرز دەکردەوە، کە ئەمە کاری لە ئادگاری کوڕەکە کردو رەنگی تێکچوو، خێرا دەزووی گلیەکانی لێ پساند !

–نا دایکم...نا... ئەوە چی دەڵێی! کەس داوی بۆ دایکی خۆی ناوەتەوە. کەس داو بۆ برای خۆی دەنێتەوە، تکا دەکەم دەنگت نەوی بکەو تووشی بەلایەکمان مەکە ! تکا دەکەم بە هەڵەم تێمەگە، مەبەستم لەو پرسیارانە ئەوەیە ئاگادارت بکەمەوە ، شتێکت پێ بڵێم!

رابۆ سۆزی بزواو وێنەو ئادگاری هۆمەری لە روو بەدی کرد. هەستی بە خۆشەویستیەک کرد بەرانبەری!

–بلێ... بۆ... قاتی حاشا لە وارو گوندی خۆم ناکەم.حاشا لە باب و باپیرو شیرو بنەچەی خۆم ناکەم.. بلێ بۆ ؟!

–هەیهو...و...و. من دەڵێم نێرە تۆ دەڵێی بیدۆشە، مەبەستم ئەوە نیە حاشا لە  هەموو ئەوانەی بکەی، گەرەکمە پێت بڵێم ئەگەر بزانن لە

راگوێزراوەکانن چارەی کوڕەکەت ناکەن ! هەنوکە لە مەبەستم گەیشتی...چارەی کوڕەکەت ناکەن. پێویستە بزانی چارەکردنی ئێوە قەدەغەیە، ئەی نازانی !؟ بۆیە دەڵێم دەنگت نەوی بکەو جڵەوی زمانت توند بگرە.

کەژێ، کە ئاگای لەو گفتوگۆیە بوو لێیان چووە پێش وخۆی تێهەڵقورتاند. چەند پرسیارێکی یەک لە دوای یەکی ئاڕاستەی کوڕەکەکرد، ئەویش هەروەک چۆن شتەکەی بە نهێنی بە رابۆ گوت. بە هەمان شێوە وەرامی کەژێی دایەوە. کەژێش دوای ئەوەی نیگایەکی پڕ ترسی ئاڕاستەی رابۆ کرد. بێدەنگ بوو متەقی نەکرد !.

کاتێک رێگەیاندان دا بچنە ژوورەوە، تەحۆ هێشتا وەخۆ نەهاتبووەوە. روخساری زامدار، هەموو لەشی داماڵا بوو. بە گوێرەی پێچانەوەکەی دیار بوو دەستی راستی شکابوو. رابۆ بە خەمباری و چاوی پڕ فرمێسکەوە لە دیاری وەستا. چەند خەم و ئازاری ئەوەندە ساڵەی دوای گوێزرانەوەکەیان بوو، لە رووی کوڕەکەی بەدی کرد. گریەی لەقوڕگێ ماو نەشیا تاقە پەیڤەکیش دەربڕێ. دوای ماوەیەکی زۆر تەحۆ چاوی هەڵێنا، خەواڵوو دەهاتە بەر چاو، نوزەی لێوەهات و دەستی بە هوڕێنان کرد .

–هۆمەر... برایە گەورەکەم، کاکی خۆم، ئەی چۆن. تۆ هەتاوەکو ئێستا وا تێدەگیشتی من منداڵم! نەتزانیوە گەورە بووم، ئەی چۆن... گەورە بووم و بەرگەی هەموو شتێک دەگرم. سەیرم مەکە بە لەش بچووکم، بە هزر گەورە بوومە، ئەی ئەگەر وانەبوایە دوای تۆ چۆن دەژیاین!؟

ئەی چۆن. گەورە بوومەو بەرگەی  هەموو شتێک دەگرم. ناگەڕێمەوە ... باشە ! تکا دەکەم ئەو داوایەشم لێ مەکە، تازە من ناگەڕێمەوە. چۆن بگەڕێمەوە ئەو دۆژە. ئەوەی بەزۆر و زۆردارەکی ئێمەیان تیا ئاخنی، ناگەڕێمەوە..نا.. ناگەڕێمەوە!

رابۆ خۆی بۆ نەگیراو  لەناخەوە گریا. بە کوڵ گریا، بەدڵ گریا، گریانێک، کە هەناوی دەتەزاند، گیانی سڕ دەکرد. کەژێش بە هەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەی ناوی هۆمەری ژنەوت  لەجێی خۆی موچڕکی بەلەش داهات و گەزگەز گۆشتی بەردا، رابردووی هاتەوە بەرچاو. لەنێو ئەو خەمە قەترانیە خۆی لە هەمێزی هۆمەر دۆزیەوە. رام وسانی کرد، پەنجەی بە سمێڵە زورەکەی داهێنا. باسی ئەو کۆرپەیەی بۆ کرد کە بە ئاواتیەوە بوون. لەگەڵ ئەوە ئاخی بەباداو جواناوی سڕیەوە....

نوژدارەکە گەڕایەوە کنیان، تەحۆ هێشتا لە هوڕێنە نەکەوتبوو، رووی لەرابۆ کرد:

– هیچ نیە. تەنیا نەختێک ئازاری پێگەیشتوە. کەمێکیش ترساوە، دڵ لەدڵ مەدەن ئەوەی پێویست بێ بۆی کراوە.

دوای ئەوەی نوژدارەکە چەند پرسیارێکی تایبەتی ئاڕاستە کردن. بێدەنگ بوونەکەیان خۆی لەخۆیدا وەرامێک بوو. بۆیە نوژدارەکە جگە لەوەی ماوەیەک بە چاوی بەزەییەوە سەیری تەحۆی کرد، هیچی دیکەی نەگوت، زێتر بایەخی بە دۆزەکە نەدا. لەسەرخۆ قاچەکانی ئاژواو بەرەو دەرەوە هەنگاوی نا. هێشتا نەگەیشتبووە دەرگاکە، کە دەنگی رابۆ رایگرت:

– گەرەکمانە بیبەینەوە!

––نابێ... نا... چۆن کاری وا دەکەن!

نوژدارەکە بە دەنگێکی بەرز دەستی بە ئاخاوتن کردو بە دەنگێکی نزم دیماهی پێهێنا. رستەکەی چەند جارێک دووبارە کردەوە.

–ناتوانین.باوەڕ بفەرمە ناتوانین  ئێمە وەکو خەڵکی تر نین. بۆمان ناگونجێ، پێویستە یارمەتیمان بدەی!

–ئەو شتەی تۆ دەیڵێی رێی تێناچێ. من بۆ بەرژەوەندی کوڕەکەی تۆمە. با راستت پێ بڵێم. کوڕەکەت دەستی شکاوە، پێویستە چەند رۆژێک لێرە بمێنێتەوە. من ترسی هێندێک شتی تری لێدەکەم، بۆیە باشتر وایە لێرە بمنێتەوە!.

– دەبێ بیبەینەوە. هەر چۆنێک بێ دەبێ بیبەینەوە. ئەدی چاوەکەم، تۆش زویر مەبە.هەر دەبێ بیبەینەوە!.

کەژێ ماوەیەک بوو بێدەنگ بوو، لە پڕ بەڕێکی خستە مزگەوت و شەکرێکی شکاند:

–دیارە ئەو باشتر دەزانێ. واز بێنە با لێرە بمێنێتەوە!

نوژدارەکە بەبزەیەکەوە سەری ئافەرینی بۆ لەقاندو چووە دەرەوە.

––بۆ وات کرد، ئەوە چی یەژی. ئەوە کەی گلی کردنە، رێی بۆ دادەنێی، تۆ ماڵی خۆمان نازانی. نابینی لە چیداین. بە گوێی خۆت گوێت لێ نەبو ئەو کوڕە چیگوت !.

کەژێ ویستی وەرامی بداتەوە و پەژیوانی خۆی دەربڕێ، تێی بگەیەنی گلیەکانی کوڕەی هەر لە یاد نەبووە. بەڵام ئەو بوارەی دەست نەکەوت لەبەر ئەوەی تەحۆ لەو کاتەدا دەنگی بەرز کردەوە:

– ئەدی هۆمەر... ئەدی برایە گەورەکەم. ئەوەی من دڵ تەنگ دەکا. ئەوەی من زگار دەکا، ئەوەیە ئێوە بە زارۆ لە من دەگەن، تۆ سەیرکە وا خەتی سمێڵم رەش بووە. سەیری قەدو باڵام بکە چەند چیڕ بوومەتەوە. ئەوەی دڵ تەنگم دەکا ئەم شێوازە ئاخاوتنەی ئێوەیە. باشە بۆ ناتوانم، دەڵێی چەکت پێهەڵناگیرێ ؟! دەبێنە بزانە بە تاقە دەستێک ، بە یەک دەست بۆتی بەرز دەکەمەوە یا نا، دەبێنەدەی!

لەگەڵ ئەوە هەوڵیدا دەستی بەرز بکاتەوە، وەلێ دەستی داخوازیەکەی بەجێ نەهێنا، هۆپەکی لە خۆزانی ! کە چاوی هەڵێنا خۆی لە شوێنێکی سەیر دۆزیەوە. ئەوەی یەکەم شت نیگاکانی بەرزەفت کرد ساپیتەی ژوورەکە بوو. بەترسەوە سەری لار کردەوەو لەم بەرو ئەو بەری خۆی راما، کە دایکی بینی پشیەکی وەبەر هاتەوە. بە دەنگێکی پچڕاو گوتی:

–چییە... ئێرە کوێیە...دایە گیان ئێرە کوێیە؟!

–......!

--چی بوە دایە گیان. من چیم لێهاتوە. ئەی کوا هۆمەر... تازە پێکەوە بووین. پێم بلێ بۆ کوێ چوو ؟!

–وس بە. وس..س..س. هەر وس بە کوڕم. بەرخۆڵەکەم. سەرمان بە فەتارەت مەدە. بێدەنگ بە زارت داخە، لێرە دیوار بە گوێیە. هەنووکە دەچینەوە. تۆزێ پشیت هەبێ. هەنووکە دەچینەوە !.

رابۆ بیری لە ریگاکە کردەوە، تفی قوتدایەوەو دڵی کەوتە لەرزە، دەستی بۆ گیرفانی برد. خاڵی هیچی تیا نەبوو!. رەنگی تێکچوو. سەیری کەژێی کردو بەچاو بانگی کرد. مەسەلەکەی تێگەیاند، سەری بردە بن گوێی وچرپاندی:

–ئەوپارەیەی هەمانبوو تەنیا بەشی هاتنی کرد. ئەی خۆت ئاگادار نی ؟!

رابۆ مێشکی وا گەرم داهات وازی گوێگرتنی وەرامەکەی کەژێی نەبو.. لەگەڵ ئەوەش برِیەیدا وەسەر خۆی نەهێنێ، دەستی لەسەر هەنیەی کوڕەکەی دانا:

–کوڕی خۆم ئەوە چی یەژی ؟! باسی هۆمەر مەکە، ناوی هۆمەر مەهێنە باش نیە. وریابە ئاگات لە زارت بێ، ناوی مەهێنە. ماڵ لە خۆی نیە با مێوانیشی نەیەتە سەر!.

لەسەرەوە هەوڵیدەدا بەزیخی ئەو وشانە دەربڕێ. لەناوەوەش وەک ئەوەی بەندی دڵی پچڕابێ خەریک بوو هەناوی بەردەبۆوە. خۆشی نەیدەزانی چۆن بیردەکاتەوە. تاوێ بە لەزی دەهات ودەچوو، دەمێ لە جێگەی خۆی دادەنیشت و هێندەی نەدەما لە پڕمەی گریانێ بدات. هێند بگری هەتاوەکونێ کوڵێ دڵێ دادەمرکێ و ناتوانێ لە جێگەی خۆی

هەڵسیێتەوە. بە هێمنی و ئارامی، بە یەکجارەکی چاو لێکبنێ و بێ کێشەو ململانێ ماڵئاوایی لەو ژیانە بکا !

کەژێ پێی خەوش و شوورەیی بوو وا بەئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە، پشیەکی قولێ هەڵکێشاو وەدەریناوە، بەو مەبەستەی ترس و دڵە راوکێیەکەی لەگەڵ دەراوێ. وەلێ بێسوود بوو، تووشی دژایەتیەکی دەروونی سەیرهات، لە هەموو کاتێک زیتر هەستی بە نامۆیی خۆیان کرد:

--ئێ بۆ... خوایە گەورەکەم .... بۆ.... بۆ دەبێ وامان بەسەر بێت، هەنوکە چی بکەم... قوڕی کێهە دەشت بە سەری خۆکەم ، سەر لە کێهە بەردەشاخی بدەم، ئێ بۆ... خوایە گەورەکەم بۆ ؟!

کزە نیگایەکی تری بڕیە تەحۆ... چاوەکانی داخستبوو، پێدەچوو کەوتبێتە گەرمەی خەوێکی شیرینەوە. بە شێنەیی خزی و بەرانبەری دانیشت. پشتی سەری بە دیوارەکە نوساندو چاوەکانی بە توندی نوقاند، ماندوبوونێکی زۆری پێوە دیار بوو. کەژێ تا ئەو کاتە بێواری هەر بە هەمێزەوە بوو، لێی نزیک بوەوە:

--چی بووە ؟ بۆ واپەشوکاری. ڕەنگت ئاسایی نایەتە بەر چاوم!

--چیم بێ...! ئەوا خۆت دەبینی و لێت شاراوە نیە. لەربەچاوت روون و ئاشکرایە. دوو ئافرەتی تاک وتەنیا، لەم شارە جەنجاڵە، لەم شارە بێ بەزەییە، چیان بەسەر هاتووە، چۆن وەک پەزێکی گێژ بە دەوری خۆیان دەخولێنەوە، نازانن چی بکەن. چاویان قوچاندووەو ملیان لەبەر

ملی ئەو رۆژگارە دڵڕەقە ناوە. هەموو شت دژی خواست ویستی ئەوانە، خێشتا لەلایەک گرییان نەداوەتەوە، لە لایەکی تر دەپسێتەوە!

کاتێک دیماهی بەو پەیڤانە هێنا. بەلەزی دەستی بە چاویەوە ناو نەیهێشت ئەو دڵۆپە فرمێسکە بەدیار کەوێ، کە خەریک بوو لە چاوی دەتکا.

کەژێ زانی چی دەڵێ. هاوڕێی خەمی بوو لە هەموو کەس زێتر لە واتای ئەو وشانە دەگەیشت، بۆیە ئەویش لە ناخەوە هاتە هەژان. تاوێ بێدەنگ بوو نەشیا هیچ بدرکێنێ، پاشان بە دەم هەنسک هەڵدان دەستی بە ئاخاوتن کرد:

--دڵ تەنگ مەبە، هەموو تاریکیەک رووناکی لە دوایە. کە تاریکی هەبێ، بەیانیش هەیە، دڵ تەنگ مەبە!.

بەلەزی ئەمەی گوت و لێی دوورکەوتەوە، لەپەنایەک وەستاو دەستی بە گریان کرد. رابۆ بە پێچەوانەی پێشان ئەگەر شتێکی وای دیبوایە زوو خۆی تێهەڵدەقۆرتاند. بێدەنگ بوو. چۆن سەری بە دیوار کردبوو هەروا مایەوە. چاوەکانی بەرانبەر تەحۆ لە مۆلەق راگرتبوو. زۆر بیرو وردەئەندێشەی بە مەژی داهات، حەپەساو ترسێک دڵی گرتەوە. هێندەی زانی دیوارەکە شەق بوو، تارماییەک هاتەدەرەوە، بە بزەیەکەوە سەیری کرد. روویێکی پاک وگەشی هەبوو، لە تەحۆ نزیک بوەوە. هەترەشی چوو. وایزانی پێمەردەیەو هاتووە گیانی بستێنێ ! ویستی بزریکێنێ ویەک بە دەنگی هاوار بکا، بەڵام وای نەکرد، لەوە ترسا پێمەردە بێ و رووی بۆ لای ئەو وەرچەرخێنێ! هەستی لە خۆ بڕی و نقەی نەکرد.

تارماییەکە زەلامێک بوو دەستە جلێکی سپی و خاوێنی لەبەر بوو. لەژوور سەری تەحۆ وەستا، دەستێکی بە رووی داهێناو پاشان لەسەر تەوێلی راگرت. بۆ تاوێ دەمی بزواند، پاشان فووێکی لە رووخساری تەحۆو دەورو بەرەکەی کرد. بە ئەسپایی رووی بۆ لای رابۆ وەرچەرخاند. رابۆ هێندەی دیکە زەندەقی چوو. وایزانی کاری تەحۆی تەواو کرد و بۆ کن ئەو دەچێ، بەڵانەکونێ، کەبە باشی لێی ورد بووەوەو بە چاکی دیقەتی دایە. زەندەگرتی ما، ویستی باوەڕ نەکا. چۆن دەبێ وێسف بێ ! وێسف لە مێژ بوو کوژرابوو. ئەوە هیچ گومانێکی تیا نەبوو. وای بۆ چوو لەوانەیە بەکارێک هاتبێ. یان لە بەهەشتەوە رەوانە کرابێ!. چەندی بیری کردەوەو لێی ورد بووەوە. لەوێسف زێتر کەسی دیکە نەبوو، لێی چووە پێش، بەرانبەری وەستا. رابۆ ویستی لە بەری هەڵسێتەوە، نەیهێشت و بە پەنجە دیاردی بۆ کرد:

--بۆ دەترسی رابۆ. بۆ دەترسی. کەس لە مێردی خۆی ترساوە ! بلێ بۆ وا دڵ تەنگی؟! وا پەست و پەشێو حاڵی. ئەگەر لەبەر تەحۆتە خاتر جەم بە، بۆ ماوەیەکی کەم چاک دەبێتەوە. هیچی لێ نایەو تەمەنی درێژ دەبێ، بە هەوەنتە وەناڵێم. شتەکە گاڵتەی تیا نیە. من بەو چاوانەی خۆم گەڵای تەمەنی ئەوم دیوە، کە وای لێهات یەکسەر چوومە ئەو شوێنەی داری ژیانی لێیە، سەیری گەڵای ئەوم کرد، سەوز ...سەوز بوو. واتای ئەوەیە زۆر دەژی. تەمەنی درێژ دەبێ! .

–وێسف ئەوە چی دەڵێی، تو بڵێی وا بێ! خوا بەزارت دا بڕۆنی. بەڵام تۆ بڵێی وابێ؟ ئا... پێم بلێ لەیادم نەبو. تۆ جێگەت چۆنە، خۆ ئازارت نادەن، لەسەر دنیایێ بەکوشت چووی قاتی لەوێش هەڵیان نەداویەتە

کورەی دۆژێ!؟. پێم بڵێ ... خۆ ئازارت نادەن. لێرە وا باوە ئەگەر مرۆ مرۆی کوشت ئەوا بێ سێ و دوو، بێ حەق و حسێو هەڵی دەدەنە کورەی دۆژێ و بە کوتکی ئاگرین هەنجن هەنجنی دەکەن، هەموو رۆژێ چەند جار ئەو کارەی لەگەڵ دەکەن، لە تۆ دەترسم ویسف، بۆیە ئەو پرسیارانەدەکەم!. چونکێ کاتی خۆی تۆ گەلێک کەست کوشت، ئا... دەمزانی. هەر چەندە تا ئێستاش ئەوەم بەبەر رووی هەڵنەهێنای، وەلێ دەمزانی و ئاگاداری هەموو شتێک بووم، دەمزانی چەند کەست بەو دەستانەی خۆت کوشتوە!.

خەندەیەکی خوایی رووی ویسفی گرتەوە، هەر هێندە بوو هەستی پێدەکراو نەدەکرا:

– ئەوە تۆ چی دەبێی رابۆ، ئەوەتۆ چی دەبێی، هەر چەندە من بۆ ئەم مەبەستە نەهاتووم وەلێ ناچارم وەرامت بدەمەوە، هەتاوەکونێ بەسەهو نەچی و بە هەڵەم تێنەگەی، بە پیاو کوژو دڕندەم دانەنێی، بۆیە وەرامت دەدەمەوە!. دەزانم نەک تۆ، زۆری وەک تۆ ئەو باوەڕەیان هەیە، وا تێدەگەن ئەگەر مرۆ مرۆیەکی دڕندەی کوشت. با ئەو مرۆیە دوژمنیش بێ ئەوا لەو دنیا سزای لەسەرە، دەخرێتە کورەی دۆژی و دەسوتێنرێ!. گوێ رادێرە رابۆ با شتێکت پێ بەژم، کە هاتمە ئەو دنیایە گلی و گازاندەی ئەوەیان لێدەکردم، کە زۆر کەس هەبووە نەمکوشتوە! گوێ بگرە رابۆ، ئەگەر یەکێ ماڵی خەڵکی زەوت کرد، خاکی خەڵکی داگیر کرد، چاوی بڕیە ئابڕووی خەڵکی، هەژارانی کوشت، ئەوا خوا لە لیستەی مرۆڤانی رەش دەکاتەوەو یەکسەر دەخرێتە لیستەی دڕندان، کە کوشتنیان پێویستەو خوێنیان حەڵاڵە.! ئەوە لە مێشکی خۆت دەربێنە،

بەزەییت بە وانە نەیەتەوە، کە دژی تۆ دەوەستن و گەرەکیانە وەک کلوە بە فرێک بتتوێننەوە، ناوو مێژوو و رابردووت بسڕنەوە و لە ناوت بەرن. ئەوان ویژدانیان نەبێ هەموو تاوانێ بکەن، بۆچی تۆ لە پێناو بەرگری کردن لە خۆت، بۆ پاراستنی بوونی خۆت، ئەگەر بە کارێ هەڵسای ئەوا بە تاوانی تێبگەی... بۆ ... ؟! کاتێک ئێوە دەبینم وا بیردەکەنەوە ئاورم لەهەناوی بەردەبێ، قەت نەبووەو نەگونجاوە لە ئاخی خۆت ئاوات لەگەڵ بکەن!. نا... نەخێر.... هەرگیز نەبووەو نەگونجاوە. من ئەوبەهەشتە جێدەهێڵم ...ئا.. بەجێیدەهێڵم و دەگەڕێمەوە بەرگری لە وارەکەم دەکەم!. بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێک داوام لە خوای خۆم کردوە، بەڵام رێگەیان نەداوم، نەک بە تەنیا من. هەموو ئەوانەی لەگەڵ منن. مردوەکانی گوڕستان هەموو ئەو داوایەیان کرد!. خوا گوتی نەخێر، ئەگەر ئەوان نەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و وابە ئاسانی چۆک دابدەن، پێویستە لەوەش خەراوتریان بەسەر بێت !.

–ئاخ وێسف ئاخ. چەندی دەکەم هیچم لە دەست نایێ، باوەڕبکە منیش وەکو تۆم، ئەگەر بڵێن بەهەشتت دەوێ یا گەڕانەوە بۆ گوندەکەت، ئەوا بێ سێ و دوو، یەکسەر دەڵێم گەڕانەوە بۆ گوندەکەم!. ئەرێ بەو خوا گەورەی لەبان سەرانەوەیەو تەماشامان دەکا. بێ هیچ دوو دڵیەک وا دەڵێم، ئەی چۆن وا نەڵێم وێسف...ئەی چۆن وا نەڵێم... تۆ دەردی بەلەنگازیت دیوە ، وای ئەگەر دەتدی!

وێسف پێکەنی:

--نەمدیوە ؟! هێ... هێی... ئەوە چی یەژی، چۆن نەمدیوە رابەکە چۆن نەمدیوە! چما کەسێک هەیە لە ئێمە ئەو ئاورە نەیسوتاندبێ، ئەی ئێمەشیان ئەو کاتە وا پەڕاگەندە نەکرد، ئەو سەردەمە ئێمە منالْ بووین. بەڵام هێندە هەبوو ئەو کاتە ئاوا بەئاسانی دەست نەدرا، ئەوی دەستی داری گرت لەگەڵ کاروانێ کەوت! کەس نیە لە ئێمە ئەو ئاورە نەیسوتاندبێ. بەر لە هەزار سالْ زێتر هەتاوەکونێ ئەمڕۆ ژیانی ئێمە ئاوا بووە. کەس نەماوە ئازاری نەدابین. دەستی بە خوێنمان سوور نەکردبێ، دەزانم هەنوکە دەردی ئێوە چەند گرانە، چەند تژی کوڤان و برینە، هەر لەبەر ئەوەش داوای گەڕانەوەت لێدەکەم. بگەڕێوە، پەلی تەحۆ ومنداڵان بگرەو بگەڕێوە گوندی. بگەڕێوە واری باب و باپیرانت. هەتاوەکونێ چاوت لە دەستان نەبێ ، ژیانت لەمە ئاستەنگ و دژوار تر نەبێ. پێویستە بگەڕێنەوە...

رابۆ هەناسەیەکی هەڵکێشا

–راست دەکەی پێویستە بگەڕێینەوە، کەی ئەمە ژیانە...پێویستە بگەڕێینەوە واری خۆمان. بگەڕێنەوە گوندو نشیمەنی خۆمان!.

لەگەڵ ئەوەگرنێژنەک بە تەنکی رووی گرتەوە. خۆشیەک ختووکەی دا. هەستی کرد فێنکاییەک دەرروونی دەگرێتەوە. لەنکاوڕا شتێک لە گوێچکەی زرنگایەوە، لەگەڵ بەرز بوونەوەی دەنگێک راجفلی و برژانگەکانی لێکترازاند، نەخشین و ئاسێی کچی خۆیان کوتایە ژوورەوە. نەخشین هەرکە یەکەم قاچی کەوتە ژوورەکە. لەگەڵ کەژێ

دەستی بە ئاخاوتن کرد، دوای ئەوەی ئەمەی گەرەکی بوو زانی، بە شەرمەوە رووی لە رابۆ کرد:

--رابەکە زویر مەبە، بەدەست خۆم نەبوو، هەتاوەکونێ گەیشتمە ئێرە گیرۆ بووم !.

رابۆ وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش واگاهاتبێ، بە حەپەساویەوە پرسی:

–چییە، نەخشین. چی بووە، بۆ وا دەلەرزی. لەزی کەو بێ پێچ و پەنا هەموو شتێکم بۆ بدرکێنە، لەزیکە ، بزانم چی بووە ؟!

کەژێ کە نەخشینی بەو لە گوینە بینی. بە هێواشی چووە لای و گوێی بۆ رادێرا، پاشان سەری بردە بن گوێی و بەشەرمەوە گوتی:

--باش بوو هات، بێژە پارەت پێیە ؟!

نەخشین بەسەرسامی تەماشای کرد:

–ئا... ئەی چۆن ؟!

– پارەی گەڕانەوەمان پێنیە!

کەژێ بە خەمباریەوە ئەمەی گوت، نەخشین بە رەنگ هەڵبزڕکاویەوە درێژەی بە گلیەکانی دا:

--ئا... مەترسە پارەم پێیە، بەڵانەکونێ گرنگ ئەوەیە بتوانین دەربازی بکەین، پێویستە بە زووترین کات لێرەی بەرینە دەرەوە!

رابۆ خیزی قوتدایەوە:

--چی بووە نەخشە، لەچی دەترسی، دەڵێی گەرەکتە شتێ بێژی!؟ وێدەچی شتێکت لەدڵدابێ. ئا... وا دیارە... لە تەختی تەوێلت بریسکە دەداتەوە، شتێکت لەدڵدایە، کچم کەژێ ئەی وانیە، تۆش ئەوەی لە چاو بەدی ناکەی، ئەوەتانی ترس بەتەوێڵیەوە نوساوەو وەک مانگی چواردە دیارە.

--ئەوە چی ئێژی رابە، قەت تۆ نی وابێ ئاوەزانە داخێوی، چۆن... گوایا نازانی ئێمە لێرە لە توتن قاچاغ ترین! ئەوە چی ئێژی رابە خۆ دیارە و گومانی تیا نیە لێرە جێگەمان نابێتەوە. ئەی لەوە ناترسی کورێژگەکەت باڵ بەست بکەن و شوون بزری بکەن .

کەژێ زۆر بە ترسەوە لەزاری نەخشین رادەما. چاوەکانی زەق ببوونەوە. دەنگی بە ئاستەم لە قورگی هاتەدەرەوە. لەبەر هەناسە بڕکێیەکەی وشەکان پچڕپچڕ بە نارێکی دەبیستران:

–نەخشین راست دەکا، راست راست دەکا، گلیەکانی بەرێ وجێیە، لە یادت چو چۆن ئەوانەی تریان شوون بزر کرد ! ئەرێ بەخوا نەخشین راست راست دەکا، پێویستە بەزووترین کات لێرەی بەرینە دەرەوە.

رابۆ بە شلەژاویەوە گوتی:

–چی بکەین نەخشین. پێم بڵێ چی بکەین. ئەوەی دەیبێژی راست و دروستە، بەڵام پێم بێژە چی بکەین ؟!

نەخشین تاوێ تێی راماو نیگایەکی پڕ پرسیاری ئاڕاستەی کرد، پاشان بە سووکی بەرەو لای تەحۆ چوو، کە تازە خەریک بوو چاوی هەڵدێنا، ویستی لەگەڵی باخێوێ، وەلێ تەحۆ دەست وەکەری کردو زووتر ساپی خۆی هەڵدا:

–ئەی کوا ئاسێ ؟

نەخشین شەرمێک دایگرتەوە ! دەستێکی بە ئەنیەی داهێناو بە هێواشی لێی دوورکەوتەوە، رابۆ بۆ ئەوەی دڵی کوڕەکەی خۆش بکا، دەستی کرد بە شێلانی شان و پیلی و دڵی دایەوە. پاشان ئەویش لێی دوورکەوتەوە، بەرانبەر نەخشین وەستا. لەپڕ بە گورجی نەخشینی وەلاداو گەڕایەوە کن کوڕەکەی !

–تەحۆ ... کوڕەکەم ... کوا هەڵسە سەر پا، بزانم دەتوانی، بزانم دەتوانی... بڕۆی ؟! دەتوانی بگەیتە بەر دەرگای نەخۆشخانە. تەحۆ..کوڕەکەم...دەی.. کوڕە شیرینەکەم دەی، هەوڵێ.... تەکانێ، دەی .... دایکت لە دەوری سەرت گەڕێ...دەی

کاتێک تەحۆ هەولێداو خۆی کێل کردەوە، بزەی خۆشی کەوتە سەر لێوی هەمووان، بۆ ماوەیەک بەسەرسامیەوە بێدەنگ بوون، پاشان بیری خۆ دەرباز کردن لە کەللەی هەموانی دا، کەژێ بە هشتاوی لێی چوە پێش و بە دەنگێکی بەرز وەک ئەوەی بیەوێ دەوروبەری گوێیان لێبێ گوتی:

–کوڕیژگە خەریکە میز بکا بە خۆیدا. بۆ کەس نایباتە ئاودەستخانە!

نەخشین لە پێشەوە ڕێگەی سەح کردەوە. ئەوانی دیکەش بە پانەدزی لە دوایەوە ڕۆیشتن، کە گەیشتنە بەر دەری نەخۆشخانە، بە خێرایی سواری خۆش بەزۆکێک بوون و تێیان تەقان! چەندی ڕێگاکەیان دەبڕی و لە نەخۆشخانەکە دوور دەکەوتنەوە، هێندە زیاتر هەستیان بە ئارامی ودڵنیایی دەکرد، ترسی وەگیرکەوتنەوەیان لە مێشک نەدەما، لەنکاوڕا نەخشین گوتی:

–ئەدی دایکم... واباشترە. ئەوانە  بێدینن، هەموو شتێکیان لە دەست دێ، لەخوا ناترسن، کەسێکیش لە خوا نەترسی  هەموو شتێکی لێ ڕەچاو دەکرێ، خوا بەزەیی بە ئێمە هاتەوەو بەسانایی دەربازی کردین.

–ئەوەی راست بێ خوا هەر راستی بۆ دێنێ!

رابۆ ئەمەی گوت، لە کاتێکدا خەریکی خۆشکردنی جێگەی تەحۆ بوو. کەژێ زۆر شتی هەبوو لەو کاتەدا بیگوتبایە، بەڵام هیچی نەگوت، چۆن دەستی خستبووە ژێر چەنەی هەروا مایەوە. لە پەنجەرەکەی تەکی لەدەوروبەر رادەما. هیچ شتێکی وایەنەدەبینی سەرنجی رابکێشێت، لە هەموو شتێک بێزارو وەڕەز ببوو. جگە لەبیرکردنەوە هیچی دیکەی بە دروست نەزانی، هەر بیرکردنەوەو ئەندێشە بوو دەیتوانی بۆ ئەو جێگایەی راپێچ بکات، کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینی. سەرسام بوو لەو هەموو شتەی بەسەریان دێ، یەک لە دوای یەک بینە قاقایان دەگرێ! تائەو دەمەش تۆزی ترسی رابردوو هەر بە روخسارەوە بوو.

شوفیرەکە کابرایەکی قەڵەوی ورگن بوو، تەوقی سەری روتابوەوەو ئاوێنە ئاسا بریقەی دەدایەوە، سەربەخۆ هاتە دەنگ:

–هەر بۆ دەست شکان بردووتانە نەخۆشخانە ! ترِحێو......بەخوا بەیتاری خۆمان سەد قات چاترن، ئەو منداڵ وتوارانەچ دەزانن ؟!

شوفێرەکە هەناسەیەکی بە ئاستەنگی هەڵکێشاو تاوێ بێدەنگ بو، پاشان مژێکی لە جگەرەکەی داو دوکەڵەکەی بەرهەڵدای ئەو ناوە کرد.

–باشە بۆ دەستی شکاوە ؟!

ئەو پرسیارە هەموانی دوچاری دڵەڕاوکێیەک کرد!

– لەسەر بان کەوتووە!.

هەر چەند ئەو وەرامەی رابۆ بینی کابرای نەشکاند، یاخود رابۆ هەر خۆی لە گلیەکەی خۆی بە گومان بوو، بێدەنگ بوو. لەچاو بڕینە کەژێ و ئاوێنەکەی بەردەمی زێتر هیچی تری نەکرد، ئەو پرسیارانەی کردی هەر بۆ دواندنی ئەو بوو !

کابرا بە هێواشی ولەسەرخۆ خۆش بەزەکەکەی داژوت، ئێوارەیەکی درەنگ بوو، خۆر بە ئاستەم و دوو پەنجەی مابوو لە پەنای کێوەکان بزر بێ، خەڵکێکی زۆر لەسەر شۆستەکان هات و چۆیان دەکرد، هەریەکەی جۆرە جلێکی لەبەربوو، هێندێک شادمان و هێندێکی تر زگارو خەمبار دەهاتنە بەر چاو، کە گەیشتە سەر ئەو شەقامەی بۆ ئاکنجیەکە دەڕۆیشت شوفێرەکە گوتی:

–کات درەنگە لەوانەیە رێمان نەدەن!

نەخشین وەرامی دایەوە:

– بۆ ڕێگەمان نادەن، نەدڕندەین ونە پیاو خەراویشمان لەگەڵدایە

شوفێرەکە بەدەنگێکی بەرز پێکەنی، ئەو پێکەنینەشی وەک هەموو بزووتنەوەکانی دیکەی  پێدەچوو لەبەر کەژێ بێ! بۆیە هەمدیس بە تیلەچاوێک لە ئاوێنەکە سەیری کرد:

–کێ دەلێ من کابرایەکی خەراو نیم و لە ڕێگا لەخۆم ناترسم ؟!

رابۆ لە باتی ئەوانەی دیکە بە دڕندۆنگی و بزەیەکی دروست کراو وەرامی دایەوە:

--مەبەستی ئەوە نەبوو!...کاکە... خۆشت باش دەزانی مەبەستی ئەوە نەبوو!

کابرا گڕی پێکەنینەکەی بە جۆشتر کرد!

– دەزانم پیرێژن، دەزانم ... ! گاڵتەی لەگەڵ دەکەم. هەرچەندە وەکو دەڵێن ئەمڕۆ پیاو نەماوە ! ئەگەر چی خۆشمان بە پیاو دەزانین. بەڵام ئەگەر، پیاو بین ئەو  هەموو شتەمان پێ قبوڵ ناکرێ!

رابۆ لێوی خۆی گەستەوە، باوەڕی بە شوفێران نەدەهات و زۆر شتی دەربار بیستبوون، بۆیە متەقی نەکردو توند زاری خۆی گرت.

کابرا سەر لە نوێ بەسەر بادانەوە هەمان رستەی دووبارە کردەوە

– نابەخوا... دایکم، ئەگەر پیاو مابێ ئەو  هەموو شتە قبوڵ ناکرێ!

رابۆ بە تیلە چاوێک سەیری کردو بەبنی زاری گوتی:

--بۆ ... پیاو زۆرن ! چی رویداوە...چی وات لێدەکا ئاوا باخێوی ؟!

شوفێرەکە بزەیەکی هاتێ

-ئەە ... ماڵت بە قوڕ نەگیرێ، دەڵێی لەم وڵاتە ناژین، !نەتبینیوە چۆن قاچیان لەسەر ملان شۆڕکردوینەوە. هەر هێندە ماوە...

چەند جارێک بە نارەزاییەوە سەری باداو دەستی پێکردەوە

-ماڵت بە قوڕ نەگیرێ ! دەڵێی لەم وڵاتە ناژی!...

بە دیقەتەوە سەیرێکی رابۆی کرد. گرنێژنەکی هاتێ:!

--پیرێژن خۆت لە گێلی مەدە، خوا دەزانی تۆ لە  هەموو کەس باشتر دەزانی!

ئەم پەیڤانەی دوایی رابۆی لە جێی خۆی تاساند، بە قوڕگ وشک بوونێکەوە چاوی زەق بوەوەو نەیزانی چی وەرام بداتتەوە. هەوڵیدا بێدەنگ بێ و لێرەوە دەزووی باسەکە بپچڕێنێ. کەچی کابرا دیار بوو ئەوەی بەدڵ نەبوو

- دەزانی چیان لە ئێوەکرد!؟ ئەو تاوانەی لەگەڵ ئێوەی کرد چەندین بیگێڕیتەوە تەواو نابێ. مەگەر هەر خوا لە کن خۆی نووسیبێتەوە وبزانێ چی کراوە ! ئەوتاوانەی ئەوانەکردیان...  بەڵانەکونێ چیدەکەی ! ئاخ .... پیرێژن پێم بڵێ چیدەکەی!

رابۆو ئەوانەی دیکە هێندەی تر زارەترەک بوون، تا رادەیەک خاترجەم بوون ئەو ماستە بێ موونیە. دەیانزانی ئەگەر یەکێک پشتی بە دیوار

نەدابێ، ناتوانێ بەو لەگوینە دەزوەکە رابکێشێ! بۆیە توندتر زاری خۆیان گرت، وەلێ کابرا وەک ئەوەی بڕیەی دابێ بە ئاسانی وازنەهێنێ. هەمدیس بالێ پرسیارانی بەرهەڵدا کرد:

– نەتانگوت ئەو کوڕیژگە بۆ وای لێهات. وێدەچێ دەستی خراو شکا بێ

– ...!

--دەبێ شتێکی سەیری بەسەر هاتبێ ئەگینا قەت لەسەر دڵتان نەدەبووە ئەو کەسەرە، بەستەزمانە زۆر بە ئازار دیارە.

نەخشین و کەژێ، کە لە دواوە دانیشتبوون، بە هیچ جۆرێگ خۆیان تێکەڵ ئەو ئاخاوتنە نەکرد، جگە لە سەیر کردن وگوێ رادێران ورتەیان لەدەم دەرنەهات.

–چی بڵێم ...! لە ماڵەوە زەنگاڵم دەچنی، کە ئاسێ خۆی کوتایە ژوورەوەو پێی راگەیاندم، کە خۆش بەزۆک لە تەحۆی داوە. هەرهێندەم لەیادە، ئیدی وەک شێتانم لێهات و زەینم لە خۆ بڕا

کاریگەری ئەم وشانە لە رووی شوفێرەکە دیاریدا :

–کابرا گیرا؟

–گیرانی چی ... چەندی تۆ دیوتە منیش هەر هێندە، گوتیان نەوەستاوەو رایکردوە!

شوفێرەکە بە تووڕەیی تفێکی خەستی توڕ هەڵداو شەقێکی لە سوکانەکەدا :

--چ ویژدانێکی هەبوو!؟ بەلآنەکونێ چیدەکەی، ئەمڕۆ بەڕەڵلآییە، هەر کەس بە ئارەزووی گونی خۆی دەکا. بەشێک قەیسەریان لێ بۆتە کونەمشک و بەشێکیش لە پای پیلان دەدەن. سەرەنجام خەڵکەکە هەمووی سەرخۆش بووە، لە گەرمەی خەوێکی خۆش دان و بەریان بە دنیا نەماوە. ئەدی دایکم. ئەگەر خۆپەرستی بگاتە ئەو رادەیە شار ئاوای لێدێ، ئەمڕۆش وایان کردوە خەڵک خۆپەرست بن، جگە لە بەرژەوەندی خۆیان هیچی تر نەبینین !

رابۆ بۆ یەکەم جار دیقەتی سەروکوتەلاکی کابرای کرد، جیاوازیەکی زۆری لە نێوان ئادگارو جۆری کارەکەی بەدی کرد، بۆئەوەی زێتر تێی بگا گوێچکەی قیت کردەوەو وهەستی راگرت...

– چیدەکەی ... ئەمڕۆ ئاوای لێهاتوە. یەژە چیدەکەی، دارێکت لەدەستە هەردوو سەری بە گووە، خەڵکەکە بە جارێ گۆڕاوە، بەقا نەماوە. هەموو شتێک بۆتە پوول وپارە. ئابڕوو...ئایین...دنیا، هەمووی بۆتە دینار، بازرگانی بە خوێن.. بە مرۆڤ دەکرێ، ئەوەی سەیرە هەمووی گلەوگازاندان لەوەی تر دەکاو بەردی تێدەگرێ، هەمووی واتێدەگا ئەگەر سەریان لەبن بەرِ بێ، گرنگ نیە باقنگیان هەر لەدەر بێ، وەک گێژەنێک تێک دەسوڕێین، مەست و خومارین. هەر کەس بەرژەوەندی خۆی گەرەکە، بەرژەوەندی خۆی و تەنیا !.

شوفێرەکە ئەگەر چی ماندوو بوو جواناوێکی زۆری کردبوو. وەلێ دەتگوت بێدەنگ بوونی لە کن تاوانە دەیرِست و کرِنەدەبووەوە.

نەیدەویست ئەو چرکەیە لە دەست بدات، کە بەبایەخەوە گوێیان بۆ شل کردبوو...

- خوا ئەگەر بیەوێ شتێک بەسەر گەلێک بێنێ. سەربەستی لە نەتەوەیەک بسەنێتەوە. سێ شتیان دەخاتە ناو. یەکەم پارە پەرستی. دووەم دەروون پیسی سێیەم خۆخۆری. ئەو سێ شتە بەسە بۆ ئەوەی بکەونە بن نیری زۆرداران و هەتک بکرێن. ئەو سێ شتەش هەنوکە لەبرەودایە. گرنگ ئەوەیە ئێستا هەیەو پێویستە نەمێنن. دەڵێن ماران گاز لە گوریسی پچڕای دەترسێ، ناحەقی نیە، ئێمەش دوژمنمان زۆرە و هیچ شوورەیی نیە کەبترسین!...

رابۆ نەیویست کابرا زێتر بپرسێ. ماندوو بوو توانای گوێگرتنی نەما. زۆری ئەو قەوانانە بۆ لێدرابوو! هەموو کەس دەیزانی، هەریەکێ داخاوت، بێ سێ و دوو ئەرکەکەی لەئەستۆی خۆی وەلادەناو وەک سەکردەو لێزانێک لە خۆی دەڕوانی، کە نەدەبوایە بەشداری هیچ بکا! چونکێ وایدەزانی ئەگەر ئەو لەدەست چوو، کەسی دیکە ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە، بۆیە دەبێ ئەرکی ئەو تەنیا ئامۆژگاری و رێ نیشاندانی خەڵک بێ.!

- ئای ئەمرۆ گەمژەڵ و هەڵپەرست زۆر بوونە !...

گەیشتنە بەر دەرگای ماڵەکەیان، لەبەر دەرگاکەیان دابەزین هەرچەندەی کۆشایان کابرا کرێی رێگای لێوەرنەگرتن! مکوڕبوون و پێداگرتنیان هیچ سودێکی نەبوو، وێنەی کابرایان لەبەرچاو بەشێوەیەکی تر گۆڕا. زانیان بەزەیی پێیان هاتەوە.

هاوسێکانیان، کە لەگەڵ دەنگی وەستانی خۆش بەزۆکەکە هاتبوونە دەرەوە، دەورەیان دان و کەوتنە هەواڵ پرسین. ئەوەی دەهات تەندروستی تەحۆی دەپرسی، بە ماوەیەکی کەم ئاپۆڕەیەکی بچووک پەیدا بوو، کە دەرگایان کردەوەو چوونە ژورەوە، هەموو لەگەڵ ئەوان چوونە ژورەوە. دانیشتن وجڤاتیان بەست، تووڕەیی و رق لە روخساری هەمووان دەخوێنرایەوە.

نێرینەکانیان زۆربەی منداڵ یا مێرد منداڵ بون، هەندێکیان لە ئاوقەرانی تەحۆ بوون و تازە خەتی سمێڵیان دادەنا. کەژێ بە هیلاکیەوە لە قوژبنێک هولّکورما. سەیری ئەو هاوڕێیانەی کرد، کە دەورەی تەحۆیان دابوو، زۆر وێنەی ناتەباو دژ بەیەکتری وەبەر چاوی تێپەڕی، هۆمەرو هاوڕیکانی هاتەوەیاد، کە ئاوا لەبن دیوارێک کۆدەبوونەوە، بە ئارەزوو کامی دڵی خۆیان داخاوتن و هەر یەک بە گوێرەی دڵی خۆی لێیدەدا! بە دەنگی بەرز پێدەکەنین، پێکەنینەکەیان لە نێو چیاو دۆڵەکان دەنگی دەدایەوە!. لە هەمان کاتدا ئەوەشی هاتەوە یاد، کە چۆن هەموو پیاوەکانیان بەپێش خۆداو شوون بزریان کردن. چرکە بەچرکەی هاتەوە بیر. هەر لەو کاتەی چووە سەربان و لە پەنای ستارەکە سەیری کردن، تا ئەو دەمەی خۆیان هەڵدایە ژوورەوەو لە رابۆیان دا، وەک ئەوەی تازە روویدابێ ئاوا لای نوێ بوەوە. ترساو بە قونەخشکە لە رابۆ نزیک کەوتەوە سەری بردە بن گوێی :

–بیرم لە شتێک کردەوە، بیرێکی سەیرم بۆ هات، خەریکە بلّێم دەترسم، ئەگەر واش نەبێ وا خەریکە هێدی هێدی ترس دەروونم داگیر دەکاو بەربینم دەگرێ!

رابۆ بە بنی چاوی سەیری کرد:

– بیر لە چیدەکەیتەوە کچی خۆم ، بیر لە چیدەکەیتەوە. بەو شەوە بۆ خۆت دڵ تەنگ وسەخڵەت دەکەی؟ !

–خۆشم سەرسامم. نازانم بۆ، سۆنگەی چی بوو، لەکاتی سەیر کردنی هاوڕێکانی تەحۆ، ئەو کاتەم بیرهاتەوە، کە پیاوەکانیان بردین، ئەوانەش وا گەورە بووینە... بۆیە دەترسم!.

رابۆ تاوێ بێدەنگ بوو ، مشیەکی لێوەهات

–دەزانم چی یەژی ... ترسەکەت لەجێی خۆیەتی، ئەوانە سڵ لەهیچ ناکەنەوەو هەموو شتێکیان لەدەست دێ، دەزانم چی یەژی!

رابۆ ئەم رستەی وا دەربڕی ،کە ترسێکی زۆر خۆی لە قاوغی پەیڤەکان ئاخنی بوو.

– کەواتە نابێ دەستەوەستان دانیشین، باشە بۆ کارێ نەکەین ؟! وێدەچێ تۆش وەکو من بیردەکەیتەوە، بەرایێ گەمژەڵ و نەزان بووین خۆ ئەمجارەیان وانین، گۆشتی خۆمان بە شیشەوە بینی.، پێویستەکارێ بکەین !.

رابۆ دەستی خستە ژێر چەنەی و بە نەرمی گوتی:

– وێسفیش هەروای گوت، گوتی بگەڕێنەوە، وەک باڵندە لە شەقەی باڵێ بدەن و لە ژیانی ئێخسیری وبن دەستی دوورکەونەوە. گوتی بگەڕێنەوە وارو جێ و ڕێی خۆتان. گوندەکەتان ئاوەدان بکەنەوە!. وێسفیش

هەروای گوت، گوتی چیتر لێرە مەمێنن و بگەڕێنەوە وارەکەی خۆتان، گوندە شیرین وقەشەنگەکەی خۆتان ئاوەدان بکەنەوە، ئەویش هەروای گوت!.

-راستی گوت، راست راستی گوت. پێویستە بگەڕێینەوە واریٚ خۆ. ئەمڕۆ ترسێکی گەلیٚ زلم لەدڵدا گوراوە، ئای ئەگەر بە چاوی من دەتبینی. دڵنیام هەرگیز خۆت بۆ دەروەست نەدەکرا. چی بکەم... کۆنە برینم هاتنەوە کول، هەناوم تژی زوخاو بوو. باوەڕ بفەرمە وا تاساوم هەتاوەکونیٚ ئێستاشی لەگەڵ دابیٚ نەهاتومەتەوە سەرخۆ، ئەدی... ئەگەر جارێک ئەوان تاوانبار بکەین، ئەوا دەبیٚ خۆمان دووجار، ئێمە دەمچەفت و کەرو گەمژەڵ و بێئاوەزین!...

تەحۆ لە جێگاکەی لەسەر تریقەی پشتیٚ راکشابوو. تازە خەریک بوو هەستی بە ژانی لەشی دەکرد، برژانگەکانی لەسەریەک نابوو، ئاوێتەی گلیەکانی ئەوان ببوو، ناوە ناوە، کە وشەی زورینەوەی بەرگویٚ دەکەوت، بزەیەک لێوی دەخەملاند، موچڕکی بەلەش دادەهات و ئۆخژنی دەکرد. هەناسەی تا رادەیەک بە ئاسوودەیی دەهات و دەچوو. هەر پرسیارێکیان لە یەکتر دەکرد. ئەو بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی بیستنی وەرامەکەی دەبوو. هەر، کە ناوی گوندەکەی دەژنەوت وێنەی گوندەکەی نەدەهاتەوە بەرچاو. بەڵام لەوە دڵنیابوو هێندە بەسە تەنیا جارێک بەناویا بسوڕێتەوە، بۆئەوەی هەموو شتێک دۆخی جارانی وەرگرێتەوەو بەرگی نامۆیی دادڕیٚ. لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە گەڕایەوە ناو گوندەکەی. هەموو شتێک گۆڕابوو. هیچ شتێک وەکو خۆی

نەمابوو! یەک دوو جار  زمانی  بە سمێلی داهێنا، هێشتا هەر گەندەموو بوو...

–کەی منداڵم، توو ئەو خوایە کەی منداڵم !؟ ئەدی ئەو شینە سمێڵە چییە؟!  بە خوا ئەوەی من دەتوانم بیکەم کەس ناتوانێ. ئا... تا ئێوارە هاوار بکەم کەس باوەڕ ناکا، گاڵتەیان پێدێ... بەڵام گرنگ نیە ! کاتێ بە چاوی خۆیان  هەموو شتێ دەبینن ئەوجا باوەڕ دەکەن، دەزانن دنیا چ باسەو چ باس نیە، دەزانن تاریکی چییەو روناکی چییە...!

لە نێو ئاواییەکە دەسوڕایەوەو نەیدەزانی چی بکا. هەستی بە تێنویەتیەکی گیانی دەکرد. بۆیە تاوێ بە لەزی و تاوێ لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا.

– یەکەم شت بەدوای بگەڕێم کەروێشکەکانن!. لە وانەیە ئێستا زۆر بووبن، ژمارەیان لە سەد تێپەڕ بووبێ، جا سەد چییە. لەوانەیە هەزاریش زیاتربن،  شتێکی چاکم کرد لەگەڵ خۆم نەهێنا، ئەگینا ئێستا وا زۆر نەدەبوون. هەزار کەروێشک گەمە نیە. ئاواییەک پڕ دەکا. باش بوو لەگەڵ خۆم نەهێنا. ئاسێ ئەو هەزار کەروێشکە ببینێ پەژیوان دەبێتەوە، کە هینەکانی خۆی وا تەفروتونا کرد، شەرم لە خۆی دەکاتەوە ئەو کەروێشکە جوانانەی بە پارە گۆڕیەوە، بەو کاغەزە سوورو شینانە گۆڕیەوە. جاپارە چییە ! هەر کەروێشکەک هەزار دینار دەهێنێ. ئەوە شوورەییە. نەدەبوایە بیفرۆشێ، زۆر پەژیوان دەبێتەوە. زۆر زۆریش پەژیوان دەبێتەوە. بەڵام دوای چی، منیش یەک دانە چییە نایدەمێ، نابەخوا نایدەمێ، با ئەویش وەک منی کردبوا، سەد کەڕەت

باشتر بوو. بەڵام چیدەکەی... ئەویش بێتاوانە. بەزەییەم پیادێتەوە. هەرگیز لە کن ئەویش واناڵێم .... گوناهە... باوکی ئەویش شوون بزر کرا!؟ بێکەس ماونەتەوە. نا... لە کن ئەو وەناڵێم. با هەستی بریندار نەبێ. هەر چۆنێکی بێ دوو دانەی هەر دەدەمێ!!!

دەستی بە گەڕان کردەوە. خەندەش هەر بە ئادگاریەوە وەبوو:

- با ئێستاکێ واز لە کەروێشکەکان بێنم ، سەربەستیان لێ تێک نەدەم. لە وانەیە ئەوانیش لە گوند دوور کەوتووبنەوەو لەو کێوانە گیرسابنەوە، جارێ بیر لە شتێکی تر بکەمەوە باشترە. ئا... بەلێ. پێویستە بیر لە شتێکی تر بکەمەوە. خانوەکەمان بنیات بنێمەوە، ئەمە لە هەمووی گرنگترە!.

لە پڕدڵی کەوتە خورپە، دیمەنی ئەو دوکەڵەی هاتەوە بەرچاو، کە لەگوندەکەیان بەرز بووەوە، ئەوەی هاتەوە بەرچاو چۆن خەڵکی ئاوایی تێکڕا وەستان. لە داخان تا ماوەیەک کەس نەیتوانی تاقە هەنگاوێک هەڵێنێ. ئەوەشی هاتەوە بەرچاو، کە چۆن سەگەکەیان وەستاو ئاوڕی لە ئاوایی یەکەدایەوە. چۆن نووزایەوە لەگەڵ رابۆ گریا، ئەو دیمەنانەی یەکە یەکە هاتەوە بەر چاو، بیری لەوەکردەوە، کە یەکەم جار شەقامی قیرتاوی رەشی بینی. ئەو کاتە زۆری حەز دەکرد بزانێ چۆن ئاوا رەش بوە!

تەحۆ لە شوێنەکەی دەجولایەوەو لەبەر خۆی داخاوت، تاوناتاو دەنگی بەرز دەبوەوە، کەژێ روی لە رابۆ کرد:

-دەبێ هیچی لێ نەهاتبێ، حەجمانی لێبڕاوە و زۆر بە ئازار دیارە!

تەحۆ حەزی دەکرد وەرامی کەژێ بداتەوە، چونکێ تا رادەیەک هۆشی لای خۆی بوو. بەڵام واینەکرد. چۆن خۆی مات کردبوو، هەروا مایەوە، رابۆ گوتی:

--هیچ نیە هورِێنان دەکا، هەر چۆنێکی بێ دەبێ بەیانی بیبەینە کن بەیتارێک !...

خەریکی ئاخاوتن بوون. کاتێک.تەق.. تەق.. تەق. چەند جارێک بە خێرایی لەدەرگادرا، رابۆ بەترسەوە گوتی:

-دەبێ کێ بێ لە دەرگا بدات. شەو درەنگە!؟

کەژێ بە هێواشی هەڵسایەوە وبە دەنگێکی نزم وەرامی دایەوە...

-چی بڵێم!!!...

-چیدەکەی ، بۆ هەڵسایتەوە

- بزانم کێیە ؟!

- بوەستە کچم، با جارێکی تریش لێی بدەنەوە، ئەوسامن خۆم دەچم!

چەند جارێکی تر بە هەمان شێوە لە دەرگا درایەوە، رابۆ ئەگەرچی دەترسا، لێوی دەبزووت و لەبەر خۆی نزای دەکرد، بەگورجی هەڵسایەوە. وەک ئەوەی لە شوێنێکی ترسناک و قەدەغە بڕوا، بە

ئەسپاییەوە قاچەکانی لە زەوی دادەنا. تا لە دەرگا نزیک بوەوە. چەند جارێکی تر لە دەرگا درایەوە، لە کونی دەرگاکە تەماشای کرد:

–کێیە ...؟

––خۆمانین......... بیکەوە!

هەر چەندە دەنگەکەی لا نامۆ نەبوو. لەگەڵ ئەوەش ترسا!

–خۆتان کێن؟ !

––بیکەوە دایە گیان...منم، تۆزێ خێرا ، بیکەوە!

نەخێر... بە هەڵەدا نەچوو بوو دەنگەکە خۆی بوو، بە خێرایی دەرگای کردەوە، زەلامێک خۆی کوتایە ژورەوە، دەمامکی خۆی دابوو تەنیا کونی چاوەکانی دەبینرا. ئەوەی لە هەموو شتێکی زیاتر سەرنجی راکێشا چەکەکەی دەستی بوو! دوای ئەوەی بە تامەزرۆییەوە دەستی رابۆی ماچ کرد. بەبێدەنگی، بەبێئەوەی یەک تاقە پەیڤیش دەربڕێ، بە دەست دیاردی بۆ کردو چوە ژوورەوە. کە دەمامکی خۆی کردەوە هۆمەر بوو. بە خۆشەویستیەوە لە کەژێ راما. وەک ئەوەی گەرەکی بێ بەو نیگایە ئەوەی ماندوو بوونە لە لەشی بەدەرنێ.

هەموو حەپەسان، رابۆ ئەگەر چی بە بینینی کوڕەکەی هەستی بە خۆشیەکی مەزن کرد، لە هەمان کاتدا حەپەسا، تا ماوەیەک قورگی گیراو هیچی بۆ نەگوترا، پاشان بە زمان تەتەڵەییەکەوە گوتی:

–خێرە ...کوڕم. چۆنە هاتیەوە خۆ کەس نەیبینی ؟!

--مەترسە وام نەکرد کەس بمبینێ!

هۆمەر هەر چەندە رەنگ و رووی گۆڕابوو. لە جاران خڕوپان وپۆڕتر ببوو، لەگەڵ ئەو وەرامە دەرکەوت، کە دەنگی هەر وەکو خۆی بوو. ئەوەی گۆڕان چییە بەسەری دانەهاتبوو. کەژێ بەر لە بینینی هۆمەر زۆر شتی دانابوو، لەگەڵی باس بکا. کەچی لە دەمەدا هیچی لەبیر نەما! تەنیا بیری لەوە دەکردەوە، کە ئافرەتێکی وەکو ئەو لە کاتێکی ئاوا پێویستە چی بکا. بۆیە بە گورجی هەڵسایەوەو بەرەو ناندینە بچووکەکە هەنگاوی نا. دوای تاوێ... چۆن بە خێرایی چوە دەرەوە. بە هەمان شێوە گەڕایەوە ژورەوەو بەرانبەر مێردەکەی دانیشت.

هۆمەر سەری شۆڕکردبوەوەو لەبەردەم خۆی رادەما، وەک ئەوەی چاورووی نەبێ بەرانبەریان دابنیشی، بەشەرمەوە لەبەرخۆی گوتی:

–بەکار دابەزیوین، لەبەر ئەوەی ماوەیەک بوو نەتانم بینی بوو، حەزم کرد سەردانێکی خێراتان بکەم!.

دوای ئەوەی ئەو چەند وشەی بە خێرایی دەربڕی، بێدەنگی دایگرتەوە. بەتیلە چاوێک سەیری کەژێی کرد، کە بەتامەزرۆییەوە تێی رادەماو گوێی بۆ شل کردبوو. بزەیەکی بۆ کرد، وەک ئەوەی لەگەڵ کەسانێکی نامۆ دانیشتبێ ئاوا بەپارێزەوە داخاوت! بە وردی چاوی بەماڵەکەدا دەگێڕا، لە پڕ نیگاکانی لە شوێنێ چەقی:

–کێیە رازایە؟!

–بێوار...

کەژێ بە خۆشیەکەوە ئەمەی گوت.

لەگەڵ هاتنی ناوی بێوار لە جێگەی خۆی راچەنی، ماوەیەکی زۆر بوو بە هیوای دیتنی بوو، زۆر وێنەی بۆ لە مێشکی خۆی چێکردبوو، بەردەوام بیری لێدەکردەوەو لە ئەندێشەی جیانەدەبوەوە. لە شوێنەکەی بزووت و بۆ لای کوڕەکەی خزی، جاجمەکەی لەسەر لاداو تاوێ تێی راما، لەسەر خۆ ماچی کردو جاجمەکەی پێدادایەوە، کەژێ بە دەنگێکی نزم. کە هەر هێندە بوو دەبیستر‌ا گوتی:

–واگای بێنە ... با بتبێنێ!

هەر چەندە هۆمەر لە دڵەوە حەزی دەکرد داخوازیەکەی بەجێ بێنێ، کەچی وای نەکرد. نیگایەکی وای ئاڕاستە کرد، کەبەس بوو بۆ ئەوەی رازی دڵی خۆی پێ بڵێ، رابۆ بەناگزوریەوە گوتی:

– ناتناسێ.... بینایم دایێ ناتناسێ، چۆن بتناسێ. کەی تۆی دیوە؟ نابەخوا دڵنیا بە ناتناسێ!!!

لەو کاتەدا تەحۆ لەبەر خۆی دەستی بە ئاخاوتن کردەوە:

–نادایەگیان... نامەترسە هیچم لێ نایەت، خۆمنداڵ نیمە، ئای... مەترسە. ئەگەر باوەڕ بەمن ناکەی لە هۆمەر بپرسە. دەلێی بپرسە دەی، بزانە چیت وەرام دەداتەوە. ئەو بەزاری خۆی گوتی نەمدەزانی هێندە ژیرو بە ئاوەزی، هێندە کۆک وزیخ وزرنگی ...دەلێی بپرسە ...دەی ؟!

هۆمەر هەستی لە خۆی بڕی و بە وریاییەوە گوێی بۆ شل کرد:

– تەحۆ چییەتی؟!

–هیچ!...

کەژێ بە خەمباریەوە وەرامی دایەوە، هۆمەرلە وەرامەکەی گەیشت، بە ئەسپایی بۆ لای خزی، کە بینی دەستی بەستراوەتەوە، لە جێگەی خۆی حەپەسا. ویستی هۆیەکەی بپرسێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەحۆ لەو گاڤەدا واگا هات، ئەو بوارەی وەگیر نەکەوت، ئەو چەند حەپەسا، کە تەحۆی بەو لەگوینە بینی، تەحۆ سەد هێندە!. ماوەیەک چاوی بەرانبەری لە مۆلەق راگرت، پاشان بە توندی بۆ لای خۆی راکێشا، وەک یەکێک ترسی لەدەست بەرهەڵدابوونی هەبێ ئاوا گرتی، لەگەڵیدا لە پڕمەی گریانێ داو فرمێسکی لە چاوان گلۆر بوەوە:

– هۆمەر... ئەوە تۆی ؟! هاتیەوە. چۆن زانیت لەم کاتەدا من پێویستم بە تۆ هەیە. چۆن زانیت ها، بڵێ چۆن زانیت!! باش بوو هاتیەوە. ئەمجارەیان بە تەنیا نازوریتەوە،  منیش لەگەڵت دێم، نابێ جێم بهێڵی، ئا.. ئاگاداربە. نابێ خۆم لێوەشێری و بەتەنیا جێم بهێڵی.

تاوی کڕبوەوە، رووی خۆی وەرچەرخاندو تەماشایەکی دایکی کرد، پاشان دەستی پێکردەوە.

– ئەوەتا دایەگیان. لێی بپرسە بزانە گەورەبوومە یا نا، دەلێی بپرسە دەی. بزانە گەورە بوومە یانا!

تا دەهات دەنگی زێتر بەرز دەبوەوە. کە ئەمە تاڕادەیەک رابۆی ترساند! بە هێنکە برِی و شلەژاویەوە چووە ژوور سەری، دەستێکی بەڕووی داهێناو فرمێسکی سڕیەوە:

– دەنگت نزم کە کوڕم ... بەڵاگەردانی باڵات بم، لەدەوری سەرت گەڕێم... دەنگت نزم کە، با کەس گوێی لێ نەبێ، وەکو دەڵێن دیوار بە گوێیە، با ئەو دەنگ بەرزیەت نەبێتە هۆی تەرفاندن و کاولکردنی ماڵەکەمان، دەنگت نزم کە با کەسمان لێ واگا نەیێ، وەرەوە سەرخۆ ، هوشیار بەوە.،ئەوە هۆمەرەو هاتۆتەوە، خەون نیە، کارێ وا مەکە دڵتەنگی بکەی، بۆ ماوەیەکی کەم هاتۆتەوە با توشی شتێک نەبێ..... بێدەنگ بە !.

هۆمەر سەیری چاوەکانی تەحۆی کرد. بەدەنگێکی نزم گوتی :

– نەختێکی تر دەڕۆم، دەبێ بڕۆم... هاوڕێکانم چاوەڕێم دەکەن. بەکار هاتووینەتە خوارەوە. وەک ئەوەی تراره ئاوێکی تەزیت بە رابۆ داکردبێ لە جێگەی خۆی سارد بوو، کەژێش بە هەمان شێوە، لە کاتێدا خەریک بوو نانی دەهێناو خواردنی ئامادە دەکرد. تەحۆ، کە ئەمەی گوێ لێ بوو زێتر خۆی پێوە شۆڕکردەوە:

– جێم مەهێڵە هۆمەر گیان، منیش لەگەڵت دێم، خەمت نەبێ، هەموو شتێکم پێدەکرێ و بەرگەی هەموو شتێک دەگرم، جێم مەهێڵە... باوەڕ بکە چیتر ناتوانم لێرە بژیم، دایکم دەزانێ چیم بەسەر هاتوە، ئەوەتانێ خۆی لێرەیەو لێی بپرسە، لێی بپرسە ئەگەر باوەڕناکەی، ئەگەر تۆش

نەهاتبوایەوە من خۆم دەهاتمە لات، دایکم دەزانی، من خۆم دەهاتمە لات. بەڵام...

نەیتوانی دریژە بە ئاخاوتنەکەی بدات و گریانەکەی بە کوڵتر بوو. پاشان دەستی پێکردەوە:

–من دەهاتمە لات، ئەگەر تۆش نەهاتبوای من خۆم دەهاتمە لات، هەردەهاتم. بەڵام هەر چەندەی هەوڵم دەدا دڵم بەرایی نەدەدا دایکم وکەژێ بەتەنیا جێبهێڵم، بەزەییم پیا دەهاتنەوە! ئێستاکەش مادامەکونێ تۆ هاتیەوە، منیش لەگەڵت دێم، تازە ناتوانم چرکەیەک لێرە بمێنمەوە... نەخێر... ناتوانم...

لە نێو ئەو هەموو وشە دڵ تەزینانەدا شادیەک ختووکەی هۆمەری دا!

بە خۆشەویستیەکەوە تەحۆی ماچ کرد:

–کەواتە بویە پیاو تەحۆ، راست راست یەژی، کە دەڵێی گەورە بوومە. ئەی نابینی هەست بە لێپرسراویەتی دەکەی! ئای خوایە، ئێستاکێ خاترجەم بووم و تەنکێشم کەوتە عەردی، تەحۆ گەورە بووەو بۆتە پیاو! پیاوێکی پیاو پیاو... بۆیە هەرچەندە پێویست بەوەش ناکا، برای شیرینم. لەگەڵ ئەوەش داوات لێدەکەم، کە ئاگات لە ماڵەوە بێ، تۆ پێویستە ئاگات لەماڵەوە بێ. تۆ دەتوانی لێرە بژی، ئا.... باش باش دەتوانی لێرە بژی. خاترجەم بە زۆری نەماوە بەیەکجاری دەگەڕێینەوە گوندەکەمان، دەگەڕێینەوە هەوارو نشیمەنی خۆمان. خاتر جەم بە تەحۆ ...... هەردەبێ وا بکەین، بێ ئارەزوو بێدەستی خۆمان دەبێ وابکەین!

هیچ چارەیەکی ترمان نیە، وەلێ ئەمە پێویستی بە پشی درێژی هەیە، دەبێ پشیت درێژ بێ.

هۆمەر دوای ئەوەی ئەو رێزە وشەی بەرانبەر برا بچووکەکەی دەربڕی، رووی لە دایکی کردو چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش بێ سێ و دوو، دەست بە جێ سەر لە بەری رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. هەموو شتێکی بەوردو درشتی تێگەیاند. بەدوو قۆڵی لەگەڵ کەژێ، ئەوەیان بۆ گێڕایەوە، کە تەحۆ چۆن بەر لەچەند ڕۆژێک خەو خۆراکی لەخۆ حەرام کردبوو، ئاڵای رۆیین و یاخی بوونی هەڵدابوو. پاشان چۆن  لە ماڵەوە چوە دەرەوە و دوای ئەوەش چی بوو چی روویدا.

هۆمەر دوای ئەوەی نانەکەی خوارد، پاشان رووی لە تەحۆ کردەوەو دەستی بە دڵدانەوەی کرد. ئەو دەمەتەقێیەی لە نێوانیان روویدا بیری زورینەوەی گوندی لە کن هەموان پتەوو بەهێزتر کردەوە! کەژێ، کە تاڕادەیەک گرژ ببوولە دڵی خۆی گوتی:

--تەحۆ راست یەژی. ژیان لێرە ناچێتە سەر، راست یەژی، پێویستە بزورینەوە. ئەگەرکار وا بڕوا ئەوا دەبێ بەرو پشتی دەستی خۆمان ماچ بکەین تەنیا بۆ ئەوەی لێمان گەڕێن بژین. تاکەی ئاوابین!؟ شنگ و هێزمان لەبەربڕا، بێزارو وەڕەز بووین. ئەو چاوەڕوانی کردنە تاکەی...؟!

رابۆش لە هەمان کاتداو بە هەمان شێوە بیری دەکردەوە. وێسفی دەهێنایە بەر چاوو لەدڵی خۆی دەیگوت:

– هەرچەندە تەحۆ ناساغەو لەوانەیە هورێنان بکا. وەلێ راست یەژێ. خوا هەڵناگرێ راست یەژی! پێویستە بگەڕێینەوە گوندەکەمان، هیچ نەماوە چاوەڕێی بکەین، ژیان لێرە سەختە.، ئەگەر بەخۆنەکەوین و لەزی نەکەین ئەوا مشەختی و ئەژواری دیماهی نایێ، تادێ زێتر دەکەوینە قووڵایی گۆمەوەو دەرباز بوونمان ئاستەنگتر دەبێ!

تاوێکی تر بیری کردەوە. بەچاکی زانی چیتر بێدەنگ نەبێ:

--کوڕم هۆمەر شتێک یەژم. هێویدارم نە ئەنری، زویرو دڵ تەنگ نەبی، خۆت دەزانی تا دێ لێرە ژیانمان سەختتر دەبێ، بۆیە ئەگەر هەمومان بزورینەوە گوندەکەی خۆمان باشترە...ئا.....باشترە، زۆریش باشترە، خۆهەر نەبێ لەو سەگسارییەی ئێرە رزگار دەبین

کەژێ ماوەیەک بوو لەناوەخۆی دەکوڵا. لەزاری رابۆی سەندەوەو بۆی تەواو کرد:

--ئەرێ بەخوا هۆمەر، دایەت راست یەژێ، یانی چی ئێمە هەروا لێرە بمێنینەوە، تاکەی ئازاری دووری بچێژین، لێرە هێوی بڕ بووینەو تروسکەی ئومێدمان کوژاوەتەوە، باوەڕ بکە هیچ خۆشیەکمان نەدیوە. شوکور زۆرت دنیا دیوەو گەلێ شوێنان گەڕاوی، باش دەزانی هەنوکە ئێمە هەست بە چێدەکەین، ئافرەتێکی جوان و جحێڵ و پیرێژنێکی وەکو دایکت، بە تەنیا لە تاراوگەو دوورە وارێ دەبێ هەست بە چی بکەن ! جگە لەبیری گەڕانەوە دەبێ چیتر هەبێ بیریانی پێوە مژوول بکەن. باشە خۆت بڵێ مادامەکونێ بۆمان دەکرێ بۆ ئەو خەونە نەهێنینەدی. ناوی خوای لێبێنین و بزورینەوە، دەزانم تۆ ماندووی رێگای و بەکار

دابەزیوی. دروست نیە من بەو لەگوینەت لەگەڵ باخێوم، بەڵام چی بکەین.. چی بکەین باوکی کوڕە شیرینەکەم، جگە لە تۆو لەو خوایە زێتر کەسی دیکە گومان نابەین. چی دەکەی، کە تۆ تاکە پشت و ئەنوای ئێمە بی. باوەڕ بکە بە دەست خۆمان نیە، هیچ شتێک نیە لێرە بۆی بژین، پێویستە شتەکە بکەینە راستەقینەو بە گورج وکۆکی ئەنجامی بدەین! .

تەحۆ زانی دەرگای باسەکە خرایە سەر گازەرەی پشت، گلی و رازو نهێنی نێو دڵان کەوتە بەرچاوان، هەرچەندە ژان و ئازار سەخڵەتیان کردبوو. بە شادمانیەوە دەستی بە ئاخاوتن کرد:

–چیت گوت؟! ئەی نەمگوت لەدایکموان بپرسە! ژیان لێرە سەختە، زۆر ئاساییە بەرگەی دۆژێ بگرین، وەلێ بەرگەی ئەو  هەموو شتەی ئێرە ناگیرێ، سەد کەڕەت باشترە لەڕێی گەڕانەوە بمرین، لە شاخێک هەڵدێرێین، گوللەیەکمان بەتەختی نێوچەوانی بکەوێ، نەوەک لێرە بەو دەردە بچین! چیت گوت...؟! بەڕای هەموان وا باشترە... دەبڵێ دەی ... بزانین چی دەڵێی،  ئێمەش لەگەڵ تۆ دەگەڕێینەوە!

هەموو دەورەیان لە هۆمەر دابوو  بۆی داخاوتن، ئەویش لە لایەک بیری لێدەکردەوەو لە لایەکی تر بەزەیی پیا دەهاتنەوە، دەیزانی بیرکردنەوەیان تا رادەیەک ئەندێشەییە، دووری و خۆشەویستی گوندەکەیان ئەو راستەقینە تاڵەی لێ بزرکردوون، کە ئەگەر، بشگەڕێنەوە... دەگەڕێنەوە کاولگەیەک و گوندێکی تێک تەپیوو خاپوور کراوو! سەرباری ئەمەش بیرکردنەوەی وەکو ئەوان بوو، گەڕانەوەو

ئاوەدان کردنەوەی  بەراست و دروست و هاتنەدی ئاواتێکی گەورە دەزانی !

–لەزی مەکەن... بەم زوانە دێمە واتان، ئێستاکێ کاتەکەی لەبارنیە، من لە ئێوە باشتر دەزانم، ئەگەرنا من لە ئێوە تامەزرۆترم،  بەڵام جارێ کاتەکەی لە بارنیە، تۆزێ پشیتان هەبێ !.

– پشی درێژی تاکەی... قاتی ئەیوب نین! تۆ دەزانی ئێمە چیمان بەسەر هاتووە ؟! پشی درێژی لەمە زیاتر یانی چی، بەرگەی  هەموو شتێکمان گرت، هەتاوەکونێ نسکۆیەکمان بەسەر نەیەو گۆشتی خۆمان بەشیشەوە نەبینین بیرناکەینەوە، هەوڵێ نادەین. ئەو گاوەش  هەموو شتێک لە دەست دەردەچێ و پەژیوانی داد نادا، ئەگەر تۆ هیچت پێناکرێ ئێمە خۆمان دەیکەین، راست بڵێ کوڕی خۆم، شەرمی گەرەک نیە ! دیارە لە تەوێلمان نووسراوە تەرشەبوس بە تۆڕیان بکەین !.

ئەو وشانە پەژارەیەکی زۆریان لە دڵی هۆمەر چێکرد، هەستی کرد شتاق لا ناهەقیان نەبوو، هەر کەس بەڕبەی خۆی دەپیوا، هی هەردووکانیش دۆغری و بەرەو روو، رەق و راست بوو. لەراست راستریش وەکو دەڵێن زمان لاڵە، بۆیە لە بێدەنگی زێتر نەیزانی چی بکا ! سەیرێکی تەحۆی کرد؟ چیرِبوون و گەورە بوونی پێوە دیاربوو. ترسێک لەدڵی نیشتەوە، بزربوون و سەرنگون کردنی پیاوەکان هەمدیس مێشکی داگیرکردەوە، تووشی دڵەڕاوکێ و پشی تەنگیەک بوو. گەیشتە ئەو بڕوایە، کە پێویستە بەزووترین کات چارەیەک بدۆزێتەوە:

– راست دەکەن. پێویستە بە زووترین کات چارەیەک بدۆزینەوە پێویستە ئێرە جێ بهێڵن!

رابۆ هەڵیدایێ!

–ئێرە جێ بهێڵن یانی چی ... ئەی تۆ !؟

– گوێ رادێرە دایکی شیرینم، من وەک روونم کردەوە هەنوکە ناتوانم بتانبەمەوە، بەڵام وەک بەڵێنم پێدان، دێمەوە دواتان، ئێستا بۆیە ئەو داوایەتان لێدەکەم، چونکێ مانەوەتانم لێرە پێ پەسند نییە، هەتا من رێگەیەک دەدۆزمەوە، وا بە دروست دەزانم لێرە نەمێنن!

کەژێ، کە بە بایەخەوە گوێی رادێرابوو، بەسەرسامیەوە گوتی:

–باشە چی بکەین... بچینە کوێ ؟ لێرە وەک دەست بەسەر واین و زێرەوانیەکی باشمان دەکەن!

–هەر چۆنێک بێت.... بگوازنەوە شار. چرۆ پرەو کەس بە کەس نیە. لەو ئاکنجیە مەمێنن... شار بۆ ئێوە باشترە!.

ئەوان خەریکی ئاخاوتن بوون، تێکەڵ بەئەژواری و تەنگ وچەڵەمەکانی ژیان ببوون و لە چارەیەک دەگەڕان، وەکو بەردی بن گۆم مات ببوون و ئاگایان لەدەوروبەر نەمابوو. لەنکاوڕا بووە تەقە، هەموو کپ و بێدەنگ بوون، جگە لە هۆمەر ئەوانەی دیکە هەموو لەجێی خۆیان سارد بوون و ترس بە ئادگاری هەمووانەوە لکا. هۆمەر گورج

هەڵسایەوە. سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد، لێوی خۆی گەستەوە، چەکەکەی هەڵگرت و بە خێرایی چووە دەرەوە:

- ئاگام لەخۆم نەماوە زۆر دوواکەوتم ... وەکو گوتم وا بکەن ... باشە!

کە دیماهی بە گلیەکەی هێنا، بەبێ چرپە دەرگاکەی کردەوەو چووە دەرەوە، دەنگی تەقە تا دەهات زێتر دەبوو، لەگەڵ هەر تەقەیەکیش رابۆ خێراتر زاری دەبزواندو بە هەناسە بڕکێوە لەبەر خۆی نزای دەکردو لە خوا دەپاڕایەوە. کپی وخامۆشی شەو تا دەهات لەناو دەچوو، هەموو بەکزی لەژوورەوە دانیشتبوون و لەچارەنووسی هۆمەر دەترسان. ئەو شەوەیان تا بەیانی بەو شێوەیە بەسەر برد، هەموو هەوڵێکیان بۆ نووستن پوچەڵ بوەوە.

(3)

(ئاسمان پاک وبێگەردبوو. ئەگەر یەکی بە جوانی سەیری کردبوا هیچ پەلە هەورێکی نەدەبینی. تەنیا لە دوورەوە نەبێ چەند پەڵە هەورێکی سپی وەکو لۆکە بەبنی ئاسمان وەنوسابوون. خۆر خەریک بوو وردە وردە بۆ تاقی ئاسمان هەڵدەزنا، هەزارەها...ملیۆنەها چاو... گەورەوبچووک، بەتامەزرۆیی وئومێدەوە تێیان دەڕوانی، هەموو شوشەی گیانی خۆیان لەدەست گرتبوو، تەیارو ئامادە بوون، هەر کاتێ بۆ بەرزکردنەوەی خۆرەکە پێویست بێ، بیکەنە گوری!.

کاروانەکە لەوێ دەمێ بەگەرمی هەنگاوی دەنا. ئەگەر چی ماندوو بوون و جواناوی زۆریان کردبوو و هەستیان پێنەدەکرد، گیانیان بەو نەسیمەی لە ناوەوە هەڵیکردبوو دەشنایەوە، خوێنیان کەفی کردبوو و بە چوستی دەبزوتنەوە، وەکو شێر هەڵمەتیان دەبرد، دەڕۆیشتن... دادەبەزین و دەگەڕانەوە!.

لەبەری دوژمنان، لە بەری دڕندەو بەچکە گورگان، ترس و نائارامی بوو، چارەنوسی خۆیان رەش و تاریک دەهاتە بەر چاو، سەرسام ببوون و نەیاندەزانی چ ڕێگایەک بدۆزنەوەو چ تەڵەیەک بتەقێننەوە، بۆ ئەوەی پشکۆی ئەو گڕە بتەزێنن، لەجێی خۆی وەک جەستەیەکی بێ گیان ساردو سڕی بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، بەو نیازە گڵاوە، دەستەیەک لە گەورەکانیان دانیشتن، کەوتنە دووان و ئاخاوتن، پەڕە بە پەڕەی دیرۆکی ئەوانیان هەڵدایەوە. یەکێکیان گوتی:

– ئەگەر کار وا بڕوا ئاگرەکە هەمومان دەسوتێنێ، گڕو جۆشێکی وای سەندووە، ئەگەر زێتر تەشەنە بکا، کوژانەوەی کارێکی سەخت و دژوار دەبێ، جا بەر لەوەی بمانسوتێنێ پێویستە لە بێخەوە هەڵیکەنین، ئەگینا بۆمان دەبێتە نسکۆیەکی گەلێ گەورە، کۆست کەوتنێکی زل و زەلامی بەدواوەیە!.

یەکێکی دیکەیان گوتی:

– ساڵەهایە ئەو کاروانە بەڕێوەیەو نەگەیشتۆتە لوتکە. ئەگەر بێتوو لە سەردەمی ئێمە بەمەرام بگا، ئەوا روو رەش و شەرمەزاری مێژوو دەبین، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە ئەوانە دڕندەنە ... کێوینە ... هەر کە گەیشتنە لوتکە دەبنە دژوارترین و سەخترین کۆسپ بۆمان!

– نابێ هەرگیز بگەنە ئاوات، هەلۆ ئەگەر پەڕوباڵی قوت نەکرێ وا بەرز دەفڕێ هیچ باڵدارێک ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدات، دەبێ هەموو مل کەچی بین و کڕنوشی بۆ بەرین، لەبەرهەندێ پێویستە زوو باڵ بەستیان بکەین، بەربەستێکی سەختیان بۆ هەڵچنین، هەتاوەکو پوچەڵ دەبنەوەو باوەڕو ورەیان نامێنێ. ئەوان بە دێوو سەخرەجنمان تێدەگەن، خۆیان لە ئاست راستی گێڵ دەکەن و پەنا بۆ خۆ هەڵخەڵەتاندن دەبەن، پێویستە کارێکی ئاوا بکەین، ئەگینا...

دەنگی پێکەنینێک بەرز بوەوە...بەرز بووەوە...بەرزبووەوە هەتاوەکونێ تەواوی ئەو شوێنەی خستە لەرزە:

– ئەو شتەی ئێوە وا بە زل و مەزنی تێدەگەن، هەوسارەکەیم توند لە دەستی خۆم ئالاندوە، ئەو کۆترەی لە کن ئێوە سڵەو ناگیرێ، وا لەبەر دەستی منەو هێدی هێدی یاری بە پەڕە نەرمەکانی دەکەم! نازانم ئێوە چۆن دەهزرن، هێندێک شت هەیە بۆی ناچن، کە زۆر گرنگە. ئاگاتان لە زۆر داو تەپکە نیە، کە لە کۆنەوە بەکار هاتووە، هەر کاتێکیش بەکاری بێنن، مادامەکونێ ئەوان هەروەک خۆیان بێئاوەزو ساویلکەنە، وەکو جاران کاری خۆی دەکا !

دەنگی پێکەنینەکە تا دەهات بەرزتر دەبووەوە .

––ئەگەر گەرەکتانە کاروانەکە لەجێی خۆی رپ و روو بکەوێ، وەک پیرو پەککەوتەیەک بکەوێتە ئاویلکەو هەڵنەستێتەوە، ئەگەر دەتانەوێ مەلی هیوای ئەو نژدو چەتەو یاخییانە لە پەل و پۆخەن، پێویستە سڵ لە هیچ شتێک نەکەنەوە، درۆ... بێ بەڵێنی... دوو روویی... ئەمانە کلیلی سەرکەوتنن، سەیری رەگی ئەو شتانە بکەن، وەکو رەگی بنەچەکەی ئەم چەتانە بەناخی زەویدا رۆچوە. بە هەرچەند پشتیان دادەڕۆن... برۆن، هەر پەڕەیەکی دیرۆکیان هەڵدەدەنەوە، هەڵدەنەوە ! ئازان... چاونەترسن... بە ئەمەک وپیاون... بەجەرگ و ئەگیدن، راستە، وەلێ بە چەپلەیەک دەکەونە سەما! گەمژەڵ و نەزان و سادەن، پێویست ناکا وا لێیان بترسن و بەبایەخەوە سەیریان بکەن، من رێگایەکتان بۆ دادەنێم!

یەکێک پرسی:

– تا ئێستا سڵمان لە هیچ نەکردۆتەوە، ئاگر... ئاسن... کوتک... قامچی... درۆ، هەموومان تاقیکردۆتەوە. بێسودە... وەکو شەپۆلێکی یاخی شاڵاو دێنن و ناگەڕێنەوە، بەری خۆ بدەنە شەقامەکان، لەو چاوانە رامێنن، کە پلووکە بەردیان لەمستدایە، دەزانی چ رق و تۆڵەیەکیان تیا کۆبۆتەوە، دەزانی  چ ئاورێکیان  لێدەباریٚ!

دەنگی پێکەنینەکە بە شێوەیەکی ترسناک بەرزبووەوە

--ئەو ئاورەی ئێوە وا بە سوتێنەری  تێدەگەن، من وادەکەم بەدەستی خۆیان بیکوژێننەوە، بە زگاری ... بەنامرادی بەرانبەر ژیلەی بووەستن و ئاهی بۆ بەبادەن!. لەزی نەکەن ... سەیری مێژوو بکەن، ئەو دارەتان لە یاد چوو، کە باپیرتان پێشکەشی کردن و گوتی لە ئاخیٚ وانەی بچێنن و خەمی هیچتان نەبیٚ!. ئەی نەیگوت هەر کاتیٚ دەروەستیان نەهاتن ئەو داوە دانێنەوە، لەیادتان چوو ؟! با ئەوەشتان پێبڵێم دارەکە رەگی داکوتاوەو ئامادەیە، هێندە لەسەر ئێوەیە بنی بدەنەوە.

–باشە چۆن دەبیٚ... ئەو کارە چۆن ئەنجام دەدریٚ ؟.

–ئاسانە ...! ئەوانە چەند لقێکن و هەر یەکەی بەرانبەر ئەوەی تر سەری دەرهێناوە، هێندە بەسە خۆراکێکی ناو بۆشی ئەفسانەییان پیٚ نیشان بدەی، ئیدی  هەموو لەیەکتر بەردەبن، وەک سەگی هار دەکەونە ناویەک ... ئای... کە گەمژەڵ و نەزانن!

خەڵکەکە ئاگایان لە هیچ نەبوو، بەردەوام بوون لەسەر کاری خۆیان، هەڵمەتی دلێرانەیان دەبردو لە چاوی مار نەدەگەڕانەوە، دەگیران... دەکوژران. باکیان نەبوو، تووڕەتر ... بە باوەڕێکی پتەوتر... بەگوڕو جۆشێکی نوێوە هێرشیان دەبردەوە.!

لە نکاوڕا... کت و پڕ... ئاسمان رەش داگەڕاو تاریک داهات، خۆر وردە وردە، بەترس و بەچاوی پڕ خوێنەوە خۆی حەشاردا! ئەستێرەکان بەبێدەستی خۆیان... بە نامرادی خۆیان کێشایەوە، غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگێک ئەو ناوەی گرتەوە، دەنگی شمشاڵێک بەکزی هاتە گوێیان. ئاوازێکی تژی خەم و خەفەت بوو، ئاوازێکی هەناو بڕو جگەر تەزێن بوو. هەموو حەپەسان، قەل وداڵ و کوندەپەپۆیان بینی لە ئاسمان باڵیان لێکدەداو بە ئارەزووی خۆیان گۆرانیان دەگوت، لەبەر تاریکیەکە بەشێکیان هێڕو گێژ بوون، وەک کوێریان لێهات و چاویان هیچی نەدەبینی.

کاروانەکە لە نێو خۆیان بووە مشت ومڕیان، چەند شتێکی پوچ و بێ بایەخ لەنێویان سەری هەڵداو دەستیان لەبینی یەک نا، گەلێکیان پەیڤی توندو نادروست بەیەکتر گوت، پاشان بەربوونە وێزەی یەکترو بووە شەڕە گوللە، خوێن لەگەڵ دەنگی شمشاڵەکە لە چیایەکان شۆڕبوەوە، هاوارێک بەرزبووەوەو دەنگی گۆرانیەک هات:

هـــاوار بە مـــــاڵم دایێ        لە خۆمان بێ پشت وتەنهایێ

ئەهــریمەنی رەش وپیــس        لێمان هــاتە ســەرایــێ

هەڵۆ دەروون رەش بووینە        رێـک نــابنەوە بــە تکایێ
پێمگوتن برایــنە وانـیە        ئــەوە نایـبێ مفـایـــێ

دەســتیان لەبینی یەک نا        بـــرا لـــەگەڵ بــرایــێ

ســەبەب  هەمـوو گەورەنە        تێنـــاگەن لـە دنیــایــێ

خــۆ پەرســـت و بێ بیرن        هـــاوار بــە مـاڵم دایێ

خەڵک هەموو، زارۆ ... پیر... گەنج .. تولاز، کە سەیری ئەو تێک بەربونەیان کرد، لە جێگەی خۆیان سارد بوون و چۆکیان شکا، دەستیان شل بوو، بە هەناسە ساردیەوە وەستان، بێ مگێزو ئارەزووی خۆیان پلوکە بەردیان لە مست کەوتە خوارەوە، دوو دڵیەک کەوتە نێویان، لە  هەموو شتێک بێزار بوون و باوەڕیان بە هیچ نەما... هەنیەیان  دانەواندو خۆیان دایە بەر سەرە سمکی رۆژگار.

*        *        *

تەحۆ فێر ببوو ئەو ماوەیە زۆربەی رۆژەکان دەچووە شار، بە فڕفینگ و شادمان دەهاتە بەر چاو، لەگەڵ ئەوەش تا دەهات زێتر دەبنسا. ئەمە رابۆی سەرسام کردبوو، نەیدەزانی کوڕەکەی چییەتی، جار نا جار لە کاتی دانیشتن و پەیواندن بە گورجی هەڵدەستایەوە، وشەی وای لە زار

دەر دەچوو جێگەی ترس بوو بۆ دایکی، لێوی دەکرۆشت و بە توندی مستی لەدیوار دەدا!. هەرچەندە رابۆ ئاگاداری  هەموو دەنگ و باسێکی شار بوو، تەنانەت زۆر جارانیش  هەموو شتێکی بە زەقەی چاوانی خۆی دەبینی، دەیبینی چۆن لافاوی خەڵکە تووڕەکە پەنگی دەخواردەوە، خۆ نیشاندانی قوتابیان هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، لەکانگای دڵەوە هێوی سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ دەخواستن، حەزی دەکرد دوژمن لە بێخەوە هەڵکەنن و وەکو مار سەری  پان بـکەنەوە .

زۆر جاران بێزی لە دوژمن دەبوەوە، کە بەو شێوەیە رەفتاری دەکرد، ئەگەرچی ئەو بەڕای خۆی زۆر شتی دەربارەی دوژمنەکەی دەزانی و چاکیانی دەناسی، وەلێ گەلێ کەڕەت بیری لێدەکردەوە و دڵنیا دەبوو، کە هێشتا بەتەواوی نەیناسیوەو ئەوەی ئەو دیویەتی هیچ نیە لە چاو ئەوانەی دەیبینێ!.

رۆژیکیان ...، کە هەرگیز لەیادی نەدەچوو. لەبەر چاوی ئەو لەکچۆڵەیەکی جوانی ناسکیان دا، کراسە سپی و خاوێنەکەی خلْتانی خوێن بوو و سوور سوور هەڵگەڕا، کەچی ئەو کچە جوانکیلەیە ورەی بەرنەدەداو کۆڵی نەدەدا، بەردەوام دەیقیژاندو جنێوی  دەدا، لەو دەمەدا حەزی دەکرد ببێتە پاڵەوانێکی بەتێن، وەک پاڵەوانی ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی لەگوێ ئاگردانی گوندەکەیان دەگێڕدرانەوە، توند خنخنۆکەی ژاندرمەکان بگرێ و ئەو خاکەی خۆیانی لێ پاک بکاتەوە. لاوەکان بە شێوەیەکی سەیر چاویان کرابوەوە، پەردەی سام وترسیان، کە چەند ساڵ بو دەستی لە بینێ نابوون، بە ئاشکراو بێ ترس دەدڕاندو لەگەڵ یەک داخاوتن، بە دەنگی بەرز زۆر شتی وایان دەگوت،

کە بەر لەو کاتە  بە نهێنیش نەدەوێران باسی بکەن!. تەنانەت کار گەیشتبووە رادەیەک منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی دەڕژانە سەرشەقامەکان و ناڕەزاییان  دەردەبڕی، بە دەنگی ناسک و زوڵاڵی خۆیان هاواریان دەکردو داوای مافی خۆیان دەکرد. داوای پساندنی زنجیرو پێوەندی خاکەکەیان دەکرد. بەشی هەرە زۆریشیان واتای خۆنیشاندان  و راپەڕینیان نەدەزانی، لە واتای ئەو پەیڤانە نەدەگەیشتن کە دەریاندەبڕی، نەیاندەزانی ئەو هەوایە تووڕەی، کە لە قوڕگی بچوکی ئەوان دەردەچێ، نیازی لەناوبردنی دوپشکێکی رەش وپیسی هەیە، نیازی هەڵکەندنی رەگی زوحاکێکی هەیە، کە خوێنی میللەتەکەیانی لە نینۆک دەتکا...

*    *    *

هۆمەر ئەو شەوەی سەردانی ماڵەوەی کرد، خۆی و هاوڕێکانی ئاستەنگێکی زۆریان بینی، لە ئەنجامدانی ئەو کارەی بۆی چوو بوون. گیرۆ بوون و مانەوەی ئەو لە ماڵەوە هێندەی نەمابوو بیانفەوتێنێ و سەریان بە فەتارەت بدات!. زۆر پەژیوان بووەوە، سەد خۆزگەی دەخواست  هەر نەچووبوایەوە، ئەو سەردانەشی نەکردبوا، خۆی بە بەرپرسیار دەزانی لە بریندار بوونی شێرکۆ، ئەو شێرکۆیەی، کە ماوەیەکی هێجگار زۆر بوو بەیەکەوە بوون. هەر لەگەڵ چوونە دەرەوەی یەکتریان ناسی و بوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی، هیچ کاتێک بێی یەکیان هەڵنەدەکرد، زۆربەی شەڕەکانیان لە پاڵ یەک کرد بوو. بەیەکەوە هێرشیان بردبووە سەر زۆر بنکەی دوژمن و لە زۆر مەتەرێزیشدا بە یەکەوە  بەرگریان کرد بوو.

ئەو شەوە هۆمەر دەبوایە لە کاتی دیاری خۆیدا بگەڕێتەوە لایان و لەگەڵ هێزەکانی تریان یەکتر بگرنەوە، کە هەموو بە گوێرەی نەخشەیەکی  ڕێک پارڤە ببوون.کەچی هۆمەر گیرۆ بوو نەشیا لە کاتی خۆیدا بگاتە شوێنی خۆی .

ئەو شەوە بە نیازی ئەوە هاتبوون زیانێکی زۆر لە دوژمن بدەن. وەلێ لەبەر چاو ساغی کردنی  زۆڵە کوردێک ئاشکرا بوون، یەکەم تەقەی لێیان کرا شێرکۆی پێکا، کە لە بن دیوارێکدا وەستا بوو. بەرایێ شێرکۆی نەناسی، بە دوژمنی تێگەیشت  ویستی تەقەی لێ بکا، بەڵام کاتێک گوێی لە دەنگی بوو گازی هاوڕێکانی دەکرد، هەڵوەستەیەکی کردو دەنگەکەی ناسیەوە. دڵنیا بوو شێرکۆیە، لەگەڵ ئەوەش  سڵی کردەوەو دوو دڵ بووو!. لەوە ترسا تەڵە بێ و بۆی دانرابێتەوە. بەڵام، کە جاری دوەم  گوێی لەدەنگەکە بوو، یەک ڕێ بوو و هیچ گومانی نەما، بە ئەسپاییەوە لە دەوروبەری خۆی راماو سەیری شوێنەکەی کرد، ماوەیەک خۆی مات کرد. لەنکاوڕا دەرپەڕی و وەک هەڵۆیەک خۆی گەیاندە کن شێرکۆ. هەرچەندە بوونە جێ نیشانەو تەقەیەکی زۆریان پێوەنرا، توانی دەربازی بکا! .

شێرکۆ زۆر جاران ئەو کایەی بە با دەکردەوەو سوپاسی دەکرد، خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی، کە خاوەنی هاوڕێیەکی  ئاوا دڵسۆزی هەیە. کەچی هۆمەر بە پێچەوانەوە، خۆی بە تاوانبار دەزانی و لەناخەوە گازاندەی لە خۆی دەکرد. لەوەی، کە ئەگەر گیرۆ نەبوایە لەوانە بوو شێرکۆ ئاوای بەسەر نەهاتبوایە!.

شێرکۆ و هۆمەر هەریەکەیان سەر بە دەستەو پارتێکی جیا بوون. هەری ەکێکیان  سەر بە کۆمەڵە ولایەنێک بوون، کەچی وا لەگەڵ یەک گونجابوون، موویان بە کەلێنی وەنەدەچوو، ئەو جیاوازی بیرو بۆچونەی لە هەندێ کەسیان دەبیست، ئەوان قەت هەستیان پێنەدەکرد نە بە ئەندێشەیان دادەهات و نە بیریشیان لێدەکردەوە!.

دەربارەی ئەوەی، کە چۆن هەریەکەیان سەر بە بەرەیەک بوون و  وا لەگەڵ یەک گونجابون، ئەوا شتێکی تا رادەیەک ئاسایی بوو!. چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی بەرایێ، دەستی دەدایە چەک و بەرگی یاخی بوونێی لەبەر دەکرد، یەکسەر دەچووە کن هاوڕێیەکانی، یا دۆست و ناسیاوێکی، نەیاندەزانی دژایەتی بیری و جیاوازی بۆچوون و ئەو شتانە چییە!. ئەوان چەکیان بەمەبەستێک بەیەک تاقە مەبەست هەڵدەگرت، ئەویش راژەکردنی خاک و نیشتمانەکەی  بوو، ئازاد کردنی میللەت ونەتەوەکەی  بوو لەبن باری دیلیەتی.

هاوڕێیەتیەکەیان گەیشتبووە رادەیەکی وا، کە هەردوو لا گومانیان لێدەکردن، زۆر جارانیش بەرەو روو... بێ پێچ و پەنا ئەمەیان دەدرکاندو پێیان دەگوتن، وەلێ ئەوان بە شێوەیەکی تر وەرامیان دەدانەوە، خاترجەمیان دەکردن، کە ئەو شتەی ئەوان بیریان لیدەکردەوە و لیێ دەترسان، رۆژێک لە رۆژان بە ئەندیشەشیان دانەچووە!. سەرباری ئەوە هیچ بایەخیشیان بەو جۆرە کەسانە نەدەدا، چونکێ بە تەواوی بۆیان روون ببووەوە،  ئەو گومان و ناکۆکی و دوو دڵی خستە نێو خەڵکی، فەندو فێڵی دوژمنانە و دەیانەوێ بەو شێوەیە لە زەویان بدەن، بۆیە هەوڵیاندەدا بە هەر شێوەیەک بێ پوچەڵی بکەنەوە

و له پێناوی ئەو پووچەڵ کردنەوەیەدا بەرگەی  هەموو شتێک بگرن. ئەوەیان بە تەواوی بۆ ئاشکرا ببوو، کە ئەو شتەی ئەو جۆرە کەسانە دەریاندەبڕی فڕی بەسەر راستەقینەوە  نەبوو، تەنیا دروستکراوی ناحەزو دوژمنان بوو، کە لە  هەموو لایەکەوە هەوڵیاندەدا سوود لە خۆش باوەڕی و ساویلکەیی ئەوان وەرگرن و تۆوی رق و کینەیان لە نێو بچێنن، هەتاوەکونێ بتوانن بەرانبەریان سیر لە سمێلی بدەن و بە گاڵتەجاریەوە سەیریان بکەن! .

شێرکۆ بە چەند ساڵێک لە هۆمەر بچووکتر بوو، بەقەد و باڵاش لەو پووتەو بنێستر بوو. چونکێ چیانشین هەردەم چوستتر و رەقەڵە و لاوازترن لە خەڵکی شار! شێرکۆ ماوەیەکی زۆر بوو لە چیا بوو وەکو ئەوانی لێهاتبوو، هەورازی رژد و سەخت، بەز چییە لە لەشیان نەهێشتبوو، گەلێ جاران هۆمەر گاڵتەی لەگەڵ دەکردو بە شارنشین و ناسکی ناو دەبرد، کەچی ئەو بە هێمنی وەرامی دەدایەوە و دەیگوت:

--برام هۆمەر ... راستە من خەڵکی شارم. بەڵام من لەو کەسانە نیم کە تۆ تێی دەگەی، چۆن  هەموو پەنجەکانی دەست وەکو یەک نین ، خەڵکی شاریش ئاوا، هەریەکەی بە جۆرێک دەژی، بە جۆرێک سەیری ژیان دەکاو بە جۆرێک بیر دەکاتەوە. هەیانە بێ ماندوو بوون  دەخواو لە سێبەر رادەکشێ، هەشیانە تا ئێوارە غاردەدا، بە هەموو شێوەیەک کار دەکاو دانیشتنی بەر چرقەی گەرماشی پێ رەوا نابینرێ!. ئەدی برام... ئەو شارەی تۆ ئاوا بە جوان دێتە پێش چاوت، بە روخسار سەرنج راکێش و دڵڕفێنە. کەچی قاوغەکەی زۆر شتی ناحەزو دزێوی لە خۆوە گرتووە، ئەمەش ئەگەر باش لێی ورد نەبیتەوە درکی پێناکەی،

ژیان تیایدا بەشێوەیەکی سەیر ئاڵۆزکراوە!. دەباش بزانە... خاترجەم بە، زۆرکەس لەسەر حسێوی ئەو خەبات و ماندوو بوونەی ئێمە کەوتوونەتە خۆشی.!

چۆن هەموو جارێک لە کاتی ئاوا ئەو وشانەی دووبارە دەکردەوە، هۆمەریش بە هەمان شێوە، هەموو جارێک قسەی پێدەبڕی ودەیگوت:

– من وام نەگوت نا ... شێرکۆ، من هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە تۆ بریندار بکەم. باوەڕ بکە من هیچ شتێک بە پەلار وتوانج ناڵێم. دەشێ شێوازەکەم ئەو واتایە بگەیەنێ، بەڵام باوەڕبکە...

شێرکۆ پێدەکەنی. دەستی لە ملی دەکردو دەستیان بە پیاسە دەکرد، جا ئەگەر لە ئاوایی بوونایە، کاتێ ماندوو دەبوون لەبن دیواری مزگەوت دادەنیشتن. ئەگەر لەچیاش بوونایە، ئەوا لە پەنای بەردێکدا پاڵیان دەدایەوە. هەردووکیان بە چاکی شارەزایی دەروونی یەکتر ببوون. هەریەکەیان بەرلەوەی ئەوەی تر باخێوی دەیزانێ چی یەژی! وەک هەموو هاوڕێیەک زۆر جاران لێک زویر دەبوون و بەڵام هەر ئەو دەم بوو. کە هێور دەبوونەوە هیچیان لەبەر دڵان نەدەما. ئەو کاتەی شێرکۆ بریندار بوو، هۆمەر بڕیەی دا لەگەڵی بڕواو بیگەیەنێتە بنکەی خۆیان، ئەمە بە پێچەوانەی خواست ویستی لێپرسراوەکانبوو، لەبەرئەوەی سەربەلایەنی ئەوانیش نەبوو، نەشیا هیچ بڵێ، بۆیە بێدەستی خۆیان لێک جوێبوونەوە!.

هۆمەر لەو کاتەی شێرکۆی لەگەڵ نەدەبوو، تووشی هەر ئەژواری و تەنگەتاویەک بوایە، خۆی بە تەنیا دەهاتە بەرچاو. ئەگەرچی زۆر دۆست و هاوڕێی بە ئەمەک و پیاوانەی لەگەڵ دابوو!.

شێرکۆ هێشتا زامەکەی بە تەواوی چاک نەببوەوە، کە گەڕایەوە، دەمێ یەکتریان بینی وا یەکتریان گرتە باوەش وەک ئەوەی هەزار ساڵ بێ چاویان بەیەکتر نەکەوتبێ. یەکەم پرسیار، کە هۆمەر لێی کرد، ئەگەری خێرا زورینەوەکەی بوو، کە هێشتا برینەکەی  بە تەواوی سارێژ نەببوو و ئێش و ژانی هەر مابوو. شێرکۆ بە بزەیەکەوە وەرامی دایەوە:

--چیت وەرام دەمەوە، هەرچەندەی هەوڵمدا نەمتوانی دڵم داوڕێنمەوە!. ئێمە فێری رۆیشتنین و ناتوانین دابنیشین، گوتم با بگەڕێمەوە باشترە!. باوەڕ بکە ئەو ماوەیە هەر رۆژێکم لە کن بە ساڵێک هەبوو. نەدەڕۆیشت ونەدەڕۆیشت!.

هۆمەر پێکەنی:

–ئەوەی راستی بێ منیش وابووم، زۆر حەزم دەکرد بێمە کنت، بەڵام خۆت دەزانی نەمدەتوانی! لەگەڵ ئەوەش هێشتا زوو بوو نەدەبوایە بگەڕێیەوە، بەختی تۆش ئەمجارەیان هێزەکانمان لەگەڵ یەک کەوتن و لێک جوێ نەبووینەوە !

--ئێمە چیایین، نابێ دابنیشین، دەبێ هەردەم بە پێوە بین. بەپێوە لەدایک بین ، بەپێوە بژین، بە پێوەبمرین !

–باشە قەینا... ئەوا گوتمان بە پێوە ژیاین و بەپێوە شۆڕشگێرانە مردین. پێم بڵێ چۆن بە پێوە لەدایک بین ؟! کە لە دایک بوون بە دەست خۆمان نەبێ!

هۆمەر بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت

–ئەی چی بڵێم ؟!

هەردووکیان بە دەنگێکی بەرز پێکەنین ودوای تاوێ بێدەنگ بوون. وەک ئەوەی پەیڤیان دیماهی هاتبێ وهیچیان لەپرسیاسگەی نەمابێ! .

–ژیانی ئێمە ئاوایە، ئەگەر شتێکیش نەکەین هەروا دەمێنێتەوە، بۆیە هەر دەبێ بە پێوە بمرین. ڕاستە جێگەی شانازیە، بەڵام ئێمە وایین و خەڵکی دیکەش، کە لەوانەیە بە هێندەی ئێمەش شایستەی نەبن، بە حەساوەیی لێی رادەکشێن و بەئازادی دەژین، کەس ناتوانێ پێیان بڵێ لە پشت چاوتان دوو برۆیە، بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان گەرەک بێ ئاوا دەژین! .

شێرکۆ ئەمەی بە بێزاریەکی وا گوت هۆمەر سەرسام بوو، چرکەیەک بەر لەو کاتە هەمان رستەی بە شێوازێکی وا دەربڕی، کە بۆنی خۆڕاگری و ورە بەرزی لێدەهات. تووڕەیی و بەرەنگاربوونەوەیەکی بە خۆوە گرتبوو، کەچی هەمان رستە، هەمان پەیڤ، ئەمجارەیان شێوازێکی تری وەرگرت !

هۆمەر بەرایێ وای باوەڕ بە خۆی هێنا، کە شێرکۆ ئەو مەبەستەی نیە، کە وشەکان بۆ ئەویان گواستەوە. وەلێ بە پێچەوانەوە، دوای ئەوەی

تاوێکی تر ئاخاوتن، ئەو بێزاریەی بەزەقی لە وشەکانی شێرکۆ بەدی کرد، حەزی نەکرد دڵی هاوەڵەکەی بشکێنێ، بۆیە بە روویێکی خۆشەوە گوتی:

--وا دیارە بریندار بوونەکەت کارێکی زۆری لێکردووی. ئەوەی من زانیم دەستت بریندار ببوو، نەمزانی ئەژنۆشت لەگەڵی شکاوە! .

شێرکۆ چۆن بوو هەروا مایەوە، بگرە سارد بوون و پەستی زیاتر پێوە دیاریدا. ماوەیەک بەبێدەنگی لەهۆمەر راما، ئەمە وای لە هۆمەر کرد هەست بە پەژیوانیەک بکا.،بەڵام بواری ئەوەی نەبێ بیدرکێنێ!. بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون و شتاقیان هیچیان نەگوت، لەنکاوڕا شێرکۆ دەنگی بەرز کردەوە:

--خۆزگە ئەژنۆم بشکابوایە، بکوژرابومایە، تەنیا دڵم بریندار نەبوایە !.

هۆمەر هۆپەکی لەخۆ زانی!

–چی بووە کاک شێرکۆ، دەڵێی شتێک هەیەو من نایزانم .

ئەمەی گوت. کەچی کاتێک روخساری شێرکۆی بەو لەگوینە بینی، زوو پەژیوان بوەوە. ئەگەر بشیابوایە پەیڤەکانی یەکەیەکە دەگێڕایەوە زاری. ئەوەی لە یاد چوو بوو، کە هەر یەکەیان سەر بەلایەنێکن و نابێ بەبێ دەستنویژ لەگەڵی باخێوی، نەوەک پرسیارکردنەکە ببێتە هۆی زێتر ئاڵۆزکردنی کارەکە، بۆیە هەوڵیدا پێچێ بکا:

–ببوورە کاک شێرکۆ، وابزانم پێم لەبەرەکەی خۆم زیاتر درێژ کرد !

شێرکۆ برژانگەکانی لێکترازاندو بەبنی چاوی تەماشای کرد، بێ ئەوەی هیچ بڵێ هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا!

–دووبارە داوای لێ بووردن دەکەم، نەمزانی بەو لەگوینە کارت لێدەکا، باوەڕبکە هیچ مەبەستێکی خۆتێهەلقورتاندنم نەبوو!

شێرکۆ وەک جاری بەری تەماشای کرد، بەڵام ئەمجارەیان گرژینەوەکی لەگەڵ بوو، گرژینەوەیەکی پڕ ئازار، گرژینەوەیەک بۆنی دڵشکان و هەست بریندار بوونی لێدەهات!. بەدەنگێکی تەڕ، تەڕ بە فرمێسکێک، کە سەرچاوەی سۆزێکی قووڵ... قووڵ بوو. سۆزی ناخێکی سادەو ساویلکە، هاتە دەنگ وگوتی:

–-ئەوە چی یەژی هۆمەر، من تۆم لەمە بە گەورەتر دەزانی. ئەوە چی یەژی، راستە ئێمە هەر یەکە سەر بەلایەنێکین، بەڵام هەردووکمان یەک مەبەستمان هەیە. تاکە هۆیەک هانی داوین، ئاوا حەسانەوە لە خۆمان حەرام کەین و دەشت و چیا بگرینە بەر. هەردوو یەک ئاوات و خۆزگەمان هەیە. دەبڵێ دەی... تۆ بۆ ئەوە نەهاتووی، کە زنجیری دیلی و بن دەستی لەهەوکی خۆت و هاوخوێنەکانت بپچڕێنی، دەبڵێ دەی ؟!

هۆمەر خیزی لەقوڕگی ماو هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە. شێرکۆ، کە تا دەهات چاوەکانی زێتر دەکرانەوە، کڕنەبوەوەو زێتر درێژەی پێدا:

–لەوانەیە هێندێک گەمژە و نەزان، هێندێک داوێن پیس و خۆخۆر، کە تفیان لە شیری دایکیان کردووەو تامی نان و نمەکی ئەو خەڵکەیان

لەبن زاری دەرهاویشتووە، ئەگەر ئەوانە بەدەست نێردرابن، یاخود بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هاتبن!. ئەگینا ئێمە لەسەرفرازی و ئازادی گەلەکەمان بەولاوە دەبێ چ مەبەستێکی ترمان هەبێ ؟! خاترجەم بە، سوێندیش بە هەموو شتێک دەخۆم، ئەوەی تۆ باوەڕت پێیەتی و ئەوەی من باوەڕم پێیەتی، هەتاوەکونێ ئێستا من چرکەیەک بۆ خۆم نەژیاوم، هەموو شتێکم هەر بە هی ئەم گەل و ئاخە زانیوە. بلێ هۆمەر .... خۆت بلێ، کە تۆ لە هەموو کەس نزیکتری لێم، با شت لەیەک نەشارینەوە، خۆت دەزانی لەسەر ئەو هاوڕێیەتیە تووشی گەلێ تەنگ و چەڵەمە بووین!. ڕۆژێک لە ڕۆژان چ بەزار چ بەکردەوە، چ لەگەڵ خۆم چ لەگەڵ خەڵکی دیکە. شتێکی وام کردوە، وتەیەکی وام زەلاندووە، کە دژ بە ئاواتی گەلەکەم بێت ؟!

– نەخێر..!..

--بەڕای تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆ کارێکی وات کردوە ؟.

–نەخێر..!..

شێرکۆ پڕ هەڵمابوو و نقەی لێوە نەدەهات، جار ناجار بە توندی پشتی سەری لە دیوارەکەی پشتی دەدا!.

–هۆمەر گیان لێم مەگرە، ئەگەر هەرچیەکم کرد دڵگیر نەبی، من هەموو شتێکم کردۆتە گوری ئەم خەڵکە، هەموو هیواو ئاواتێکی خۆم لە ڕێگەی ئەوان داناوە... تێدەگەی.؟ کە ئەوە دەڵێم مەبەستم ئەوە نیە منەت لەسەر کەس بکەم، نا... چاویشم لەوە نیە خەڵک بەزەیی پێم

بێتەوە. زۆر شادمانم، کە توانیومە وابکەم. بەڵام ئەوەی گەرەکمە بیڵێم یەک شتە، هۆمەر... من بۆ ئەوە هاتووم خەبات بکەم، تێبکۆشم دژی ئەو کەسانەی خوێنمان دەمژن، لوولەی تفەنگ ئاراستەی ئەوانە بکەمەوە، کە بە چاوی حیز سەیری ئافرەتەکانمان دەکەن و دەیانەوێ لەناومان بەرن، من یەک دوژمنی راستەقینەم هەیە. لەو زیاتر ئامادەنیم چەک بەرووی کەسی دیکە بەرز بکەمەوە. راستە باوەڕم بەرێکخستن و مل کەچکردن بۆ بڕیەی لەسەرەوە دەرچوو هەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانم ببمە داردەستێک و ئەوان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکارم بێنن! .

هۆمەر هەمدیس بە شتێکی تایبەتی تێگەیشت ونەیویست خۆی تێهەڵقورتێنێ، دەیزانی لەو شوێنانە پێویستە مرۆڤ بە ئاگاداریەوە رەفتار بکا، هەموو وشەیەک بە پارێزەوە بدرکێنێ، ئەگەر نا گرانی لەسەر دەوەستێ، لەوانەیە پیاوەتی و چاکە ببێتە گەورەترین تاوان ولێخۆش بوونی نەبێ. ئەو ماوە زۆرەی لەوێ ژیابوو، فێری هەموو شتێکیان کردبوو، باش لەوە گەیشتبوو، کە زۆر کەسی دڵڕەق و دوو روو ومەرایی کەر، هەربۆ خۆ خۆشەویست کردن و پلەو پایە. تەڕو وشک تێکەڵ دەکەن. بۆیە قرقەپ بوو، نەبادا کەسێکی تر گوێی لێ بێ و بە شێوەیەکی تر باسی بکەن!

–گازاندەم لێ مەکە ئاوا داخێوم، نە مرۆڤێکی بەڕەڵلامەو نەگێرەشێوێنم، باوەڕ بکە...باوەڕ بکە نازانم بە چ شێوازێک رازی دڵی خۆمت بۆبدرکێنم! برام هۆمەر ... ئەگەر تۆ سەیرت بەم وشانە بێت، من هەرگیز سەیرم پێنایە، دەزانم کوێم دێشێ!. گوێ بدێ هۆمەر ... هەر چەندە لە وانەیە زۆر جاران بەو باسە سەرم یەشاندبی، دەبێ ببووری،

جوینەوەش وەکو دەڵێن لەزار ناخۆش وبێتامە، لەگەڵ ئەوەش هەمدیس دەیگێڕمەوە، من خێزانێکم جێهێشتووە، کە جگە لە من کەسی دیکەیان گومان نەبردوە، کۆشێ خێزان! سێ برای بچوک و چوار خوشک، من بە کرێکاری بەخێوم دەکردن، نەمتوانی بخوێنم چونکێ هەر لەگەڵ ئەوەی دەستم داری گرت، کەوتمە کار کردن.  باوکم نابینا بوو کاری بۆ نەدەکرا، بەم دواییە زانیومە دایکم بۆتە کارگوزار لە قوتابخانەیەک، ئەویش دەڵێن لە وانەیە دەری بکەن! دەزانی بۆ...؟ لەوانەیە ئەگەر نەزانی بپرسی! منیش پێت دەڵێم. لەبەر من! چونکێ من لە دەرەوەم، سەرباری ئەوەی من ناتوانم یارمەتیان بدەم ئەوان یارمەتی من دەدەن!. بوومەتە بارگرانی زۆر بەسەریانەوە. باوەڕبکە هەر چەند جارەی دایکم دێتە لام و پارەم دەداتێ، هێندەی نامێنێ ببمە دڵۆپێک ئاوو بەناخی زەویدا رۆچم! تۆ سەیر کە، من ئەگەر لە پێناو دۆزێک و لەبەر دڵسۆزی نەبێ، ئەو رەشە خێزانە چۆن جێدەهێڵم! .

هۆمەر سەری دابووە بەر خۆی و بە خەمباریەوە گوێی رادێرابوو، بە دەنگێکی نزم و لەسەر خۆ گوتی:

–کەس نکۆڵی لەوە ناکا، دڵنیام ئەگەر لەبەرژەوەندی  ئاخ و وارێ خۆت نەبێ، هەرگیز بەو ژیانە کولەمەرگیە رازی نابی!.

شێرکۆ وەک ئەوەی ئەو وەرامەی بە هەل زانیبێ، بەلەزی گلی پێبڕی و دەستی پێکردەوە:

–تۆش ئاوای ... دڵنیام تۆش ئاوای، تۆش خێزانەکەت لە ئاکنجیان کەوتووە، گوندیان لێ خاپوور کردووی‌و لە ماڵی خۆیان بەدەرناوی،

هەرچەندە شاریش واری خۆت حسێوە، بەڵانەکونێ بە گوێرەی  ئێوە لە چیای شیرین ئاوابوون ئاوارەیی و دەربەدەری و پەڕاگەندەییە، بۆنی نامۆیی لێدەکەن، ئێ وایە... هەقی خۆتانە مرۆڤ هەر لە دایک دەبێ بەو بستە خاکە دەبەستریێتەوە، کە تیایدا لەدایک بووە.

وشەکان تادەهات زێتر بیری هۆمەریان مژوول دەکرد. خێراتر بەرەو رابردویان دەگێڕایەوە، یادی خێزانەکەی کردەوە، کەژێ... بێوار...رابۆ... تەحۆی برای. کاتێک زووریەوە ماڵ و تەحۆی بەو لەگوینە بینی، بیری لێکردەوە، خەمی بۆ خواردو لە دڵی دەرنەدەچوو:

–هۆمەر گیان ... ئێمە  هەموو وەکو یەکین، هەموو لە خێزانێکی هەژارو زەحمەتکێشین. یەک ئامانجمان هەیە، جاسەر بە هەر لایەنێک بین، یەک مێردەزەمە قاچی بەسەر ملی هەمومان شۆڕکردۆتەوە، گیرۆدەی دەستی یەک تاریکین، بۆیە پێویستە تا بۆمان دەکرێ هەوڵی لەیەک نزیک بوونەوە بدەین. گڕی ئەو دووبەرەکیە لەناو بەرین کەبوە بەخاڵی بێ هێزیمان و ساڵەهایە بەدەستیەوە دەناڵێنین.

هۆمەر گەڕابوەوە وارەکەی لەنێو گوندەکەی دەهات و دەچوو، بەرانبەر خانوەکەی خۆیان وەستا، ساڵحۆکی هاتەوە یاد، ئەو دەمەی بیر کەوتەوە، کە لە بناری چیای شیرینی تووشی ساڵحۆک بوو و پێکەوە بەرەو ماڵ بوونەوە، رەنگی ساڵحۆکی هاتەوە بەرچاو، کە بەر لەو کاتە هەرگیز بەو کلۆجەی نەبینیبوو! ئەو دەمە نەیدەزانی ئەو نهێنییە زلەی لە دڵدایە، ئەو نهێنییەی بووە سۆنگەی گۆڕینی رێڕەوی ژیانیان، ئەو نهێنییەی، کە دەزووی تەمەنی ساڵحۆکی پچڕاندو بەرەو ئەو دیوی

شۆڕکردەوە. کاتێکی سەیر بوو، کاتێکی ئەفسانەیی و ئەفسووناوی بوو، گوندەکەی وەک ئاوێکی وەستاو لەنێو خۆی دەپەنگیەوە، کەس بیری لای خۆی نەبوو، هەریەکەی چاوەڕوانی ئەوەی تر بوو چارەیەک بدۆزێتەوە. کارەکەیان بە بەرپرسیاریەتیەکی زەلام دادەناو زاتی ئەوەیان نەدەکرد خۆ لەقەرەی بدەن!. ئای کاتێکی دژوار بوو، هەنوکەش هەرچەندە ماوەیەکی زۆری بەسەر تێپەڕی بوو، لەجاران زیاتر دنیایان بینیبوو، سەریان بەزۆر کون وقوژبنان کردبوو، میوانداریەتی پیاو ماقوڵ وکەللە رەق و جینگز وقرچۆک ودۆم وقەرەجانیشیان کردبوو، نەدەشیان ئەو ژان و ئازارە دەربڕن، کە ئەو دەمە هەستیان پێدەکرد!. بیری لەوە کردەوە، کە ساڵحۆک دەیویست نهێنیەکەی بۆ بدرکێنێت، ئەویش پرسیاری خەسار بوونی کەژێی لێدەکرد، کە ساڵحۆک دەیگوت دایکی کەژێ خەسار دەبێ، وەک دێو هەڵیدەلوشن وتاهەتایە چاوی پێی ناکەوێتەوە، ئەو گەمەی پێدەهات، بەقسەی قۆڕو بێ رێ و جێ وتڕوهاتی تێدەگەیشت، ئەو کاتە وایدەزانی سالحۆک خەلفاوە وهۆشی لە کن خۆی نەماوە، ئای، کە ساتێکی پڕ شوورەیی بوو!. هەرچەند جارەی بیری لێدەکردەوە، جواناوی شەرمەزاری گشت گیانی تەڕ دەکرد!. لەگەڵ ئەوەش بەشێک بوو لە رابردووی و نەدەشیا لێی جوێبێتەوە. لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە، هەموو شتەکانی لا نوێ دەبوەوەو وەک ئەوەی ئەوساتە روویان دابێ ئاوای لێدەهات. بەم دواییە بۆی دەرکەوت، کە گلیەکانی ساڵحۆک سەنگێکی تایبەتی یان هەبوو، راست ودروست وچڕو پڕ وگەلێ واتادار بوون، واتایەکی وایان دەبەخشی، کە زۆر کەس بە درێژایی تەمەنی

شت دەخوێنێتەوە وخۆی پێدەگەیەنێ، تێی ناگات، واتایەکی یەکجار سادە، بێ گرێ وگۆڵ، راست و رەوان، لە هەمان کاتدا یەکجار قووڵ !

– برای شیرینم ... ئەوە زێتر لە پێنج ساڵە... پێنج ساڵی خشت، ئەو خێزانە رەش و رووتەی خۆم جێهێشتوە. پێنج ساڵی بتوونە داومەتە شاخ و پێخەف و نوێنی گەرمم لەخۆم حەرام کردووە، ئەوەی پێی یەژن خۆشی لێی بێبەری بوویمە... تۆ سەیرکە... تەمەنم لەسی رەتی داوە، هەتاوەکو ئێستا نەمتوانیوە ژن بهێنم ومالێک بەیەکەوە بنێم، باشە پێم بڵێ تەمەنی مرۆڤ چەندە، ئەگەر پێمەردە برای گیانی بە گیانیم بێ، با سی ساڵی تر بژیم، لەمەبەستم دەگەی هۆمەر ... وانیە ؟! قاتی ئەو گلیانە بەهەڵە تێناگەی، من پەژیوان نیم لەو تەمەنەی ئاوام بەسەربردووە، خۆت دەزانی شانازی پێوە دەکەم، کەسیش وەک ئەو کەسە بەختیار نیە، کە بۆ خۆشی خەڵکانی تر دەژی. منیش لەوەتەی فامم کردووە و خۆم دیوە هەر ئاوا بوویمە، تا منداڵ بووم هیچم نەدەزانی، دوای ئەوەی شەشی سەرەتایم تەواو کرد ناچار بووم دەست لە خوێندن هەڵگرم وقۆڵ و باسکی کرێکاری لێ هەڵبکەم، بەو تەمەنە کەمەم ملم دایە کرێکاری، باوەڕ بکە هەرچەند جارەی هاورێکانم دەدی دەچوونە قوتابخانە ئاورم لەهەناوی بەردەبوو، چونکێ خاترجەم بووم کەسیان وەک من حەزی لە خوێندن نەدەکرد. لە هەموویان زیرەکتر بووم. تا وازم لە قوتابخانە هێنا هەموو ساڵێ یەکەمی پۆلەکەم بووم، ئای کاک هۆمەر چەندە هیواو ئاواتم هەبوو، هەمووی بووە تراویلکەو شوێنەواری نەما! بەو تەمەنە بچووکە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ببمە نووسەر، گاڵتەت پێ نەیە... راستە ئەو کاتە نەمدەزانی

نووسین چیه، وەلێ نەمدەزانی بۆ!؟ هەروا لە خۆمەوە ئەو بیرەم دەکردەوە. بەم دواییە خولیای ئەوەم کەوتۆتە سەر شتێک لەسەر گەلەکەم بنووسم، ئەشکەنجەو ژان وئازارەکانی نیشانی هەموو دنیا بدەم، دەمەوێ رۆمانێک بنووسم دەربارەی راگوازتنەوەی ئێوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی رەوانەی تاراوگەی ژێریتان کران و ژیانتان لە بێروون و بیابانەکان بەسەر دەبرد، ئەوەی راستی بێ زۆریشم لەسەر نووسیوە...زۆریش حەزدەکەم تەواوی بکەم، بەڵام... ئاخ!!!...

هۆمەر بەوردی گوێی بۆ رادێرابوو، ئاگای لەم چەند وشەی دوایی هەبوو، بۆیە لە نکاوڕا دەستی پێکرد:

–هەنوکەش باشە... هەرچەندە من خوێندەواریم نیە. وەلێ وەکو گوێم لێ دەبێ زۆر کەس پەسنی نووسینەکانت دەکا، کە لە گۆوارەکان بڵاو دەکرێتەوە. وەکو دەڵێن.. ئەمەش راژەیەکی گەورەیە!

––ئەوە هیچ نیە، ئاواتی من گەلێ لەوە زلتر بوو، یاخود راستتر بڵێم زلترە. چونکێ وام بەڵێن بەخۆم داوە هەتاوەکونێ هەناسەم بێ و بچێ کۆڵ نەدەم و هەرگیز هێوی بڕ نەبم. ئەوەی من گەرەکمە پێویستی بەبێن درێژی هەیە، ئەدی هۆمە، نووسین هەروا شتێکی ئاسان نیە، نووسین بەرپرسیاریەتیە، بەرانبەر بەخۆت، بەرانبەر بە کۆمەڵ... ژیان... مێژوو... مرۆڤایەتی، بەرانبەر زۆر شتی دیکە، دەبێ بزانی چۆن باسی ئازارەکانی ئەم گەلە دەکەی، چۆن بە دروستی ژان و ئازارەکانیان، هەست وسۆزیان، ئەوین وئەمەکدارییان دەردەبڕی، هەر لادانێک..

تاوانێکە، تاوانێکی یەکجار گەورەیە. ئاخ هۆمەر گیان، خۆزگە نەدەمردم و دەمتوانی ئەو شتەی بکەم، کە گەرەکمە.. خۆزگە...

تاوێ بێدەنگ بوو، دواتر دەستی پێکردەوە:

–بۆ تۆش... شوورەییە ئاوا بمێنیتەوە، پێویستە خوێندەواریەکەت بە هێز بکەی، بەو هەوڵەی داومانە کەمێک فێر بووی، وەلێ پێویستە زیاتر خۆت ماندوو بکەی، زیاتر هەوڵ بدەی!.

–-تۆ واز لەمن بێنە، گرنگ تۆی!. بەردەوام بە لەو هەوڵانەت، دڵنیام سەردەکەوی و بەئاوات دەگەی، مادامەکونێ وا بۆی بەپەرۆشیت هەردەیگەیتێ، بەردەوام بە، لەوانەیە لێرەو لەوێ، لەزۆر جێگەی تر، زۆر کۆسپ و تەگەرەو ئاستەنگت بخەنە رێ، چونکە ئەوەی تۆ هەوڵی بۆ دەدەیت و گەرەکتە، لەگەڵ بیری خەڵکێکی کەم... زۆر...زۆرکەم دەگونجێ، ئەوانیش لە هەناسەو ئاخ هەڵکێشان زێتر هیچیان بۆ ناکرێ. تادەگاتە جێی خۆ تووشی زۆر دەردەسەری دەبێ، لەوانەیە مارەیی ئەو ئاواتەت ژیانت بێ... ئا ... ژیانت بێ. گرنگ ئەوەیە تۆ کۆڵ نەدەی، بەردەوام بی!.

هۆمەر بە لەگوێنێ داخاوت، دەتگوت شتێکی لەبەردەمەو دەیخوێنێتەوە. خۆشی هەستی بەمە کرد. وشەکان زۆر بە سووکی لەزاری دەچوونە دەرەوەو ماندوویان نەدەکرد، باوەڕی نەدەکرد ئەو گلیانە ئەو دەیکا ! تا ئەو کاتە گرنگی بەو لایەنە نەدابوو، نەیدەزانی تواناى ئەو ئاخاوتنەی هەیە!. تاڕادەیەکی زۆریش کاری لە شێرکۆ کرد.. بۆیە دەم ودەست وەرامی دایەوە وگوتی:

--برام هۆمەر... تۆ خوێندەواریەکەت بەو شێوەیە نیەو زۆر بایەخ بە کتێبانیش نادەی، هەرچەندە دڵنیام رۆژێک دێ بایەخی پێدەدەی، ئەگینا ئەوەی تۆ دەڵێی ولەتۆی دەبیەم بە قسەی کتێبانی تێدەگەم، ئەو وشانەم لەکتێبان بەرچاو کەوتوە!

–کتێبی من تاقیکردنەوەکانی خۆمە، قوتابخانەو خوێندنگەی من ژیانە، گەڕان و ستەم و دەربەدەری ولێقەومان ونەبوونی، مامۆستای من بووینە. زۆر شتیان لێوە فێر بووم. لەگەڵ ئەوەش ئەو گلیانەی خۆم، ببوورە ئەمە دەڵێم کاک شێرکۆ... لا لە گلی گەلێ کتێبان راستترە، چونکە دڵنیام، کەراست و راستەقینەن. من زۆرجاران گوێم لێبووە، کە نووسەرەکانی ئێستا زۆربەیان خۆیان لە کیس داوەو پاکییان نەماوە، بۆیە شتەکانیان بێ بایەخن. وەلێ ئەو شتانەی من راستەقینەن، هەر نەبێ بەپاکی وبەدڵێکی پاکەوە دەینووسم!.

ئەوان خەریکی ئاخاوتنی خۆیان بوون، هاوەڵەکانیان وردە وردە خۆیان ئامادە دەکرد. بەپێکەنین ودەنگی بەرز داخاوتن. ئەگەرچی ئەو شەوە شتێکی نا ئاسایی هەستی پێدەکرا، وەلێ وەک ئەوەی خۆیان لێ گێل بکەن کەس بەسەر خۆی نەدەهێنا!. چوست وچاپوک وگورج وگۆڵ بوون، بە سووکی دادەهاتنەوەو هەڵدەستانەوە، خوێن گەرم وروح سووک بوون، یەک لە دوای یەک قەتاریان بەست وبەرێکەوتن .

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، ئەستێرەکان بەرەو بێدەنگیەکی قووڵ دەرۆیشتن، لەنێوەراست کاروانەکە نووزەیەک بەرزبوەوەو یەکێک لەبەرخۆی کەوتە ستران چرین.

هۆمەر، کە لە دواوەی شێرکۆ دەڕۆیشت، سەیری دەوروبەکەی دەکردو لێی وردبوەوە. هەوایەکی پاک وبێگەردی هەبوو. دەنگی سترانەکە زۆر لەسەرخۆ دەگەیشتە گوێی، کە هەستی خۆی دایە دەنگەکەی ناسیەوە، لە شێوازە نامۆیەکەی زانی کێیە ئەو سترانە دەچڕێت!. سۆنگەی ئەو خەفەتخانیەی زانی، کە خۆی لەقاوغی ئەو ئاوازە ئاخنی بوو.

هێمن... هەرچەندە زۆربەی کات سترانی نامۆو غەمگین و فرمێسکاوی دەگوت، گەنجێکی نوکتەبازو قسە خۆش بوو. هەردەم دەم بە پێکەنین بوو، هۆی ئەو خەم و خەفەتەشی وەکو ئەو دەیزانی هەواڵی گیرانی ماڵەوەیان بوو. هاوەڵەکانی لەمێژبوو دەیانزانی، بەڵام تا ئەم دوابیە کەس پێی نەدەگوت. جا کە بەو خەمباریەیان دەبینی، بە گاڵتەوە پێیان دەگوت:

–جاچی تیایە...رزگار بوونیان ئاسانە. چەکدانێ و بەرگی پێشمەرگایەتی دادڕە...بڕۆوەو تەسلیم بەوە!.

ئەگەرچی ئەوان ئەمەیان بە گاڵتەوە دەگوت، لەناخەوە کاری لەهێمن دەکرد. دەئەنری...بەرایی هیچی نەدەگوت، تاوێ بەکزیەوە دادەما، پاشان بە دەنگێکی پڕناڕەزایی دەیگوت:

––ئەوە چی یەژن ... گوایا نازانن ئەو شتە لە من دوورە، نەک لەزیندانییان بکەن، بگرە بیانسووتێنن، هەرگیز ملیان بۆ کەچ ناکەم. هەرچی دەکەن با بیکەن... چۆن مل کەچ دەکەم ؟! ئەوەی بتوانێ مل بە من کەچ بکا هێشتا لەسکی دایکیەتی، ئەو کەسەی بتوانێ مل بە من کەچ بکا هێشتا نەدۆزراوەتەوە!.

ورده ورده دەڕۆیشتن و کزە بایەکی ساردیش خەریک بوو هەڵیدەکرد، ئەمە خۆشیەکی گیانی پێدەبەخشین، زیاتر هەستیان بە دەروون فراوانی و لەش سووکی دەکرد. هەریەکەی شتێکی هێنابووە یادی خۆی و بیری لێدەکردەوە!. مانگ لەزگ بوو هێدی ... هێدی بەرز دەبووەوەو دنیای رووناک دەکردەوە، جوانیەکی لەڕادەبەدەری بە دیمەنی ئەو چیاو کێوانە دەبەخشی. هۆمەر لەسەر خۆ گوتی:

--بەراستی کارێکی لە رادەبەدەر دڕندانەیە، لەهیچ جێگەو شوێنێک بەو لەگوینە رەفتار لەگەڵ مرۆڤان نەکراوە، کارێکی ترسنۆکانەیە! چۆن دەشێ یەکێک لە جێگەی یەکێکی تر بگرن ؟!

ئەم پەیڤانە برینی شێرکۆیان نوژەن کردەوە، دڵ توندو پشی تەنگ بوو. ئەو ئاو وهەوا خۆشەی وەک بەهەشتی لێ بوو بە دۆژ.

هۆمەر مشەیەکی لێوەهات، بەهەمان شێواز گوتی:

– بەڵام قەینا... لەوبڕوایەدام زۆریان نەمابێت! تەمەنیان سی ونۆ ڕۆژی بەسەرچووە، جامیش پڕبووە، خاترجەم بە بەم زوانە دەگەینە ئاوا، دەزانی بۆ وا بەرچاو روونم ؟! چونکێ میللەتمان لەگەڵدایە. ئەو ناڕەزایی و هەڵسانەوەیە بۆتە خۆرێکی گەش وشەوی تاری لێ کردووینەتە رۆژی روون!

شێرکۆ، کە خەریک بوو دانی بە خۆیدا دەگرت، لەپڕ وەک فیشەکە شێتە تەقیەوە:

–تۆ دەستم دەبینی چی لێهاتووە ؟!

-...!

-باوەڕ بکە حەزم دەکرد ئەو گوللە سەرشێتە دڵی پێکابوام!

-... !

-دەزانی بۆ ؟!

--ئەوە تۆ دەڵێی چی، کێ ئەو باسەی کردۆتەوە !؟

-چونکێ گوللەی دوژمن بوو، مرۆڤ ئەگەر بە گوللەی دوژمن بکوژرێ شانازیە، سەربەرزیە، لاپەڕەیەکی گەش پڕدەکاتەوە!.

دوای ئەوەی تاوێ بێدەنگ بوون و لە تاریکایی شەو رامان، شێرکۆ وەک جاری یەکەم تەقیەوە:

-هۆمەر... برای شیرینم، توو ئەو خوایە خۆت بڵێ ئێمە یەکترمان چەند خۆشدەوێ؟! چەند خۆشی و ناخۆشی وتاڵی سوێریمان بەیەکەوە چەشتوە، چەند شەڕمان لەتەک یەک کردوە!. ئەگەر چی سەربەدوو لایەنی جیاوازین، وەلێ یەک مەبەستمان هەیە. گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە ئەو قسە گەورانەی دەربارەی ئەم بیروڕا جیاوازانە دەکرێ هەموو شتی پڕوپوچن، هەمووی گەرەکیانە ئێمە لە هێڵی راستی خۆمان دووربکەنەوە!. زۆر جاران ئەوەم دووبارە کردۆتەوە، زۆر جاری تریش دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە هەموو یەک مەبەستی سەرەکیمان هەیەو هەر لە پێناوی ئەویش خۆمان بەکوشت دەدەین!. توو ئەو خوایە پێم بڵێ... ئەمە راستەقینە نیە، ئەوە لەدڵی هەمومان وەکو یەک نیە ؟! ئەو

قسە گەورانەی دەکرێن، زۆربەمان نازانین چیە، ئەگەر بشزانین باوەڕی پێناکەین، کەچی وا دەبینی لە پێناوی دەست لە بینی یەکتر دەنێین، برا گوللە ئاڕاستەی برای دەکا، بێئەوەی بزانێ بۆ!. بە چەند وشەیەک، کە نازانی واتای چیە، وەرامت دەداتەوە، هەوڵدەدا بڕوات پێبێنێ، کەچی ئەو خۆی تێی نەگەیشتووەو نازانێ چیە!. تووشی حاڵەتێکی زۆر سەیر بووین، ترسنۆکین وناتوانین بەرەو رووی راستەقینە ببینەوە، توو ئەوخودایە خۆت بڵێ... بەبێ پێچ و پەنا، دەستت دەڕوا من بکوژی ؟!

سترانەکە لەو دەمەدا دەنگی زێتر بەرز دەبووەوە، بە سۆزتر لە قوڕگی هێمن دەلەریەوە. ئەگەرچی سترانەکە هێمن دەیگوت، وەلێ هەموو لەگەڵی دەتوانەوەو وەک ئەوەی ئەوان بیڵێن وابوو، لەناخی ئەوانیشەوە هەڵدەقوڵا، هەستیان بە ئاواز و دەنگدانەوەی پەیڤەکان دەکرد .

هۆمەر، کە ئەویش دەنگێکی بەسۆز وخۆشی هەبوو، ئەگەر سترانی گوتبا لە هێمن باشتری نەگوتبا خراوتری نەدەگوت!. ئەو وەک ئەوانەی تر نەبوو، لە جیاتی ئەوەی هەوڵبدات گۆرانیەکە لە دڵی خۆی بڵێتەوە، گۆرانیەکە ژیانی ئەوی دەگوتەوە، بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ئەوی دەگێڕایەوە!. لە کاروانەکە رادەما، هەموو گەنجی قۆزو کۆک، دەست بەچەک وسڵ لە هیچ نەکردەوە، ئازایانە هەنگاویان بۆ ناو چاوی شێر دەناو وملیان بە بەرزترین هەوراز کەچ دەکرد!. بەدەم ئازارەوە نەختێ گژریەوە، بە ئەندێشەی داهات ئەگەر ئەو سترانە لە شار گوترابوا ئەوا مسیان لە قوڕگ دەکرد، کەلەپچەیان لەخنخنۆکەی دەخست!. هۆمەر پێی وابوو کەم کەس وەک ئەو نرخی گۆرانی دەزانی، درکی بەوە دەکرد، کە دوژمنەکانی هێندەی لە ستران وگۆرانی دەترسان و هێندە لە خوا

بترسابوان هێسکیان لە ئاگری دۆژێ حەرام دەبوو. بەبێ ترس و بە پێڵاوەوە دەچنە دوڕ بەهەشتێ!. گۆرانی لای ئەوان دێوێک بوو، ئەژدەهایەک بوو، لەئەژدەهاکی مەڕ خۆمان دڕندەتر! نەکەس دەشیا چاوی بەرانبەر هەڵێنێ، نە کەس دەیتوانی رووی لەبەر رووی بەرزبکاتەوە. ئەگەر بۆیان بلوابوایە، ئەوەی گۆرانیە وەکو یەسوع لە چلیپایان دەدا، تا هێزیان لەبازووی هەبوو فڕێیان دەداو لە عەردی غارەیان دەبردە خوارێ. نەیدەزانی بۆ هێندە لە ستران دەترسن، خۆ بەلای ئەو سترانەکان سادەو ساکارو مرۆڤانە بوو، بە پێداویستیەکی ژیانی دەزانی، تەنانەت زۆر جاران وای لێکدەدایەوە، کە گۆرانی خۆی خودی ژیانە، ئەگەر گۆرانی نەبێ ژیان نابێ! یاخود ئەو تام وبۆیەی نابێ!. ئەو رۆژگار و تەمەنەی ئەو بەسەری بردبوو زۆر شتی لەو بابەتەی پێ نیشان دابوو، لە شایی و زەماوەند هەر گۆرانی بوو دڵی خەڵکی شادو بەختەوەر دەکرد، لە کاتێ شیوەن وکۆست کەوتن و فرمێسک رشتندا هەر ستران بوو کولی دڵی دادەمرکاندن!. تەنانەت زۆر جاران باوکی خوا لێخۆش بووی لە کاتی نەخۆشی و ناساغیدا، لەسەر جێگا رادەکشاو لەبەرخۆی نووزەی لێوە دەهات وهێدی....هێدی سترانی دەچڕی. لاوک وحەیران وسەردولکەی دەگوت، کە منداڵ بوو زۆری مەراق بوو سۆنگەی ئەوە بزانی بۆچی باوکی وا ئاشقە ستران بووە!. خۆ چ ستران بێژو گۆیندەش نەبوو، هەر ئیوها... لەخۆوە کەیفی بە سترانان دەهات، لە یادی بوو چۆن جارێکیان ئەگەرەکەی لە باوکی پرسی، باوکیشی ئەو دەمە لەناوەندی تەمەنی بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە وەرامی دایەوە :

–کوڕم هۆمەر... تۆ هێشتا منداڵی لە واتای سترانان ناگەی، نەختێکی تر گەورە بی ئەوسا تێدەگەی ودەزانی ستران چییەو چەند کاریگەرە، ئەدی کوڕم... چونکێ ستران لە ناخی مرۆڤ هەڵدەقووڵێ، باسی ناخی مرۆڤیش دەکا، لەدڵەوە هەڵدەقوڵی، بۆیە هەموو دڵێک گۆرانی رەسەنی پێخۆشە!. لەودنیایەدا... لەسەر ئەو گۆی زەویە. کەس نیە حەز لە گۆرانی نەکاو دڵی پێخۆش نەبێ، تەنیا ئەوانە نەبێ، کە بێ دڵن و زیاتر لەدڕندان دەچن نەک لە مرۆڤ! بائەوەش بێژم ... خواش حەزی لە گۆرانیە ! ئەگەر حەزی لێ نەباو ئاشقە گۆرانی نەبا وا لە ناخی بەندەی خۆی گرێ نەدەدا، گۆرانی...کوڕی خۆم نازانم بڵێم وەکو چیی!.

دەیزانی  هەموو شتێک کۆتایی هەیە بە تەنیا گۆرانی نەبێ، هەموو شتێک سەرەتای هەیە بە تەنیا گۆرانی نەبێ، مرۆڤ هەر کە دێتە دنیاو بۆنی ژیێ دەکا دەیبیستێ، کە دەزووریتەوە باوەش خاک بەهەمان لەگوێن دەیبیسێ. هەرگۆرانی بوو وای لە خوا کرد بەزەیی بە ئادەم بێتەوەو هاوسەرێکی بۆ بگورێنێ!. لەو کاتەی ئادەم گوراو چاوی هەڵێنا فریشتەکان گۆرانیان بۆ مەزنی خوا دەگوت، بۆیە یەکەم شت، کە گوێی لێ بوو گۆرانی بوو!. کاتێک بە تەنیا لەرەز و باخەکەی بە هەشت دەخولایەوە لەبەر خۆی هەر نووزەی دەهات و گۆرانی تەنیایی دەچڕی. خوا، کە گوێی لێ بوو یەکسەر حەوای بۆ گوراند!. کاتێک لە فەرمایشتی خوا دەرچوون و کرد پەنجەیان بۆ گوڵە گەنمە قەدەغە کراوە برد، خوا لە بەهەشتی وەدەرنان. هەمدیس گۆرانیان بۆ نامۆیی خۆیان گوت !.

هۆمەر ئەمجارەیان، کە زریزەی ئەندێشەی پچڕا، هێمن کڕببوەوەو بێدەنگیەک کاروانەکەی گرتبوەوە، کەس سەیری کەسی نەدەکرد. هێندێک خەمبارو دڵتەنگ وهێندێکی تر تووڕە دیار بوون. ئەوەی تۆزێک مەژی هەبوایە دەیزانی شتێکی نا ئاسایی لەنێویان دەخولێتەوە!. ماوەیەک بو هەستی بە شتێک کردبوو، کە وەک چەقۆیەکی تیژ جگەری لەت دەکرد، نەیدەزانی چ بکاو بەچ شێوازێک ئەو زامە زلەی دەروونی سارێژ بکا. سایەی ئەو ترسە لەسەر خۆی لابەرێ.

* * *

شالاّوی گەنجە خوێن گەرمەکان ناوە ناوە بەسەر شەقامەکە وەردەبوو، پلوکە بەرد لە هەوا بەریەک دەکەوت، وشەی تووڕە ونارەزایی بەبێباکی وبەدەنگی بەرز لە ئاسمان باڵی لێکدەدا، ئەوەی پێشان جلی بەسەر دادرابوو، بە ئاشکراو لەبەر چاوی خەڵک باس دەکرا !

نیوەڕۆیەکی گەرم، چەکدار وەکو مێرووولە بە شەقامەکان وەرببوون. لەم بەرو لەوبەر لەسەر شۆستەکان وەستا بوون، هەمووی تەیارو ئامادە بوون، لەگەڵ ئەوەش رەنگ زەردی و ترسیان پێوە دیار بوو .!

دوو قوتابی دەرۆیشتن، ئازایانە ... بەجەرگانە، بەبێئەوەی سڵ لە هیچ شتێ بکەنەوە هەنگاویان دەناو دڕیان بە ڕێگاکە دەدا، یەکیان گوتی:

–وا پارڤە بووینە وا دەزانن بەو هەڵوێستە دەتوانن ترس بخەنە دڵی ئێمەوە، ئای گەوجن، باخاترجەم بن سەرێکە هێناومانەو ناگەڕێینەوە،

کاتی گەیشتن بە ئاواتەکانمان نزیک بۆتەوە، مرۆڤین وپێویستە وەک مرۆڤان بژین.

ئەوەی تر گوتی:

–ئەگەر بە زۆری وایان لێنەکەین وەک مرۆڤ سەیرمان بکەن، بە ئارەزووی خۆیان نایکەن، بە زۆر مافی خۆمان لە قورگیان دەرنەهێنین. بەخۆشی نایدەن !... ڕاست دەکەی ومێژووش گەواهی بۆ ئەم ڕاستیە دەدا، چەند جاران دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کردین وخۆیان بەبرای پشتێ نیشاندا، کەچی کاتێک دەستی خۆیان بینی، مارێکی سەر زل بوون، دەبوایە ڕەحمەت بۆ کفن دز بنێرین، کە ئەوە دەڵێم وا تێنەگەی مەبەستم ئەوەیە، هیچ کەست خۆش نەوێ، بە پێچەوانەوە...ئێمە مرۆڤین وپێویستە ئەوەی لە ڕەگەزی مرۆڤان بێ خۆشمان بوێ، پێویستە ئەگەر بۆمان لوا بە گوێرەی توانا یارمەتی خەڵک بدەین، بەو گرۆیەی خۆمان لەیاد نەکەین!. ئەژواری هەرە گەورەی ئێمە بەڕای من هەتاوەکونێ ئێستا ئەوەیە هەموو کەسمان خۆش ویستوە ... تەنیا خۆمان نەبێ، گوایا مرۆڤ پەروەرین، تۆ سەیری ئەم بیرکردنەوەیە، بەزەییمان بە هەموو کەس هاتۆتەوە تەنیا بە خۆمان نەبێ، نازانم بۆ دەبێ وابین!؟ پێویستە خۆمان خۆشبوێ ئەوسا گەلان وخەڵکی تریش.

–دروستە. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیەمان لە ساویلکەیی و پاکیەوەیە. باوەڕناکەم هیچ کەسێک هێندەی ئێمە خەڵکی خۆشبوێ.

--وایە... بەڵام پێویستە چۆن بەزەییمان بە خەڵک دێتەوە ئاواش ئاوڕێ لە خۆمان بدەینەوە، چۆن خەڵکمان خۆشدەوێ با نەختێ بیر لە خۆشمان بکەینەوە.

زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی ئەوەی تر. کە تا رادەیەک مۆر هەڵگەڕابوو

--هەر چۆنێک بێت… راپەڕینی ئەمجارەمان پێویستە بەردەوام بێت. پێویستە بیری خۆمان بەوە خەریک بکەین، ئەوراپەڕینە وەکو دەڵێن چارەنووسمان دیار دەکات.

–لەیادم نەبوو... ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟

–2/5/1982

--کاتژمێر چەندە ؟

–چوارو نیوی ئێوارە.

--نەختێ بلەزینە. ئیستا چاوەڕێمان دەکەن. زۆر نەماوە دەست پێبکا.. نیو کاتژمێر ماوە!

بەبێئەوەی سەیری یەکتر بکەن پێیان سوک کردو هەنگاوەکانیان خێرا کرد.

* * *

تەمێکی رەش، رەشی قەترانی، رەشێکی تۆخ تۆخ بەری ئاسمانی گرت. دنیا بووە شەوێکی ئەنگوستە چاو، شەوێک لە شەوانی دۆژ دەچوو!. هەموو حەپەسان، هێندێک گوتیان دێوەو بەری ئاسمانی لێگرتوین. ئەژدیهایەک وەک ئەو ئەژدیهایانەی لە چیرۆک و ئەفسانان باس دەکریَ. هێندێک گوتیان لەوانەیە خوا لێمان زویر بوبیَ و وەک نەتەوەی نوح بە دەردێکمان بەریَ، هێندێکی دیکە گوتیان نا بابە ! نەدێوەو نەهیچ، تاوانەکانی خۆمانە بەرانبەر یەکتری!. دەزانن چەند دڵ پیس و دەروون رەش بووینە، برا لەگەڵ برای ساغ نەماوە، هێندێکی تر ... کە ئەمانە ژمارەیان لەهەمووان کەمتر بوو و بە پەنجەی دەست دەژمێردران، گوتیان ئێمە هیچمان نەکردوە تا تاوانمان هەبیَ، نەخاکی کەسمان داگیرکردوەو نەهیچ، نەلاقمان بەسەر ملی کەس شۆڕ کردوەتەوە نەهیچ! ئەو پەیڤانەی ئێوە دەیدرکێنن هی دوژمنە، دوژمن لە نێو ئێوەی بڵاو کردۆتەوە! ئەوە دەستەو بێئەوەی ئاگادار بین ئەو شتانەمان لە نێو بڵاودەکەنەوە، وامان لێدەکەن بە دڵ پیس و رموزن و دەروون رەش لە خۆمان بگەین. کوڕینە ئەو شتانەی ئێوە دۆڵی بۆ لێدەدەن ئاخاوتنی دوژمنەکانمانە، تڕو تەشقەڵەو کەڵەکە بازی دوژمنەکانمانە، ئەگینا ئێمەش مرۆینە وەک  هەموو مرۆیەکی تر لەم سەر زەمینە، چاو و دەست وگویَ و مەژیمان هەیە. دەتوانین ببینین، دەتوانین بیر بکەینەوە، هیچ شتێکمان لە خەڵکی کەمتر نیە. راستە ئێمە زۆر نەخۆشیمان لەنێو بڵاوبۆتەوە، نەخۆشی ترسناک وکوشندە. بەڵام دەبیَ ئەوە بزانین چەند ساڵە لە ژێر نیری بن دەستی دەناڵێنین، کاروانی زۆر ناحەزو نەیاران بەسەر خاکی ئێمە تێپەڕیوە، ئەوەی هاتووە چەقۆیەکی بە نێوان

داهێناوین، تا بۆیان لواوە هەوڵیانداوە لە یەکترمان دووربخەنەوە، ئەگینا ئێمەش مرۆینە، وەک هەموو مرۆیەکی تری سەر ئەو گۆی زەمینە، نەشاخمان لەسەر رووەوە ونەکلکیشمان هەیە!

* * *

(کاروانەکە لە رۆیشتن گەرم ببوو، توورەییەکی مەزن لە چاوی خەڵکەکە دەخوێنرایەوە. قاچەکان بە توندی هەنگاویان دەنا، دەستەکان بە خێرایی دەهاتن ودەچوون، پێیەکان، کە لە زەوی نزیک دەکەوتنەوە. زنارو کەڤرو بەردەکان لە ترسان چاویان دەنوقاند، دار بەڕوو مازوو قەزوان وبی و گوێزەکان لە خۆشیا دەمەبەشکەیان گرتبوو گەشابونەوە، بەردەوام بوون لە رۆیشتن .

هێمن هەمدیس دەنگی لەراندەوەو سترانی گوت، شێرکۆ چەند هەنگاوێک لە هۆمەر دوورکەوتبوەوە، پێیەکانی سووک کردو خۆی گەیاندە کنی، هەستی بەدڵ توندیەکی زۆر دەکرد. هۆمەر کاتێک ئاوڕی دایەوەو شێرکۆی بینی. بزەیەکی بۆ کردو بێدەنگ مایەوە.

شەو تاریک بوو، چەند ئەستێرەیەک، کە زۆر گچکە دیاربوون لە دوورەوە دەبریسکانەوە. ئەگەرچی رێگاکە رژدو سەخت بوو، یەکێک فێری رۆیشتنی چیا نەبوایە نەیدەتوانی بە ئاسانی رێ بکاو زوو هەڵدەدێرا. ئەوان بە ئاسانی و بەبێئەوەی بیریانی پێوە خەریک بکەن دەیانبڕی، بەدەم رۆیشتنەوە شێرکۆ گوتی:

–پشیم تەنگە... خەریکە بخنکێم!

–زۆر بیرمەکەوە، سەیری ڕێگاکە بکەو بەس، تەنیا لە ڕێگاکە رامێنێ. یەک دوو هەناسەی قوول هەڵمژە لەوانەیە باشتر بی. بەلاّم بلّێ... بۆ دلّتەنگ بووی؟ بیرلەچیدەکەیتەوە، دەمادی هێندێک شتت گوت، ئەوەی راستی بێ ئاگام لێنەبوو وباش زەینی خۆم نەدابوێ! ... ببوورە.

شێرکۆ تاوێ بەکڕی مایەوە. پاشان هێندێک شتی گوت، هۆمەری لە جێوە حەپەسان، شێرکۆ گوتی:

--برام هۆمەر.. بیر لە شتێک دەکەمەوە، شتێکی زل ومەزن، هەرچەندی دەکۆشم ناوێرم خۆم لە قەرەی بدەم. لەگەڵ ئەوەش چارم نیەو هەر بیری لێدەکەمەوە. بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم، کە خۆم لێی بدەم !

هۆمەر وا تێگەیشت ئەو پەیڤانە گەرەکیانە پێی یەژن، کە خۆی بۆ شەڕێک ئامادە دەکا، بەردەوام بوو:

--ماوەیەکە بیر دەکەمەوە شتێک بنووسم، نووسینێک خۆمی تیا ببینم، جا لەژێر هەر شێوازێک وهەر ناوێک بێ گرنگ نیە، سەیر دەکەم ئەمڕۆ پێنووس بە دەستێک نیە تفێک لە ناو لەپی خۆی بکاو باسێکی ئەم خاکە زنجیرکراو خەڵکە بن دەستە بنووسێ، بۆیە بڕیەم داوە قۆڵ وباسکی لێهەڵکەم، ئەو نووسینە تەواو بکەم، کە دەمێکە دەستم پێکردووە. پێویستە تۆش یارمەتیم بدەی، چونکێ نووسینەکە دەربارەی ئێوەیە، ئەوکاتەی لەژێری ولاّت لە تاراوگە بوون!

هۆمەر لە خۆشیا دانی وێک نەکەوتەوە، ئەو شەوە تارەی لە کن بووە ڕۆژی ڕوون، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کەسانێک هەن خەمی ئەو بە هی خۆیان دەزانن، بیری لە گوندەکەی کردەوە، ئەو دەمە لە جاران زیتر بە زەیی بە خۆیان هاتەوە، شتەکەی لە جاران قووڵتر وەرگرت.

--ئای هۆمەر گیان، خۆزگە دەمتوانی چۆنم گەرەکە ئاوا بنووسم ! ئاوا باسی ئەو شتانە بکەم . بەدڵسۆزیەوە ... بەڕاستگۆییەوە ئەو روداو و تاوانانە بۆ مێژوو تۆمار بکەم، بەنەوەکانی دوای خۆمان بڵێم:

کوڕینە... هۆ ئەوانەی ئێمە نابینن و تەنیا لە نێو کتێبی مێژوو دەمانخوێننەوە، ئەو کتێبەی ئێمە بە هەڵس وکەوت وکرداری خۆمان دێر بە دێرمان نووسیوەتەوە، بزانن ڕۆژانێک هەبوو خەڵک بە خوێنی ئێوە نەبوو بێ تینویەتیان نەشکاوە! هەرچی هەڵساوە خۆی بە بەگزادەو میری ئێوە زانیوە، بزانن ئێمە لەسەردەمێک ژیاوین گوند وماڵ و هێلینی خۆمانیان پێ ڕەوا نەبینراوە، تەنانەت خوێنی تەیرو توارو سەگ وئاژەڵ ودارو ڕەزەکانیشیان ڕشتووین. کانیاوەکانیان لێ تەقاندووینەتەوە. دەمەوێ بۆ ئەوانە بنووسم، کە بە دەیان و سەدان ساڵی تر دوای ئێمە دێن، پێیان بڵێم قەدری سەربەستیەکەتان بزانن، وەکو دڵتانی ڕاگرن، ئێوە نازانن ئێمە چۆن وچیمان پێکراوە هەتاوەکونێ بۆ ئێوەمان هێناوەتە بەر، چەند مارو دوپشک بە دەستی وەداوین، چەند دڕکەزی وسوژنمان لە دەست چەقیوە تا ئەو گوڵەمان بۆ هێناونەتە بەر، ئەوسەربەستیەی ئێوە هەناسەی پێوەدەدەن. ئێمە هەزارەها هەناسەمان بۆ کوژاندۆتەوە!. ئەگەر هەر باوەڕ بە مێژووش ناکەن، بە خۆ هەڵکێشان و قسەی پڕو پوچ وبێ ڕێ و جێی تێدەگەن !

بڕۆن پرسیار له وارەکەتان بکەن. بڕۆن پرسیار له رووبارو کانی و چیاو شاخ وهەوراز ونشێوەکان بکەن. تا ئەوان بۆتانی بگێڕنەوە، که چۆن وچەندین کەس، چەندین جحێڵی خوێن گەرم، ئازاو چاپوک و لەخۆ بوردو، ژیان وشادیان له خۆ حەرام کرد، به خوێن وجواناو و فرمێسک ئەو گوڵەیان بۆ هێناونەته بەر، بۆیه دەبێ بیپارێزن، به هەوەنته وخۆڕاییی لەدەستی نەدەن. ئێمه ئەو سەربەستیەمان به خوێن گوراندوە، تەمەن.. ماڵ..منداڵ.. سامان.. وار... جێ... خۆشی، هەموو شتێکمان له پێناو کردۆته گوری، پێویسته وەکو خۆتان بیپارێزن!.

–تۆ بڵێی ئەو رۆژه زووبێ ؟!

–لەزی نەکه، ئەو رۆژه هەردێ... بۆ کوێ دەچێ ؟ ئەو پیادەو ئێمه سوارین، هەر چی بکا ناتوانێ لەبەر دەستمان رزگار بێ!

هێمن دەنگی زێتر بەرز کردەوە، پەیوەکان روون و ئاشکراو بێگرێ بوون، له پەیوەکانیش نەگەیشتبوان بۆ ئەمان بەس بو گوێ له ئاوازەکه بگرن، دەیانزانی چی دەڵێ وهەمووی تێدەگەیشتن، سترانەکه لاوکی شێخ مەحمودی کاوێساغا بوو.

دەستی خۆم دایه داری جانبێزارێ...

دەگرم شارێ کەرکوکێ... شارێ بەغدایێ!

هەتاوەکونێ گەیشته ئەوەی...هاوار برا کورد!!!...

کاتێک گەیشتە ئەو دێرەی دوایی شێرکۆ غەیدی، لێوی خۆی کرۆشت و لەدڵی خۆی گوتی:

–نەخێر وانیە، هەرگیز وانیە!. دارو بەردو هەموو شتێک بڵێن وایە من دەڵێم نەخێر وانیە!. ئەگەر بە تەنیاش بم خەڵکی هەموو بە هەڵە دەزانم، هەمووی هەریەک قەوان لێدەدەن، ئەو لەوەی تر وەردەگرێ و ئەوەی دیکە دەیسەنێتەوە!. هەمووی ئەو رستەیە دەردەبڕن بەبێئەوەی بیری لێبکەنەوە، سەیرە...نازانم بۆ هێندە بلەزین لەخۆشکاندن و ورە رووخاندنی خۆمان، من هەرگیز باوەڕناکەم هیچ میللەت ونەتەوەیەک هێندەی میللەت و نەتەوەی ئێمە خۆڕاگربێ، دارو بەردمان دوژمنەو چاویان لەئاخ وارێ بڕیوین، هەر یەکێکی تر بوایە لە جێگەی ئێمە هەنوکە توابووەوە و ئاداری لەسەر پاداری نەمابوو، بەڵام نازانم بۆ!.

هۆمەر مشەیەکی لێوەهات نیوە ئاوڕێکی دایەوە

–بیر لە چیدەکەیتەوە ؟

–...!

شێرکۆ نەک ئاگای لێنەبوو بگرە هەرگوێشی لێنەبوو، بۆیە هۆمەر ناچار دوای نەختێ چاوەڕوانی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.!

––بیر لە خۆمان دەکەمەوە، بیر لەو میللەتە هەژارو بەلەنگازو بێ ئەنوایە دەکەمەوە، ئەگەر چارەیەک نەکرێ ئەوا لە ناوانی دەسڕنەوە، پێویستە یەککگرین، پێویستە خەڵکی فێری یەکگرتن بکەین، ئەمە تاکە دەرمانی ئێمەیە، تاکە رێگەیەکە بمانگەیەنێتە لوتکە!.

ئەمەی گوت و تەزوویێک گیانی هێنایە هەژان، ئەو گلیانەی بیر کەوتەوە کە ژنەوتبووی، ئەنری بوو وهەستی مێشکی دەتەقێ، خیزی لە قوڕگی وشک بوو، لەو کاتەدا حەزی دەکرد بە چەپەرۆکان بەر بێتە گیانی خۆی، دەیزانی ئەوان پێویستیان بە چ هەیەو رووداوەکان بەرەوکوێیان راپێچ دەکەن، لە جیاتی ئەوەی بەرەو هەوراز وترۆپکیان بەرێ، بەرەو نشێوو قووڵایی دۆڵان غژۆل دەبوونەوە. بە تەنیا نەیدەزانی چی بکا، وەکو دەڵێن تاقە سوارێ بە تەنیا تۆزی پێناکرێ!. هەستی دەکرد هیچ توانایەکی نیە بەرەنگاری ئەو دێوە بێتەوە، لە ناخی دڵەوە حەزی دەکرد پێمەردە لە ژوور سەری خۆی ببینێ، بەڵام ئەو شتانە نەبینێ، کە لەو کاتەدا خەریک بوو روویاندەدا. چی لە کن لەوە ناخۆشتر نەبوو، کە دەیبینی وا بەرەو ناخی تاریکی شۆڕدەبنەوە هیچیشی پێنەدەکرا!.

ئەوان خەریکی ئاخاوتن و تێکەڵ بە دنیای دەربڕین و پەیواندن ببوون. دنیاش تادەهات تاریکتر دەبوو، لوورەی گورگ تا دەهات لێیان نزیکتر دەبووەوە، مەرگ بە ئاشکرا باڵەکانی لێکدەداو لەسەر سەریان دەخولایەوە، ئەگەرچی ئەوان لەو دیمەنە راهاتبوون، وەلێ ئەمجارەیان وەک هیچ جارێکی تر نەبوو، گۆڕانێکیان سەیریان لە دۆخەکە بەدی دەکرد، گۆڕانێکی زۆر سەیر!.

هێمن بەردەوام بوو لەسەر لاوکەکەی. دەنگەکە وەک خۆی تاریکایی شەوی دەبڕی و تێکەڵ بە دەنگەکانی تری سروشت دەبوو. لەنکاوڕا... بەبێئەوەی بە خۆیان بزانن دەنگی تەقە بە گەرمی بەرز بوەوە، خۆیان بە زەوی داداو سەنگەریان گرت، شەڕ دەستی پێکرد. بەرایێ وایانزانی دوژمنی راستەقینەیانە، بۆیە بە گەرمی هاتنە دەست، پاشان لە دەنگی

بەرانبەرەکەیان بۆیان دەرکەوت شەڕەکە خۆترین و براکوژیە. بۆیە دەستیان لەسەر تفەنگ ساردبوو.

شێرکۆ زانی چ باسە، خاترجەم بوو، کەدیسان داوی داگیرکەرانە تێیکەوتوون.  بۆیە هەنیەی بە ئاخەوە نوساندو لە پڕمەی گریانێیدا!.

(4)

ئەوەی خەڵکەکەی سەرسام کردبوو و  هەمووی خستبووە گێژاوی پرسیارکردن و سەرسامیەوە، ئەوە بوو چۆن ئەو دەریایە رۆندکە، لەبەردەری ماڵێک...تاقە ماڵێک پەیدابوو، ئەگەر فرمێسکی خڕ مرۆی سەر زەوی کۆ بکرایەوە هێندەی نەدەکرد!

فرمێسک پەنگی دەخواردەوەو کەفی دەکرد، ئەگەرچی دەنگی شڵپەی رۆژە رێیەک دەڕۆیشت، کەس گوێی لێ نەدەبوو، یاخود گوێیان لێدەبوو خۆیان لێ گێل دەکرد، توانایان نەبوو کاتی بۆ بەفیڕۆ بدەن، تەنانەت بەشێکی زۆری نێو خودی خانوە گەورەکە خۆشی خۆیان لە ئاستی کەڕ دەکرد !.

لاوکەکە ماوەیەک بوو دەنگی کز ببوەوە، کاتێ ئەو فرمێسکە بینرا بەر دەری ماڵی پیرەژنێ گیرا، ویستیان سۆنگەکەی لێ بپرسن، بزانن هۆی چیە ئەو فرمێسکەی لە چاوان دەتکێ. ئاخۆ لە چاوانی جوانی خۆی، لەو چاوانەی دنیای روونی پێدەبینێ ناترسێ بینایی نەمێنێ و وەکو پەڵە هەورێک بسڕێتەوە!. زۆر لە زارۆیە وردەکان، ئەوانەی تازە بۆ ژیان پێنگاویان دەناو خەریک بوون سەریان لە هێلکەی دەردەهێنا، ئەو پرسیارانەیان دەکرد، ئەویش بە پێچەوانەوەی پێشووتر، کە بە زمانێکی رەوان وبێگرێ وەرامی دەدانەوە، ئەمجارەیان زمانی تەتەڵەی دەکرد، زاری دەلەرزی و وشەی دەجویەوە. وەلێ پەیڤەکان ئاشکراو روون بوون:

–ئەوە چی یەژن، من بینابیم چۆن دادێ، دنیای روونم چۆن لەبەر چاوان تاریک دەبێ، زارۆیە دڵسۆزەکانم، دنیا لەبەر چاوی من چۆن تاریک دادێ، ئێوە هێشتا من باش ناناسن، ئەمەش گەورەترین هەڵەتانە، ئەمەش گەورەترین تاوانتانە. ئەی ئێوەو ئەو دارو بەردەی پێم بەخشیون، ئێوەو ئەو ئاخ وارەی پێم بەخشیون، لەوە تاوانتر هەیە مرۆڤ دایکی خۆی نەناسێ ؟! ئاخ منداڵە قشتەکانم . دەزانم تەنیا سوچ و گونەی ئێوەنیە، گەورەکانیشتان، ئەوانەی خۆیان بە مەزن و ئاڵا هەڵگرو ڕێبەری ئێوە دەزانن، من ناناسن...! چرایان بە دەستەو لە پشت خۆیان گرتوە، ئەمەش سۆنگەو ئەگەری هەموو ژێرکەوتنێکە. چۆن دەبێ مرۆڤ خۆی گوری شتێک بکا، کە نەیناسی، جا ئەگەر هاتوو ئەو شتە دایکیشی بێ!. ئێوە خۆتان ماندوو دەکەن، شەونخونی دەکێشن، گومانم لە دڵسۆزی زۆربەی هەرە زۆرتان نیە، ئەگەرچی رژدو زۆڵیشتان لەنێودا هەیە، پیسکەو راڕاو خۆترێنتان لەنێودا هەیە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، لە نێو هەموو کەسان ومیللەتانی تردا هەیە. هەموو گەلێک ئەو کرمەیان تێدایە، بەڵام تاوانی ئێوە ئەوەیە خۆتان ناناسن، بە فووێک دەبنە پووشکەو لە هەوا دەسەنگرێنەوە. خاترجەمتان دەکەم دوژمنەکانتان ئێوە لە خۆتان چاکتر دەناسن!. ئەگەر ئێوە خۆتان باش بناسیبوایە هەرگیز لەوە نەدەترسان رۆندک بینایی من ببا، رۆندک چۆن دەروەستی چاوەکانی من دێت. ئەگەر ئێوە باشتان بناسیبوام دەتانزانی چاوەکانی من ئەستێرەن، دوو ئەستێرەی شین شینن. خۆرن، خۆرێکی گەش وبەتێنن، دوژمنەکانتان دزیویانە، رووناکیەکەیان دزیوەو مفای لێ وەردەگرن. بۆیە راست راست ، دەقاودەق پێتان یەژم : ئەگەر

حەز بە سەربەستی دەکەن، ئەگەر حەز دەکەن ماڵی خۆتان بۆ خۆتان بێ، پێویستە بەر لە هەموو شتێک دایکتان بناسن ... خاکتان بناسن، نشیمەن و واری خۆتان بناسن، ئەوسا خۆتان بناسن. بزانن چۆنن وچ سروشتێکتان هەیە، بزانن بۆ وا دەستتان لە بینە قاقای نراوە، بۆچی هەموو بە کێوی و دڕندەو حەزیاتان تێدەگەن، وادەزانن ئێوە بەری ئاوتان لێگرتوونەو سەر چاوەی شەڕو ناخۆشین بۆ ژیانی ئەوان!. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، دەبارەو سەد بارەی دەکەمەوە، پێویستە خۆتان بناسن، باوکتان... باپیرتان... باپیری باپیرتان ... بناسن، ئەوەی یەکەم لقە داری لەو خاکە چاندو ئەوەی دوا لقە دار دەچینێ، هەمووی بناسن. ئەوسا دەزانن لەبەرچی واتان لەگەڵ دەکەن. بۆچی بە هەموو شتێکتان تێدەگەن تەنیا بە مرۆڤ نەبێ!. ئەگەر وا بڕوا دەشێ لەرەگەوە هەڵتانکەنن، یاخود هەڵتاندەدەنە بیابان و لەتێنوویەتیان هیشک دەبنەوە. ئەو کاتە جارێکی تر هەرگیز سەوز نابنەوە، هەروەک چۆن بەشێکی زۆرتان ئاوای لێکراوە. نەوەک تەنیا ئێستا، بەڵکو بە درێژایی مێژوو، ناوە ناوە کۆمەڵێکیان لێ شون بزرکردوون، کۆمەڵێکیان لێفڕێداونەتە تاراوگەو تامردوون، وبەدەردی دووری سەریان ناوەتەوە. کە ئەوە یەژم لە هەمان کاتدا دان بەو راستیە دادەنێم. ئەوەی لە دەستتان هاتووە کردوتانە، بەقەدەر ماوەی نێوان زەوی وئاسمان گوریتان داوە، زۆر قەڵای بەرز لە کەللە سەری ئێوە چنراوە، ساڵەهایە کاروانتان بەڕێخستوە، کەچی هەتاوەکو ئێستا نەگەیشتۆتە لوتکە. دوژمنتان زۆرەو پێویستە سڵ لە هەموو شتێک بکەنەوە، هەروەک چۆن ئەوان، گوێیان قوڵاخ کردوە و هەموو وشەیەکتان هەڵدەقۆزنەوە،

ئێوەش وابن! ئەگەر ئەوان ئاخی ئێوەیان پارچە پارچە کردووەو لە خاچیان داوە، پێویستە بە خوێن پارچەکانی لێکبدەنەوە، ئەگەر وانەبێ ئەوا لە ژێر هەوری مەترسیەکی زەلامدان، لەێر سایەی ترسێکی یەکجار گەورەدان، رێی تێدەچێ بتوانن لەسەر نەخشەتان بسڕنەوە، من دڵنیام هیچ میللەتێک لەناو ناچێ و رەگی هەر دەمێنێ، بەلانەکونێ ئەگەر کار وابڕوا لەترِی سەی دەچن، دەسڕێنەوەو زیاتریش !.

*　　*　　*

(پیرێژنەکە دوای ئەوەی زۆری ئاخاوت، دەنگی لاوکی بەرز کردەوە. لاوکەکە بەو شێوەیە دەینالاندو هاواری دەکرد:

لەمنی ماڵوێرانی، لەمنی بابان وێرانێ، لەمنی خاک بە سەرێ، لە منێ هەش بەسەرێ. چەندەم رست، چەندەم دمگۆ کردو پەیڤانم رێزکرد، نەکەس گوێی بۆ رادێرام ونەکەسیش بە دەنگیەوە هات. گەلی برا...گەلێکم پەیڤ قەتار کرد، کەچی نە کەس گوێی بۆ رادێرام، نەکەسێکیش پوولێکی بەگلیەکانم دا. ئەوجا پێم بڵێن. خۆتان ببنە دادیار وخواتان لەسەر سەرە ئەگەر راستیم پێ نەیەژن، پیاوەتی دنیایێ هەمووی لە ئێوە بێبەری دەبێ، ئەگەر نکولّی لە راستی بکەن. چونکە ئەوەی نکولّی لە راستی بکا، ئەوەی زاری خوار بێ خوار دەبێ، ئەوەی چاوانی بچێتە تەوقی سەری، دەچێ!. بۆیە یەژم بۆ من مەڵێنن، بۆ راستەقینەو مێژوو بڵێن، چەندم گوت، چەندم هاوار کرد براینە... برادەرینە، ئەمن دەردێکی گەلێک زلم لەدڵدایە، دەردی من وەک دەردی ئاشق وماشقان نیە. دەردی من دەردی دیلیە، دەردی ئێخسیری و بن

دەستییە، دەردی نەزانی و ساویلکەییە، کە هەمووومانی گرتۆتەوە. بۆیە هاوارم کرد... هاوار دەکەم... دەناڵێنم .... دەنرکێنم. هەتاکەی ئێمە دەرگەوانی خەڵکی بین، لە کاتێکدا خۆمان بەهەشتمان هەبێ، کەی رەوایە لەم چاخەدا، چاخی پێشکەوتن و رزگاری، ئاوا وەکو گاو گۆلک، وەکو گورگی چنگ بە خوێن بەنێو یەک وەربین. تێنوویەتیمان بە خوێنی خۆمان بشکێنین!. گەلی براینە... دەست دەخەمە بن گوێ و دەنگی خۆم هەڵدەبڕم، لاوکی چەتۆ.. شێخ مەحمود.. شەڕی شاخۆران.. گەنج خەلیل..شەڕی کرمۆکێ!. هەمووتان بۆ دەچڕم. لەوانەیە بزانن چەتۆ لاوکی چییە، لاوکی شێخ مەحمود چیە... شەڕی شاخۆران چۆن روویدا. بەڵام دڵنیام، کە نازانن لاوکی کرمۆکێ چییە!. من ئەو ناوەی لێدەنێم، جا ئێوە هەر ناوێکی تری بۆ هەڵدەبژێرن مەیل و ئارەزووی خۆتانە!. من نە لاوک بێژم ونەهیچ، نازانم لاوک چۆن دەگوترێ، خوا لەسەر سەرانەو مێژووش بەرانبەر دەنووسێ، یەک تاکە مەبەستم هەیە، ئەویش ئەوەیە گەرەکمە راستیتان پێ بڵێم، راستیش رەق و تاڵە... زۆر گوێچکە قبوولێ ناکا، سەرباری ئەوەش هەر راستیتان پێ یەژم. چونکێ خاکەکەم فێری کردووم راستگۆ بم:

دەلێ لێ لەمنی وایێ... هۆ خەڵکینۆ. کرمۆکی نەلاوکەکی مێرخاسییە. نەسترانی داوەتیە، کرمۆکێ فرمێسکە!. دلۆپەک رۆندکی روون وبێگەردە، لاواندنەوەیە... لاوکێکی کۆنەو رەگی لە ناخی ئەم خاکە چۆتە خوارەوە. جارەکی لە جاران گازیان کرد ئەی نەزانی بۆ وازمان لێ ناهێنی، دار بەڕووێک لاوکی کرمۆکێی گوت! لەبن دەستی وئێخسیریان خوڕی هەی بابان وێرانی لەمە بابان وێرانتر چی بوو ئۆغرت نەکردو

له دەستت رزگار نەبووین، کەلەپچەو زنجیرو پێوەند لاوکی کرمۆکێیان گوت. ئەوەی دەردو مەینەتی وناساغییە، ئەوەی خەم وخەفەت وژان و ئازارە، خڕی ئەو لاوکەیان گوت. یەکێک گوتی:

-من زانیومە لاوک هەر باسی مێرخاسی و سوارچاکی وشەڕوشۆڕو بەسەرهاتی کەڵەمێرد و پاڵەوانان دەکا، گوێم لە زۆر لاوکانیش بووە، بەڵام قەتاوقەت لاوکی کرمۆکێم نەبیە. ئەو کرمۆکێیە یە دەبێ واتای چی هەبێ؟!

یەکێکی تر وەرامی دایەوە:

-هۆی گەمژەلێ نەزان، گوایا نازانی کاتی خۆی باپیرانی ئێمە پارچە خاکێکیان لە بەهەشت دراوەتێ، خوا بەدەستی بە موفەڕکی خۆی لە بەهەشتی دەرهێناوەو پێشکەشی کردوون، ئەهریمەنیش خێرا داری یەکتر خواردنی لەنێو چاندن و وای لێکردن خۆیان ببنە کرم بۆ یەکتر!. جا ئەو لاوکە باسی وان عەگیدو شۆڕە سواران دەکا، کە بوونە گوری و بەدەستی یەک بە کوشت چوون، کە بە فیت و فەندی دوژمنان دەستیان لەهەوکێ یەک ناوە. نمونەش گەلێ زۆرە، پێی ناوێ خۆی پێوە ماندوو بکەین، هەرلاپەڕەیەکی دیرۆک هەڵدەیتەوە، چەندین رووداوی وات بەرچاو دەکەوێ. ئەگەر کرمی خۆیی دوژمنی نەبردبوایە سەر سەرچاوەی ئاوێ، لەوانە بوو قەلای بەرزی دمدم وا بە ئاسانی نەرووخابوایە!؟. ئەدی لاوکێ من ...هەرگیز نابێژم ئەوانە تاکە هۆیەک بووینە، وەلێ بێ دوودڵی هۆیەکی بنەڕەتی وگرنگ بووینە. کلیلێک بووە دوژمن دەرگا ئاسنین وتوندەکانی تری پێکردۆتەوە!. هەر لەبەر هەندێ

دەگازم...دەناڵم، گەلی برا، گەلی عەگیدو شۆڕەسواران، وەرن باسەری ئەو کرمە پان بکەینەوە، ئەو دارە لە رەگەوە هەڵکەنین، کە ئەهریمەن بە دەستی پیس و نەگریسی خۆی لە ئاخی ئێمەی چەقاندوە. باستران وگۆرانی بۆ ئەهرۆمزدا بچڕین، یەکگرین، با تەکانێک بدەین... هەڵمەتێ بەرین، ئاواتێ مە ... هێوی وخۆزگەیێ مە، لەسەری چیایێ، لەسەر بەرزترین دوند دایە. ئەگەر یەکنەبین، ئەگەر ئەو کرمە لەدڵ و دەروونی خۆمان نەکوژین، هەروا بن دەست دەبین، هەروا ئێخسیرو بەلەنگاز دەبین، هەر دەبێ هاوار بکەین دوژمن ماڵی وێران کردین، هەر دەبێ لەتیتک رنینەوەو سینگ کوتاندابین، هەموو رۆژێ دەبێ سەردولکە بڵێین و سەر بۆ یەکێکمان لەخم هەڵێنین!. وەرن کوردینۆ. بارەشپۆشیەکە بەیەکجاری بێ و ببڕێتەوە. تاڵی وژان وئازار بکەینە یەک پەرداخ وبە جارێ بینۆشین ).

* * *

شالاوی گەنج و خۆرت وبەتایبەتی قوتابیان لەسەر شەقامەکان دەڕۆیشتن، وەک شەپۆلێکی بەربەست شکاو لە پڕێکدا بە شوێنێک وەردەبوون. وا بە گوڕ هەنگاویان دەنا، وایاندەزانی تەواو، سەربەستیان کەوتە باخەڵ!. دڵنیا بوون ئەگەر کارەکە وا بڕوا ئەوەی خەونیان پێوە دەبینی دەبووە راستەقینە، راستەقینەیەکی وا دڵی هەمووانی دەگەشاندەوە. لەیادیان نەبوو، کە گەیشتن بەو ئاواتە پێویستی بە یەکبوون هەیە، پێویستی بە بەشداری کردنی هەموان هەیە. ئەوان حەزیان دەکرد ئازاد بن، حەزیان دەکرد بگەنە ئاوات و وەک مرۆڤ بژین. لەهەمان کاتدا زۆربەیان دەیانویست شتەکە بەدڵیان بێ و

بەدەستیان نەبێ، سەرباری ئەمەش ئاورەکە تا دەهات زێتر تەشەنەی دەکردو کڵپەی دەسەند، زۆر وانەی فێری خەڵکەکە دەکرد، خەریک بوو زۆر شوێنی دەگرتەوە، وەلێ کارێکی واکرا، داوێکی وانرایەوە، تەڵەیەکی وا چێکرا، کەهەر بە خۆیان، بە دەستی خۆیان بەربەست بۆ ئاورەکە دابنێن !.

کاروانەکە دەڕۆیشت، وەلێ بە بێزاریەوە، لەسەرەخۆ دەلەنگی و هەر هێندە بوو هەناسەی دەهات و دەچوو، کاروانچیەکان بێ مگێزو فڕفینگ بوون، خڕ دڵشکاو، زگارو پەرێشان بوون. لەو شەڕە خۆتڕێنەدا سەرکەوتن وبن کەوتنیان لەکن هەڤ یەک بووا. بۆیە هەموو چەواشە ببوون، نەیاندەزانی کێهەیان راستن وکێهەیان راست نین. تاوانی ئەو خوێن رشتنە لەئەستۆی کێ دەکەوێ !؟

ئەهریمەن لەنێویان دەگەڕا، پێدەکەنی...بەدەنگێکی یەکجار بەرز پێدەکەنیو گاڵتەی پێدەکردن. تاو نا تاویش دارێکی لە ئاورەکە وەردەدا، هەرایەکە گەرمتر دەبوو، برا توندتر دەستی لە خنخنۆکەی برای گیر دەکرد، هاوڕێ ئازیزترین هاوڕێی دەکوشت، دۆست بە چاوی دوژمنترین کەس سەیری دڵسۆزترین دۆستی دەکرد.!

❊ ❊ ❊

لە بناری قەندیل کۆمەڵێک بە خەمباری لە دیار سێ تەرم دانیشتبوون، یەکێکیان بە کۆڵ تەرمێکی دەلاواندەوە، فرمێسک وەک رووبار لەبەر چاوی دەڕۆیشت، لەسەری خۆی دەداو سەردولکەی دەگوت:

–برای ئازیزم... برای جوانەمەرگم، بینابیم دایێ وەک داهات. تاقە برایە شیرینەکەم، لەدارەتی دنیایێ تۆم هەبوو. لەکاتی لێقەومان و تەنگانەدا بەتۆ پشت ئەستوور بووم. توو ئەو چاوانەی، کە جارێکی تر هەڵیناهێنی، قەت رۆژێ بیرت لەوە دەکردەوە، بە ئەندێشەت دادەهات بە دەستی من بکوژرێی؟! ئای چەرخ داد.. رۆژگار داد..زەوی.. ئاسمان.. سروشت داد.. چۆن نەمزانی ئەوسێ کەسەی وا بە چاپوکی لەچیا واژی دەبوونەوە تاقە برایەکەی منی لەگەڵ دایە. ئەی تفەنگە روو ڕەشەکەم، بڵێ چۆن بەزەییت بە تاقە برایەکەم نەهاتەوە. ئای ئەگەر دەمزانی تووشی ئەو رۆژە دەبم هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە تخوونی چەک بکەوم، هەرگیز...هەرگیز!.

*　　*　　*

رابۆ رووی لە تەحۆ کرد:

–هەر دەبێی دەڕۆم، پێم ناڵێی بۆ کوێ دەچی ؟!..ها.. کوڕێژگۆگە ئاوارەکەم، نابێی بۆ کوێ دەچی، بۆ ئەوە دەڕۆی هەتاوەکونێ بە دەستی هۆمەر بکوژرێی، چی ماوە تابڕۆی ؟ ! ئەوە پیشەی ئێمەیە. هەرکە گەیشتینە قزگە، لە لوتکە نزیک بووینەوە، گورج وەک کەڵەباب دەنووک لەیەک قیت دەکەینەوە، لە کاتی ئاوادا دەبێ ئێمە کەراتی و بێ ئاوەزی خۆمان وەدەرخەین!، بینابیت دایێ رابۆ هەنوکە لاشەی چەند شۆڕەسواران کەوتوە، چەند هەڵۆی ئازا لە خوێنی خۆی گەوزیوە. بینابیت دایێ رابۆ دەبێ هەنوکە هۆمەر چی بەسەر هاتبێ ؟ لەکام پەنا بە خەمباری دانیشتبێ، ئەگەر مابێ و نەکوژرابێ، دەبێ رای چیبێ؟!

ئای کوڕەکەم... کوڕی خۆم هۆمەر... دەبێ هەنوکە رات چیبێ. ئایا تۆش دەستت کردۆتەوە، تفەنگت بەرەو سینگی براکەت تەقاندووە؟ دەستەکانت وەکوپێشان بە پاکی ماونەتەوە؟ یاخود لەکەی تاوانیان پێوە لکاوە، دڵنیام تۆ رات لەسەر ئەو شتە نیەو تەقەش ناکەی، دڵنیام لەگەڵیشدا بووبی دەستت وەکو دەستی موسا پێغەمبەر سپی و پاکە. ئەگەر گوندەکەی خۆت بێتەوە بەرچاو چیان لێکرد، ئەگەر کوڕانی ئازاو قارەمانانی گوندیت بێتەوە یاد چیان لێکرا، ئەگەر تۆزقاڵێک پیاوەتیت لەلەش مابێ و کوڕی من بی هەرگیز نە ئەو تاوانە دەکەی ونەپێشی رازی دەبی. ئەگەر هەر هیچت پێ نەکرێ، دەتوانی تا هێزت لە باسکاندایە تفەنگەکەت توورِ هەڵبدەی و وردو خاشی بکەی. ئەی چییە. ئەگەر تفەنگێک بەرەو رووی دوژمنی راستەقینەی نەکرێ بۆ شکان تووڕهەڵدان نەبێ بۆ هیچی تر باش نیە، ئەگەر تفەنگێک دوژمنی خودانەکەی نەناسێ، شەرمەزاری مێژووی میللەتەکەی دەبێ. نا... هەرگیز... هەرگیز هۆمەر کاری واناکا.

کەژێ، کە بەتەواوی بنسابوو، رەنگ و رووە گەشەکەی جارانی هیشک، تەڕاتی تیا نەمابوو. بەکزیەوە هات و بەرانبەر رابۆ دانیشت. دوای ئەوەی پشتی دایە دیوارەکە هەناسەیەکی پڕ خەفەت وقووڵی هەڵکێشا.

–ئەوە چی دەبێ. بۆ بەو لەگوینە داخێوی. ئاو تاچک دەکا هەر روون و بێگەرد نابێ، تاوێ لە کانی هەڵدەقوڵی و دەمێ قوڕاوی لەگەڵ دەڕوا! چۆن وا داخێوی، ئەگەر ئەمڕۆ سەریان لێشێوابێ و بەفیت و زۆڵیەتی دوژمن لوولەی تفەنگیان لەیەکتر کردبێ، دەستیان لە بەرۆک و بینە

قاقای یەکتر نابێ، خاترجەم بە رۆژێک دادێ  دان بەو هەڵەی خۆیان بنێن. ئەدی چۆن...ئەوانیش وەک هەر مرۆڤێک هەڵە دەکەن، پاشان پەژیوان دەبنەوەو راستی دەکەنەوە! .

–ترحێو... ئەوە تۆ چی دەبێی، ئەو شتەی ئەمڕۆ ڕێککەوتووە لەوانەیە بەسەد دانە ساڵی تریش وا رێکنەکەوێتەوە. ئەو شتەی تۆ دەیبێی، قسەی رووتی پێ یەژن. چەند ساڵە، چەند ئان و زەمانە ئەو قەوانە دەجوینەوە، هەر گوتمان سبەینێ خۆر هەڵدێ، هەتاوەکونێ لە گەرمای خۆری ئەمڕۆ بێبەری بووین!. ترحێو... بووکە خۆشەویستەکەم ئەوە تۆ چی دەبێی، لەگەڵ یەکی گەلحۆی بێ ئاوەز ئەو گلیانە بکە. ئەو پەیڤانە لای من وەکو نوشتەیەکی  کراوەیە، هیچ سودو مفایەکیان نەماوە!. ئەوە چەندین جارە ئەو کۆستە بە چاوی خۆم دەبینم. چەندین جاریشم لە باوکم بیە. هەروەک چۆن ئەویش چەند جاران لە باوکی خۆی گوێ لێبووە، گەرەک نەس خۆمانی پێوە مژوول بکەین، هەتا دنیا دنیا بێ هەر ئاوا بن دەست وکۆلە دەبین. هەر ئاوا پەڕاگەندەی ناو ئاخی خۆو هەندەرانیش دەبین، دەبێ هەر چاومان لەوە بێ خەڵک بەزەیی پێمان بێتەوە!. دەستمان بە سەری دابێنن و وەک ئازیز مردە دڵمان بدەنەوە. تەحۆ، کە سەری شۆڕکردبوەوەو دامابوو. بەشەرمەوە گوتی:

–ئەو شتانەی ئێوە دەبێژن هەمووی راستە. وەلێ ئەوە بزانن ئێمە خۆمان هۆکاری سەرەکین، بەردێکی زلین، کۆسپێکی زەلامین لەبەردەم خۆمان!. لەگەڵ ئەوەش دەبێ باوەڕتان بە چاکبونەوە هەبێ، پێویستە بگۆڕێین و خۆمان پاک بکەینەوە، هیچ چارەیەکی دیکە نیە، پێویستە

خۆمان پاک بکەینەوە، گەرەکمان بێ ونەبێ. بە دەستی خۆمان بێ وبەدەستی خۆمان نەبێ، ئەوە تاکە ڕێگایەو هەر دەبێ بیبڕین! .

*　　*　　*

( دەنگی لاوکەکە تێکەڵ بە گریان ببوو و لەنێو دۆڵ و ئەشکەوتەکان، لە نێو چیاو چۆڵ و ئاوەدانی ئەم کوردستانە، لەبن هەموو بەردێک، لەسایەی هەموو گەلادارێک دەزرنگایەوە!. کێهەی دڵی رەق بوو ئەوا وەک پەمۆ لەباریەکی دەردەهێناو دەیحەلاند، کێهەی لە خوانەترس و بێ ویژدان بوو، کە ئەو لاوکەی دەژنەوت موچڕکی بە لەشدادەهات و لە قوڵپەی گریانێی دەدا. دەنگەکە وەک مووس وابوو، بەهەر شوێنێک دا رۆچوو با، دەیبڕی و خوێنی پیا دەچۆڕایەوە. دەنگەکە بەردەوام دەڕۆیشت، کە یەکێک گۆرانی دەگوت خۆی تێدا داخنی، کە یەکێک دەگریا تێکەڵ بە فرمێسکی دەبوو، کە یەکێک هەناسەی هەڵدەکێشا تێکەڵ بە هەناسەی دەبوو. بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ لەو ناوە دەخولایەوە، رازی دڵی خۆی بۆ هەموو شتێک دەدرکاند. ئەوەی دەیگەیشتێ دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت، ئەوەی گوێشی لێبوایە دەشلەژاو سەرگەردان و پەشێوحاڵ دەبوو. لەنێو دڵ و دەروونی خۆی تووشی چۆڵ و بێرونێک دەهات، کە نەسەری دیار بوو نەبن. هێزی لەبەر دەبڕا، کەسێک نەدەما خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژی، ئەنوایەک نەدەما پەنای بۆ بەرێ، ئەژنۆی لە باوەش دەگرت و تەوێلی شۆڕدەکردەوە. وەلێ هەر خێرا... قیت دەبوەوە، رەهێیەکانی بازووی گرژ دەبوونەوە، توڕەییەک لەنێو چاوانی دەبریسکایەوە، تەکانی بەرەو ڕێگای راست دەدا و بڕیە و بەڵێنی نوێ دەکردەوە!.

❋ ❋ ❋

لەو کێوانە کەوێک بە خەمباری دەخولایەوە، دار بەڕووێک پێی گوت:

–ئەریٚ هۆ کەوە جوانەکە، هۆ کەوە چاورەشەکە، سۆنگەی چیە ماوەیەکە گریان رووی لەو خەڵکە کردوە ؟ تەپ و تۆزی خەمێکی ئەفسووناوی رەنگ و رووی هەمووانی گرتۆتەوە. خەندەیەک ... بزەیەک... گرژینەوەیەک بۆ دەرمان وەگیرناکەویٚ. بێژەو وەرامی ئەو پرسیارەم بدەوە، تۆ گەڕیدەی و زۆر جێگەو شوێنانت دیوە، لە پەساریٚ ئۆقرە ناگری، هەر هەوەست لێبیٚ لە شەقەی باڵیٚ دەدەی و هەر بستە خاکیٚ مگێزت لێبیٚ دەیگەیتیٚ. بۆیە دڵنیام زۆر دەنگ وباسان دەزانی، ئەگەر وەرامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە، ئەوە زۆر منەتبار دەبم و هەتا دنیا دنیا بیٚ لە چاکەو پیاوەتیت دەرناچم!

کەوەکە وەرامی دایەوە:

––ئەی دار بەڕووە بە هێزو رەگ پتەوەکە، راستە من گەڕیدەم و زۆر جێگەو شوێنان دەگەڕێم. زۆر رووداو و کارەسات و زوڵم وزۆرداری بە چاوانی خۆم دەبینم. راستیشە تۆ ناگەیتە هیچ شوێنان و ناتوانی تاقە هەنگاوێک هەڵێنی. بەڵام تۆ چوویتە ناو دڵی ئەم خاکەو هەست بە ترپەکانی دڵی دەکەی . گوێت لەناڵەو زریکەو فیگانی دەبیٚ. پێویستە تۆ لەمن باشتر بزانی چی رویداوە. ئەگەر من بە چاوان ببینم تۆ بە خوێن دەیبینی و هەستی پێدەکەی!.

--ئەی کەوە رەنگ خاکیەکە بقاسپێنە، توو ئەو ئەوینەی تۆی سووتاندوە، وای لێکردووی رەنگی خۆشەویستەکەت هەڵگری، بۆم بێژە... دەزانم برا دەستی لەهەوکێ برا ناوەو فڕ لە خوێنی براکەی دەدا، دەزانم لوولە تفەنگەکان سێرەو نیشانەی خۆیان بزرکردوە!. با لەگەڵ یەک ناپاک نەبین و هیچت لێنەشێرمەوە، هەرچەند دەکەم ناتوانم باوەڕ بە هەستم بکەم، واتێدەگەم راست نەماوە، ئەگەنا چۆن دەبێ لە کاتێکی واناسک ئەو شتانە رووبدەن... چۆن دەبێ ؟!

–ناچێتە مەژیێ کەس، بەڵام ئەوە بزانە راستەقینەیە. راستەقینەیەو راستەقینەیەکی رەق وتاڵە. من بە چاوی خۆم  هەموو شتێکم دیوە، تا رۆژی هەڵسانەوەش گەواهی بۆ دەدەم! بەو چاوانەی خۆم دیومە ئەو خاکە، ئەو دایکە جوان و قەشەنگە، بێدەستی خۆی، بەنادڵی... بە چاوی تژی رۆندکەوە کۆرپەی خۆی لەهەمێز گرتوە. ئەو کۆرپەیەی، کە بە دەستی براکانی کوژرا بوو!. زۆر کاروانم دیوە لە نێوەڕاستی رێگا  لێک وەرچەرخاینەوەو بەرۆکی یەکیان گرتوە، چیم پێدەگێڕیەوە!؟ چیت بۆ بگێڕمەوە، راستە گەڕیدەم وزۆرم دنیا دیوە، بەڵام خۆزگە هەموو شتێکم دیبوایە ئەو دیمەنە خەماویە نەبێ. لەبەر چرقەی گەرما، لە سەختترین هەورازدا، قارەمانێک، پاڵەوانێک، لە جەنگی دوژمنی راستەقینە دەگەڕایەوە. ئەگەر چی ماندوو و برسی بوو، دڵشادو بەختەوەر، شادمان وخۆشحاڵ بوو. چونکێ توانیبووی دەستی چاک بوەشێنێ و ئەو حەمکە رق و کینەی لە دڵی دابوو بەتاڵ بکا. خڕ ئەو تاوان و زۆرداریانەی دەهاتەوە بەرچاو، کە بەرانبەری کرا بوو. وەک هەڵۆ بەسنگێکی قیت دەگەڕایەوە، وەک هەڵۆ بەسەر چیا هەڵدەزنا.

لەودەمەدا.. لەو کاتەدا. چەند هەڵۆیەکی تر، کە بەفیت وفەندی بە ناو گەورەکان فریویان خوارد بوو، لێی دانیشتن و بۆسەیان بۆ دانایەوە. چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لوتکە، سێرەیان لێگرت و ئاگر لەلوولەی تفەنگێ وان هەڵسا. لەگەڵ یەکەم تەقە، قارەمانە دوژمن شکێنەکە دەستی بە دڵیەوە ناو کەوتە سەر چۆک، خوێن فیچقەی کردو بەکەلێنی پەنجەکانی شۆڕبووەوە، نرکەی لێوە هات و یەک بە دەنگی هاواری کرد:

–بۆ ئەو تاوانەتان کرد، هەموو تەمەنم بۆ ئەو ساتە تەرخان کردبوو، هەواڵی ئەو تۆڵە کردنەوەیەم بە دایکم رابگەیەنم. حەزم دەکرد رەنگ و رووی ببینم وبزانم چ شادیەک دەیگرێتەوە. ئەو روە گرژو توورەی، کە لەبەر زەقەی چاوانی نۆبەرەکەی، کوڕە گەورەکەیان گوللە باران کرد، کۆرپە ئازیزەکەیان گوللە باران کرد. تەرمەکەشیان زەوت کردو نەیانداوە. خۆزگە دەمبینی، کە چۆن شاگەشکە دەبوو دەگەشایەوە. کە هەواڵی کوژرانی بکوژانی کوڕەکەی دەبیست!. گەلێکم جگەر سۆژین و ماڵوێرانی بینی، لە دیماهی دا بە دەستی ئێوە کوژرام، بریا لەو شەڕەی بەر لە ئێستا کوژرابوام. ئاخ برایە خۆشەویستەکانم ! ئەگەر چی منتان کوشت وەلێ خاترجەم بن. ئەگەر نیازی سەکەوتنتان هەبێ، ئەگەر گەرەکتان بێ سەر فراز بن، دەبێ یەکبگرن. پێویستە یەکبگرن. بەڵام ئێوەو ئەو دار بەڕو و مازوانە، بۆ خاتری ئەو کەوەی تازە لە دوورەوە دەیخوێندو سروودی سەرکەوتنی دەچڕی، تەنیا کارێکم بۆ بکەن، بەدایکم رابگەینن چۆن تۆڵەم بۆ کردەوە. ئێوە و نمەکی ئەو داروبەردە،

بێژن لە شەڕی تۆڵەکردنەوەدا کوژرا. نەکەن بڵێن برای خۆی کوشتوویەتی!!!

هێشتا زۆر شتی مابوو بیدرکێنی، کەوتە سەر چاو وگیانی دەرچوو!.

ئەدی دار بەڕووی برام، چیت بۆ باس بکەم، چیت بۆ بگێڕمەوە، هەمووی هەر ئاهو کەسەرو برا رۆیە! .

دار بەڕووەکە لەگەڵ ئەم وشانە پڕی چاوی ئاو بوو، هەر چەندەی خۆی هێناو برد هیچی بۆ نەگوترا. لەداخا بە توورەیی و لە جاران پتەوتر رەگی لە زەوی بردە خوارەوەو جێی خۆی قایم تر کرد!

* * *

(کاروانەکە دەڕۆیشت...ئاو دەوەستا ئەو نەدەوەستا، هەموو شتێک دەوەستا ئەو نەدەوەستا. ئەو کاروانە زۆر لە مێژبوو بەڕێوە بوو، هەواری لە زۆر ترۆپک و قوچەکان هەڵدابوو. زۆر تاجی مەزنی لەسەر نابوو. گەلێ جاران چەرخی چەپگەردی راست کردبووەوەو لەبنە خۆی نابوو. هێشتا مرۆڤ نەیدەزانی مرۆڤە، ئەوانە لە دۆڵ و نەواڵ و چیاکانی زاگرۆس دەسووڕانەوە. وەکو شێر جەولانیان دەکرد، کێهەی خۆی بە نێرو زڕتە زەلام دەزانی، کێهەی شانازی بە قۆڵ وباسکی خۆی دەکردو خۆی بە تاقە سواری سەردەم دەزانی، لەبەریان دەلەرزی، دەستیان لەخنخنۆکی نابوان نەدەوێران پەل بزاوتی بکەن!. جاری واهەبوو سێسەدە، پێنج سەدە، لەترۆپکێکی هەرە بەرزدا سەقام گیر دەبوون، جێی خۆیان توند دەکرد، شارستانی وایان دادەمەزراند تا

ئەو کاتە هیچ کەسێک نەگەیشتبووێ!. ئەو کاروانە هەر کاتێک بواری بۆ ڕەخسابێ و ڕێی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیبێتەوە، توانیویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێ، هەرکاتێ ڕێگاکەشی گوم کردبێ تووشی نەهامەتیەکی زۆر بووە. کەوتۆتە بن دەستی نژدو ڕێگرو پیاو کوژان).

* * *

هۆمەر لە زگ بو دەست بکاتەوە، ئەگەر چی دەیزانی شەڕەکە شەڕێکی خۆتڕێنییە، وەلێ حەزی نەکرد تفەنگی لەدەست بێ وکەسێک هەبێ بتوانی بیگرێ!. کەچی هێندەی زانی ئەوانەی لەگەڵ خۆی بوون، لوولەی تفەنگیان تێکرد، هێدم گر بوو، لەجێی خۆی حەپەساو واقی وڕما. دەستێکی کەوتە پاش یەکی کەوتە پێش، بەناچاری و بێ مگێزی خۆی، سەری دانەواندو چەکی فڕێدا، ئەوانیش خێرا، دەست وبردیان کردو هەردوو دەستیان لە دواوە توند توند بەستا. هەردوو بەرە، وەک دوو ریانێک لێک جوێبونەووە. وەک دوو لقە دار هەریەکەیان بۆ لایەک هەڵسا، چەندەی لە یەکیش دوور دەکەوتنەوە هێندە زیاتر قینیان بەرانبەر یەک زیاد دەبوو، رقێکی ئەستووریان لەیەک هەڵدەگرت، زیاتر شیریان لەیەکتر هەڵدەسوو!.

شار هەژا ... رکابەریەتیەکی وا کەوتە نێو خەڵکەکە مرۆی سەرسام دەکرد. برا لەگەڵ برای ساغ نەما، هاوسێ لەگەڵ هاوسێی دەبووە دمگۆو شەڕەشەقیان، دوژمنی ڕاستەقینە لەیاد کرا، بگرە زۆر جارانیش بە دۆست دانرا، لە رقی ئەوانەی تر چاوساغیان بۆ دەکرا، بۆیە تاو

ناتاویٚ تاقمیٚ بەرەو زیندان راپێچ دەکران، کۆمەڵێک شوون بزر دەبوون.

وەک مێرووله تێک هەڵدەقژقژان، وەک سەرخۆش دەهاتن ودەچوون، هەر کەس خۆی پیٚ لەسەر هەق بوو. بە شێوەیەکی واش مکوڕ بوو، جگە لە گلیەکانی خۆی گوێی لەکەسی تر نەدەگرت، جگە لە بیرو بۆچونی خۆی ئامادە نەبوو دان بە هیچ رایەکی تر بنیٚ! نەخۆشیەکی دەروونی بوو زۆربەی هەرە زۆر دوچاری ببوون، نەخۆشیەکی وا ترسناک بوو هەزار پەتای کوشندەی لەبەرپێی خۆ دەنا!. یەکێک دەگریا ...ئەوەی تر لە جیاتی ئەوەی بۆی بگریە بەرانبەری دادەنیشت و عریت عریت پیٚدەکەنی، هێندێکی تر دادەمان و سەریان بادەدا. نەیاندەزانی نە لەگەڵ گریاوەکە بگرین و نە لەگەڵ ئەوەی تر پیٚبکەنن، دۆش دادەمان و هەناسەی تژی کول و کەسەریان هەڵدەکێشا!.

تەحۆ ماوەیەک بوو هەواڵی بە دیل گیرانی هۆمەری زانیبوو، ئەمە گەلیٚ زگارو دڵتەنگی کردبوو و بەتەواوی ورەی بەردا بوو، باوەڕی لەق ببوو وتفی لەدارو بەرد دەکرد. لە ماڵیٚ خۆیان دەهزری، کە چۆن قەیسەریان لیٚ ببووە کونە مشک. سەیری رێڕەوی ژیانیشی دەکرد چۆن دەڕۆیشت!. هەر هێندەی نەدەما شێت و شوور بیٚ و دەشت وچۆڵیٚ بگرێتەبەر، گەلیٚ بیرۆکەی بە مەژی دادەهات، پاشان هەر خۆی وەرامی خۆی دەدایەوە:

–نا... چۆن کاری وا دەکەن، هەرگیز رێی تێناچیٚ کاری وا بکەن، ئەگەرچی ئێستاکیٚ ئێخسیری وانە وەلیٚ ئەوان لە راستەقینەدا هەر برای

یەکترن، هەرگیز دەستیان ناڕوا بیکوژن، ئاخر چۆن دەبێ ...چۆن ؟ هۆمەر چووە تۆڵەی ئێمە بکاتەوە، تۆڵەی ئەو بستە خاکە بکاتەوە، کە ئاوریان تێبەردا، چۆن دەبێ برای خۆی بیکوژێ، ئەوەی وەکو ئەو زوڵم و زۆری لێکراوە، هەموو یەک مەبەست و یەک ئاواتیان هەیە! .

پاشان هەر زوو لێوی خۆی دەکرۆشت و لە ناخی خۆی هەڵ دەچوو:

–بۆنابێ...! لەم رۆژگارە هەموو شتێک ڕێی تێدەچێ، وا بەنج نەدراون ئاگایان لە خۆیان بمێنێ، هیچ دوور نیە بیکوژن!

--نا... چۆن هۆمەری برام، برایە شیرینەکەم، ئەو هۆمەرەی هەموو هیوایەکی سەرفرازی ورزگاربوونە، چۆن دەبێ بە دەستی برای خۆی بکوژرێ ؟ بابە هێشتا دنیا زۆری بە بەرەوە ماوە. مرۆیەکی چاک وخێر خوا هەر رێکدەکەوێ دەستیان بگرێ و نەیەڵێ ئەو کەراتیەی بکەن .!

–جا مرۆی باش لەم رۆژگارە کوا ماوە، ئەو شەڕە هەموو شتێکی بۆگەن کردووە، وایکردووە هەموو شتێک بە چاوی بەرژەوەندی تایبەتیەوە سەیر بکرێ. خەڵکەکەی فێری خۆویستی کردووە، فێری کردوون بازرگانی بە هەموو شتێکەوە بکەن، بە خوێن... بەخاک... بە مرۆڤ، بە هەموو شت!.

–نا... چۆن مرۆڤی چاک هێشتا زۆرە ... خێرخوا هێشتا زۆرە!.

ئەمەی لەدڵی خۆی گوت و وێنەی ئەو شوفێرەی هێنایە بەرچاو، کە بە خۆش بەزۆکەکەی لێی دابوو! بەرایێ چەند توک و جنێویان بۆ رەوانە

کرد، پاشانیش چۆن دەرچوو! وەک ئەوەی ئەو دەمە کارەساتەکە رویدابێ، هەموو شتێکی لانرت  و نوێ بوەوە .

ماوەیەک بوو لە نەخۆشخانە دەرچوو بوو. هێشتا هەر لە ئاکنجیەکە بوون و نەخزیبوونە شار ! رۆژێک خۆش بەزۆکێک لەبەر دەرگایان راوەستا، لەدەرگا دراو ئەوانیش دەرگایان کردەوە. دوو کەس چوونە ژوورەوە، یەکیان لە خۆگەڕابووەوە ئەوەی تر تەمەنی لە دەوری سی وپێنج سالان دەبوو. لەبەرئەوەی ئەو رۆژانە راوی ئەو مالانە دەکرا، کە کوڕەکانیان یاخی ببوون، گەلێ ترسا. دوای ئاخاوتن بۆی دەرکەوت ئەمە ئەو شوفێرە بوو، کە لێی دابوو!

کابرا بە شەرمەزاری وبەو پەڕی نیگەرانی وزگاریەوە دەیگوت:

–ببوورن ئەمە روویدا، شتەکە هات و بەدەست من نەبوو. باوەڕ بکەن تا ئەو کاتەی ئەو هاوڕێیەم مالی ئێوەی بۆ دۆزیمەوە لەسەر چاو کەوتبووم و لەژوورەکەم دەرنەدەکەوتم، ویژدانم ئازاری دەدام، نەمدەزانی ئەو کەسەی لێم داوە ماوە یا مردوە! بە تایبەتی کاتێ زانیم هی راگوێزراوەکانە پەژارەکەم دوو قاتی هاتە سەر، نەخەوم ما نەخۆراک.

ئەوەی لەو گلیانە هەمووانی سەرسام کرد، ئەو هاوڕێیەی چۆن ئەوانی ناسی ومالیانی دۆزیەوە!

بە دیقەتەوە لە کابرا ورد دەبووەوە، لەبەر چاوی نامۆ نەبوو. وای بۆ دەچوو، کە دیویەتی. هەرچەندە هەولیشی دەدا نەدەچووە سەر زەینی

له کوێی دیوه، کابراش خۆی مات کردبوو. ناوه ناوه به تیله چاوێک سەیری رابۆی دەکردو دەگرژیەوە، هەرچی کەتن کەرەکە بوو، بەردەوام داخاوت و به سۆزەوە دەدوا:

–به پیاو خراوم تێمەگەن، که نەمتوانی بووەستم، هیچ شتێکم تەواو نیه، دڵنیا بووم کەوا تووشی شتێک دەبووم ودەربازبوونم لێی ئاستەنگ دەبوو.

که ئەمەی گوت  هەموو به ئاسانی له مەبەستی گەیشتن. چونکێ له کاتی شەڕدا وێنەی ئەو بێ شمەکانە، واته ئەوانەی له خزمەی سەربازی راایانکردبوو و هیچ ناسنامەیەکیان نەبوو، زۆر بوو!

رابۆ له پڕ هاته ئاخاوتن وگوتی:

–هیچ خەوشیەک له پرسیار کردن نیه، نازانم ئەو هاوڕێیەت چۆن ئێمەی ناسی وچۆن ماڵی ئێمەی به تۆ نیشان دا ؟!

کابرا وەرامی دایەوە:

–زانیم نامناسیەوە، ئەی ئەو ڕۆژە، که لەنەخۆشخانەکە دەرچوون کێ ئێوەی گەیاندە ماڵ!؟

هەموو هۆیەکیان لەخۆزانی، رابۆی لێوی خۆی گەستەوە، ئەودەمە زانیان ئەمە ئەو شوفێرەیە، که له نەخۆشخانه ئەوانی گەیاندەوە ماڵ و پارەشی لێوەرنەگرتن، لەبەر خۆی گوتی:

–دنیا سەیرە ... لەکوێ دێ و بۆ کوێ دەڕوا!

تەحۆ کاتێک ئەو دیمەنانەی هاتەوە یاد کزگری لەهەوکێ ما، لە دڵی خۆی گوتی :

دنیا هێشتا زۆری وەبەرەوە ماوە، پیاو چاک زۆرن... گەلێک زۆرن. ئەگەرچی ئێستا وەک بەردی بن گۆمیان لێهاتووە، بەڵام رۆژی هەردێ بەدیارکەونەوە!. فنەیەکی لێوە هات و دەم وچاوی خۆی هەڵگلۆفت، دڵتەنگیەکەی لە ئاستی خۆی بەرز بووەوە، ویستی هەوا گۆڕی بکاو بەو مەبەستە چەند هەنگاوێکی بۆ دەرەوەنا. رابۆ، کە لە پەنجەرە بچوکەکە سەیری دەکرد بە لەزی چوە دەرەوە:

–بۆ کوێ دەچی ؟!

–دڵم تەنگ بووە ... دەمەوێ نەختێ بچمە دەرەوە.

–ئەوە چیدەکەی کوڕم ... گەرەکتە چیبکەی، چۆن دەچیە دەرەوە.!

–بۆ نەچمە دەرەوە ... خەریکە دڵم شەق بەرێ!.

چۆن دەچیە دەرەوە کوڕی خۆم، لەوە ناترسی شون بزرت بکەن ؟! خۆت دەزانی ئێمە وەک توتنمان لێهاتووە، بەهەرحاڵ لە ئاکنجیەکە خۆمان دەرباز کرد بۆ لێرە ئۆقرە ناگری ؟! نا هێڵین دار لەسەر بەردی دابنێی، کارێک بکەی، هەر بۆئەوەی نەچیە دەرەوە، نەبادا دەستی رەشیان بتگاتێ. ئەدی کوڕم، نازانی دیسان مەرەدی جارانیان ناوەتەوە. گەڕەک بە گەڕەکی شار لە دوای ئێمە مانان دەگەڕێن، ئەیگوێت لێ نەبوە... نەتبیە لە چەند گەڕەکێک ... ئەوەی نێرینە بووە ... لەتەمەنی شەش ساڵان بە سەرەوە دیسان هەموویان بردوە ؟!

تەحۆ ناو لەپی بە تەوێلی وەناو هێندەی دیکە دەهری بوو.

–بۆ واناکەن. ئێمە وا کەڵبەمان لەیەک گیرکردووە، وەکو سەگ دێک بەربووین، ئەوانیش وردە وردە داومان بۆ دەنێنەوەو راومان دەکەن!. نازانم چی بکەم، خەریکە دەخنکێم، هەست دەکەم پێویستمان بەزۆر شت هەیە، پێویستە خۆمان بگۆڕین ... پێویستە خۆمان پاک بکەینەوە. پێویستە..پێویستە..پێویستە...

❊ ❊ ❊

(کاروانەکە هەر دەڕۆیشت وبەردەوام بوو، ئەگەرچی جار جارە ماندوو دەبون و لەسەرەخۆ هەنگاویان دەنا، بەڵام هەر بەردەوام بوون، چیاو تەپکە شاخەکان هەر لەبەر قاچەکانیان دەلەرزی، رووبار دەوەستا ئەوان نەدەوەستان. هەموو شتێک دەوەستا، ئەوان هەر نەدەوەستان وهەر نەدەوەستان و هەرنەدەوەستان).

# بەشی دووەم

## (1)

ئەهریمەن ئاوری شەڕی دایساندبوو و لە دیاری دانیشتبوو، هێدی هێدی داری تێوەردەدا، هەر کەللەسەربوو قرچەی دەهات و ئاورینگی دەکرد، هەر خوێنی ئاڵ و گەشی لاوان بوو بە ئاورەکە دادەکرا، پەنا دیوارێک نەبوو پەڕۆیەکی رەشی پیا هەڵنەواسرابێ، کوچەو کۆلانێک نەبوو دەنگی بڵند گۆو قورئانی تیا بەرز نەبێتەوە! .

رابۆ دەیگوت :

–شەڕ باش نیە، خەڵکێکی زۆری بێتاوان لەنێو دەچن، ژمارەیەکی زۆر لە دایکان جگەریان دەسووتێ، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بێوەژن و هەش بەسەر دەبن، خواش لە هەموو شت زیاتر رقی لێیەتی، ئەوەی حەز بە بەردەوام بوونیشی بکا، ئەوا بەر تووکی خەڵک و سزای خوای دەکەوێ .

تاوێ بێدەنگ دەبوو دواتر دەستی پێدەکردەوە:

––ئەوشەڕە زۆر کەسی بێتاوان تیا دەبا، بەلانەکونێ لەگەڵ ئەوەش خوا لە کاری خۆی بۆتەوە، پێویستی بە رێنمایی و رێ نیشاندانی کەس نیە. خۆی دەزانی چیدەکاو چۆن کاری خۆی هەڵدەسوورێنی، لیگەڕێ با وای لێبێ. هەموو تۆڵەی ئێمەیان لێدەبێتەوە، دەزانی چیان لەو خەڵکە کردو چیان لێدەکەن. ئەوەی ئەوانە کردوویانە نەکەس دیویەو نەکەس گوێی لێبووە. من بەو تەمەنە گەیشتم، ئەو هەموو زوڵم و زۆرەم

دیوه...قەت نەمدیوەو نەمبیە بەو دڕندایەتیە رەفتار لەگەڵ مرۆڤان کرابێ، هەر تاوانبار و مل هوڕێ هاتبێ نەختێکی تیا هێشتۆتەوە، وەلێ ئەمانە هیچ ، سڵیان لە هیچ...هیچ هیچ نەکردۆتەوە، ئەوەی بۆیان کراوە کردوویانە. ئۆی خوایە.. ئۆی. هەرچەندە باش نیە ئەمە بڵێم، بەڵام خۆت سەرداری هەمووومانی و دەزانی چۆن تۆلەی بێ پشت و پەناو لێقەوماوان دەکەیتەوە!.

تەحۆ، کە فێر ببوو وەک پیاوان رەفتاری دەکردو وەک پیاوان داخاوت! هەڵیدایێ :

--ئەگەر خوا تۆڵە لەوان بکاتەوە، ئەوان وادەکەن ئێمە گوریەکەی بدەین. تاوانەکە ئەوان دەیکەن، باجەکەی بە ئێمە دەدەنەوە. دەبفەرمە... کەرەم کە تاوێ بیربکەوەو لێی ورد بەرەوە، ئێمە دەمانگوت : ئەگەر دەساڵی تریش شەڕ بەو لەگوینە بەردەوام بێ هیچ کارێکی ئەوتۆی لەسەر ئێمە نابێ، لەو هەلەشمان هەرگیز چاکتر بۆڕێک ناکەوێ، کەچی لەبەر یەکتر کوشتن هەموو شتێکمان لەبیر چۆتەوە، نە ئەوەمان بە مەژی دادێ، کە دوێنی چۆن رەوتی کرد. نە لەوەش دەهزرین بەیانی چۆن میوان دەبێ! لەو هەرایە ئێمە وامان نەکردوە شتێکمان بۆ رێککەوێ لەیەک سایەو سێبەر کۆمان بکاتەوە !

رابۆ بەنیمچە گرژینەوەو نیوە بزەیەکەوە گوتی:

– تەحۆ... کوڕە شیرینەکەم ئێمە هەر وابووینە، لە کاتی ئاوا ناسکدا زەنگی کەرایەتیمان لێی داوە، بێسوودە. سەرهێشانێکی هەروەیە !

--داخی گرانم... هەرچیدەکەین ، هەر چۆنی هەوڵدەدەین. هەموو شتێک بە پێچەوانەو بەرەواژووی خواست و ویستی ئێمەیە، لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجی ئێمە ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە، بڕوابکە خواهەر چۆنی لە هەنیەی نووسیبین هەر ئەو روو دەدا!.

کەژی ماوەیەک بوو خۆی بە گۆڕینی جلەکانی کوڕەکەی خەریک کردبوو، وای نیشاندەدا  بایەخ بە گلیەکانی ئەوان نادا، چونکێ وەک خۆی زۆر جاران دەیگوت و دەیگوتەوە. ئەو قەوانانە کۆن بوون و بێ مفا لێدەدرێنەوە. دڵنیاش بوو کە نەک هەر لە ماڵەکەی ئەوان، بگرە لە زۆربەی ماڵەکان هەر هەمان شت بوو، لەگەڵ ئەوەش نەشیا خۆی لە گێلی بدات، لە ژێرەوە چاوەڕوانی پەیڤێکی دەکرد، کە دەبوایە بگوترێ. ئەویش سۆراخ کردنی هۆمەر بوو، کە رابۆ ماوەیەک بوو بەزاری گرتبوو، ئەگەر گلیەکانی گۆڕیبوایە کردار لە مێژ بوو ئاواتەکەیان هاتبووە دی .

تەحۆ گوتی :

–خەڵک هەمووی وەک سەرخۆشانی لێهاتووە، هەر یەکە تائەژواریەکە نەکەوێتە ماڵی خۆیەوە هەستی پێناکا، یاخود بیری لێناکاتەوە! وای لێهاتووە هەر کەس جگە لەبەرژەوەندی خۆی چاوی هیچی تر نابینێت، هەرکەس بۆخۆی دەژی...بۆ خۆی بەتەنیا  .

رابۆ لەگەڵ ئەم چەند پەیڤە چاوەکانی وێز بووەوە .

–راست دەکەی کورم...! بینابیت دایێ رابۆ تۆش  وەکو ئەو خەڵکەت لێهاتووە، ئەوەتانێ هۆمەرت لە یاد کردووە، هەروەک ئەوەی لەسەر جادانت دۆزیبێتەوە و پارچەیەک لەجەرگت نەبێ، بینابیت دایێ رابۆ، هەروەک پارچەیەک لەجەرگت نەبێ !!!

ئەمەی گوت و لەگەڵیدا دەستی بەگریان کرد.

کەژێ وێدەچوو ئەو بێدەنگیەی ماوەیەک بوو بەسەر خۆی سەپاند بوو دڵی پڕکردبوو،  بۆیە نەشیا چیتر بێدەنگ بێ، پەیڤەکان زۆر بەلەزو خێرایی لە زاری چوونە دەرەوە:

–جا ئەمە گریەی بۆ چییە ؟! چ پێویستی بە نوسکەو رۆندک باراندنە، شت لە مێران دەقەومێ، شت لە مێرو بەچکە شێران دەقەومێ، نوسکەی بۆ چییە. لە باتی ئەوە دەتوانین تەکانێک بدەین، هندی گاوێ سۆراخی بکەین و بزانین لە کوێ ئێخسیرە. هەموو کەس وا سۆراخی براو خزم و خوێشی خۆی دەکا، بەتەنیا ئێمە نەبین، لە قسەی زل بەولاوە چیترمان  پێناکرێ، بە تەنیا ئێمە نەبین!.

رابۆ لەگلیەکان هزری، هەردووکیان راستیان دەگوت، شتەکەیان راست و بەرێ و جێ بوو، لەگەڵ ئەوەش چ پەرێکی لەکلکی خۆ گومان نەدەبرد! کە دەستی لەبەرێی خۆ رادەکرد، ئەو بیرۆچکانەی لەمەژی دەخولایەوە، شتاقی نەدەما، وەکو پەڵە هەورێکی دوای باران لەسەرخۆ دەتوایەوە و شوێنەواری نەدەما. هەرچەندە هەموو لە چوارچێوەی یەک خێزان بوون ویەک تێرکیان هەبوو، دیوارێکیان لەنێوان چێ ببوو! پێیان شوورەیی و خەوش بوو خۆیان بەدەست کورت و نەبووە ناوبەرن.

دەروون فراوان بوون و هەمیشە بەری خۆیان پێ تژی بوو، ئەگەر پوولێکیشی تیا نەبووایە!.

رابۆ بڕیەی دا ئەو تۆقە بشکێنێ و ئەوەی لە دڵی پەنگی خواردبووەوە بە گۆڕێی وەربکا :

–منیش حەزدەکەم... گوایا من حەز ناکەم ؟! حەزناکەم سۆراخی کوڕە گەورەکەی خۆم بکەم، سۆمای چاوەکەم ببینم و بزانم چی بەسەرهاتووە، گوایا من حەزناکەم!. واتێدەگەن من بیرناکەمەوە، ئێوە دەزانن لەو رۆژەی هەواڵی ئێخسیر بوونیم زانیوە چۆڕێک ئاو چییە بە ئاسوودەیی لە قوڕگی من نەچۆتە خوارەوە. ئێوە دەزانن ! بەڵام ئاخ... ئاخ دنیای بێ ئۆفا ... هەر کەس لە دڵێ خۆی دایە، کەس لەناخی کەس دانیە، ئەگینا دەتانزانی چ ئاورێک لەو هەناوە رەش بووەم دایساوە. ئەگینا دەتانزانی.. بەڵام ئاخ... ئاخ کەس لەناخی کەس دانیە. ئەگەر دەتانزانی چیم بەسەر هاتووە و چۆن جگەرم هەلا هەلا بووە، هەرگیز واتان نەدەگوت، هەرگیز بەم لەگوینە نەداخاوتن. بەڵام ئاخ ...ئاخ دنیای بێ ئۆفا. کەس لەناخی کەس دانیە، کچم کەژێ، کچە جوانکیلەو خۆشەویستەکەم کەژێ، ئێوە بە گوێرەی من تام شیری خاوتان لە زاری دێ، ئێوە بە گوێرەی ئەو تەمەنەی من، زارۆ و منداڵن، نکوڵی لەوە ناکەم تالێ و سوێریتان زۆر چەشتووە. نا... هەرگیز نکولێ لەوە ناکەم، ئێوەش زۆر بەردی ساردو گەرمتان بە قینگ وەنوساوە، ئێوەش بە گوێرەی خەڵکی تر پیرو دنیا دیدەن و لە هەموو شتێک بوونەتەوە، لە زۆر ئاوانتان داوەو تاوڵێتان لە زۆر بناران خستووە، وەلێ بە گوێرەی من، بە گوێرەی منی کەنەفت و پیر، هێشتا زارۆنە... زارۆیەکن

تام شیری خاوتان لەزاری دێ، ئێوە هێشتا نازانن ئەو پیرە دنیایە چی لەمن کردوە، چۆن وەبەر پێلی خۆی دایمەو بە مگێزی خۆی ئەم بەرو ئەو بەرم پێدەکا، چۆن منی خستۆتە بەردانەی بەرداشی خۆی و بێ بەزەییانە دەمئەنجنێ. بەڕای ئێوە من هۆمەرۆکم لە یاد کردووە؟! بەوگلی و توانجانە دیارە من  هۆمەرۆکم لە خەیالێ شەوانیشدا وە بیر نایە، دەزانم ئێوە واتێدەگەن، دڵنیام هەروا تێدەگەن!. من هۆمەری ئازیزو خۆشەویستم لە یاد کردووە! جا توو ئەو خوایەی ئێمەی گوراندووە، توو ئەو خوایەی لەسەر سەرمانەو ئاگاداری هەموو وردو درشتێکە، بە چاوی خۆی هەمووشتان دەبینێ، ئەوەی تۆزێ...ناڵێم زۆر، دەڵێم تۆزێک،...ئەوەی تۆزێک شێوەی لە مرۆڤان بچێ و بیربکاتەوە، بای یەک قلە زیوانی ئاوەزی لەمەژییان هەبێ، باوەڕ دەکا پیرو پەککەوتەیەکی وەکو من، کە لەسەر رۆخی گۆڕێ وەستاوم و بای فووێکی پێمەردەم تیا نەماوە، نامەوێ کوڕە گەورەو خۆشەویستەکەم ببینم!. ئێوە نازانن بەچ ماڵوێرانیەکم گەورە کردوە، بە چ هەش وەسەریەکم پەروەردە کردوە. ئەی ئەگەر دەتانزانی، دڵنیام بەو کلۆجە نەداخاوتن و بەو شێوازە بیرتان نەدەکردەوە . کەس هەیە نامۆیی کوڕە گەورەکەی خۆی نەکا ؟! بە داخی دووریو نەزانینی هەواڵی دۆن و بەزی بمێنێ و وەک پارچە دارێکی رەق و تەقی لێنەیە!. ئێوە خۆتان بڵێن، بۆ من مەڵێن بۆ خوا بڵێن، بۆ من مەڵێن بۆ راستی و راستەقینە بێژن، کەس هەیە ؟! ئەوە برێەمان دا بچین، بەچی بچین، ئەی وانیە ؟!... ئای هەموو شتێک بە حسێو دەبێ، دە بفەرمە بزانم بەچی دەچی...ئای... ئەی وانیە.

کەژێ بەتوانج و لچ خوارکردنیکەوە وەرامی دایەوە :

–مرۆ ئەگەر گەرەکی شتێک بێ هەر ڕێکی دەخا، ئەگەر لە کێوی قافێش بێ هەر خۆی دەگەیەنێتێ، وەک هەلۆ بۆی دێتە خوارەوە وخۆی تێ رووودەکا. ئەدی... ئەگەر ئێمەش گەرەکمان بێ لە مرۆ زووتر نیە. دەچینە کنی و هەموو شتێک بەچاوی خۆمان دەبینین. ماوەی مانگێکە لە نێو ئەو گێژەنە دەخولێنیەوە، خەریکە شەق بەرین و ببینە دوو کەرت. هەریەکەی دێت و بە ئارەزووی خۆی بەڕێ دەخاتە مزگەوت، بەمگێڕی خۆی درۆو دەلەسان قەتار دەکا. خۆمان تەکانێک نەدەین بێ فایدەیە... ئەی وانیە، بەرای تۆش وانیە؟ ئەگەر بمانەوێ چارە دەکرێ! مرۆڤ لە کاتی تەنگانە پێویستی بە یەکتر دەبێ، کەس کەنگرە بێ کەسە نیە، قەرزیش وەکو دەڵێن دوو ماڵان ئاوەدان دەکاتەوە، دنیایەکە هەروا بووە. ئەمرۆ لەمنە بەیانی لە تۆ .

رابۆ فنەیەکی لێوەهات ولەسەرەخۆ ئەو رۆندکەی سڕیەوە، کە تازە خەریک بوو رچەی دەبەست:

–لە کێ قەرز بکەم. ئەوانەی وەکو خۆمانن لە ئێمە باشتر نین، راگوێزراوەکان ئەوانەی ئێمە دەیانناسین، ئەگەر حاڵیان لە ئێمە شڕتر نەبێ باشتر نیە! لێرەش کەسی وا ناناسم، کەسی وا گومان نابەم لێی راببینم وداوای قەرزی لێبکەم، بەخوای ئەگەر زەوی و ئاسمانیش لێکبدات خۆم تەریق ناکەمەوە، نا... هەرگیز خۆم تەریق ناکەمەوە، ئەگەر داوام کردو دەستم بەرووەوە بنێن، دەبێ پارچە جلێ تەڕ بکەم و بەخۆم دابدەم، ئەی وانیە؟ مردن باشترە، بەڵام لێرە شتێکی تر هەیە، کە

تۆ وا داخێوی دەبێ یەکێکت لەمەژێی خۆ دانا بێ، ئەی وانیە!؟ دەبێ یەکێکت لە هزربێ، کە دەستت رەتنەکاتەوە.،دەبێ کونێکت دۆزیبێتەوە! کچم کەژێ...وێدەچێ رۆچنەیەکت دۆزیبێتەوە سەیری ئاسمانی تیا بکەی، گەرەکتە بە پلاران وام تێبگەیەنی بچم داوای قەرز بکەم. کچم کەژێ دنیام زۆر دیوە، هێندەم دیوە.. هێندەم دیوە تا خوا دەڵێ بەس، هێشتا گلی لە زارت نەکەوتۆتەوە دەزانم چەند وشەی تیایە، هێندە بەسە بەتیلە چاوێک سەیرت بکەم. دەزانم چیت لەدورڕ دڵی دایە، ناخی ناخت دەخوێنمەوە! وەکو ئەو چرایەی وا زەق زەق بەرانبەرم دەگرژێتەوە، گەرەکتە بڵێی برۆ قەرز بکە. دەم لەبەر دەرو هاوسێیان پان بکەوە، گریمان وام کرد، ئەوا بڕیەم دا ، پێم لەجگەرێ خۆناو وام کرد، ئەگەر دەستیان بە روومەوە نا چی بکەم ؟! دەزانی ئەوکاتە دەبێ چاو بنوقێنم و چیتر هەڵینەهێنمەوە، ئا... چاو بنوقێنم و بمرم، بە دەست و پای خۆم گیان لەمستی خۆم دەربێنم، ئەی وانیە!؟ من هەرگیز ئەوە ناکەم، ئەگەر چی لە هۆمەرۆکیشم چاو نیە، نا خوا دەزانی لێم چاونیە، ئەی گوایا پارچەیەک نیە لە جەرگم، ئەیخوێنیمن نیە لەرەهێیەکانی ئەو دەگەڕێ، ئای...ئەی خوێنی من نیە!؟

تەحۆ بەکزی گوێی رادێرابوو. لەناخی خۆی دەسۆژی و خەریک بوو لەکەوڵی خۆی بچێتە دەرەوە، بە شێوەیەکی سەیر پەست ببوو، خۆیانی لە کاتی سەخت و تەنگانە دەبینی. تەنگانەیەکی رژدو دژوار، ئەو تاقە زەلامی ماڵەوە بوو، ئەرک و بارگرانییەکە هەمووی لە ئەستۆی ئەو دابوو، کەچی دەستەوەستان بوو و هیچی پێنەدەکرا، نەدەشیا لە جێگەی خۆی ببزوێ، دەبوایە چاوەڕوانی بکاو ئەنجامی ئەو مشت و مڕەی بۆ

دەرکەوێ، لەبەرئەوەی هیچی لەدەست نەدەهات، هەرچەندەی هەوڵیدەدا، نەیدەتوانی بەڕێک بخاتە مزگەوت و شتێک بێژی. بۆیە خۆی مات کرد بوو و قرقەپ دانیشتبوو، لە دوڕ زاری وان رادەما و گوێی قیت کردبووەوە! چۆن کورە لە نێو خۆیدا ئاورینگ دەکا، ئەویش ئاوا بە خەمان دەقنایەوە، چاوەکانی وا کرابوونەوە قەپێلکی چاوی جێگەی قەزناغە جۆیەکی تیا دەبووەوە، لەپڕ خۆی بۆ نەگیراو تەقیەوە :

--دەبێم کاردەکەم ... دەبێن نا.. دەتگرن و شون بزرت دەکەن، دەبێم دەچمە دەرەوەو تەکانێک دەدەم. هەر چۆنێک بێ پیاو دەست چەک بمرێ باشترە لەوەی بە گۆچان پشتت بشکێنرێ! دەبێژن نیازتە چی بکەی!. ئەوا ئەوانیش لە یەکتر بەر بووین و شیر و تیر دێک هەڵدەسوون، برا لەگەڵ برای راست نەماوە، ئەی باشە چی بکەم!؟ مردن سەد کەرەت مێرانەترو ئەهوەنتر نیە لەو ژیانە؟ دەبڵێن دەی...پیاوانەتر نی ! هەرچی دەبێم بەرانبەرێکی بۆ دەدۆزنەوە، دەست بۆ هەر چیەک دەبەم دەرگایەکی داخراو دەبینم، هەنگاو بۆ هەر لایەک دەنێم بەربەستێکم بۆ دانراوە. نایەڵن هیچ بکەم، هەرچەندەی هەوڵدەدەم و خۆم دێنم و دەبەم نازانم چۆن بژیم، لەگەڵ ئەوەش دەبێ بژیم!. سزای من لەو ژیانە ئەوەیە، کە دەبێ بژیم، بەرەڤانی دراوم بژیم. تووخوا مردن پیاوانەتر نیە !؟

ئەو وشانەی بە تووڕەییەکی وا دەربڕی قوڕگی ئاوری لێ هەڵدەستا، ماوەیەک بەردەوام بوو، لە شێوەو روخساری وشەکان وێدەچوو زۆری مابێ بەڵام بێدەنگ بوو، بێدەنگ بوونێکی کت و پڕ، بێدەنگیەک بۆنی ترس و بێدەنگی بە هەموو شتێکی ژوورەکەوە دەلکاند. چەند

چرکەیەک بەو جۆرە سەیری کردن، هەردووکیان چاوەڕوانی زیاتر بوون. کەچی نەیهێشت نێوان بێدەنگی و وەستانەکەی زۆر بخایەنێ، بە گورجی دانەویەوەو پێڵاوە لاستیکەکانی لە پا کرد، پاشان وەرچەرخایەوەو بەتوندی دەرگاکەی کردەوە، بە هەمان توندی دەرگاکەی داخست و چووە دەرەوە!.

کەژێ و رابۆ تاوێ لە یەکتر رامان، کەژێ گوتی :

--بینابیم دایێ کورپژگەشمان خەفەتخانی کرد، چەند گوناهە... بەو منداڵیە باری خەمی لەکۆڵ دەنێین، پێویستە ئەو باسانەی لەکن نەکەینەوە. منداڵەو هەست بە شەرمەزاری دەکا، لە هەڕەتی هەرزەیی دایە هەست بە شەرمەزاری دەکا. ئەی چۆن...هەر یەکێک لە جێگەی ئەو بێ ئیوها دەبێ. پیاوی ماڵەوەبێ و هیچیشی پێنەکرێ، لە گوێگرتن زیاتر نەشێ چ بکا، ئەی لەوە ناخۆشتر هەیە، ئەی ئەوە مردن نیە ؟! ئەویش هەرزکارەو خوێنی گەرمە، هی وەکو ئەو هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە ونازانن لەدەرو دیوەخانان چ باسە! پێویستە ئاگاداری بین، هەست بریندار بوون مرۆ دەگۆڕێ، تووشی زۆر کەتن و کۆسپانی دەکا، زۆر شتی ناپەسن و دزێوی پێدەکا. مرۆڤ کاتێک هەستی بریندار دەبێ وەکو دڕندە بیر دەکاتەوە! پێویستە ئاگاداری بین، تەحۆ هەرزەکارەو زوو لە داوان دەکەوێ، حەز ناکەم بئەنری...دەترسم خۆی بە پەلێک دابدات!.

–تووشی کەتنان دەبێ ؟! هێی.. هێی.. تووشی کەتنان دەبێ!. نازانم چیت بەسەرهاتووە، هەست دەکەم تۆش گۆڕاوی، ئا... گۆڕاوی و زێتریش!.

پێویست بەوە ناکا شت لەیەکتر وەشێرین، مادامەکۆنێ مەری چاوی هەیەو دەبینێ، گوێی هەیەو دەبیسێ. هەموو شتێک دەبینێ و هەست بە هەموو شتێک دەکا، هەرگیز پێویست ناکا شت لەیەکتر وەشێرین، چۆن دەزانم ئەوە چرایەو بەرانبەرم دەگرژێتەوە، واش دەزانم تۆ گۆڕاوی!. ئەی ئەگەر وانەبێ بۆ هەردەم لەسەر تەحۆ دەکەیتەوە، بۆ هەر لای ئەو دەگری ؟! دەباشە بڵێ لەمە زێتر چی بکەم! ها... لەمە زێتر چیم بۆ دەکرێ، ئەی وا نیە... دەجارێک روو لە راستی وەرمەچەرخێنە، خۆ لە دین وەرگەڕان نیە، خۆ دوگرد سووتاندن و تف لە مزگەوت کردن نیە. بۆ جارێک... تەنیا جارێک پشتی راستی بگرە. باشە بەرای تۆ چی بکەم ؟.. بزانم پۆری تۆ رەشە دەکرێ بێژم سپییە، خۆت بڵێ دەکرێ ؟! ئەگەر واشم گوت هەر خۆت درۆم لێ سپی دەکەیەوە، دووسێ جارانیش بە ئۆینەوە دەگرژیەوەو لە بنی لێوان گاڵتەم پێدەکەی...!

رابۆ رۆندکی لەچاوان قەتیس مابوو و بەردەوامیش داخاوت :

--ئەوە دنیایە کچم... دنیایە، تاسەر بۆ کەس نەبووەو بۆ کەسیش نابێ، تۆش رۆژێک دادێ یەکێک پێت بڵێ پیرێژن! دنیای بێ وەفا تاسەر بۆ چ کەسان نەماوەتەوە، زۆر کەسی لە خشتە بردووە، بەرزی کردۆتەوە... بەرزی کردۆتەوە... لە نکاوڕا شەقێکی تێهەڵداوە و لە عەردی غارێی بردۆتە خوارەوە. ئەدی کچم... مرۆ نەگۆڕێ چاکە، خۆ بەزل زانین تەنیا بۆ خوا باشە، سەرداری سەرداران، گەورەی گەورۆنان. لەو زێتر ئەوەی خۆی بەزل بزانێ کەراتیە، کەراتیەکە ئەمان کەراتی. ئەدی کچم، کچی خۆم، من هەرچی دەبێم تۆ بە بەرەواژووی لێکدەدەیتەوە، خۆت وەرە شوێنی من بزانم چیدەکەی! نەبوونی

شوورەیی نیە کچی خۆم... هیچ شورەیی نیە. ئەوەی بە شوورەیی تێبگا کەرە، کەرەکە ئەمان کەر! بە چوار پێیان هەڵدەپەڕێ... ئەدی کچی خۆم. بەدەست من نیە. هەر چەندەی هەوڵدەدەم، نەشێم دەست پان بکەمەوە! چی بکەم کچم...بە دەست خۆم نیە، فێری دەست پان کردنەوە نەبوویم، ناتوانم لەبەر کەس بناورێمەوە. ناتوانم... ئای، خۆ بە زۆری نیە، تەحۆش با بەمگێزی خۆی بکا، هەرچیدەکا بابیکا. هەر چۆنێکی بیر دەکاتەوە بابیر بکاتەوە. نە بۆ ئەو و نە لەبەر باوکی ئەویش دەست پان ناکەمەوە!.

– ئەوە تۆ چی دەبێی ؟! چۆن بیردەکەیتەوە، کێ وای لەگەڵ ئاخاوتی! کێ بە تۆی گوتووە برۆ دەست پان بکەوەو لەبەر خەڵکی بناورێوە. ها... کێ وای گوتووە، قەرز کەی دەست پان کردنەوەیە؟!

--زۆران بۆ کەمان مەبێ کەژێ، با زارمان لەیەکتر سپی نەبێتەوە، خۆشت بە هیچ کڵۆجێکماندوو مەکە، نەسەری من بیەشێنەو نە هی خۆت، هۆمەر چۆن کوڕی منە ئاواش مێردی تۆیە .

--من هیچم نەگوتووە، تۆ تەنیا مۆڵەتم بدە باخێوم، ئەوجا تۆ بپەیوەو هەر چیت گەرەکە بیڵێ .!

کەژێ زانی رابۆ کزگری لەهەوکێ ماوەو لەسەر کەلی گریانییە، بێدەنگک بوو، وای بە دروست زانی چیتر نەپەیوی. ماوەیەک بوو هەستی دەکرد رابۆ گۆڕاوە، بەنا وساڵ کەوتووەو کەم ئاوەز بووە، بزوتنەوە و شێوازی پەیوین و هەڵسان و دانیشتنی هەموو ئەمەیان دەسەلماند. بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەکو ئەو، کە نیوەی تەمەنی زێتری

لەگەڵ ساڵحۆکی باوکی بەسەر برد بوو. بۆیە هەرکە رابۆ زاری ببزواندبووایە دەیزانی چی دەڵێ، هەرگیز و هەرگیزیش لێی نەدەئەنری. بگرە کێهە دەمەی لە هەموو دەمان رەقتر گلی لەگەڵ دەکرد. ئەو زێتر بەزەیی پیادەهاتەوە، لە ناخەوە بۆی دەسوتا، دەیزانی چۆن ژیاوەو ئەو تەمەنەی بە چ دەردەسەریەک بەسەر بردووە. تاڵی و سوێری هێند هێند دیبوو مەگەر هەر خوا بە خوایەتی خۆی بزانێ! مێژووی ژیانی لە رابۆ خۆی چاتر دەزانی، ئەو ناخۆشی و ئاستەنگ و دەردە سەریانەی ئەو لە ژیانی دیبووی، هەر کەسێکی تر بووایە خۆی لەبەر رانەدەگرت، بە زوویی... یا ماڵئاوایی لە ژیان دەکرد، بارگەو بنەی دەپێچایەوەو بەرەو جیهانی ئەو دیو شۆڕ دەبووەوە. یاخود دەشت و چۆڵستانی دەگرتە بەرو دەبووە هاودەم و هاوڕێی خێو ئەجندان !.

رابۆ هێشتا جوان و جحێڵ بوو، کە وێسفی مێردی بەو دەردەچوو. راستە رەزو باخیان هەبوو> دەست کورت و نەبووە نەبوون. وەلێ رەزوباخیش پەرای گەرەک بوو، کەسێکی دەویست بەدوایەوە بێ. لەو دەمەدا هۆمەریشی لەگەڵ خۆی خستە بن نیری رۆژگار ولێپرسراویەتی ماڵێکی گەورەو گرانی خستە ئەستۆ!.

لەگەڵ هاتنی ناوی هۆمەر موچڕکێکی تژی خەم و تژی ئەوین سەرتاپای گیانی هێنایە هەژان، رۆژانی رابردوو، وەک ئەوەی هەنوکە روویدابێ ئیوهای هاتەوە بەرچاو. بە پانە دزێ و بەترسەوە، هەتاوەکونێ بووارێکی وەردەگرت و دووگلی بەدڵێ خۆی لەگەڵ دەکرد، بەرد شەقی دەبرد. ئەگەر چی زۆریان یەکتر دەبینی، وەڵی هەرکە لێی جوێ دەبووەوە، وەک ئەوەی ماوەیەکی دورو درێژ بێ نەیدیبێ دڵی

دەستی بە لێدان دەکرد، چونکێ هەر دوای ئەو دووگلیە ژوانیان دەبەست و لەو چیاو چۆڵە، بە کامی دلێ خۆیان لە سایەی دارێک دادەنیشتن. هەستیان بە سەربەستیەک دەکرد، هەرچەندەی لە چیای شیرینی بەرز رادەمان، هێندە زێتر هەنیەیان بەرزدەبووەوە، بە مگێزی خۆیان دەپەیوین و بەدڵی خۆیان دەجولانەوە. ئای رۆژانێکی پڕ شادی و بەختەوەری بوو، هەرچەندەی لە چیای شیرینێ رادەما، زێتر مەست و خومار دەبوو، وای هەست دەکرد، کە ئەو چیایە بیرێکی مێرانەو خۆرتانەیان لە مەژی دەگورێنێ!. جارێکیان لە ناو گوندی بەتەک هۆمەر داچوو، بە تیلە چاوێک سەیری کردو بۆی گرژیەوە. هۆمەر پستەیەکی لێوە هات، هەرچەندە باش گوێی لە وشەکان نەبوو، بەڵام لە مەبەستەکەی گەیشت، لە دورٍ دڵی گراوەکەی گەیشت!. بۆیە دوای فراوین، بە نیازی چوونە داران لە ماڵی وەدەرکەوت، جێ ژوان خۆت بگرە هاتم.!

هەرکە دانیشتن هۆمەر پێی گوت:

–ببوورە..نەمتوانی پەیڤەکان بەڕێکی دەربڕم، بۆیە ترسام تێنەگەیشتبی!.

–چۆن وا دەبێی هۆمەر، گراوی خۆم، هێندە بەسە چاوەکانت ببینم، دەزانم چیت لە دڵ دایەو گەرەکتە چبێژی. ئەی چۆن نازانم هۆمەر، هێ هێی.. گوایا گراو ئەویندارى خۆم نی ؟! ئەگەر من هەست بەو شتانە نەکەم کێ هەستی پێدەکا!؟

––کەژێ، کەژیلەی خۆم، جوانکیلەکەی بەر دڵێ من، خۆتۆ مارەبڕی خۆمی، هیچ شوورەیی نیە، کارێکی خەوش و نابەجێ نیە ئەگەر لەناو

ئاوایش لەگەڵت باخێوم، ئەو روخسارە گەش و جوانەت، ئەو کوڵمە نەرم و خڕە،. حەڵاڵی نیگاکانی منن و حەرامی خەڵکین، کە خوا تۆی گوراند منی دیبوو !

رابۆ هەر منجەی دەهات و لەبەر خۆی دەدوا :

–ئا... باش ئاگام لێیە گۆڕاوی، گۆڕاوی و زیاتریش! بەڵانەکونێ قەینا، بگۆڕێی و نەگۆڕێی بەمن چ ؟! تۆزقالێک کارم لێناکا، ئەمڕۆ ژیان لێرە وای لێهاتووە، هەرکەس بۆ خۆی دەژی، چۆنی گەرەک بێ ئاوا دەژی. جا ئەوە بەرژەوەندی، یاخود زیانی خەڵکی تیابێ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە خۆی لەگەڵ دەوروبەر بگونجێنێ و خەڵکی بە پیتۆڵ و زانای تێبگەن! منیش بۆخۆم دەژیم، ئای... گەرەکمە بۆ خۆم بژیم، چێژ لەو ژیانە وەرگرم، هەمووی پێنج ودوو رۆژێکم ماوە، با چێژ لەو ژیانە وەرگرم.!

کەژێ بەنازێکەوە خۆی لەبەردەستی هۆمەر راپچڕاند:

–بۆ هەڵە بووم، هۆمەرەکەم، بۆ هەڵە بووم، گوایا تۆ منت خۆش گەرەک نیە، ئەوە چی دەبێی !؟ وێدەچی شتێک رویدابێ، زمان رەشێک غەلغەلەی خستبێتە دڵتەوە، یاخود لەبن گوێیان خوێندبی و تیخ تیخەیان دابی !.

–نا گیانە... نا، نا کەژیلەکەم...نا. مەبەستم ئەوە نیە، وا رێکەوت ئێمە دڵمان بەیەک چوو، خوای ئەوین خۆی لە دڵی هەردووکمان پەستا،

تیری ئەوین دڵی هەردووکی ئەنگاوتین، خۆ هەموو خەڵکی وانابن!. دەزانی چەند کارەساتی ناخۆش و دڵتەزێن لە ئەنجامی ئەوە رویداوە!؟

رابۆ درێژەی پێدەداو نەیدەبڕیەوە، کەژێش لەو دەمەدا جەڕنەگەی لە وردە ئەندێشان گرتبوو و وازی نەدەهێنا!. ئەگەرچی یادەکان وەک مووس جگەریان دەبڕی، هەستی بە خۆشیەک دەکرد، شادیەک ئاوێزانی دڵە تڕی کۆڤانەکەی دەبوو. خۆشی سەری لەمە سورڕمابوو. سۆنگە و ئەگەرەکەی نەدەزانی، نەیدەزانی چ هێزێکە لە نێو ئەو هەموو ئازارو ژانە تیرۆژکی شادی بۆ دەروونی بەڕێدەکا !

رابۆ دەیگوت :

--نا بە خوای... نا... من مەرگ و چوونە نێو گۆڕم لەدەست پان کردنەوە پێ باشترە، سەد کەرەت بە پیاوانە تری دەزانم !. کەی شتی وام کردووە، ئێمە خۆمان نان بدەبووینەو ئاور لەدیوەخانەکەمان هەرگیز نەکوژاوەتەوە، کەس لەو دەڤەرە نەبوو نان و نمەکی ئێمەی نەکردبێ. هەنوکەش دەست لەبەر ناکەس بەچان پان بکەمەوە! من مەرگ و چوونە نێو گۆڕم لەکن باشترە، خاترجەمم بۆ کن هەریەکێک بچم بەرایێ تەزرەکوتم دەکا، پاشانیش زاری لێکدەکاتەوەو دەفەرموێ :

-کوڕەکەتان بۆ دەگەڵ ئەوانە کەوتووە، گوایا نازانێ ئەوانە کلکی داگیرکەرانن، بەکرێگیراون و خۆیان فرۆتوە. بۆ لەگەڵ ئەوانە کەوتووە، گوایا نازانێ ئەوانە ئیوهانە، باشتر وابوو ئەو جلەشی پیس نەکردبووایە!. زۆریش باشتر بوو، باشتر بوو دەستی لەگەڵ دوژمنان

تێکەڵ کردبووایە، چەکی بۆ ئەوانە هەڵنەگرتبووایە، دەزانم زۆر شتی تریشم پێدەڵێن ئەوجا هەر نەچم باشترە! .

کەژێ تاوێ بوو گوێی رادێرابوو. بە شێلگیریەکەوە گوتی:

-کێ وا دەڵێ ؟! دڵنیام لە تۆ زیاتر کەس بەو لە گوینە بیر ناکاتەوە!.

-چۆن وا بیر ناکەنەوە، گوایا من لە شارێکی ترو لە وڵاتێکی تر دەژیم ؟! دەبڕۆ کچم بڕۆ، خۆم دەزانم دنیا چ باسە، سەد جارانم بەم گوێیانە گوێ لە پلارو توانجان بووە، پلارو توانجی وا بۆنی خوێنی لێبێ! زۆر جاران لە دڵی خۆم دەڵێم تۆ بڵێی ئەوانە راست نەبن ؟! وەلێ هەر زوو پەژیوان دەبمەوە، چونکێ دڵنیام هۆمەرەکەی من چووە تۆڵەی وارەکەی بکاتەوە، تۆڵەی گوندە جوانەکەی بکاتەوە، کە لەبەر زەقەی چاوانی ئاوریان تێبەردا!.

کەژێ خێرا گلیەکانی قوت کرد، بۆ ئەوەی چیتر درێژەی پێنەداو زیاتر زامداری نەکا :

--هەموو پەنجەی دەست وەکو یەک نیە، خوا هەرکەس بە گوێرەی بەشی خۆی مەژی داوەتێ. ئەدی، خۆ هەموو پەنجەکانی دەست وەکو یەک نین!

-دەووس بە...وس، توو ئەوخوایە ئەگەر بێدەنگ نەبی، ئەو گلیە قۆڕانە چییە دەکەی، وەکو یەکن و زیاتریش! ئەوەی دەبێ وەکو یەک نین درۆ دەکا، درۆیەکی گەورەوگران دەکا!. دوژمن هەر دوژمنە، ئەگەر گەورە بێ وئەگەر بچووک، پەنجەش خۆ هەر پێی دەبێن پەنجە، کوشتن هەر

کوشتنە، تۆ هەر دەمری ئەگەر بە چەقۆ بێ، ئەگەر بە نارنجۆک، ئەگەر بە ناپاڵم، ئەگەر بە بۆن بێ، گرنگ ئەوەیە تۆ هەر دەمری .!

رابۆ وا دیاربوو زۆری مابوو بیڵێ، بەڵام کاتێک کەژێی بینی خۆی بە بێوار مژوول کردبوو، بێدەنگ بوو، تاوێ بێدەنگ بوو پاشان تورەییەک ناخی گرتەوە، هەستی کرد خەریکە بخنکێ، نەیتوانی زێتر بێدەنگ بێ، لە هەمان کاتیشدا نەیویست بدوێ! لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا حەپەسا، نەیزانی چی بکا، بە گرانابیەکەوە هەڵسایەوەو چووە دەرەوە! .

دنیا ئەنگۆرە بوو، خەریک بوو وردە وردە تاریکتر دەبوو، لەگەڵ ئەویشدا ئەستێرەکان زێتر وەدیار دەکەوتن و جوانتر دەبریسکانەوە، وەک ئەوەی بیانەوێ زووتر خۆیان بگەیەننە دیدەی ئەوانەی سەیریان دەکردن! بەبێئەوەی گوێ بدەنە باری ئەو چاوانەو بزانن چی تیایە، چ شادیەکی مەزن خۆیان تیا ئاخنیوە، یاخود چ دنیایەک رۆندکی تیا قەتیس ماوە!

بایەکی فێنکی دەهات، ئەگەر چی گەرماییەکەی نیوەڕۆی هێشتا هەر پێوە مابوو، وەلێ ئەوە وای نەکرد بوو فێنکاییەکەی بە ئاشکرا پێوە دیارنەمێنێ! .

تاوێ وەستاو لە ئاسمان راما، پشتی کووڕ ببووەوەو سەر بڵندکردنەکەی لە کن ئەرکێکی گران بوو، بۆیە سەری دانەواندو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دەرگای حەوشەکەی کردەوەو سەرێکی بە کۆڵانەکە داگرت، کشتومات بوو. لەبەر دەرگای هاوسێیەکەیان پشیلەیەکی رەش خەریک بوو لەنێو تەنەکە زبڵەکەی بەردەرگا دەگەڕا،

ئەگەرچی باش ڕەنگەکەی لێک نەکردەوە. نەیزانی بۆر بوو یاخود رەش، وەلێ زانی لەڕولاواز و بنێس بوو. پشیلەکە لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکە سەری بەرز کردەوەو تەماشای کرد، کە دڵنیا بوو هیچ نیە، دەستی کردەوە بە پشکنینی خۆی!.

به نەرمی دەرگاکەی داخستەوەو سەر لە نوێ بەرامبەر کەژێ رونیشتەوە، تاوێ داما :

–باشە کچم کەژێ، لە وانەیە پیری مەژی منی بێهێز کردبێ، تۆزێ کەم ئاوەز بووبم و لەم رۆژگارە تێنەگەم، خۆ تۆ هێشتا گەنجی، لە هەڕەتی لاویدای و سەرت لەم دنیایە دەردەچێ، دەتوانی بە دروستی بیربکەیتەوە، بلێ چی بکەین باشە، بەڕای تۆ چی بکەین!؟ ئەگەر هۆمەرۆک شتێکی بەسەر هاتبێ من چیدەکەم. قوڕی کوێ دەکەم بەسەرما !... ها. من چیدەکەم، خاترجەم بە ناتوانم چیتر بژیم، هۆمەر بینایی منە و دنیای روونی پێدەبینم، هێز وشنگی بازوومەو بە هۆی ئەوەوە ماوم. کچم کەژێ، چیتر بەرگە ناگرم، چیتر ناتوانم فێڵ لە خۆم بکەم، ئەگەر هۆمەرۆک شتێکی بەسەر هاتبێ، پشتی ئەو ژیانم ناوێ لە دوای ئەو چرکەیەک چییە ناژیم، بێژە چی بکەین باشە، بە رای تۆ قەرزدەست پانکردنەوە نیە، مردن نیە؟!

دەتگوت ئەو پەیڤانەی رابۆ ترسێکی لە دڵ گوراندبوو، بۆیە نەیزانی چ وەرامێکی بداتەوە، بە زۆری زاری لێکترازاند :

–دەست پانکردنەوەی چی، مرۆڤ چۆن دەتوانی بێی یەکتر بژی، نا... هەرگیز ناتوانێ، مرۆڤەکان پێویستیان بە یەکتر هەردەبێ، ئیمڕۆ لەمانەو

بەیانی لەوانەی تر، پێویستیان بە یەکتر هەردەبێ، قەرز هەر هەبووەو هەر دەبێ، وەکو دەبینی قەرز دوو ماڵان ئاوەدان دەکاتەوە!. هەنوکە واز لەم باسە بێنە، بڕۆ سەر جێگاکەت و بخەوە، بۆ بەیانی خوا کەریمە!. جاری بڕۆ بخەوە، مەژیت ماندووەو زێتری ماندوومەکە، بڕۆ پشووێک بدەو نەختێک بحەسێوە، بۆ بەیانی خوا کەریمە، قاتی خوا هەموو دەرگایەک لە بەندەی خۆی داناخا، ئەویش چاوی هەیەو دەبینێ، وردو درشت...ئاشکراو پەنهان، ئەوەی بزرو شاراوەیە ئەو دەبینێ، بڕۆ بنووە..بڕۆ بەتەمای ئەو!

–هم... هم... بڕۆ بنووە، چۆن بنووم، چاوی یەکێکی وەکو من چۆن دەچێتە خەو! تۆ وا دەزانی کارەکە هێندە ئاسانە، بڕازێم و تەواو... نا کەژێ...نا بەو خوایەی خوایەتی دەکاو لەبان سەرانەوەیە، ئەگەر بڕازێم ئەوا بێ هیچ گومانێک دەبێ تابەیانی لە نێو جێگاکەی خۆم گینگڵ بدەم!

–واز لە بیرکردنەوە بێنە، خوا کەریمە، هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ. بەیانی دەچمە کن دایکی خولەی، خوا هەڵناگرێ هاوسێی چاکن، قەت وێناچێ دەست بە روومەوە بنێ و داوام رەتبکاتەوە، من دەیناسم، بەڵێنیشی پێدەدەم، کە هەر چەندێکم بداتێ بە ماوەیەکی کورت بۆی بگەڕێنمەوە، بڕۆ بنووە تا بەیانی خوا کەریمە!.

رابۆ ماوەیەک لە ئادگاری بووکەکەی ورد بووەوە، پاشان بە کڕی لەسەر جێگاکەی راکشا، سەیری ساپیتەی ژوورەکەی کرد:

–بەشی ئێمە هەروایە، خوایە شوکور، خوایە شوکرم بە بەشت!.

–خوایە شوکرم...شوکرم بە بەشت، بەم ئاوارەیی و ماڵوێرانیەش هەر شوکورم، بەم بەلەنگازی و کۆست کەوتنەش هەر شوکورم. لەوەتەی بەبیرم دێ بە ئاسوودەیی سەرم نەخستۆتە سەر سەرین، هەناسەیەکم بە دڵنیایی هەڵنەمژیوە !.

لە دڵی خۆی ئەمەی گوت و بە بێزاریەکەوە پێڵوەکانی لێکنا، بەرلەوەی بەری خۆی لە لاکەی تر بکا، سەیرێکی کەژێی کرد، ئەگەرچی لەو وردە نیگایە هیچ مەبەستێکی نەبوو، وەلێ کەژێی بە شێوەیەکی سەیرو نائاسایی هاتە بەرچاو! ئەگەر جاران بووایە لەوانە بوو لێی هاتبووایە دەنگ، کە چی لەزگی خۆی ناو بە هەندی هەڵنەگرت!

ژوورەکە لەو دەمەدا بە ژووری یەکێک لە قەلەندەرخانەکان دەچوو، بۆن ساردی و بۆنی نامۆییەکی لێدەهات!

بێوار لەکن دایکی نوستبوو، هەڵسایەوەو ماوەیەک بە حەپەساوی لە جێگەی خۆی دانیشت، بە چاوی خەواڵووەوە لەدەوروبەری خۆی راما، بەدەم باوێشک دانەوە هەڵسایەوەو چوە کن داپیری. لە تەکی راکشا و خۆی لە هەمێزی مات کرد، ئەویش وەک ئەوەی بزانێ لە دەرو دیوەخانان  چ باسە، روخساری تۆزی نیگەرانیەکی گرتبوو! رابۆ زێتر لە خۆی نزیک کردەوە و گەرمتر بە خۆیەوەی نوساند، ئەویش وەک ئەوەی لەسەرمایەکی سەخت و تووش، پەسیوگەیەکی گەرمی دۆزیبێتەوە، خۆی مات کرد. سەری وا بەدڵی داپیریەوە نابوو، دەتگوت گەرەکیەتی ترپەکانی دڵی بژمێرێ، یاخود گوێ بۆ ئاوازی ئەو ژان و

ئازارە رادێرێ، کە لەو دەمەدا گیانی رابۆی گەرم داهێنابوو. بێوار بووە ئەگەرێک بۆ ئەوەی برینی هۆمەر لە دڵی رابۆ خوێنی لێبتکێتەوە، بۆیە فنەیەکی لێوەهات و لەبەر خۆی گوتی:

--دەبێ هەنوکە لە کوێ بێ، لە کام پەنا بەرد راکشابێ، لەو هەراو هۆریایە کێ دەڵێ ماوە، لەوانەیە لە پەسیوێ کوژرابێ و کەسیشی بەسەرەوە نەچووبێ!. بۆ نابێ ؟ چەندین شتی لەو بابەتەمان ژنەوتووە. گەمژە و نەزان زۆرن، چەندین شتی وامان بەچاوی خۆمان دیوە... ئۆی رابەکە ... ئۆی، زمانت چەند رەشە، تووخوا ئەگەر بیری وا بەد بکەیتەوە، چۆن دڵت دێ رێگە بەو شتانە بدەی بە مەژیت گوزەر بکەن!. بەڵانەکونێ بۆ؟ بینابیم دایێ...خۆ هۆمەریش مرۆڤە، ئەویش وەک چەندین رۆڵەی ئەو خاکە لە دایک بووە، لەوانەیە وەک چەندیشیان بکوژرێ! ئەی بۆ نا ...خۆ ئەویش مرۆڤە. بینابیت دایێ رابۆ وەکو داهات، لە دارەتی دنیایێ ئەوەت گومان دەبرد ئەویش شتێکی بەسەر هاتبێ، قوڕی کام شوێن دەخەیتە سەرت. وای هۆمەر.. وای.. کوڕی خۆم وای...جگەر گۆشەکەم وای... دەبێ هەنوکە لە کوێ بی؟!

* * *

چەند کەسانێک پشتیان دابووە دیوارو بەرانبەر یەک رونیشتبوون، هەموو وەکو یەک ماندوو، رەنگ بزرکاو بوون. تاو نا تاوێ یەکێکیان چەند وشەیەکی دەردەبڕی، پاشان وەک ئەوەی بڕیەی مانگرتنیان دابێ، خڕ بێدەنگ دەبوون. یەکێکیان گوتی :

–تووشی چی بووین...! بۆ چی هاتین، بۆ چی خۆمان سەرگەردان و ماڵوێران کردو تووشی چی بووین!. ئێوە سەیرکەن، ئێمە هەموومان بە کۆمەڵێک بڕواوە، بە کۆمەلێک خەون و خۆزگەوە، خەو خۆراکمان لەخۆ حەرام کردوە. هەموو بۆ یەک ئاوات، بۆ یەک مەبەست و مەرام لەو چیایانە گیرساوینەتەوە. شەو رۆژ لەیەک گرێدەدەین، بەبێئەوەی یەکێک ماندوویی و وەڕەزی خۆی دەربڕێ، بگرە هەموو خۆشحاڵ و بەختەوەرین بەو گوریانەی دەیدەین و ئامادەینە هەموو شتێک بکەین بۆ ئەوەی لەبن نیری زۆرداران رزگارمان بێ!. ئێمە هەموومان بە مەبەستی وەدەست هێنانی سەربەستی و سەرفرازی هاتووینەتە دەرەوە، سەیرکەن تووشی چی بووین وچۆن بەم براکوژیە قڕانمان خستە نێو یەک، ئێوە سەیرکەن تووشی چی بووین، لەوە سەیرتر هەیە ئێمە دیلی بەردەستی برای خۆمان بین، کە یەک ئاوات و یەک خۆزگە و یەک ئامانجمان هەیە، ئێمە دیل و ئەوانیش وەک دوژمنێکی راستەقینە و باوەکوشتە سەیرمان بکەن، وەک ئەوەی ئێمە ئاوا خاکمان داگیرو پارچە پارچە کردبن، تووخوا خۆتان بێژن لەمە سەیرتر هەیە ؟ !

یەکێکی تر گوتی :

–ناواخنی پەتایەکە لێرەیە، ترسەکە خۆی لەو قاوغە شاردۆتەوە، دوژمنی راستەقینە خۆی گوم کردووە، وای کردووە تەنیا چڕنوک هاوێشتن و گازگرتنی تایبەت بێ مژولمان بکا، ئەویش ئەوەی گەرەکیەتی ئەنجامی بدات. هەموو شێوازێک بگرێتە بەر بۆ زێتر خۆشکردنی ئاگرەکەو قووڵکردنی دوو بەرەکیەکە، برایەتیان لەنێوان بسڕێتەوە و وابکا دەست لەبینەقاقای یەک بنێین، وەکو ناومانە !.

ئەوان بەو لە گوینە داخاوتن و هۆمەر بەکزی سەری بە ئەژنۆی کرد بوو، گوێی رادێرابوو،  لەگەڵ ئەو وشانە دەنگی شێرکۆی لە گوێ دەزرنگایەوە :

–برام هۆمەر... من خێزانێکی زگ دڕاو و رەش و رووتم بە جێهێشتوە، خێزانێکی وا،  کە گاور بە گاوراتی خۆی بیدینێ بەزەیی پیا دێتەوە. هەر بۆ ئەوەی خەبات بکەم، هەوڵبدەم بۆ وەدیهێنانی ئاواتی گەلەکەم، هەر بۆ ئەوەی وابکەم برسییەکانی ئەم کوردستانە تێر ببن، زارۆیەکان چیتر لە ژاندارم و چەکدار نەترسن!. بۆ ئەوەی دایکان چیتر تیتک نەڕننەوە، ئەو وڵاتە بڕازێتەوە و ببێتە پارچەیەک لە بەهەشت، هاتووم بۆ ئەوە خەبات بکەم، تۆو هەزارانی وەکو تۆ بگەڕێنەوە گوندو واری خۆیان. بگەڕێنەوەو راژەی رەزو باخەکانیان بکەن، من بۆ ئەمانەو زۆری تری ئیوها هاتووم. کەچی دەبینم....! ئاخ هۆمەر... برایەکەی خۆم، کەچی دەبینم کار بە شێوەیەکی تر دەڕوا و بە تەواوی بەرەواژوو بۆتەوە!. گەرەکیانە لوولەی تفەنگ لە تۆ بکەم.. گەرەکیانە...

بیری لەو گلیانەی شێرکۆ دەکرەوە، لەگەڵیدا سەری بادەداو چاوی تژی رۆندک ببوو، نەیدەزانی شێرکۆ چی بەسەر هاتووە! هێندێک شتی دەربارەی بیستبوو، بەڵام باوەڕی نەدەکرد، یاخود نەیدەویست باوەڕ بکا، چونکێ زۆربەی هەواڵەکان وایان دەگەیاند، کە کوژراوە، هێندێکیش دەیانگوت نەخێر، گەڕاوەتەوە شارو خۆی تەسلیم کردۆتەوە! بەم دواییە ئەو راستییەی بۆی دەرکەوت، ئەمە بوو:

دوای ئەوەی شەڕی براکوژی پەرەی سەندو دوژمنی راستەقینە لە بیرکرا. شێرکۆ دڵی سارد بووەوە، چەکی داناو لەیەکێ لە گوندەکان بەبێلایەنی دانیشت، رۆژێکیان دایکە پیرەکەی دێتە سەردانی، لەو دەمەدا هێزێکی بەرەی دووەم دەگاتە گوندی، چەند برِو بیانگەیەکی پێدەگرن. هەرچەندە پاکانەی خۆی دەکا، مفای نابێ ولەبەرچاوی دایکی دەیکوژن، دایکیشی هەر ئەودەمە تەرمەکەی لە چارشێوەکەی لوول دەداو دەیباتەوە شاری! .

نەیدەویست باوەڕ بەو هەواڵانە بکا، لەکاتێکدا دڵنیابوو هەواڵەکە راست و بێ ئەولاو ئیملا بوو! .

ئەوانەی دیکە خەریکی ئاخاوتنی خۆیان بوون:

–لەوەتەی خۆمانم دیوە هەر ئاوا بووین، لە کاتی ئاوا ناسکدا تەلی کەرایەتیمان لێدەدا، زێتر لە نۆزدە ساڵە لە نێو ئەو هەرایەدام، خەریک دەبێ بگەینە ترۆپک دەست بە کەرایەتی دەکەین، ئەمە راستەقینەیەو هەر هەموویم بەم چاوانە دیوە، بەڵێ...ئەوە پێی دەبێن راستەقینە، نە لە کەسم بیەو نەهیچ، خرِم بەو چاوانە دیوە، هەروەک چۆن باوک و باپیریشم دەیانگێڕایەوەو بە چاوی خۆیان دیبوویان !.

–بە راستی گەلێکی خۆخۆرو ناپەسەندین، کەس لەگەڵ کەس ساغ نەماوە، هەرچیەک بۆ ئەو میللەتە بکەی بێسوودە، تۆ بۆی هەوڵدەدەی ئەو لە دواوە سەرەنیزەت بۆ رەوان دەکا!. خاترجەم بن ئەگەر هەروا بمێنینەوە تامردن ناگەینە ئاوات، چۆن بە ئامانج دەگەین، خۆتان بێژن چۆن و بەچی دەگەینە ئامانج !؟ ئەو گەلە دەگاتە ئامانج، کە رۆڵەکانیان

یەکبگرن، هەمووی ببنە یەک، یەک دڵ، یەک گیان. ئەو گەلە دەگاتە ئامانج، کە دەروونیان پاک بێ، ئێمە چۆن دەگەینە ئامانج...ها، پێم ناڵێن چۆن دەگەینە ئامانج، ئێمە ئاوا خۆ خۆربین، بۆ چەند دینارێک داوو تەپکە بۆ برای خۆمان بنێینەوە و بیدەینە دەست دوژمن!.

–هێجگار واش نین... بەو لە گوینەش ڕەشبین و بەرچاو تاریک مەبن. ئێمەش کوڕینە هیچمان لە خەڵکی کەمتر نیە، خوا ئێمەشی وەک هەموو بەندەکانی دیکە گوراندووە، قاتی ئێمەی لە جۆرە قوڕێکی جیا نەگوراندوە!

–بەسیەتی تووخوا...توانای گوێگرتنی ئەو قسە پڕوپوچانەم نەماوە! بانەختێ مێشکمان بحەسێتەوە، تاوێ بێدەنگ بن لەو خۆماندووکردنە بێسوودە باشترە، هەر نەبێ دەتوانین بە دروستی بیر بکەینەوە... هوشیارانە لەدەوروبەر رامێنین!

–ها... ها... های... تا بوواری ئەوەی هەبێ بە دروستی بیربکاتەوە!. بیر لە چیدەکەیتەوە؟ نابێژی بیر لە چیدەکەیتەوە...ها. با گاوێ لەگەڵ خۆمان راستگۆ بین، هۆو ئەگەری هەموو تێکەوتن و نوشوستیەکمان ئەوەیە هەرگیز نەمانتوانیوە راستەوخۆ لەگەڵ یەک باخێوین، لە دۆزەکە نەترسین و لەراستەقینە رانەکەین. ئەو ترسەمان لەرووبەڕووبوونەوەی راستەقینە تووشی زۆر تووڵە رێی ئاستەنگ و پڕ قۆرتی کردووین. دەتووخوا بەسیەتی ...وا چاکترە بێدەنگ بن، من لە لای خۆمەوە توانای گوێگرتنی ئەو قەوانەم نەماوە!.

–ئەگەر راستیت گەرەکە هەموو سەر لێشێواوین، هەر چیدەکەین... نازانین چۆن بیر دەکەینەوە، نازانین چی بکەین و بڕیەی چی بدەین!. ئەگەرچی ئەو پەیوینەی ئێمە لە باوبژێک زێتر نیە، دە لەخۆڕامێنن، هیچ دوور مەڕۆن وهەنگاوتان سەر نەکا، بزانن چیتان بەسەر هاتووە، چۆن هەموو دیل و بن دەستی برای خۆمانین!. ئەوانەی ئێستا ئێمەیان ئێخسیر کردووە، نە ئێمە بە برای خۆمانیان دەزانین، نە ئەوانیش وەک برا رەفتارمان لەگەڵ دەکەن. دەسەیرکەن. ئەوە نە مێژووە بێژن بەدرۆ نووسراوەتەوەو نە چیرۆکیشە بێژن زادەی ئەندێشەو قسەی هەلەق وبەلەقە، شتەکە راستەقینەیەو لەبەر چاوی هەمووواندایە. لەوانەیە بەو شێوەیەش وازمان لێنەهێنن وبمانکوژن. ئا... چی تیایە.، مادامەکونێ شەڕ بەردەوامە ئەگەر زیانی زۆریان لێبکەوێ لە وانەیە بمانکوژن!

–نا بابە... چۆن وا دەبێ، قاتی کاری واناکەن، چۆن رێی تێدەچێ، دەزانی تۆ زۆر سەیر بیر دەکەیتەوە!؟

–بۆ سەیرە، بگرە ئەوپەڕی ئاساییە، ئێمە لەبەرچاوی ئەوان دوژمنین، دوژمنیش هەموو شتێکی لەگەڵ دەکرێ!

هۆمەر کاتێک بیری لە شێرکۆ دەکردەوە ئەو وشانە زیاتر لە گوێی دەزرنگایەوە. کوشتنی شێرکۆی بە گەورەترین و زەلامترین تاوان وپێ هەڵبڕین دەزانی. بۆیە هەر چەندەی هەوڵیدەدا نەیدەتوانی لە مەژی خۆی وەدەرنێ، نەیدەتوانی و... نەیدەتوانی! کوژرانی شێرکۆ بەم لەگوینە، ئاوا لەبەر زەقەی چاوانی دایکە پیرەکەی، کارێکی یەکجار ناهەمواری لێ کرد بوو. چونکێ ئەو چۆن شێرکۆی دەناسی دایکیشی

ئاوا، دەیزانی چەند دڵپاک و دڵسۆز بوو، مێروولەیەکی بە ناگزووری دیبووا دادەنیشت و هورِ هورِ بۆی دەگریا. وابە کوڵ دەگریا ئەگەر یەکی دۆزەکەی نەزانیبووایە، داخوا دەیگوت چی بووە. هیچ گومانی نەدەما، کە کۆستێکی گەورەی لێکەوتووە، یاخود هێوی وئاواتێکی گەورەی لە کیس چووە!. ئەو دەیزانی دایکی شێرکۆ بۆ شتێکی بچووک ئەو دکرەی دەکرد، دەبێ بۆ کورِە حۆشەویستەکەی چی بکا!؟.

لە دڵی خۆی دەیگوت:

--دەبێ هەنوکە بۆ شێرکۆ چی بکا، ئەو شێرکۆ ئازیزو خۆشەویستەی ئەو شێرکۆیەی پارچەیەکی جگەری بوو!

بیری دەهاتەوە، کە جارێکیان هاتبووە لای شێرکۆی کورِی، ئەو دەمە لایەنەکان هەمووی بەیەکەوە بوون وهێشتا کرمی برا کوژی بەجوڵە نەکەوتبوو، دەیگوت:

--کورِم شێرکۆ لێم ببوورە، نەمتوانی ئەوەی گەرەکم بوو بۆتی بێنم، حەزم دەکرد کورِە شیرینەکەم، وەلێ لەگەڵ نەبوونی چیدەکەی،ماڵی هەژاری و دەستکورتیم بەقورِ گرتبێ. باوەرِ بکە ماوەیەکە زگی خۆمانم گوشیوە، لە زاریبراکانتم گرتۆتەوە، هەتاوەکونێ توانیومە ئەو برِە شتەت بۆ بێنم !.

هۆمەر لەو گاوەدا ئەژنۆی خستبووە نێو هەردوو دەستی و خۆی کورژکردبووەوە، وا ئاوێتەو تێکەڵاوی ئەندێشەکانی ببوو، موچرِک لە دوای موچرِکی بەلەشدا دەهات. بەراوردێکی دەکرد لە نێوان دایکی

شێرکۆو دایکەکانی تر، کە هاتبوونە سەردانی کوڕەکانیان. زۆر ئایری بوون وجیاوازیەکی زۆریان لەنێوان بەدیدەکرا! جیاوازیەک وەکو مانگی چواردە تریفەی دەهاوێشت.

– کوڕم شێرکۆ. هەنوکە حاڵمان کەمێک باشتر بووە، من بوومەتە کارگوزار، برا بچووکەکەشت شت دەفرۆشێ و دەستگێری دەکا، هەرچۆنێک بێ شتێک بە شتێک دەکا!. دڵنیابە باشتریش دەبێ، ئەگەر ئێوە سەرکەون و بزوورنەوە، ئەو کاتە هەرچۆنێکی بێ تۆش دەستت کارێک دەگرێ. ئەدی کوڕی خۆم، ژیان هەر ئاوا بووەو ئاوا ڕۆیشتوە، وەکو دەڵێن کار تادەمرێ لە بن سەویان نابێ!

هۆمەر گریا، بێدەستی خۆی فرمێسکی لە چاو گلۆربووەوە. رابۆی دایکی هاتەوە یاد، بچمەکی هەر دەچوەوە سەر ئەو، وا دیار بوو رۆژگار پشتی ئەویشی چەماندبووەوە. خۆی وا دەهاتە بەرچاو، کە ئەویش کوژراوەو دایکی لە دیاری دانیشتوە، بەرچاوی تاریک بوو:

– دەبێ ئەوان ئێستا چی بکەن، بیر لە چی بکەنەوە، لەوانەیە وا بزانن منیش کوژراوم، ئا... لەوانەیە وابیربکەنەوە، سەدانی وەکو من کوژراون، سەدان بەچکە شێری ئازاو دوژمن شکێن بەدەستی یەکتر لەناوچوون! ئای، کە رۆژگارێکی رەشە، دەبێ ئەوان چۆن بن و چی بکەن ؟ لەوانەیە ئەوانیش لەبەر من گیرابن و لە کونجی زیندانێ ئاخنرابن، ئێمە لەو لایە بەچی خەریکین وئەوانیش چەند ئازایانە نەخشەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن!. بەڵێ...لەوانەیە گیرا بن و لەکونجی زیندانێ ئاخنرا بن. ئەگینا تا ئێستا هەر دیار دەبوون، بێ ئەگەر نیە تا ئێستا نەهاتوون.

خەڵکی هەموو سۆراخی خزم و خوێشی خۆیان کرد، بێ ئەگەر نیە ئەوان دیار نین، بێگومان شتێکیان بەسەر هاتووە، ئەگەر هەرشتێکیان بەسەر هاتبێ من شەرمەزاری دنیاوقیامەت دەبم!.

تاوێ داما:

–قەینا...هەر من تەنیا نیم، زۆرانی دیکەی وەکو من هەیە. هێندەی باشە مرۆڤ لە کاتی ئاوادا هاوەڵێکی هەر بۆ پەیدا دەبێ، کەسانێک هەر دەبن وەکو ئەو بن، ئەگەر لەو خەراوتر نەبن باشتر نەبن!، رۆژگارەکە ئاوایە، ئەگەر پیاو خەم لەم هەموو شتانە بخوا ئەوا دیماهی زوو دێ!. بەڵام کێ دەڵێ نەهاتوون، گەڕاون ومنیان نەدۆزیوەتەوە! ئەمەشیان ئاساییەو رێی تێدەچێ. گرنگ نیە، ئەگەر نەشهاتبن...گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ساغ و سەلامەت بن، چاویان لە دەست ناکەس بەچەو نامەردان نەبێ. خەو خۆراکم لەخۆم حەرام کرد هەر بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە گوندەکەمان، هەر بۆ ئەوەی ئەوان سەرفراز بژین و لەقون دەریان نەکەون ، کەچی....

* * *

رابۆ هەروەک خۆی دڵتەنگ بوو، لە نێو جێگاکەی گینگڵی دەداو خەو دەروەستی چاوەکانی نەدەهات:

–کچم کەژێ...ژیانەکەمان بێبایەخەو هیچ واتایەکی نەماوە، بێهێوی بووینەو نازانین بۆچی دەژین! تەماشاکە چیمان بەسەرهات، تەماشاکە... ئێمە، کە خودانی رەزو باخی خۆمان بووین، کاروانسەرای رێڤینگ و مێوانان بووین، کەس نەبوو لەو دەڤەرە نمەکی ئێمەی نەکردبێ!

تەماشاکە چیمان بەسەر هات، چۆن چاومان لە دەستی هەتیوچەو خوێڕیانە، چۆن چاومان لە دەستی زۆڵە پیاو و نامەردانە. ئەوانەی، کە دەهاتنە دیوەخانەکەمان و مێچکە مێچکەیان لەبەر دەکردین، کلکیان بۆ بادەداین، تەماشاکە چیمان بەسەر هات، چۆن کەوتینە بەردەستی هەتیوچەو نامەردان !.

–گوێ مەدەرێ، هەر باکیشت نەبێ، دنیا هەتا سەر بۆ کەس نامێنێ، کەس تەمەنی خۆی لە ئەستێران نەبەستۆنەوە. هەموو هەردەمرین، مادامەکونێ مردنیش برا گەورەیە گوێ مەدەرێ، هیچ گوێ مەدەرێ، خۆت دەبینی چیان بەسەردێ.، ئەگەر نەمری بەو چاوانەی خۆت دەبینی چیان بە سەردێ، ئەو کاتە دەبێی بە خوا راستت فەرموو کچم، چۆنت گوت...ئاوا... راست ودروست، کتومت وەک ئەوەی تۆ گوتت، ئاوا دەرچوو....بزانە دەبینی یا... نا، دەبزانە دەی!.

بێوار چاوەکانی زەق زەق بوون و تەماشای داپیرەی دەکرد، کە بە دەنگێکی نزم و نامۆییەکی دڵتەزێنەوە لێوەکانی دەبزواندو داخاوت، وا هەستی راگرتبوو دەتگوت بۆنی وشەکان دەکاو تێیان دەگا، سەرسامی وترسێک بە روخسارە پاک وخەواڵوەکەی ئەویشەوە لکابوو!.

رابۆ دەستێکی بە هەنیەی کوڕەزاکەی داهێناو ئەو چەند دڵۆپە جواناوەی سڕیەوە، کە وەکو ئاونگ کەوتبوون، زێتر بە خۆیەوەی نوساند. نەیدەزانی بۆ  لەودەمەدا لە هەموو کاتێک زێتر هەستی بە نامۆیی خۆیان دەکرد! گاوێ نیگاکانی لەسەر بێوار راگرت، وەک ئەوەی گەرەکی ژماردنی کەلە مووەکانی پرچی هەبێ، یاخود شتێکی بە نرخی

تیا دۆزیبێتەوە! نەختێ خۆی کێل کردەوە، هەنیشکی لە سەرینەکە چەقاند و وەک ئەستوندەیەک بۆ سەری راگرت. تادەهات رۆندک لە چاوی زیاتر گۆمی دەکرد، زۆر شتی سەیرو سەمەرەی دەهاتەوە بەرچاو. ئەوەی دەهاتەوە بەرچاو، کە چۆن بە ئارەزووی خۆی، بە کامی دڵی خۆی لە نێو رەزەکەیان دەخولایەوە، بە مگێزی خۆی هەوای پاکی هەڵدەمژی. ئەگەر تینووی بووایە لەسەر کانیەکە دادەنیشت، تا ئەژنۆی دەخستە نێو ئاوەکەو تەڕی دەکرد، پاشان چەند جاران ناو لەپی پڕ ئاو دەکردو بەسەر دەمی وەدەکرد. ئەو کاتەی بیر کەوتەوە، کە وێسفی مێردی تیا ناسی، ئەو کاتە لە هەڕەتی قۆزی و جوانیدا بوو! زۆربەی گەنجەکانی گوندی چاویان لێی بوو و لە دەورەی دەخولانەوە، کەچی ئەو وێسفی هەڵبژارد. خۆشی نەیدەزانی لە نێو ئەو هەموو گەنجە رێک و قۆزە چۆن ئەوی هەڵبژارد! گەلێ جاران واتێدەگەیشت چاو نەترسی ومێرخاسیەکەی بوو سەرنجی راکێشا، چونکێ ئەو کاتە مێر نەبوو چاوی لەبەر چاوی هەڵێنێ و دەنگی لە دەنگی هەڵبڕێ، لە چاوی شێری رامابووایە ناچاری دەکرد چاوی بەرداتەوە!. هەندێ جاری تر وای بۆ دەچوو جوانی و پتەویەکەی بوو سەرنجی راکێشابوو، وێسف مرۆیەکی بەوەج و رێک و پێک بوو. سەرباری هەموو ئەوانەش تا بلێی گران وسەنگین بوو، مەزن و ریش سپی گوندی شەرمیان لێدەکرد. زۆر جاری تر دەگەیشتە ئەو بڕوایە، کە کۆی خڕ ئەو شتانە بوو وای کرد وێسف لەناو هەمووان گوڵبژێر بکا!. رابۆ لەو کاتە ناسکەدا زۆر چرکەی تژی بەختەوەری ژیانی دەهاتەوە یاد. ئەو دەمانەی، کە بەرانبەری دادەنیشت و بۆی داخاوت، خەون و

خۆزگەکانی خۆی لە کن دەدرکاند. وای خەونی خۆش و گەورەی هەبوو، ئەگەر بەشێکی کەمی بهاتبووایە دی هەنوکە ئەوان لە بارێکی تر دەبوون .!

مرۆڤ ئەگەر چی خۆی بچووکە وەلێ خەونی گەورە دەبینێ، خەونی وا، کە لەوانەیە بەچەند پشتان نەیەتە دی، کەچی لە کنی هێند ئاسان و ئاسایی دەبێ، وا تێدەگا هەر، کە دەست درێژکا پەنجەی پێی دەکەوێ! وێسف وای دانابوو ئەگەر ئەو ساڵە بتوانێ بەری رەزەکەی لە کاتی خۆیدا هەمووی بگەیەنێتە شار، ئەوا زۆریان دێتە دەست، ئەوا ئەویش لەگەڵ خۆی دەباتە شار، هەرچەندە ئەو ئاواتەی تارادەیەک دور بوو. هەموو ساڵێ ئەوە بیرکردنەوەی ئەو بوو، کەچی رێگاوبان هێند ناخۆش بوو، هەتا بەکەرو باران بەروبومیان دەیانگەیاندە شار چەند باریان لێ رزی و بێکەلک دەبوو، چونکێ هەر هێندە بکەوێتە بەر ئیدی تەواو، ئەگەر...خۆت گورج نەکەی پێی راناگەی!.

برِیەی وابوو ئەویش لەگەڵ خۆی بباتە شار، لە هەر چوار لای شاری بگێرِێ وئەوەی دڵی بخوازێ بۆی بکرِێ، بە خۆشەویستیەوە پێی دەگوت:

–رابۆ دەستت مەگێرِەوە، ئەوەی دڵت خواستی داوای بکە، ئەی گوایە ئەو هەراو ماندوو بوونەی ئێمە بۆ چییە، ئەو جواناو رشتن و خۆکوشتنەمان لە پای چییە، ئەگەر بۆ خۆشی خۆمان نەبێ؟! ئەی نابێ ئێمەش وەکو خەڵکی بەکام و ئارەزووی خۆمان بژین!!.

ویسف گەلێ خەونی گەورەی هەبوو، وەلێ هەمووی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ، هیچ ئاواتێکی بچووکیشی نەهاتە دی! لەبەرئەوەی ئەو ساڵە خراو هات و تەقە دەستی پێکردەوە، ئەوانیش بە یاخی بوو و هەڵگەڕاوە ناویان براو ڕێگای شمەک بردنە شاریان لێ قەدەغەکرا.

لەو زیندە خەوەدا بوو لە پڕ ئەوەی بیرکەوتەوە، کە گوندەکەیان ڕاگوێزرایەوە، یاخود بە لە گوێنێکی تر گوندەکەیان ئاور تێبەردراو ئەوان دەربەدەر کران، ئەو دەردو ئازارەی لە تاراوگەی ژێری بینی، قۆرتێکی وای لە دڵ هەڵکەند، کە هەتا دنیا دنیایە لە یادی نەچێتەوە، ئەوان چیایی و زۆزانی بوون چۆن لە ئاران و گەرمەسێرێ دەحەوانەوە، لاشەی وان بۆنی بەفرو چلوورەی لێدەهات بەرگەی ئەو شێ وگەرمایەی چۆن دەگرت !.

زۆر شتی بە ئەندێشە داهات، دەتگوت هەمووی لە نێو پۆری بێوار حەشاردراوەو یەک بە یەک دەریاندەهێنێ، سەیری کەژێی کرد، هێندەی دیکە دڵتەنگ بوو، گەلێک بەزەیی پیاهاتەوە، ئەویش بەو گەنجیە وەک بێوەژن بوو، هەستی کرد خەریکە دڵی شەق بەرێ!. لە پڕ نووزەیەکی لێوەهات، بەرایێ دەنگەکە نزم و پەیڤەکانی بزرو نادیار بوون، تاوای لێهات هێدی هێدی تەمی سەری ڕوایەوەو ئاشکرا بوو، وەک خۆرێکی دەمەو گزنگ وردە وردە زێتر پڕشنگی بەدەرکەوت، پەیڤەکان بە تەواوی بە دیار کەوتن

لێ ... لێ ... لێ ... هەی لێ ... لێ ... لێ ...

وای لەمنێ...وەی لێ ...لێ، وای لەدنیــای بێ ئۆفــایێ ژیان ئەمەکی بۆ کەس نەبووە! .

گەلێ دڕندەی بەختیار کردووە، گەلێکیش پەری خستۆتە دۆزەخ

وەی لێ ... لێ ... لێ ... هەی لێ ... لێ ... لێ...

وەی لێ ... لێ لەمنێ ، وای لە دنیای بێ ئۆفایێ...

پڕ بەدڵ حەزی دەکرد سترانەکە زێتر بچڕێ، تا بە هۆیەوە هەموو ژان وخەمەکانی وەکو نوشتەیەکی کراوە بسووتێنێ وگیانی بەرەو جیهانێکی تر پەلەکێش بکا، جیهانێک نە پەڕاگەندەیی تیا بێ نەماڵوێرانی، نەکۆست کەوتنی تیا بێ نەدیلی وبن دەستی، نەکوشتن وبڕینی تیا بێ نەخاک داگیرکردن وراگوێزانەوە! بەڵانەکونێ نەیتوانی درێژە بە سترانەکەی بدات و زوو پەژیوان بووەوە، خۆشی لەمە سەرسام بوو ونەیزانی ئەگەرەکەی چی بوو. وای بۆ دەچوو، کە ئەو شتانەی لە دەروونی پەنگیان خواردۆتەوەو گەرەکیەتی دەریانبڕێ، وا بە ئاسانی دەرنابڕدرێ! ناگزوریەکەی هێندە گەورە وخەماوی بوو قاوغی هیچ ستران و پەیوینێک بە خۆوەی نەدەگرت، وا ئاویتەی ناخی خۆی ببوو. ئاگای لە خۆی بڕابوو فڕی بە دنیایێ نەمابوو، ئەگەر ماڵەکەت هەڵگێڕو وەرگێڕ کردبوا، پێ نەدەحەسیا. لەنکاوڕا گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگێکی یەکجار ناسک و باریک. دەنگێک هەر لە دەنگی فریشتەو پیاوچاکانی دەکرد، وێنەدەچوو ئەو دەنگە لە تیرەی مرۆیان هەبێ، گەلێ جاران بەرگوێی کەوتبوو، کە فریشتەش گۆرانی دەڵێن وئاهەنگ و بەزمی خۆش دەگێڕن، گۆیندەو دەنگ خۆشی بەرزیان تیایە، بەڵانەکونێ

هەرگیز گوێی لە دەنگی نەببوون. واش تێدەگەیشت، کە گۆرانی ئەوان مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چۆنەو چۆن دەگوترێ، ئەگینا ئەمە لە توانای بەندەی بێدەسەڵات وکەم ئاوەزدانەبوو!.

دەنگەکە وردە وردە نەرمتر لە گوێی دەزرنگایەوە، لەگەڵ ئەویش تەزووی سۆزێکی ناسک، بە شێنەیی و لەسەرەخۆ لە تەلی پەردەی هەستی دەدا، چەند جارێک خۆیلێک کێشایەوە باوێشکی هاتێ، هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەنەرمی پێڵوەکانی لێکنا.

(2)

لەنێو گوڵ و گوڵزارێک بوو نەسەری دیار بوو نەبن، بە گوێرەی ئاوەزو بیرکردنەوەی خۆی لە بەهەشت دەچوو، بەڵانەکونێ دڵنیا نەبوو کە هەوە... یان، هەرچەندە لای گرنگ نەبوو، کە هەو بێ ، یا... نا. ئەوەی جێگەی بایەخی ئەو بوو ئەوە بوو، ساتێکی خۆشی تیا بەسەر بەرێ، لە هەموو لایەک تاڤگە و قەڵبەزە بوو ئاورنگی لێبەرزدەبوەوە، دەوروبەر یەک پارچە سەوزایی بوو. مێلاقەو شلێرو گوڵە هێرۆو کولیکەنیسان، هەمووی بە یەکجار پەخشان ببوون و ئەو ناوەیان خەملاند بوو، بۆن و بەرامەیەکی وای دەهات مەلای دوازدە عیلمی سەرخۆش دەکرد!.

هەستی دەکرد گەنجیەتی گەڕاوەتەوە، لەش سووک و بەهێز بوو، وەکو منداڵ لەم سەر تا ئەو سەر رای دەکرد، پاشان بۆ تاوێک دەوەستا. زاری دادەخست و یەک بە کونە تفنکی هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا، چەند جارێک یەک لە دوای یەک ئەو کارەی دووبارە دەکردەوە. هەمدیس دەستی بە راکردن دەکردەوە، لە قەراغ جۆبارەکە رایدەکرد، بە قاچەکانی شڵپە شڵپی لە نێو ئاوەکە دەکرد، یاری لەگەڵ ماسیە وردەکان دەکردو بەدوایان دەکەوت، لە مامرە ئاویەکان رادەما چۆن جوجەڵەکانی بە دوایەوە قەتاریان بەستبوو، کە ماندو دەبوو بەدەم پێکەنینەوە دادەنیشت و لەسەر تریقەی پشتێ رادەکشا، سەیری

ئاسمانی دەکرد، تابڵێی شین و جوان بوو، وێسف لەبەرئەوە خەریکی دار بڕین بوو، قووڵ و مەچەکی توندو پتەو دیار بوو، تاو نا تاو بە گرژینەوەیەکەوە سەیری رابۆی دەکردو هاواری دەکرد:

–دانیشە رابە دانیشە...دەڵێی تێکچویی و بەکێوان کەوتوویی، دانیشە...بۆ واکەم ئاوەز بووی، وێدەچی فڕ هۆشت نەمابێ!

رابۆ عریت عریت پێدەکەنی وهێندەی دیکە گەرم دەبوو.

وێسف دەسکەکی وای بۆ بیورەکەی چێکردبوو، بە دروستی دەهاتە نێو دەستی و هێزی پیادەشکا، دارەکانی پەل پەل دەکردو بەڕێزەی دادەنا، ماوەیەکی زۆر بەو کارەی خەریک دەبوو، کە ماندوو دەبوو پشتی بە دارێک دەداو سەیری رابۆی دەکرد. دەگرژیەوە و لەبەرخۆی منجەی دەهات، پاشان دەنگی بەرز دەکردەوەو لاوکی دەچڕی. وێسف ئەگەر چی گۆیندە و ستران بێژنەبوو، وەلێ دەنگێکی تابڵێی بە سۆزو خۆشی هەبوو، سەرباری ئەوەش گەلێکی لاوک دەزانی، شارەزایی تەواویشی لە هەموویان هەبوو. رووداو بەسەرهاتەکانی یەک یەک و بەوردی دەزانی، دەیزانی بۆچی و بەچ ئەگەرێک گوتراوە، بگرە ناسیاویشی لەگەڵ هێندێک لەو کەسانە هەبوو، کە ببوونە هەوێن و لاوکیان بەسەر هەڵگوترا بوو، بۆیە کاتێ دەنگی هەڵدەبڕی و دەیچریکاند گاوری لە سێ دینانی دەتاواندەوە!.

پۆلە کەوێک لەسەر ترۆپکی چیای شیرنێ نیشتبوون، بە گەردەن بەرزیەوە سەیری دەوروبەریان دەکردو دەیانخوێند، وەک ئەوەی

ئەوانیش بەلاوکەکەی ویسف مەست بووبن و گەرەکیان بێ وەرامی بدەنەوە!.

هەرچەندە رۆژ بە تاقی ئاسمانەوە بوو، کپی وخامۆشیەکی وا لە ئارادا بوو بە ئاسانی دەنگی خوڕەی ئاو دەهات و تێکەڵ بە دەنگەکانی تر دەبوو. رابۆ دوای ئەوەی تەواو ماندوو بوو. لە تەک مێردەکەی دانیشت و بە بزەیەکەوە تێی راما:

--ژیان گەلێ خۆشە، خۆزگە ئاوا بەردەوام دەبوو. خۆزگە هەزار ساڵی تریش بەم لەگوینە دەژیاین، ئێرە وەک بەهەشت وایە. تۆ دەزانی ئەم کوردستانە بەهەشتە، ئەو مەل و باڵدارانەی لێرە هەیە هەمووی هی بەهەشتن! ئەی نابینی دەنگیان چەند خۆش و کاریگەرە، ئەی نابینی چەند جوان و ئەفسووناوین، ئەی ئەگەر کوردستان بەهەشت نەبێ بۆ هێندە جوانە، بۆ هێندە دڵگرە... بۆ هێندە ... ئەی وانیە ؟.

ویسف دەستی لەملی کرد:

–بێئاوەز مەبە... گوایا تازە دەزانی بەهەشتە! ئەگەر وابێ تۆ ئەو رابە نی، کە هەتاوەکو ئێستا من ناسیومە! بە گێل و بێئاوەزت سەیر دەکەم. چما بەو تەمەنە گەیشتووی نەتزانیوە، گوایا چیرۆک وداستانت هیچ گوێ لێنەبووە، قەت ئەو لاوک و سترانانەت نەبیە، کە بەسەرهاتی ئەو بەهەشتە...ئەو کوردستانەت بۆ دەگێڕنەوە، لێرە ژیابی هەرگیز ناگونجێ نەتژنەوتبێ! نەتزانیوە کاتی خۆی خوا بەدەستی خۆی پارچەیەکی لە بەهەشت دەرهێناوە و پێشکەش باپیرانی ئێمەی کردوە؟! پارچەیەک لەبەهەشت بە هەموو شتەوە، بەدارو بارەوە، بەزنەو

زەمەندو کانی و رووبارەوە، بە کەو و شالوول وسۆفیلکەو هەموو باڵندەکانەوە، لەدەست باپیری ئێمەی نا.. ئەدی رابۆ وشەی بەهەشتیش کەس نەیدەزانیٚ هەتاوەکونیٚ کوردستانیان نەبینی! ئەوسا وشەی بەهەشت کەوتە سەر زاران ودۆزرایەوە! تۆ باش لە ئەفسانەو داستان و ستranan وردبەوە، باش لە ئاوی سازگار رامێنیٚ، ئەو حەلە دەزانی لە کانیەکانی دوڕ بەهەشت سازگارترن! .

دوو شالوول سەریان بەیەک کردبوو و دەیانچریکاند، ئاواز وگۆرانیان لەم ناوە دەنگی دەدایەوە، بە جۆرێک لەگەڵ هەموو ئەو دەنگ و ئاوازانەدا دەگونجا، کە لەوناوەدا بەرز دەبووەوە.

--سەیرکە... سەیرکە. ئەو شالوولە دەبینی، ئەمەش کاتی خۆی لەگەڵ ئەو پارچە بەهەشتە هاتوە! سەیرکە...ئەوە راستی گلیەکانم بە دەردەخا. تۆ سەیرکە...

وێسف لەگەڵ ئەوە دەنگی نزم کردەوە، نوزەیەکی لێوەهات، کە بەرایٚ هیچی لیٚ تێنەگەیشت. وردە وردە دەنگەکەی روونتر بووەوە، تا وایلێهات بە ئاسانی زانی ئەوە بەسەرهاتی مەمی ئالآنی بۆ دەگێڕێتەوە!

رابۆ گوتی:

–بینابیم دایٚ زینی ماڵوێران، زینی بەدبەخت وخێر لە خۆ نەدیو، بە جوانی سەرت نایەوەو بە مرازی خۆت نەگەیشتی. بینایم دایٚ شازادەی کوردان بەری ئەو ئەوینە پاکەت نەنۆشی و سەرت نایەوە. تۆ وەک

پەپوولە ناسک بووی، بەرگەی ئەو ئەوینە پاکەت نەگرت وهەڵپڕوزکای، بینابیم دایێ شۆخە نازدارەکەی کوردان. دەککە بە گوری ئەو چاوە گەورە وجوانەت بم، کوردستانی ئێمە کوردستانی چاو جوانانە. تفوو بە کرۆکەی شۆفار، بەکرۆکەی بەدخوو، نەک جارەک هەزار جاران تفوو .

رابۆ ئەمەی دەگوت وێسفیش بەردەوام لاوکەکەی دەچڕی، کە دیماهی پێهێناو مەم وزینی بە خاکی کوردستان سپارد. دڵۆپە ڕۆندکی لە چاوان دەتکا! رابەش بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە بەردەوام بوو:

–راست دەفەرمی وێسف، ئەگەر ئەو کوردستانەی ئێمە پارچەیەک لە بەهەشت نەبووایە، هەرگیز ئەویندارى وا خوایی تیا هەڵنەدەکەوت، ئەو سۆزو ئەوینە بێگەردەی لە دڵ دابێ. راست دەفەرمی وێسف ئێمە رۆڵەی خاکێکین لەبەهەشتەوە هاتووە، سەیری هەر شتێک بکە بۆنی ئەوین و خۆشەویستی لێدێ.؟ بۆنی گوڵ وریحانەو سوێسن و بەیبوونی ئەوینی لێدێ. وێسف لەبەروەیە ... هەر زۆرداریێ.. هەر شێت و شووریێ، هەرگەلحۆو کەرە پیاوێ هاتبێ...هەوڵیداوە ئەو گوڵە سیس بکاو خاری رق وکینەی لە جێگە بچێنێ. تاوان... خراپە... کرمی خۆ خۆری لە جێگە بچێنێ، هەموو رێگەیەکیان گرتۆتە بەر، هەر بۆ ئەوەی ئەو ئەوینە لە نێو بەرن.

–تەڕ دەتوانن! بەخوا سەریان لە داروبەرد بدەن ئەوەیان بۆ ئەنجام نادرێ و ناچێتە سەر. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بۆیان مەیسەر بێ، بێگومان تەمەنی کورت دەبێ، مادامەکونێ خاکەکە هی بەهەشتییەو رەگەکەی بەپاکی گوراوە.

ئەوان لەو مشت و مڕەدا بوون، وەک دوو چۆلەکە داخاوتن و بەرانبەر یەک دەیانجریواند. باسی ئەوین وئەویندارییان دەکرد، باسی ئارامی و دەروون پاکیان دەکرد، باسی سوارچاکی و مێرخاسی و نان بدەییان دەکرد. کاتێک لە دوورەوە، لە شوێنێک ئاسمان و زەوی تیا بەیەک وەنوسابوون. تارماییەکی رەش بەدیارکەوت. تارماییەکی رەش رەش! زەندەقیان چوو!. بەرایێ وایانزانی خۆرگیراوە، پاشان هەموو شتێکیان بۆ وەدەرکەوت، لەشکرێکی گەورەو لە خوانەترسی دوژمن بوو. لەشکرێکی دڕو دڕندە ودەست رەش و لەخوانەترسی دوژمن بوو. خۆشی نەیزانی کێڕاو چۆن وا زوو لێیان نزیک کەوتەوە وگەیشتە سەریان. بە چاو تروکانێک هەر چواردەوری خۆیان بینی ئابلۆقە درابوو ! وا تەنرا مێرووله رێگەی دەرباز بوونی نەبوو.

بەترسەوە چاوەڕوانی چارەنوسیان کرد، سەرکردەی لەشکرەکە، کە لەندەهۆرێکی گەڵحۆ بوو، لە ئەسپە رەشەکەی دابەزی. کاتێک بینی ئەوان وا باوەشیان بەیەک کردووە، بە چاوسووربوونێکەوە لە تریقەی پێکەنینێیدا، دەنگی پێکەنینەکەی لە نێو دۆڵەکان دەنگی دایەوە، پنچک بە پنچک ... بەرد... بە بەرد لەبەر دەنگەکە لەرزی، پەڕندەو باڵدار هەموو هێلانەیان بەجێهێشتن. ئەوەی دەشیا بفڕی لە شەقەی باڵێی دا، پیڕۆو گیانلەبەرە کێویەکانیش سەریان قیت کردەوەو بەزیرەوانیەکەوە هەستیان راگرت، سەرکردەکە بەتەوسەوە گوتی:

--دەبێن ئێرە خاکی ئەویندارانە، خاکی دڵدارو دەروون پاکانە. لەهەر کوێیەک هەنگاو بنێی تووشی ساویلکەیەک و دەروون پاکێک دەبی! تووشی گۆمی ئەوین و خۆشەویستی دەبی، وادیارە ئەو گلیانە هەمی

دروستن!. ئەوا لە یەکەم هەنگاو تووشی جووتێکی لەم بابەتە بووین. بەر لە هەموو شت ئەوا دووانمان وەک ئەسپیندار لەبەردەم قیت بوەوە. رابۆ سەیری کابرای کرد، لەبەر چاوی نامۆ نەبوو، دەتگوت دیویەتی، یەکی ورگ زلی چاویلکە لە چاو بوو!

–دەبێن ئێرە خاکی ئەویندارانە، وارو وڵاتی ئەویندارانە، هە های...خاکی ئەویندااران! خێرا دەی ئەو پیاوەم بۆ بێنن.

لە پەیوەکەی ئەو خێراتر وێسفیان بردە بەردەمی، کابرا ماوەیەک تێی راما، پاشان بەرزتر پێکەنی:

–هەر ئەوەشە ئەویندارەکەیان؟ هێ هێی...ی... هەر ئەوەشە بەسۆزو جوان پەرست و دەروون پاکەکەیان، هێ هێی...با بزانین ئەوینداری چی بۆ دەکا، با بزانین دەروون پاکی و ئەو پەیوینە قۆڕانەی دەیکەن، کێهەی بە کەڵکی دێن، کێهەیان لەبەر دەستی منی دەرباز دەکەن...دەی کوڕە چاپوک وشۆڕەسوارەکەمان، دەی بزانین ئەوین چیت بۆ دەکا ؟.!

وێسف ئەو دەمە روی لە مانگی چواردە زەردتر بوو، هەر لە رووی پیاوچاک و فریشتەکانی دەکرد. بە هیچ جۆرێک...نیشانەی تۆزقاڵە ترسێکیشی بەڕووەوە نەبوو، بە دەنگێکی فریشتەییەوە گوتی:

–بەناوی خوای ئەوینەوە، بەناوی ئەهرۆمزداو خوای جوانی و چاکەوە لەگەڵت داخێوم، وا دیارە خۆت چاک دەزانی ئەو خاکەی ئێمە خاکی ئەویندارانە، خاکی جوانی و بەهرەو وپاکی ودڵسۆزیە. وێدەچی خۆت ئەو شتانە هەموو چاک بزانی، بەڵانەکونێ لەوانەیە ئەوە نەزانی، کە

ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکا، ئەوەی بە تیلە چاوێکی سوورو مۆنەوە سەیری بکا، ئەوەی نەک دەستێک بەڵکو پەنجەیەک...تاقە پەنجەیەک بۆ هێلینی ئێمە درێژ بکا، زۆر شتی وای بەسەردێ، کە بەخەونی شەوانیش بیری لێنەکردبێتەوە، بەژیانی خۆی چاوەڕوانی شتی وای نەکردبێ، بە مردوویش بووبێتە دڕک وخارو خەڵک سوتاندبێتی! خاکی ئێمە خاکی فریشتانە، کوردستانی ئێمە کوردستانی شۆڕەسوارو مێرخاس و بەچکە شێرانە، ئەوەی بە چاوی مۆن وپیس سەیری بکا، شتێکی وای بەسەردێ، کە نە بە ئەندێشەی داهاتبێ ونە بیری لێکردبێتەوە. ئەگەر هەر باوەڕیش ناکەی برۆ لەو گۆڕستانانە بپرسە، کە لێرەدا دروست کراون، برۆ سەیری لاپەڕەکانی دیرۆک و شوێنەواری رووداوەکان بکە، ببینە چیان بەسەر هاتووە، ئەوینی ئێمە ئەو کەسە دەگرێ، کە پەنجەی بۆ درێژ بکا!.

وێسف تاوێ وەستا، بەبێباکیەوە دەنگی لاوکی بەرز کردەوە، لاوکەکەی گوتی:

ئەرێ برا...لەخۆت دەروون رەشێ، لە خۆت چارە رەشێ، ئەوە گەرەکتە چیبکەی، ئەو هزرە رەشە چییە خۆی لەمەژیت حەشارداوە، ئەو هزرە رەشە چییە هەراسانی کردووی وخوردو خۆراکی لێ حەرام کردووی!؟. گوێ رادێرە با بۆتی بدرکێنم، ئەوەی لە ئەستۆو هەوکێ مندایە پێتی بێژم، برۆ بزوورەوە واری خۆت، ئەوە ئەجەلە وا دەتگێڕی و تیخ تیخەت دەدا، خاک هەر خاکی خوایەو ئێمە مێوانین، چۆن بە رووتی لەدایک دەبین ئاوا بەرووتیش دەزورینەوە، لەوانەیە لە پەنابەردێک بمری و ببیە خۆراکی قەل ودالان وکفنت نەبێ!. ئەرێ هۆ

شێت و شوورەکە، هۆی گەمژە وگەلحۆیەکە، بۆ وا خۆت هەراسان کردوە وژیانی خۆت کردۆتە  دوو دڵی ودڵەڕاوکێ. گاڵتەت پێ نەیە، ئێرە خاکی ئەویندارانە، لە خاکی ئەویندارن وشەی نادروست وبەد دەکار نایە، لە فەرهەنگی ئێمە دا وشەی رەش و دزێو نابینی. بۆیە دەبێم برا...برا...هۆی برا، بۆ خوات پێدەبێم، دەبەر رێزو خۆشەویستی ئەهرۆمزدار خوای ئەوینت پێ دەبێم، ئەو بیرە رەشەت بسڕەوە، چۆنی هاتی ئاوا...ڕێ وڕێ بزوورەوە. خاک هەر خاکی ئێمەیە، رەزو باخەکان  ئێمە چاندومانن، باڵدارو تەیرو توارو گیان لەبەرەکان بەزمانی ئێمە داخێون، گۆڕستانەکانمان لاشەی باب وباپیری ئێمەی تیایە. ئەگەر گەرەکتە کەرەمکە گۆڕی سەدەمین...هەزارەمین باپیرەمت پێ نیشاندەم!. بۆیە پێت دەبێم بڕۆو ئێرە جێبهێڵە، ئەگینا خۆشت نازانی چیت بەسەر دێ، خۆشت نازانی لە چ ئالێکەوە ئاورت لێدەباری، چۆن نەفرەت وتووکی خوای ئەوین دەتگرێ. هەروەک چۆن زۆرانی بەر لە تۆ گرتووە!. ئەوانەی وەک تۆ وازیان لە کەراتی نەهێناو ناولەپی خۆیان بە پیاوەتی ماچ نەکرد! پێت رادەگەیەنم ئەوان چۆن وبەچ دەردێ چوون و تۆش بەمەرەدی ئەوان دەچی، ئەگەر خەراوتر نەبی باشتر نابی. چاکتر وایە چۆنی هاتی ئاواش بزووریەوە، ئەو ئەندێشە رەشە لە کەللەی خۆت دەربێنە، زێدو واری کەس نابێتە هی کەس، ئاخ وخۆڵی کەس نابێتە هی کەس ... بگەڕێوە!

کابرای سەرکردە تاوێ وەستا... لەچڕوچاوی وێسف ورد بووەوە:

—هە های...هەهای...واری ئەویندارن، زێدی مێرخاس ودەروون پاکان! تۆ بەسۆزو وئەوینداری..پاک و دڵناسکی...وانیە ؟! فریشتەی..

هەر چیەک بی، خاترجەم بە ئەمانە هەمووی پوولێکی سووتای ناهێنێ، بە هیچ کلۆجێ ناتوانن لەبەر دەستی ئێمەت دەرباز بکەن، ناتوانێ ئەو پەتەت لەمل کاتەوە، کە ئێمە بۆتی تەیار دەکەین. واری ئەوینداران...هەهای...کوڕی باوکم ئەم وشانە ئەمڕۆ کۆن بوون و باویان نەماوە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئاخاوتنی مرۆی ساویلکەو گێل ونەزانە! هەر بێژن واری ئەویندارن، بەڵێن بێ دەبێ بیکەینە واری دەروون پیس و ناحەزان، دەبێ بیکەینە واری مرۆڤ کوژو خۆخۆران!.

ئەو وارە دەبێ ببێتە هی ئێمە، لەچڕوچاوی ئێوە ناوەشێتەوە، بۆیە دەبێ لەناوتان بەرین، قۆناغ ... قۆناغ، پلە پلە. لەناوتان بەرین .

وێسف بزەی هاتێ، پاشان گرژیەوە. گرژینەوەکەی وردە وردە زێتر بوو. وەک مانگی چواردە گەشایەوەو لە تریقەی پێکەنینێدا:

–ئەوەی تۆ دەیبێژی زۆران کەس تاقیان کردۆتەوە، بەڵانەکونێ هەر هەموویان سەریان لەبەردی ئەلحەدێ داوە، سەریان لە تاش و بەردە رەقەکانی کوردستان داوە، لووتیان لە چیا گەردن کەشەکان چەقیوە. زۆران کەسی وەک تۆ بەختیان تاقی کردۆتەوەو بەسەر ئەو توولە رێیە کەوتوون، ئەوەی بۆیان مابێتەوە. بەری ئەو هەوڵ و تەقەلایەیان، تەنیا رووڕەشی وشەرمەزاری بووە، نسکۆو تێکەوتن وملی پانی بووە! بۆیە دووبارە پێت دەبێم، بۆ خوای جوانی و راستی وئەوینت پێ دەبێم، چۆنی هاتی وا بگەڕێوەو بە کیژان رێگای هاتووی هەر بەودا بگەڕێوە، ئەگینا داروبەردی کوردستان نەفرەتت لێدەکا. ئەوانەی تریش وەک تۆ لەسەر هەمان تاشە بەرد وەستان، هەمان هەواو لووت بەرزی تۆیان هەبوو!. گوێ رادێرە با باسێکت بۆ بگێڕمەوە، ئەگەرچی تۆ خوێن بەری

چاوی گرتووی ودەزانم ماوەی گوێگرتنت نیە، بەڵام هەڵەی...زووریش هەڵەی...تەمەن زۆری وەبەرەوەیەو بەشی زۆر شتان دەکا، بۆیە ئەو باسەت بۆ دەگێڕمەوە بەڵکی ئەهرۆمزدا بەزەیی پێت دێتەوە، بەڵکی واز لەو کەراتی ومل شکانە دێنی ولەسەر کەلی شەیتان دادەبەزی، ئەوە بزانە، کە تۆ تەنیا ئێستا دەبینی، تەنیا ئەو چرکەیە دەبینی، کە تیایدا دەژی، وەلێ من دوارۆژم لە بەرچاوە، دیماهی و ئاکامەکەتم لەبەر چاوە.

جارێکیان یەکی وەک تۆ هاتە ئەم کوردستانە. بەهەمان هێوی وخۆزی و مەبەستی تۆ. واتێگەیشت دەتوانێ داروبەردی کوردستان بۆ خۆی بەرێتەوە، خاک وخۆڵ و ئاو و کانیاوی ئەم کوردستانە بۆ خۆی بەرێتەوە! ئەو بابان وێرانە، ئەو کەرە گەمژەیە ئەوەی لە یاد کردبوو، کە خاکی کەس نابێتە هی کەس، ئەوەی لە یاد چووبوو، رەگی دار بەڕووەکان لە ناخی ئەم خاکە چۆتە خوارەوەو لەو دیوی گۆی زەوی دەرهاتوە! ئەگەر بیەوێ هەڵیکەنێ پێویستە گۆی زەوی تێک وپێک بدات. هاتە ئەم کوردستانە وا تێگەیشت هەموو بەرەو پیلی دەچن ومافووری لەبەر پێیان رادەخەن، بەو فڕوفێڵ و مەکرو ئۆین وبلحاتەی داینابوو فریو دەخۆن! بەرایێ، کە گەیشتە ئێرە کزەبایەکی فێنکی بۆ هات. لەبەرئەوەی کزە بایەکە هی بەهەشتێ بوو و ئەوشتی وای نەدیبوو، وایزانی ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە خوا چارەنووسێکی باشی بۆ نووسیوە! بە مگێزی خۆی دەستی بۆ رەزو باخەکان درێژ کرد، ئەوەی خواردی..خواردی، ئەوەی بڕی...بڕی...ئەوەی سووتاندی... سووتاندی. دەستی لە هیچ نەپاراست، سڵی لە هیچ نەکردەوە، ماوەیەک

ئاوای رابوارد. شەوێک لە گەرمەی خەوێکی خۆش فریشتەی خوای ئەوین چوە گژی و پێی گوت: کورە هۆ گەلحۆ...قەت شەرم وشوورەییان لەخۆ ناکەی، بەو لەگوینە تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنی!

کابرا واقی وڕما، ئەقڵی دەمەژیێ نەما، شێت وشوور بوو وچۆل و بێروونی گرتەبەر. هەتاوەکونێ ئێستاش بە شێتی لەسەر ئەو گۆی زەویە دەسوڕێتەوە!. ئەدی برا... تۆ هێشتا نەکەوتوویتە داوی واری ئەویندارا‌ن، بۆیە داوات لێدەکەم چۆنی هاتی... ئاواش ڕێ ورێ بگەڕێیەوە .

رابۆ بە خۆشەویستیەوە لە دوڕ زاری وێسف رادەما، پەیڤ بە پەیڤی دەقۆستەوەو لە مەژی خۆی چاپ دەکرد.

سەرکردەکە بە توڕەیی گوتی:

--ئێوە زۆر گەمژەن! ئەو هێزەی لەگەڵ مندایە هیچ شتێک دەروەستی نایێ وبەری ناگرێ، ئەو هێزەی لەگەڵ مندایە دێوە رەشەکانی کێوی قافێش زەندەقیان لێی چووە و لە ترسان خۆیان لە پەنا بەردو ئەشکەوتەکان وەشێردوە. بەو هێزە بەسەر هەموو ئەوانە زاڵ بوویمە، کە خۆیان باداوەو بە شان وشکۆی خۆیان نازیون. بەو چیرۆکە ئەندێشەیی وقسە پڕوپوچانە گەرەکتە لەخشتەم بەری! من نەلە هیچ ترساوم ونەلە هیچیش دەترسم، دەمت داخەو چیتریش ماخێوە!.

ئەمەی گوت فەرمانی بە هێزەکەی دا، دەم ودەست وێسفیان لەدارێک بەستەوە!.

رابۆ تا ئەو دەمەش هەر بە گاڵتەی تێدەگەیشت، خۆشی سەرسام بوو ونەیدەزانی بۆ فشەی پێدەهات! بە دەنگێکی فریشتەیی، کەخۆشی سەیری پێدەهات، دڵنیا نەبوو، کە ئەوە دەنگی خۆیەتی، چەند پەیڤێکی لەدەم دەرچوو. کەچی نەکابرا بایەخی پێداو نەوێسفیش ئاوڕی لێدایەوە، وەک ئەوەی هیچی نەگوتبێ وابوو!

لەپڕ وێسف، کە چاوەکانی وەکو خۆر دەگەشانەوەو تیشکێکی زێڕینیان لێدەردەچوو، بەبێئەوەی ترسی پێوە دیار بێ، گوتی:

--ئەگەر راست دەفەرمی خۆت لە کن مرۆڤێکی مەزنە، مرۆڤی مەزن دەروونیان فراوانە، وەک کەسانی ئاسایی لەگەڵ تڕی خۆیان بەشەڕ نایەن! گوێ ڕادێرە با لە یەکتر بگەین، ئەگەر راست دەفەرمی خۆت لا مرۆڤێکی بەهێزە، مرۆڤی بەهێز نازانی ترس چییە! دەست وپلم بکەوەو گوێ رادێرە، وا لەبەر دەستی تۆم، هەر گاوێکی گەرەکت بێ دەتوانی بمبەستیەوە. لە جاران توندترم ببەستیەوە، وام ببەستیەوە هەناسەم لەگەڵ ببڕێ. بەڵام من ئەوەندەم زانیوە، کە مرۆڤە مەزنەکان دەروونیان فراوانە! ئێمەی خەڵکی شاری ئەوینداران هەتاوەکونێ بۆمان بلوێ بە نەرمی داخێوین، ئاشتی خوازین و حەز لە ئازاردان و کوشتن وبڕین ناکەین، حەز بە وتوێژ دەکەین، حەز دەکەین  تا بلوێ بە نەرمی داوای مافەکانی خۆمان بکەین.

--هەههە...های.. ئەگەر یەکێک نەتناسێ دەلێ وایە، من وەکو ئەوانەی تر نیم، من ئێوە لە خۆتان باشتر دەناسم، شتاقتان وەک من خۆتان ناناسن! ئەگەر حەز بە ئاشتی وسڵ لە کوشتنی مرۆڤان دەکەنەوە، ئەی ئەو هەموو تاوانە چییە دەستۆی وەخراوە، لە هەموو شوێنێک باسی دڕندەیی ئێوەیە، دەزانم دەستی خۆتان ببینن بابی خۆتان ناناسن!.

–ئێمە هەرگیز مرۆڤمان نەکوشتووە، ئەوەی ئێمە کوشتومانە دڕندە بووینەو هاتووینە ئاخ وارێمە داگیر بکەن، هاتووینە ئەو خاکە بگەچڵێنن، کە خوا بە دەستی پیرۆزی خۆی پێشکەش بە باپیرانی ئێمەی کردوە. ئەوانە هاتوون هێلینمان تێکبدەن و دەست بۆ ئابڕوومان درێژ بکەن. گوێ رادێرە با ئەو پارچە ئاوازەت بۆ بژەنم، ئەو ئاوازە هەموو رووداوەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە، ئەگەر یەک لەکەو ناپاکی تیا بوو ماف بەلای تۆ وەیە، ئەگەر نەختێ دڵپیسی تیا بوو ماف بەلای تۆوەیە! گوێ لەم ئاوازە رادێرە، جا راستەقینە خۆی بەدیار دەکەوێ، بەدیار دەکەوێ و وەک مانگ دەدرەوشێتەوە!.

بەبێئەوەی مۆڵەت بداتتە کابرا دەستی درێژ کردو شمشاڵەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا، وەک ئەوەی نە دەستی بەسترابێتەوەو نە هیچ، ماوەیەک تێی راماو پاشان کەوتە ئاخاواتن:

--شمشاڵەکەم...هۆ شمشاڵە بەسۆزەکەم. هۆ ئەو شمشاڵەی بە دەستی فریشتەی حەوت تەبەقی ئاسمانان ئاوازت ژەنیوە، بە هەنسکی ئەوینداران نووزەت لێهاتووە. هۆ ئەو شمشاڵەی، کە خۆت دەنگ ورازی

ئەویندارانی، بگەرە فریام ودەهانام وەرە، با ئەو دڕندەیە تێبگەینین، کە خاکی ئەویندارن بۆ دوژمنان بەدو پڕ ئاستەنگە. شیرێکە لە زەوی چەقیوە، بە خاوەنی راستەقینەی خۆی نەبێ هەرگیز نالەقێ!. هۆ شمشاڵەکەم، بچریکێنە... بلۆرینە...بەسەرهاتی ئەو خاکە بریندارەی بۆ بگێڕەوە، پاڵەوانیەتی هەزارەمین باپیرەمانی بۆ باس بکە، پێی بێژە چۆن بوون، هەموو چ نەڕە شێرو چ قارەمان وچ زەبر بەدەست بوون، خڕیش دەروون پاک و ئەویندار بوون. بۆی شیبکەوە ئەوانەی بە مەبەستی داگیرکردن و بن دەستخستنی هاتوون چییان بەسەرهاتووە! هۆ شمشاڵەکەم...بچریکێنەو بەو گەمژەیە بڵێ ئەو خاکەی ئێمە پارچەیەک لە بەهەشتەو وکاتی خۆی خوا بە دەستی بەموفەڕکی خۆی پێشکەش بە باپیرانی ئێمەی کردووە، خاکی ئەویندارن خاکێ مەیە، وارێ مەیە، نشیمەن و جێزرگایێ مەیە. پێی بڵێ...شمشاڵە بە سۆزەکەم پێی بڵێ، بەو گەمژەیە چاو سۆرە بڵێ چۆنی هاتووە ئاواش بگەڕێتەوە، پێی بڵێ واز لەو کەراتیە بێنێ، وەکو ئەوانەی بەر لە خۆی هاتوون سەری لەو بەردە نەدا! ئەو خاکە خاوەنی خۆی هەیە، ئەو خاکە لە خاوەنی خۆی زیاتر کەسی دیکە بەخۆیەوە ناگرێ... پێی بڵێ شمشاڵە خۆشەویستەکەم ...پێی بڵێ!

ویسف کاتێک ئەو پەیوانەی دەردەبڕی رۆندکی لەچاو قەتیس مابوو، گریەش خۆی بە قوڕگی هەڵواسیبوو. رابۆ هەروەک خۆی، بە دیقەتەوە سەیری دەکرد، وەک ئەوەی گەرەکی بێ رەهێیەکانی روخساری بژمێری! ئەویش تووشی لاشە سڕبوونێک ببوو، لەلایەک دەترسا،

لەلایەکی تر هەڵس وکەوتی وێسف وا سەرسامی کردبوو وایدەزانی لە دنیایەکی تر دەژی و فڕ هۆشی لەکن خۆی نیە!.

وێسف دوای ئەوەی تێر تێر لەگەڵ شمشاڵەکەی دوا، بۆ دەمێ بەرزکردەوە، تا هێز لە سیەکانی هەبوو هەناسەیەکی هەڵمژی، وەک ئەوەی بیەوێ هەوای ئەو کوردستانە گەورەو گرانە بەیەک جار هەڵمژێ! پاشان لەسەرەخۆ، هێدی..هێدی فووی لە شمشاڵەکە کرد. شمشاڵەکە وەک مرۆیەکی پیری دڵ ناسک، بیری لە گەنجێتی و رابردووی خۆی کردبێتەوە، نووزەی لێوەهات وکورکە کورکی ئەو ناوەی هەژاند. گریانێک گریا...بەرد دڵۆپ دڵۆپ لە شوێنی خۆی دەتاوایەوە. دەنگەکە بەنزمی دەنگی دەدایەوەو زێتر خامۆشی ئەو ناوەی بەدەردەخست. ئەو شالولانەی سترانی ئەوینیان دەچڕی، زاری خۆیان گرت و قرقەپ بوون. ئەو کەوانەی، کە لە دوورەوە بە دروستی گوێیان لێنەدەبوو، لە شەقەی باڵێیان داو بەرەو رووی هاتن، ئەو زیندەوەرو گیانلەبەرانەی لە ژێر زەوی، یاخود لە کونە شاخ وژێر بەردەکان بوون، سەریان دەرهێناو گوێیان رادێرا! کزەبایەکی فێنک فێنک، لەرۆژهەلاتەوە هەڵیکردو گەلای دارەکانی هەژاند، بۆن و بەرامەی خاک ودارو گوڵ وگیا تێکەڵ بوو وئەو ناوەی پڕکرد.

کابرا لە جێی خۆی تاسا، واسڕ بوو دەرزیت لێدابووایە هەستی پێنەدەکرد، کاتێ ئەو هەموو شتەی بینی وچاوی بەو دڵۆپە ئەسرینە کەوت، کە لە چاوی وێسفی دەتکا...یەک بە دەنگی هاواری کرد ونەڕانی:

–دەبێژن ئێمە لە بەهەشتین. لەخاک واری ئەویندارانین، ئەی ئەو دڵۆپە فرمێسکە چیە؟! خاکی ئەویندارانن نابێ فرمێسکی تیا بێ، نابێ هەنسک وخەمی تیا بێ! .

–ئەو فرمێسکە فرمێسکی ئەویندارانە، لە ئاوی زمزم موفەڕک ترە!.

هێشتا ئەو وەرامە ناکاویە تەواو نەببوو کاتی کابرا چاوی سوورکردەوەو خۆی گیف کردەوە، کێردە بریسکە دارەکەی لەبەر پشتی دەرهێناو بە تووڕەیی بۆ لای وێسفی هەنگاوی نا. رابۆ کاتێک ئەمەی بینی یەک بە دەنگی زریکاندی، زریکاندی وتێر تیر گریا، دنیای لەبەر چاوان تاریک بوو نەیزانی وێسف چی بەسەرهات!.

کەژێ بە گورجی تەنگە تاویەوە خۆی گەیاندە ژوور سەری، لە رابۆ خراوتر دڵی کوتەی دەهات:

–-چی بوو... چی بووە، خوایە هاوار پەنامان بەر تۆ... خوایە هاوار!؟

ئەمەی چەند جارێک دووبارە کردەوە، تاوناتاویش بە قوڕگ وشک بوونێکەوە، کە دەتگوت ئەم سەرو ئەو سەری دنیا گەڕاوە قومێ ئاوی چنگ نەکەوتووە، دەنگی بسمیللای بەرز کردەوە.

بێوار لەو دەمەدا واگا هاتبوو، لەدیار داپیری دانیشتبوو ودەگریا ! ترس سیمای ئەویشی لەبنەخۆ نابوو، ئەو نزیکترین کەس بوو لە رابۆ، سەری بەدڵی کردبوو وگوێی بۆ ترپەکان رادێرابوو!

رابۆ پشتی دایە دیوارەکەو قاچەکانی درێژ کرد، بە ئاستەنگیەوە ئەو پەرداخە ئاوەی خواردەوە، کە کەژێ بۆی هێنا بوو، هەستی بەماندووبوونێکی زۆر دەکرد، مشەیەکی لێوەهات ودەستی بەپاڕانەوە کرد:

–خوایە تۆبە...هەزار هەزار جاران تۆبە، لەگونەو تاوانەکانم ببەخشە !

تاوێ زاری داخست وبێدەنگ بوو، پاشان بە هەمان شێواز دەنگی هەڵبڕی:

–کچم کەژێ، خەونێکی سەیرم بینی...خەونێکی زۆر زۆر سەیر، خوایە هاوار... پەنام بەر تۆ… خوایە هاوار... خەونێکی سەیر بوو!.

بەحەپەساویەوە سەیری کەژێی کرد:

–-تەحۆ تا ئێستی نەهاتۆتەوە، دەترسم شتێکی بەسەرهاتبێ!؟ هەرزەکارەو تازە پێدەگا، دەترسم خۆی لە پەلێک بدات و بکەوێتە داوێکەوە. دەترسم خۆی بەفەتارەت بداتو ئێمەش لەگەڵ خۆی بفەوتێنێ!.

کەژێ دوای ئەوەی گلی وگازاندەکانی رابۆی قوت دا، بەدەنگێکی نزم گوتی:

–مەترسە...گەرەک بە هیچ ترسێ ناکا، تەحۆ ئاوا ساویلکە وگەلحۆنیە، مەترسە.!

رابۆ باوێشکێکی هاتێ:

--دەبێ چ کات بێ، بێژە کەژێ شەو زۆری ماوە !؟

--هێشتا بەیانی نەداوە..بخەوە بیر لە هیچ مەکەوە، خوا کەریمە.

دڵی زۆر سەخلەت ببوو، هەر هێندە بوو گوێی لە گلیەکانی کەژێ دەبوو و نەدەبوو. تێی دەگەیشت ونەدەگەیشت، وەک ئەوەی لە رێگایەکی دوورەوە هاتبێ و گەرمایەکی زۆری لێدابێ، بەگرانابیەکەوە قاچەکانی خستە سەر لێفەکە وسەری خستەوە سەر بالیفەکە. کەژێ گاوێ لە دیاری دانیشت، کاتێک گەیشتە ئەو بڕوایە خەوی لێکەوتەوە، بێواری‌ببردەوە کنە خۆیی و لەسەر جێگای راکشایەوە. خامۆشی وکپییەکە هەمدیس باڵی بەسەر ماڵەکە کێشایەوە، هەروەک چۆن زۆربەی کوچەو کۆڵان وماڵەکانی تری گرتبووەوە.

* * *

کەزیلەکان، وەستان بۆ یەکەم جاریان بوو ئەو شوێنەیان دەبینی! ئەو بایە گەرم وشکەی هەڵیکردبوو دڵی یەکجار تەنگ کردبوون. بە درێژایی ژیانیان گەرمای ئاوایان نەدیبوو، دەموچاویان کزو سەر گوێلاکیان تۆزاوی بوو. گەلێ جاران باسی ئەم شوێنانەیان لە پیرو دنیا دیتەکان بیستبوو، بەڵام هەرگیز...قەتاوقەت بەئەندێشەیان دانەهاتبوو، کە چارەنووس ئەوانیش بۆ ئەو تاراوگەیە راپێچ دەکا، ئاوا بە ئاسانی لەوارو نشیمەنی باب و باپیرانیان دەکا و وەکو پووشی دەم با لەوێیان فڕێدەدا. نەیزانی ئەگەری چیە ئەو یادە تاڵ ورەشانە، ئەو بیرەوەریە پڕ ژان و ترسناکانەی بیردێتەوە. ترسی خەونەکەشی تا ئەو دەمە هەر لە دڵ دابوو. تووشی بارێکی دەروونی زۆر سەیر ببوو، بەر لە هەموو

کەسێک خۆی واقی وڕمابوو، لەیەک کاتدا چەند شتێکی لەمەژیدا دەخولایەوە، بۆیە بە ئاسانی نەیدەزانی هەست بەچیدەکا!

ئەو رۆژگارە تالأنەی چرکە بە چرکە دەهاتەوە بەر چاو، بەدرێژایی رێگاکە دەڕۆیشتن، هەرچەندەی سەیری ئەم لاوئەو لای دەکرد. هەر چەندەی نیگاکانی تیژتر ئاڕاستەی دوورتر دەکرا، سەوزاییەک چیە... لقە دارێک چیە...هەر بۆ فێنکایی وبووژانەوەی چاوان بەدی نەدەکرد، نەبوو...و... نەبوو، بە پێچەوانەی وارەکەی خۆی، کە لەبەر سەیرکردنی دیمەنەکانی قەراغ رێگا نەیدەزانی رێگاکە چۆن دیماهی دەهات و تەواو دەبوو، رێگاکە گلۆڵە بەنێک بوو نەسەری دیار بوو نە بن، هەرچەندەی دەڕۆیشتن تەواو نەدەبوو، تەواو نەدەبوو نەدەبوو.

گەرمایەکە یەکجار شپرزەی کردبوون، وەک باڵدارێکی هەڵەتە بووی هێلانە تێکدراو، کە تێنوویەتی بڕستی لێبڕیبێ، زاریان بستێک کرابووەوە ولادەمیان تەنکە جواناوێک وگژنیژەکی سپی گرتبوو!

کاتێک زیلەکان([1]*) لەو دەشتە چۆلە وەستان، وایانزانی ئەوەش قۆناغێکەو بۆ تاوێ دەمێننەوە، چونکێ هیچ شتێکیان نەدەبینی بۆنی ژیانی لێبێ! هیچ رچەیەکیان گومان نەدەبرد، کە بۆ ئەو بڕوایەیان ببا مرۆڤ دەتوانێ لەو شوینە بژی. لەگەڵ ئەوەش ترسان، ترسانەکەشیان لە جێی خۆی بوو. هەر دوای دابەزینیان بە تاوێ خێوەتیان بەسەر دابەش کرا! کاتێکی ناخۆش و بەوەی بوو، کورد گوتەنی تاسەر بمێنێ قینگ عاجباتیان دەبینێ! بەرایێ هەرچەندەی دەیانکردو هەوڵیاندەدا،

---

[1] - بە جۆرێك لەو لۆریانە دەگوترا، کە سەربازی پیدەگوازرایەوە.

لەگەڵ ژیانی ئەویٚ هەڵیاندەکردو نەدەخوران، وایاندەزانی کەوتوونەتە دۆژی سەر رووی زەمین. زۆربەیان خۆزگەیان دەخواست بەدۆژی ئەو دنیا...ئێرەییان بەوانە دەبرد، کە لە گوندەکەی خۆیان، لەوارو کاولگۆکەی خۆیان چاویان لێکناو بەرەو دۆژ بەڕێکەوتن!.

تازە گەیشتبوونە ئەو بیابانە، وات دەکرد مێر منداڵێک...زارۆیەک پەلەقاژ دەبووەوە، کەس بەهانای نەدەگەیشت، چەند جارێک پاژنەی لەزەوی دەداو وەک بەرخۆڵەیەکی سەربڕاو هەڵدەبزرکاو وگیانی دەردەچوو!.

چرقەی نیوەڕۆیەکی گەرم، نیوەڕۆیەکی تابلێی گەرم بوو، زەوی واگەرم داهاتبوو هێلکەت دانابووا دەیبرژاند! سیٚ چوار کەس بە خێرایی بەبەردەم خێوەتەکەیان رەتبوون. ئەو کاتە هۆمەر لەسەرگازەرەی پشتی راکشابوو، نەیدەزانی بیری لەچیدەکردەوە! لەگەڵ بیرکەوتنەوەی ناوی هۆمەر، وەک ئەوەی دەرزیەکیان لە برینی ئاژنی بیٚ، موچڕکێکی بەلەش داهات، چاوەکانی بەتوندی نوقاندو ماوەیەک هەناسەی راگرت، وەک ئەوەی بیەویٚ بەم هەڵوێستە بەرەنگاری دەروونی خۆی بێتەوەو رکابەرایەتی بکا! وەلیٚ بێهودە بوو، چرکەکانی تەمەن...ساتەکانی ژیان، رۆژگارە تارو ئاستەنگەکان وایان فێر کرد بوو نەتوانیٚ ئاوا دابنیشیٚ، بۆیە دیسان کەوتەوە بیرکردنەوە ...

هۆمەر لە جێگاکەی راپەری و چووە دەرەوە، بەبێئەوەی بزانیٚ چی روویداوە شوێن پێی ئەوانەی هەڵگرت، کەبەرەو یەکیٚ لە خێوەتەکان

رایاندەکرد. رابۆش دوای کەوت، گوڵخانیان بینی لەسەر پشت درێژکرابوو و چەند ئافرەتێک دەوریان دابوو .

گوڵخان رەنگی وازەرد ببوو، دەتگوت خوێنی لە جیاتی سور زەرد بووە، یاخود تنۆکێک خوێنی لەلەش نەماوە! دەینالاندو نرکەی لێوە دەهات، شتی وای دەگوت شتاقیان لێی حاڵی نەدەبوون و نەیاندەزانی چی دەبێژێ! .

رابۆ هێند خەمی بۆ ئاویلکەدانی گوڵخان نەبوو، هێندەی بەزەیی پیا دەهاتەوەو زگی بۆی دەسووتا. گوڵخان بە تاقی تەنیا مابووەوە، نەبرایەکی هەبوو پشتی پێی ئەستوور بێ و نەدایکێکی  هەبوو لەژوور سەری دابنێشێ وبیلاوێنێتەوە. گوڵخان خەڵکی گوندێکی نزیک گوندەکەی ئەوان بوو. کاتێ چوار دەوریان گیراو راگوێزرانەوە، جگە لەخۆیو برایەکی گچکەی کەسی دیکەیان لە ماڵەوە نەبوو. گوڵخان خاوەنی چوار برایان بوو. سێ برایە گەورەکەی، وەک بەشێکی زۆر لە خەڵکی، کە هەرای گەورە بەر نەخشەو پیلانی دوژمنان کەوت وکوژایەوە. پێیان شوورەیی بوو بگەڕێنەوە. خۆیان بخەنەوە باوەشی دوژمن وملی خۆیان بخەنە بەرکێردی ئەو، هەر لەو دیو سنوور مانەوە، خەریکی دانانی بناغەیەکی تر بوون بۆ هەرایەکی تر! براکانی تا بلێی پیاوی بەوەج وودیاربوون. دوژمنێکی هەرەگەورەو جێگەی ترسی داگیرکەران بوون، بۆیە ناوبانگیان رۆیشتبوو، کەس نەبوو ناو شۆرەتیانی نەبیستبێ، بەتایبەتی برا بچووکەکەیان. ئەوەی لە هەرە بچووکەکەیان گەورەترو لەدوانەکەی تر بچووکتر بوو، بەچکە شێرێک بوو بۆ خۆی، لەهیچ نەدەگەڕایەوەو سڵی لە هیچ نەدەکردەوە. ئەگەر

لەهەر هەمووی نەبێ، لەزۆربەی شەڕەکان بەشداری کردبوو، لەهەر هەمووشی لە ڕیزی پێشەوە بوو و زەبری کاریگەری لە دوژمن وەشاند بوو. بۆیە کاتێک نێوی دەهات ترس لەگەڵ نێوەکەی بڵاودەبووەوە. ئەوەی نەختێک گومانی لەخۆی هەبووایە ئەژنۆی دەلەرزی ولەو ناوە نەدەما، شوێن نەبوو ئەو دەستی نەگاتێ، بستە خاکێک نەبوو لەو چیاو چۆلانە شارەزای نەبێت و شەوێکی تیا بەسەر نەبردبێ. ئەو برایەی گوڵخان نێوی ئێزدین بوو، بەم دواییە لە شەڕی براکوژی کەوتە بۆسەیەک و بەسەختی بریندار کرا، لەبەرئەوەی دووربوون شەڕیش ئەو ناوەی تەنیبوو، نەیتوانی چ بە ئاشکرا چ بە نهێنی خۆی بگەیەنێتە هیچ نەخۆشخانەیەک و چارەیەکی خۆی بکا، بۆیە برینەکەی لێی پیس کردو بەهۆیەوە سەری نایەوە.!

گوڵخان لێوی تەترەی دەکردو نەدەشیا باخێوی، رابۆ لە دیاری دانیشتوو دەستی بە گریان کرد! زۆری لەکن دژوار بوو گوڵخانی وانازدار، گوڵخانی وا شۆخ و شەنگ، خاوەنی ئەو برایە شۆڕە سوارانە. ئاوا لە ئاوارەیی و بەناگزوری سەربنێتەوە. هەموو دەیانزانی دووپشک پێی وەداوە، لەبەر ئەوەی دنیا گەرم بوو ژارەکە زوو کاری خۆی دەکرد. بۆیە هەرچەندە شوێنی پێوەدانەکەیان زامار کردو خوێنی لێتکا. وەلێ هیچ سودێکی نەبوو، دووپشکەکە لەو جۆرانە نەبوو مرۆ لێی دەرباز بێ! زۆری پێنەچوو گوڵخان دواهەناسەی هەڵکێشاو وزاری پێکدادا، چاوەکانی چۆن لەمۆلەق وەستا بوو هەروامایەوە.!

ڕووداوەکان چۆن ڕویاندا بوو ئاوای دەهاتەوە بەرچاو، وەک ئەوەی هەر ئەو چرکەیە ڕویاندابێ وا بوو. ڕۆژگارێک بوو دیبوویان وهەرگیز

له یادیان نەدەچووەوە. ئەو باس و خواسانەی دەربارەی دۆژییان گوێ لێ ببوو، لەوێ بە چاوی خۆیان دیان.  چەند دەردو پەتا خوا گوراندویە لەنێویان بڵاوببووەوە. دوپشکی سەگباب خێو دکرێکی خراوی پێدەکردن، بۆیە هێندەی لێ دەترسان خوردو خۆراکیان نەمابوو، زۆر جاران خەونیان پێوە دەبینی. لەخەو بۆیان دەچوو چزیلکی لێ بەرز دەکردنەوە، کە رادەپەڕین و واگا دەهاتن هەموو دەم و لچیان دەبووە تامیسکە!.

بێ ئاویش ئازاری لە دووپشک کەمتر نەبوو، سەرباری ئەوەی ئاو نەبوو وبەتانکەر بۆیان دەهات، ناوە ناوە لەیاد دەکران وبێ ئاو دەمانەوە، ئاوەکە هێند سوێرو تاڵ بوو وەک دەیانگوت لەبەر سەگت دانابووایە رایدەکردو لچ و لێوی خۆی لێ ویکدەهێنایەوە! نەیاندەزانی چۆن بیخۆنەوە، هەرکاتێ تێنوویان بووایە یەکسەر باس دەبووە باسی کانیاوەکان .یەکێک بە تامەزرۆییەوە دەیگوت:

– ئاو هەر ئەو ئاوبوو، بەخوا لەهەرچواردەوری دنیایێ بگەڕێی چورە ئاوێکی وات دەست ناکەوێ، جارێ ئەو کانیەی خوار گردەکە. پێت خستبووا ناوی بە چەند چرکەیەک دەیبەست! هێند شیرین بوو... هێند شیرین بوو، سەدسوێندو قورئانت دەخوارد شەکری تێکراوە! هەر زێنەت بوو بیخۆیتەوە، لێی تێر نەدەبووی و نەدەبووی. بەڵام ئاخ...

یەکێکی دیکە دەیگوت:

–بەخوا ئەو کانیەی نێوەڕاست گوندێ مەش چی لەو کەمتر نەبوو، مرۆ دەیخواردەوە هەستی بە نوێبوونەوە دەکردو هێزو گوڕێکی تری دەهاتەوە بەر. وای بمرم بۆ ئەو ئاوە ... هەزاران جار بینابیم دایێ.

پیرێژنێک دەیگوت:

--ئەی بۆ باسی ئەو کانیە ناکەن، کە لە بن کەڤرەکە هەڵدەقولا. ئەها...های شتێکی نایاب بوو، دڵنیام ئەو ئاوە لەبەهەشتەوە دەهات. ئەرێ بەو خوایەی لەژوور سەرمانەوەیە سەرچاوەکانی لەدوڕ بەهەشت بوو، ئەی چۆن...بێ ئەگەر نیە، کە دەڵێن ئەم کوردستانە پارچەیەکە لە بەهەشت، پارچەیەکی بەهەشت بووەو خوا بە دیاری پێشکەشی ئەم گەلەی کردووە!.

کاتێک ئەو باسانەیان دەکردەوە، دواتر زۆربەیان دوای ئاخاوتن لەپەسیوگەیەک هەڵدەکورمان، تاکوڵی دڵیان دادەمرکا دەگریان. هەندێکیشیان بە ستران و لاوک ئەمەی دەردەبڕی، لەبەر خۆی نووزەی دەهات و بەنەرمی لاوکی بەسەر نامۆیی و قەلەندەری خۆی دەگوت.

رابۆ هێشتا دڵی هەرکوتەی دەهات و کاریگەری خەونەکەی هەر لەسەر مابوو. ماوەیەک لە خۆی هزری، ویستی بیر لە هەندێک شت بکاتەوە، کە حەزی نەدەکرد بیری لێ بکاتەوە! دەستی بەرز کردەوە، چەفتەکەی سەری نەختێ لارکردەوەو سەری خوراند. باوەڕی دەکردو نەدەکرد. دەترساو نەدەترسا! منجەی لێوە دەهات و لەبەر خۆی شتی دەدرکاند، هەوڵیدەدا ئەو بیرۆچکەیە بڕەوێنێتەوە، کە تاوڵێی لە هەواری مەژی هەڵدابوو!

–دەڵێن خەون پێچەوانەیە، بەیەکێکی ببینی ئەوە مەبەستەکە یەکێکی ترە، دەترسم هۆمەرۆک شتێکی بەسەر هاتبێ!

لەگەڵ ئەمە لەقوڵپەی گریانێیدا:

–دەترسم هۆمەر شتێکی بەسەر هاتبێ، ئۆی خوایە ئۆی، بۆ دەبێ بەشی ئێمە هەر ئەو دەردەسەریە بێ، بەشی ئێمە هەر ناگزوری ولێقەومان بێ. ئۆی خوایە ئۆی...ئەگەر لە سەرەتا وات لە چارە نوسیبووین، بۆ دەتگوراندین؟! نەگوراندنمان گەلێک باشتر بوو، ئەی چۆن...گوایا باشتر نەبوو لەم ژیانە؟. هەر خۆت مەگەر بزانی چیمان بەسەر هاتووە، ئێمە هەر تۆ بەپشت و پەناو هەر تۆ بەفریادڕەس دەزانین...بەناشوکری ناڵێم تۆش...!

کەژێ، کە تازە لەزگ بوو چاوی گەرم دەکردەوە، سەری بەرزکردەوەو بەدەنگێکی ناساز گوتی:

–وا دیارە ئەم شەو بڕیەت داوە نەخەوی، نازانم چیت پێ بێژم!؟.

رابۆ لەبەرخۆی بەردەوام دەگریا:

––لەخۆت هەش بەسەرێ رابۆ...لەخۆت بابان وێران ودڵ پڕ کەسەرێ رابۆ. ئەگەر هۆمەر...کوڕە گەورە وچاونەترسەکەت شتێکی بەسەر نەهاتبێ، هەرگیز ئەو خەونەت نەدەبینی! هۆمەرۆک...هۆی بابان وێرانی لە من بابان وێرانتر، بە درێژایی تەمەنت تۆش وەکو دایکە پیرو کلۆڵەت خۆشیەکت نەبینی! .

بە گورجی لە جێگاکەی قیت بووەوە. ویستی بچێتە دەرەوەو هەست ڕاگرێ، بزانێ تەحۆ دەنگی هەیە، خێرا پەژیوان بووەوە، بۆ چەند چرکەیەک داماو پاشان لەسەر گازەرەی پشتێ ڕاکشاوە.

ئەو چوست هەڵسانەوەی شتێکی هێنایەوە بیر، ئەو شەوە ڕەش وشومەی هاتەوە بیر، کە پیاوەکانیان شوون بزر کردن. چەند چەکدارێک خۆیان هاویشتە حەوشەکەیان، دەستیان بە پشکنین کرد، دوای ئەوەی هیچیان دەست نەکەوت.،کوڵی دڵی خۆیان بەو دامرکاند! هەتاوەکونێ ئێستاش هەر شوکری خوای دەکرد، کە هۆمەر ڕۆیشت. ئەگینا ئەویش وەکو ئەوانەی دیکەی لێدەهات، وەکو ئەوانەی دیکە کەنەیاندەزانی چییان بەسەرهات! بەم دواییە گەلێ قسەو قسەڵۆکیان دەربارکرا، هێندێک دەیانگوت هەموویان بردۆتە وڵاتی قولە ڕەشان و لەنێو سیمێیان بەند کردوون، هێندێکی تر دەیانگوت نەخێر...هەر لێرەن. لە شوێنێکن. کە جگە لە خۆیان کەس نازانێ کێندەرە! بەشێکی دیکە دەیانگوت: نابابە... مانی چی. بەخوا ئەو دڕندانە هەموویان کوشتوون! بەشێک دەیانگوت ئەگەر نەشیان کوشتبن ئەوا شریقەیان لەهەموان داوەو لە پیاوەتیان خستوون ! هەتاوەکونێ تۆ بڕبن و توانای زاوزێ و وەچەنانەوەیان نەبێ.

–باش بوو ڕۆیشت ودەرباز بوو، خوا بەزەیی بە ئێمە هاتەوە، بەزەیی بە بێوار هاتەوە. باش بوو ڕۆیشت، ئەگینا ئەویش بە دەردی ئەوانی دیکە دەچوو. ئۆی خوایە ئۆی...نازانم بۆ وامان بەسەرهات! سەیرە... خۆشم نازانم چی دەڵێم وچۆن بیر دەکەمەوە، سەیرکە... تەنانەت بیریشیان بەربەست کردووین! تووشی هەورازێکی وا سەختیان

کردووین  ولاخ  خۆی تیادا هەڵدەدێرێنیٚ! ئۆی خوایە...ئۆی، مەگەر هەر خۆت چارەیەکمان بۆ بدۆزیتەوە، هەر خۆت بەزەییت بەم نەتەوە هەژارە بێتەوەو دەروویەکیان لێبکەیتەوە. هەر خۆت ببیە پشت و پەنایان و بەهانایان بگەی، لە گێژاوی ئەو سەرلێشێواویەیان رزگار بکەی و رەش و سپیان لەبەر چاوی روون بکەیتەوە. خوایە رێیان بۆ رۆشن کەوە، خوایە هاوار...خوایە رێیان بۆ رۆشن کەوە، خوایە هاوار!

هەتاوەکونیٚ خەو دووبارە چاوی داگرتەوە، هەر نووزەی لێوەهات و گریا، هەر نزای کردو لەبەر خوا ناورایەوە.

(3)

چۆن گۆمە ئاوێک لە شوێنی خۆی دەلەنگی ، کاروانەکەش ئاوا دەلەنگی! قاچەکان سڕو بێزار ببوون و توانای هەنگاوهەڵێنانیان نەمابوو، ئەژنۆکان دەلەرزین و پەنجەکان لەسەر پەلاپیتەی تفەنگەکان سارد ببوونەوە.

پیرێژنەکە خانوەکەی خۆی لەکن ببووە کونە مشک، ئۆقرەی نەدەگرت و نەدەگرت، بەردەوام دەگریا. دەگریاو دەگریا. تادەهاتیش گریانەکەی بەکەف و کوڵتر دەبوو. فرمێسکی سوورتر دەبوو هەناسەی خێراتر دەهات و دەچوو، لاوکەکەی بە جۆرێک دەچڕی هیچ شتێک بەرگەی ئەو رقەی نەدەگرت، کە خۆی لە دوو توێی قاوغی لاوکەکەی پەستابوو. لاوکەکە لاوک نەبوو گریان بوو، گریانەکە گریان نەبوو سۆژین بوو. ئاوری لە دڵان بەردەدا، نەیدەهێشت کەس بە ئارامی دابنیشێ و وەک سەیرکەر تەماشا بکا. پیرێژنەکە ئەگەرچی ئەو توڕەییەی لەدڵ دا بوو، ئەگەرچی ئەو هەموو فرمێسکەی لەچاو دەتکا، چەندەی بێژی هێمن ولەسەرخۆ بوو! دەنگەکەی زۆر بە سۆزو بەنەرمی دەلەراندەوەو دەیگوت:

– ئەرێ براینە ... گەلی مێرخاس و شۆڕەسوارو بەچکە شێران، دەزانم نوشتەتان لێکراوەو لەبەر چاوی یەک رەش بووینە، دەزانم خوێنتان کەوتۆتە نێوان، دەزانم وایان تێگەیاندوون، کە ئەگەر براکانتان لەنێو بەرن و بە تەنیا بمێننەوە، ئەوا تاجی سەرکەوتن لەسەری ئێوە دەنرێ و هەموو مافەکانتان دەدەنێ! دەزانم چیتان بەسەر هاتووەو چ بایان

لەکەوڵی کردوون، دەزانم ودەزانم ودەزانم ... بەڵام بۆ خۆاتان پێدەبێم، دوژمن هەر دوژمنە، هەر کە براکانتان توانەوە ئێوەش دەبنە چیلکەیەک وبە ئاسانی دەشکێن. ساڵە هایە دوژمن درۆتان لەگەڵ دەکا، جۆرەها داوتەپکەتان بۆ دەنێتەوە، هەتاوەکونێ ئێستێ هێندە ئاوەزەتان پەیدا نەکردوە تەڵەکەی بناسنەوەو دووجاران بەتراویلکەیەک فریو نەخۆن! هۆ براینە...گەلی عەگیدو مێرخاسان، ئەو چرکانەی ئێستا ئێوە وا یەکتری تیا دەکوژن، ئەو چرکانەی ئێستا ئێوە رقی بەرانبەر یەک تیا دەچێنن، دڵنیا بن ئەوە وەدیهێنانی گەورەترین ئاواتی دوژمنە، خۆشتان نازانن چۆن لەرەوتی راستەقینە دوورکەوتونەتەوەو چۆن راژەی ئەو دوژمنە دڕندەیە دەکەن! ئیتر بەسیەتی، دایک وباوک وبراو خوشک وزارۆکانتان چاویان لە دەستی ئێوەیە وئێوەش ... ئاخ لە ئێوە...!.

پیرێژنەکە هێندێ جاران ئەمەی بەلاوک دەردەبڕی، هێندێ جاری تر دەیکردە سەردولکە، هێندێ جاریش نووزەی لێوە دەهات و بە ئاستەم دەنگی دەبیسترا.. لەکن ئەو گرنگ ئەوە بوو، نەدەوەستا...بێدەنگ نەدەبوو. کۆڵی نەدەداو نەدەدا.

* * *

هۆمەر هەمیشە لەبیر کردنەوە دابوو، نەیدەزانی بۆ وایان بەسەر هات! چۆن ئەوانەی خۆیان بەزیخ رۆشنبیر دەزانی، ئاوا بە ئاسانی کەوتنە داوی دوژمنانەوەو لوولەی تفەنگەکانیان لە برای خۆیان کرد! دەیزانی کەلەبەرێک لەشتەکە هەیە، ئەگەر دارەکە کرمێکی زۆر گەورەی تیا نەبێ، لەوەرزی نەش ونماو گەشە کرندا هەرگیز بەو لەگوینە سیس

نابێ! هەرچەندە بەرایێ زۆر شتی دەبیست، وەلێ گوێی نەدەدایێ و نەیدەویست باوەڕ بکا، وای بۆ دەچوو ئەمە پڕوپاگەندەو داوی دوژمنان بێت و دەبێت دیزە بەدەرخۆنە بکرێ. بەم دواییە بۆی دەرکەوت، کە گەورەترین ئاستەنگ وئەژواری لە کاتی ئاوادا تێکەڵ بوونی راستی وناراستیە، ئەوەشی دەگوت، کە ئەگەر دزو خاوەن ماڵ یەک بن گای لە پەنجەرەی ئاوا دەکەن!

گەلێکی سوو لەوانە دەبووەوە، کەبەدەستی برای خۆیان بەکوشت دەچوون، ئەوانەی وەکو ئەو هاتبوون ورقێکی پیرۆزیان لەدڵ دادەیسا. هاتبوون تۆڵەی گوندەکەیان بکەنەوە، کە خاپوور کرابوو، هاتبوون تۆڵەی براکانیان بکەنەوە، کە لە سێدارە درابوو، هاتبوون تۆڵەی ئاخ و گڵ و نەتەوەکەیان بکەنەوە، کە لەژێر پۆستاڵی رەش گەچڵاوو لەکەدار ببوو! ئەوان بەوێ خۆزی ومەبەستێ هاتبوون، کەچی بەفەندو فێڵ ودرۆو دەلەسەی دوژمنان دەستیان لە هەوکی یەک نابوو و وردە وردە مێژوویان بۆ دواوە وەردەچەرخاندەوە! دڵنیا بوو، کە ئەوانە هیچ تاوانێکیان نیە، سەودای سەربەستی لەکەللەی داون و ئەشقیای کردوون. خەو و خۆراکیان لەخۆ قوزەل قورت کردووەو لەپێناو سەرفرازی گەلەکەیان هەموو شتێک دەکەن! تاوان و سوچەکەی بەهی گەورەکان دەزانی. ئەوانەی خۆیان بەرێبەرو ئاڵا هەڵگر دادەنا!.

مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤێک دڵگیر دەبێ، بۆ هەموو هاوخوێنێکی دڵگیر دەبێ، بۆ هەموو ئەوانە دڵگیر دەبێ، کە هاوخەمینەو وەکو ئەو لەبن نیری بن دەستی دەناڵێنن، وەلێ بیرەوەری ئەوانەی لێیەوە نزیکن وهاورێی بوونە گەلێ زێترە لەوانەی نەیبینیوون ونەیناسیوون. هۆمەر

گەلێ شەڕوشۆڕی دیبوو، زۆر هاوڕێی لەتەک شەهیدکرابوو، زۆر کەڕەتیش بەدەستی خۆی تەرمەکەی دەرباز کردبوو. نەیدەزانی لەنێو هەمووواندا بۆ هێندە بیری لە شێرکۆ دەکردەوە! بەدرێژایی ئەو ماوەی لە زیندان بوو شەو و ڕۆژ وێنەی ئەوی لەبەرچاو بوو، ئەو شتانەی بیردەهاتەوە، کە شێرکۆ لەکنی درکاندبوو، ئەو شێرکۆی بەمامۆستاو ڕێبەری خۆی دەزانی، زۆر شتی لێ فێر ببوو!.

ئەگەر چی شێرکۆ بۆی نەلوابوو خوێندنی تەواو بکا، خوێندنەوەی زۆر لەهەموو شتێکی قاڵ کردبوەوە، ژیان فێری زۆر شتی کردبوو. ئەو شەوە لەگەڵ تەقەکردن لەیەکتر دابڕان، نەیزانی چی بەسەر هات و بۆ چ لایەک چوو، ئیدی چاوی پێی نەکەوتەوە تا هەواڵی کوژرانی بیست. زۆری بۆ گریا، زۆری بۆ خەمبارو پەریشان بوو، وەلێ ئەمانە نەیانتوانی شتێک بکەن، چرکەیەک ژیان بە هاوڕێیە خۆشەویستەکەی ببەخشن! ئەگەرچی ئەویش ئەوەی چاک دەزانی، لەگەڵ ئەوەش بەدەست خۆی نەبوو، رابردوویەکی پڕ شانازیان بەیەکەوە هەبوو، نانێکیان بەیەکەوە خواردبوو، زۆر تاڵی و شیرنیان بەیەکەوە چەشتبوو، بەیەکەوە لە دەرگای زۆر ماڵانیان دابوو، سەریان بە زۆر کونە ئەشکەوتان کرد بوو، لەزۆر پەنا بەردان سەرخەویان شکاندبوو!. لەهەر وتەیەکی شێرکۆ شتێک فێر ببوو، بەرایی چۆنی لێ دەبیست ئاوای دەگوتەوە، وەلێ بەم دواییە، پاش ئەوەی فێری خوێندن و نووسین بوو و بۆ خۆی کتێبانی دەخوێندەوە، هەوڵیدەدا شێوازی خۆی لە ئاخاوتن بەکاربێنێ! زۆر کەس گاڵتەیان پێدەکرد، لەسەرەوە وایان نیشاندەدا هانی دەدەن. لەبنەوەش پێیان رادەبوارد!

وای لێهاتبوو هۆمەر بێ خوێندنەوە هەڵی نەدەکرد، هەردەم سەری لەسەر کتێبان بوو، ئەوەی تەواو دەکرد دەچووە سەر یەکی تر. شێرکۆش هەموو جارێک پێی دەگوت :

– کاکی خۆم.. هۆمەر، گوێ مەدە کەس، هەر کەس بە جۆرێک لە ژیان تێدەگاو بە جۆرێک بیردەکاتەوە، تۆش پێویستە خاوەن بیرکردنەوەی خۆت بی، بزانی چۆن ولەچ روانگەیەکەوە سەیری ژیان دەکەی. نابێ گوێ بدەیتە ئەوانەی چەند وشەیەک فێربووین و گاڵتە بەهەموو شتێک دەکەن، ئەوانە نەخۆشن!. دەبێ ئەوە چاک بزانی مرۆڤ چەندەی بزانێ هێشتا هەر نەزانەو پێویستی بەزانین هەیە، بەردەوام بە لەسەر ئەو رێگایە، من ئامادەم وبەهەموو توانایەک یارمەتیت دەدەم.

شێرکۆ راستی دەکرد، بەهەموو شێوەیەک یارمەتی هۆمەری دا، بە ماوەیەکی کێم فێری خوێندەواریەکی باشی کرد. ئێواران بەیەکەوە لە پەسیوێک هەڵدەکورمان، هۆمەر دەفتەرو پێنووسەکەی لە کۆڵەپشتەکەی دەردێناو دەستیان بە خوێندن دەکرد. زۆر مکوڕ بوو لەسەر کارەکەی وزۆری حەز لێدەکرد، ئەمەش ببووە هاندەرێکی باش و یارمەتیەکی باشی دەدا بۆ ئەوەی زووتر فێری خوێندەواری بێ.

هۆمەر زۆربەی کاتی لە زیندان بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد، پاسەوانی زیندانەکە، کە گەنجێکی رەشتاڵەی کۆک بوو، زۆر یارمەتی دەدا. بەگوێرەی تواناو زیاتریش کتێبی بۆ دەهێنا. بۆی دەرکەوت، کە ئەستوندەی پێشکەوتن وتاوڵێی سەربەستی، فێرکردن و رۆشنبیرکردنی خەڵکە، بەرایی ئەو دەمەتەقێ وگفتوگۆیانەی زۆر لەکن گرنگ بوو، کە

لە نێوان هاوڕێیەکانی دەکرا، تاڕادەیەکیش راو بۆچونەکانیان کاریان تێدەکرد. بەم دواییە گەیشتە ئەو بڕوایە، ئەو شاانەی ئەوان دەریاندەبڕی، زۆربەی سادەو سەر زارەکی بوو! بەشێکی زۆریان لەبابەتەکان قووڵ نەبوونەوە و خۆشیان نەیاندەزانی چیان دەگوت و بەرگەیان لەچیدەکرد! وەکو تووتی ئەوەیان دەگوتەوە، کە گوێیان لێ دەبوو! ئەمەی بە کۆسپێکی گەورە دادەنا لەبەردەم لەیەک گەیشتن و لەیەکتر نزیک کەوتنەوەو هەراو هوریاو ئاژاوەو ئاوری ناوەخۆی خۆشتر دەکرد. سەیری دەکرد خەڵکەکە هەموو یەک مەبەست ویەک ئامانجیان هەبوو، فریان بەسەر ئەو باسانەوە نەبوو، کە قاچیان تیا لەزەوی دەچەقاندو لوولەی تفەنگیان لەسەر ئاڕاستەی یەکتر دەکرد!. بەزەیی بەنەتەوەکەی دەهاتەوە، کە ئاوا ساویلکەو خۆش باوەڕ بوون. دەیزانی دوژمن وناحەزان تاچ رادەیەک لە ناخی نەتەوەکەی رۆچوونەو لە خۆیان زیاتر شارەزایان بووینە! زۆربەی کات هەوڵیاندەدا تۆوی رق و کینەیان لە نێو بڵاو بکەنەوەو بەو بیرو بیرۆکە نارەسەنانە لەیەکیان دووربکەنەوە. گاڵتەی بەوانە دەهات، کە خۆیان لە نێو ئەو هەموو ژان وئازارە لەیاد کردبوو و فرمێسکیان بۆ خەڵکی تر دەڕشت! بە کەرو بێئاوەزیان تێدەگەیشت و خاترجەم بوو ئاکامەکەیان پووچەڵە! بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕی براکوژی باوی پەیداکردو بەهەڕمێن کەوت. لەگەڵ ئەوەش بەردەوام بوون وکوڵنەدانی لە کن باشتر بوو، زۆرجاران لەگەڵ خۆی دادەنیشت ودەیگوت:

–نازانم بۆ دەبێ لە هەموو شتێک خەڵکی دیکە تێکەڵ بکەین وبیروباوەڕی خۆمانی پێ ببەستینەوە، بەزۆر وزۆردارەکی بیانئاخنینە

نێو باسەکانمانەوە! دۆزەکەی ئێمە تایبەتە بە خۆمانبیری نەتەوەیی...خوێنی نەتەوەیی...مێژووەکەی ئێمە تایبەتە بە ئێمە، ئەوەی لەوشتانە لەگەڵمان نەبێ هەر قۆناغێک هاوڕێیەتیمان دەکا، کەبەرژەوەندی خۆی پەیدابوو بێ سێ ودوو دادەبڕێ و لێمان دوور دەکەوێتەوە، لەوانەیە لەدوژمنە کۆنەکانیش خەراوتر بەرەو رووومان بێتەوە. زۆر نمونەش لەو بابەتە هەیە! تا دەستی خۆیان دەبینن، هەمیشە دروشم وئالای برایەتیان بەرز کردۆتەوە، کاتێک لەتە گۆشتێکیشیان وەگیردەکەوێت، نە برا دەمێنێ و نەهیچ، لەگەڵ دوژمن بە جووتە و شان بەشان کەوتوونەتە وێزەی ئەو خەڵکە هەژارە. بوونەتە هاوڕێی دوژمن وبە بەژن وبالای ئەو دوژمنەیان هەڵداوە، کە ئێستا گوندو واری ئێمە دەسووتێنێ!.

زۆر جاران لەگەڵ شێرکۆ دەبووە گفت وگۆیان، بەگەرمی ئەو رایەی پەسەند دەکرد، کە شێرکۆ بە شانازیەوە دەریدەبڕی و دەیگوت، ئێمە لەگەڵ ئەوانە زۆر شتمان بەیەکەوە هەیە، بۆیە پێویستە گەرمتر دەستیان بخەینە نێو دەست، گەرمتر لێیان بچینە پێش، چونکێ دوژمنمان هاوبەشە !

بەم دواییە گاڵتەی بەو بۆچوونە دەهات و دەیگوت:

--راستە دوژمن هاوبەشە، بەلام دوژمنەکە خوێنی لە خوێنی ئەوانە. بۆ ئەوان هەرگیز وەکو ئێمە نابێ، ئەوەی لەگەڵ ئێمە دەکا لەگەڵ ئەوانی ناکا! پاشان ئێمە نەتەوەیەکی ترو ولاتی خۆمان هەیە، سنوورمان لەگەڵ سنووریان جیایە. ئەگەرچی بەزۆرو زۆردارەکی

دەیانەوێ بیسڕنەوە، وەلێ ناتوانن...تۆ سەیرکە...سروشت خۆی سنووری ئێمەی دیار کردوە، هەوامان...خاکمان...ئاومان...هەمووی جیایە ، چیامان لەنێوانە ... چیا!.

لە شوێنەکەی هەڵسایەوە وسەیری دەوروبەری کرد، هەموو خەوتبوون، ئەوەی نەشخەوتبوو خەوی لەخۆی خستبوو! ژیانی بەندی لەخەو زیاتر چیتری هەیە ... بەیانیان ... نیوەڕوانان و ... شەوان...هەرنووستنەو هەر نووستن.

لەبەرئەوەی ئەو رۆژە وەڕەزو بێزار بوو بڕیەیدا لە جیاتی هاوڕێیەکەی هیرباران بشوا، بۆئەوەی نەختێک خۆی خەریک بکاو مەژی لەبیرکردنەوە دووربخاتەوە! لەژووره گچکەکە چووە دەرەوە. چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، خۆر خەریک بوو گەرماییەکەی بەتێنتر دەبوو. سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆی کرد، وەک هەموو جارێک چەند تەپکەشاخێک لەبەر چاوی زیت بووەوە. دەوروبەر یەک پارچە سەوزایی بوو. لەسەر گردۆڵکەکەی بەرانبەر زیندانەکە، کە کەوتبووە لاپەڕی گوندەکە دارگوێزێکی گەورە هەبوو، ئەوەی سەیری ئەم ناوەی کردبووایە ئەو دار گوێزە یەکەم شت بوو لەبەر چاوی زیت دەبووەوە. شنەیەکی فێنکی دەهات، بۆیە هۆمەر مشەیەکی لێوەهات وچەند هەناسەیەکی یەک بە سیەکانی هەڵمژی.

کاتێک یەکەم جار سەیری چیایەکەی کرد، لەبەر ئەوەی رووەو خۆر بوو، چاوەکانی بەرگەی رووناکیەکەیان نەگرت وخێرا چاوەکانی نوقاند.

کەرووی بۆ لاکەی تر وەچەرخاند، لە شوێنەکەی نەجولایەوە. یەکێک کەلەسەر کانیەکەی نزیک ئەو دانیشتبوو، پرسی:

–ها... ئەوە چیتە ؟!

–هیچ... نەختێک سەرم سوڕا

–گوێ مەدەرێ، نیشانەی کەم خوێنی و بێ هێزیە!

هۆمەر زۆر جاری تر لەگەڵ ئەو کوڕە دوابوو، ئەگەرچی نەیدەناسی وناوی نەدەزانی، خاترجەم بوو لێی، کە مرۆیەکی پاک ودڵسۆزە، شێوازێکی تابڵێی جوانی هەبوو لە ئاخاوتن، بەگلیەکانی دیار بوو، کە ئەویش ناڕازی بوو لەو دۆخەی تیایدا دەژیان، هەمیشە دوورە پەرێز و تەنیا بوو. جارێکیان بە ئاشکراو بەبێ ترس رووی لەهۆمەر کردو پێی گوتی:

--جاکێ ئەو شەڕەی لا راستە، ئەوەی لاشی راست بێ ئەوا بێ هیچ گومانێک دەڵێم دەست وچاوساغی دوژمنە! ئەگینا کەی راستە برا لەجیاتی ئەوەی یارمەتی برای بدات لوولەی تفەنگی لێهەرشەقێنێ و بیکوژێ، یا لەکونجی زیندانێی باخنێ! چۆن دەبێ ئێمە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوەیە بەوادەو بەڵێنی دوژمنان هەڵخەڵەتێین. توو ئەو خوایە شوورەیی نیە هەتاوەکونێ ئێستێ دوژمنی خۆمان نەناسین! تۆ تەماشاکە، لەلایەک بە درۆیان ئێمەیان راگرتووە! لەلایەکی تر سیخوڕو چڵکاوخۆری دەنێرێتە ناومان وئاژاوەمان لەنێوان تیرتر دەکا، تا بواری

بۆ دەڕەخسێ بە ئارەزووی گونی خۆی بەردەبێتە وێزەی خەڵک، توخوا بڵێ کەی ئەمە راستە !؟

نەک هەر ئەو، ئەو باسانەی لە زۆر کەسی تر گوێی لێدەبوو، ناڕەزایی بەرامبەر شەڕی براکوژی بە ئاشکرا بە چڕوچاوی زۆربەیانەوە دیاربوو، تەنیا ئەوانە نەبێ کەبەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو شەڕە دابوو!!!

هیربارەکەی بردە سەرکانیەکەو دەستی بەشتنی کرد، بە تیلە چاوێک سەیری پێشمەرگە گەنجەکەی دەکرد، چەکەکەی لە تەک خۆی دانابوو کەوتبووە ئەندێشەیەکی قووڵەوەو بەتەواوی لەدنیای راستەقینە بڕابوو.

لەو دەمەدا هۆمەر بیرێکی ترسناکی بە مەژی داهات، لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە دڵی کەوتە خورپەو گشت گیانی تەزی! خۆشی نەیزانی چۆن ئەو بیرەی بۆ هات، رۆژێک لە رۆژان بە ئەندێشەی دانەهاتبوو مەژی ئەو جێی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی تیا بێتەوە، لێوی خۆی گەستەوەو بە توندی ئاخێکی وەبادا. دووبارەو بەهەمان شێوە تەماشای کوڕە گەنجەکەی کردەوە. چۆن بوو هەر ئاوا مابووەوە، سەیری چەکەکەی کردو ماوەیەک لێی ورد بووەوە، پاشان خێرا نیگاکانی لەسەر لادا، نەبادا لەو کاتە رووی بۆ لای ئەو وەرچەرخێنی وبە شێوەیەکی تر لە مەبەستی تێبگا! مافی خۆشی بوو لەو کاتەدا بەهەرجۆرێکی لێکدابوایەوە!

زۆر بەزەیی پیاهاتەوە، لەهەمان کاتدا رقی لە خۆی بووەوە، بیری لەوە کردەوە، کە ئەگەر یەکێکی تر بووایە لەوانە بوو کارەکەی ئەنجام دابوایە! ئەو دەمە ئەو لاوە خوێن گەرمە دەبووە گوری ولە تڕی سەی

دەچوو، کە بێ هیچ گومانێک ئەو بۆ مەبەستێکی تر چەکی هەڵگرتبوو. بیری کردەوە، کە لەوانەیە ئەویش وەکو ئەو گوندی سووتێنرابێ، پەرستگاکەیان، خۆشەویستەکەیان هەتک کرد بێ، یاخود برایەکی...هاوڕێیەکی...لە کونجی زیندان مرد بێ، یا لەسێدارە درابێ! دڵنیا بوو، کە ئەویش وەکو ئەو رقێکی ئەستوورو پیرۆزی لە دڵدایە. بەهیوای ئەو رۆژە دەژی تۆڵەی بکاتەوە، دەشێ وەکو شێرکۆ خێزانێکی رەش و رووت ونەداری بەجێهێشتبێ و ئێستا ئەندێشەی لە کن ئەوان بێ، کە چۆن برا وردیلەکەیان قووتی رۆژانەیان پەیدا دەکا، چۆن برا گەورەی، ئەگەر هەیبێ لە خۆشاردنەوە دایە لە ترسی ئەوەی نەوەک لە جێگەی ئەو بگیرێ! چۆن دایکی لەماڵەوە دانیشتووەو هەواڵی شەڕی برا کوژی دەبیستێ، ئەوگەنجانە دێنیتە بەرچاو، کە چۆن لەو چیاو چۆڵانە بێخاوەن ماونەتەوە!.

لەگەڵ ئەوەدا هۆمەر دڵی تێکچوو، خەمێکی ئەستوور بەربینی گرت، ئەو چرکانەی وەبەرچاو تێپەڕی، کە چۆن لەگەڵ دەنگی لرمەکان ئاوڕیان لە گوندەکەیان دایەوە. لەتۆزو دوکەڵێکی رەش بەولاوە هیچی تریان نەبینی. ئەو وێنانە لە مێشکی وا چەسپابوو، ئەگەر سەریشت قوت کردبووایە نەدەسڕایەوە! دەزانی کاتێکی چۆن بوو، هەر بە وشە ئاسانە ئەگینا لە توانای بەرگەگرتنی ئادەمیزاد دانیە! لەگەڵ دیتنی چەکەکەو هاتنی ئەو بیرە رەشانە لەودەمەدا، هێندێک شتی بۆدەرکەوت، کە تا ئەو کاتە نەیدەزانی، زۆر هەڵوێستی وا هەیە بیر دەگەڕێنێتەوە دواوەو وەکو دڕندەیەک رەفتار دەکا، هۆی ئەمەش ئەوەیە مرۆڤ هێندێک شتی

زگماکی ئاژەڵانەی هەرتیا دەمێنێ. کە لەبەر باق و بریقەی شارستانیەت شاردراوەتەوە! لەکاتێکی ئاوا نەبێ بەدەرناکەوێ!.

نەیزانی شتنی هیربارەکە چۆن وا بە خێرایی دیماهی هات وتەواو بوو، کەشتەکانی گەڕاندەوە جێگەی خۆی لەبەر دەرگا دانیشت، چەندەی سەیری دیمەنەکانی دەوروبەری دەکرد، بچمەکی هەر دەچۆوە سەر گوندەکەی ئەوان. لە زۆر شتان کت ومت ئەو بوو، بۆیە ئەگەرچی زیندانیش بوو گەلێ کەڕەت پڕ بەدڵ هەستی بە بەختیاریەک دەکرد!.

لەو دەمەی را بەدیل گیرا بوو، نەیتوانیبوو سەردانێکی گوندەکەیان بکاتەوە. ئەگینا پێشان ناوە ناوە سەردانێکی هەر دەکرد. دەچووە ناو گوندەکەی، یەک بەیەک چاوی بەماڵەکان دەگێڕا، وێنەی خانوەکان و رووداوەکانی دەهاتەوە بیر. لە گوندێکی وا بچووک خەڵکەکەی ئەو هەموو ئازارو پەڕاگەندەییە ببینن وئاوایان بەسەر بێت! پیاوەکان زۆربەی بەر شاڵاوی دڕندانە بکەون وسەرنگون بکرێن، ئافرەتەکان ناگزوور ببن و بکەونە سەر جادان، زارۆیەکان روتەڵەو بێناز بمێننەوە! ئەوەی لە هەمووان زیاتر قازانجیان کرد، ئەوانە بوون زوو ئاکنجیەکەیان بەجێهێشت و بە نخێنی زوورینەوە گوندەکەیانیان.

هۆمەر بۆ دوا جار، بەر لەوەی شەڕی برا کوژی دەست پێبکا سەردانێکی گوندەکەیانی کرد. کات دەمەو ئێوارە بوو، لەگەڵ چەند کەسانێک بڕیەیان دا ئەو شەوە لەوێ بەسەر بەرن. نان وخواردنیان تەواو پێ بوو. وەکو جاران، کە چوونە ناو گوندەکە رێ و راست

ڕێگەی کانیان گرتەبەر، بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، کە تابلێی کپ و خامۆش بوو، گوێیان لە دەنگە دەنگێک بوو.

هەموو ترسان وپەرت بوون، وایانزانی دوژمن بۆسەی بۆ ناونەتەوە! بەڵام، کە زیاتر چونەپێش چەند کەپرێکیان بینی، کە نزیکتر بوونەوە هۆمەر ئەحەی ناسیەوە، کەلەسەر بەردێک دانیشتبوو. ئەحە بەگەرمی بۆی چوو باوەشیان لەیەکتر وەرینا، تێر تێر یەکتریان ماچ کرد، بەشادمانیەکەوە لەبن کەپرەکە دانیشتن و دەستیان بە ئاخاوتن کرد:

–بێژە ... ئەحە ... چی تۆی گەیاندەوە ئێرە ؟

–بۆ ... مرۆڤ ئەگەر گەرەکی هەر شتێک بێ دەتوانی بیکا.!

–باشە ئەی لەگەڵ ئەوانەی تر نەبووی!؟.

–نەخێر... بەرلەوەی ئەوان بگیرێن وشوون بزر بکرێن من رەوم کرد.

–سەیرە ... چۆن شیای ئەو ماڵە دەرباز بکەی ؟!

–ها... های... ماڵ دەرباز کردنی چی برام هۆمەر ... ماڵی چی... بزگوڕێک چییە لەگەڵ خۆم نەهێنا، ماڵەکە چۆن بوو ئاوا دەرگام داخست. نابەخوا هۆمەر، لەو برە پارەو پوولەی هەمانبوو زێتر شتێکی دیکەم نەهاوردا.!

–بەخوا کارێکی پیاوانەت کرد ... دەککە دەستەکانت خۆش بێ!

–ئەی چۆن.. برای خۆم...سەر ساغ بێ ماڵی دنیا بەچی دەچێ! ئەرێ خوا دەزانێ، دەرگام چۆن داخست هەر ئەو داخستنەبوو، یەکسەر ئاودیو بووم ؟

–یانی یەکسەر نەهاتیەوە ئێرە

–نەخێر... نەمدەتوانی! ئەگەر ئەو بڕە شتە دەبینی ئەوا خڕیم لەو دیو کڕی، لە دیوی ئێرانێ، ئەگینا وەکو پێمگوتی عەشتەبا چییە لەگەڵ خۆم نەهێنا!

–ئەوەی راستی بێ منیش ناوە ناوە سەردانێکی گوندەکەم هەر دەکەم، دێم ساتەوەختێ دەمێنمەوەو دەگەڕێمەوە!

–چاک دەکەی هۆمەر، مرۆ پێویستە بە ئەمەک بێ، ئەگەر بەرانبەر ئاخ وارێ خۆی بە ئەمەک نەبێ جێی چاوێ نابێ و پشتی پێنابەسترێ !

–ئەگەرچی وێرانیش کرا بێ، یادگاریەکان هەر زیندوون، دەزانی چ ژیانێکمان تیا بەسەر بردووە، هەر بستێکی پەڕەی یادێکی تیا بەجێماوە. گوێ رادێرە با شتێکت بێژمێ، هەنوکە ئێوها تەماشا دەکەی کەسی تیانەماوە، وەلێ ئەگەر باش لێی وردبینەوە دەبینی سالحۆک وپیرەکانی گوندی وەکو جاران کۆمەڵەیان بەستووە، هێندێک جگەرە دەپێچن و هێندێکی تر مژوولی ئاخاوتنن، دەباشی لێووردبەوە، بزانە ئەو شتانەی هەموو تیا دەبینی ، یا ن ؟!

–بەخوا راست دەبێی هەموویم لەبەرچاو دێت ودەچێ !

–جا بۆیە، کە من دێمەوە گوندی وەک ئەوەی دایک وخێزانەکەم دیبێ وایە، هەست بە ئارامی وشادیەک دەکەم، رقیشم بەرانبەر دوژمن ئەستوورتر دەبێ، باوەڕبکە من خۆم تاقیم کردۆتەوە، ئەگەر هەر جارێکی سەردانی گوندەکەم کردبێ، لە هێرشدا گەرمتر بوویمەو بەزەییم بە دوژمن نەهاتۆتەوە، ئەوەی رقت لێیەتی بێژە یا خوا بە دەردی ئێمە بچێ، لەماڵوێران بوون وگوند خاپوور کردن کێوە!؟ لەماڵی خۆیان وەدەرنابن، گوندیان ئاور تێبەردابن و پەڕاگەندەیان کردین. زەلام ومێرەکانیان شوون بزر کردین، جا توو ئەو خوایە لەمە زیاتر چی هەیە، ئەوەی لە دەستیان هاتبێ کردوویانە و درێغییان نەکردووە.

ئەوان خەریکی ئاخاوتن بوون، کە یەکێک هاتە ژوورەوە، بەخێر هاتنی مێوانەکانی کردو لێی دانیشت، کە رووی بۆ لای هۆمەر وەرچەخاند، لەسەرخۆ گرژیەوە، بەگەرمی بۆی چوو، دوای ئەوەی یەکتریان ماچ کرد ودانیشتنەوە، هۆمەر بە نیوە شەرمێکەوە گوتی:

–بۆ ناتناسم ؟!

ئەحمەد بە دەنگێکی بەرز پێکەنی:

–چۆن نایناسیەوە. مەلۆی برامە!

–توووخوا ئەوە مەلۆیە؟ لێم مەگرە برام، کە دواجار من بینیم هێشتا مووی لێنەهاتبوو.

هۆمەر ئەوانەی بینی زۆر دڵشاد بوو، یەکسەر بیری لەوە کردەوە، کە ئەویش خێزانەکەی بگەڕێنێتەوە!؟

لەو دانیشتنەدا نیوە نیگایەتی هەر لەسەر مەلۆ بوو. سەرنجی دابوو لێی ورد دەبووەوە، دەیزانی شتێکی لە دڵ حەشارداوە، چاوەڕێ دەکا قافی بێ ئەوجا بیدرکێنێ ! بۆیە بەو پەڕی هێمنیەوە چاوەڕوانی دەکرد. هەتاوەکونێ لە نکاوڕا رووی لە هۆمەر کرد :

–کەی دەگەڕێیتەوە ؟

هۆمەر بەبزەیەکەوە وەرامی دایەوە، مەلۆ بە شەرمەوە گوتی :

–دەمەوێ بێمە رێزی ئێوە!

هۆمەر هەر زوو زانی مەلۆ مەبەستی ئەوەیە، چونکێ لەو کاتەی دانیشتبوو هەموو گلیەکانی دەربارەی شەڕو شۆڕو جۆری ئەو چەکانە بوو، کە تیای بەکار دەهێنرا، بە خۆشیەوە گوێی بۆ هۆمەرو هاوەڵەکانی شل کرد بوو، بەسەرهات و رووداوە سەیرو پڕ مەترسیەکانی خۆیان دەگێڕایەوە، کە مەلۆ ئەو گلیەی کرد، هۆمەر ماوەیەک بێدەنگ بوو، رووی وەرچەرخاندە لای ئەحمەد و نیگایەکی پڕ واتای ئاڕاستەکرد. ئەحمەد یەکسەر تێی گەیشت و دەم و دەست وەرامی دایەوە :

–بۆ سەیرم دەکەی هۆمەر، گوایا مەلۆ لە ئێوە زێترە ؟! ئەویش پیاوەو با وەکو پیاوان رەفتار بکا. زۆر شانازی پێوە دەکەم. بەڵام...!

لەگەڵ ئەو بەڵامە ئەو زەردە خەنەی روخساری مەلۆ، کە تازە خەریک بوو دەگەشایەوە، کزبووەوەو موچڕکێکی ساردی بەلەش داهات بەسەرسامیەوە سەیری برایەکەی کرد، ئەویش بێئەوەی گوێ بەو بدات یاخود سەیری بکا درێژەی پێدا:

–بەڵام وا بەباش دەزانم چەند رۆژێکی تر خۆی کرێ کا، بەڵکو یارمەتیم دەدات و بە یەکەوەماڵەکە رێک دەخەینەوە. هۆمەر خۆت دەزانی ئەمەش بەشێکە لە خەبات، بناغە دانانەوەیە بۆ گوندە خۆشەویستەکەمان، بەڕای تۆش وانیە ؟

کاتێک ناوی گوندەکە هات خۆشیەک دڵی گرتەوە، سەیری بەرانبەر خۆی کرد، پاسەوانەکە هەروەک خۆی داما بوو، بەردەوام بوو لە ئەندێشەکەی، لە دڵی خۆی گوتی:

–لە وانەیە هەنوکە خەون بە وڵاتێکەوە ببینی، وڵاتێکی سەربەست لەسێبەرو سایەی بحەسێتەوە. ئێمە هەموو یەک هێوی و خۆزگەمان هەیە، هیوامان وایە لەو کوردستانە، لەو پارچە بەهە شتەی سەر زەوی بە ئاسوودەیی بژین، بە ئارامی و دڵنیایەوە بژین، هەموومان حەزدەکەین لەگەڵ یەک تەبا بین و یەکگرتنمان لەنێوان بێ، کەچی داخەکەم ئەوشتە نییە، بۆ ؟... نازانم ! وەلێ بێ هیچ گومانێک تەڵەو داوی دوژمنە، ئەی ئەگەر وانەکا چۆن دەتوانێ وا بە ئاسانی یاری بە هەمووان بکا، ئاوا برا بکاتە خۆخۆرو دوژمنی برای خۆی !

لەو دەمەدا، کە ئەو خەریک بوو هەڵسێتەوە، دوو گەنج هاتنە کن پاسەوانەکە. زانی شتێک لە ئارادایە، بۆیە بەدەم خۆ خەریک کردن بە چیلکەیەکەوە لە جێگاکەی دانیشتەوە. دوای ئەوەی گەنجەکان دانیشتن دەستیان بە ئاخاوتن کرد، لەبەر ئەوەی هێندە لێیان دوور نەبوو بە ئاسانی گوێی لە هەموو شتێک دەبوو، پاسەوانەکە پرسی :

–بێژن... شار چۆن بوو ؟

یەکێکیان پێکەنی :

-بێژم چۆن بوو... ئەگەر بووێرم دەبێم خەڵکەکە هەمووی بێزارە !

-یانی چی ؟!

لەسەرەخۆو بە کورتی وەرامی دایەوە:

-یانی خەڵکەکە هەمووی بێزارەو کەس باوەڕی بە هیچ نەماوە!

ئەوەی تر گوتی:

-باوەڕی چیان بمێنێ، کاکە ئەوانیش گلەییان لێناکرێ، دوای ئەو هەموو شتە باوەڕیان بەچی بمێنێ !... ئەی وانیە؟

-باشە شتێکم گوێ لێبوو، دەڵێن گوایە ئاگربەستەکە نەگەیشتۆتە هیچ ئەنجامێک !

-...!

-جا ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە !

-چۆن!؟

-خۆ گێل کردنی گەرەک نیە، هەموو دەزانین دوژمن ئەوەی مەبەستی بوو ئەنجامیدا، هەنوکەش چ کارێکی بە ئێمە نەما !

هۆمەر نەشیا چیتر گوێ رادێری، بە رقێکەوە چوە ژوورەوە، دڵی هێندەی دیکە توند بوو، دەستێکی بە نێوچەوانی داهێنا، کە تازە خەریک

بوو تەنکە جواناوێکی دەکرد، لەسەر جێگاکەی راکشایەوە، لەدڵی خۆی گوتی:

-دەبێ هەنوکە ئەحمەد چی کرد بێ ؟ لەوانەیە گوندەکەمان ئاوەدان کرابێتەوە، ئای دەست خۆش ئەحمەد بەخوا ئەگەر ئەو کارەی کردبێ ئەوا پێویستە تا دنیا ماوە راژەی بکەین!.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو:

-دایکموان نەهاتن! وادیارە هەواڵەکەیان پێنەگەیشتووە، ئەگینا وەرامێکیان هەر دەبوو، لەوانەیە کابرا نەوێرابێ لێیان نزیک کەوێتەوە. ئەو ماندوو بوو گەڕایەوە نێو ڕژێم ! نەوێرایە...ئەگینا هەر دەهاتن. یاخود نەیدۆزیوەتەوە، دەڵێن چوونەتە شار، شاریش گەورەیەو ماڵێک و دووان نیە. لەترسی گرتنیش خوا هەر خۆی دەزانی خۆیان لەکێهە کون حەشارداوە! ئەگەر هەواڵەکەشیان پێگەیشتبووایە دوو قاچی تریشیان قەرز دەکردو دەهاتن. ئەوان لەزووەوە خەون بە گەڕانەوە دەبینن. ئەگەر زانیبیان هەرگیز دەستیان لەسەر خەزێنە ناکێشنەوە. ئەگەر بهاتبووان دوای ئازاد کردنم یەکەم شت ئەوانم دەگەڕاندەوە گوندەکەمان، هەر چۆنێک بێ راژەی گوندەکەم بکەم لەشەڕی براکوژی باشترە!.

گەیشتە ئەو بڕیەی ئەگەر ئازاد کرا چەک دابنێ و لە گوندەکەی خۆی دابنیشێ!. بچێتەوە نێو رەزەکەی و ژیانی جارانی دەست پێبکاتەوە، لە هەمان کاتدا دو دڵ بوو، دەیزانی وازی لێناهێنن بە ئارامی دابنیشێ و

تووشی نسکۆیەکی هەر دەکەن! ئەگەر جارەکەی تر رایانگواستەوە، ئەوا بێگومان ئەمجارە لە سێدارەی دەدەن !

لە نێو ئەم هەموو بیرۆکانە سەرسام بوو، نەیزانی چی بکا باشە، لە هیکرِا بزەیەکی هاتێ و پێکەنینی بە خۆی هات! ئەو هێشتا ئازاد نەکرابوو خەمی لەوە دەخوارد، کە وازی لێناهێنن بە ئارامی دابنیشێ، لەگەڵ ئەوە چیرۆکێکی دایکی بەیاد هاتەوە، کە هەر کاتێ بیری تۆزی سەری دەکرد، بەدەم پێکەنینەوە رووی تێدەکردو چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕایەوە، درۆ نیە ئەگەر زێتر لەسەد جارانی بۆ گێڕابێتەوە، هەرگیزاو هەرگیزیش لێی بێزار نەدەبوو، چیرۆکەکەش ئەمە بوو :

– جارێکیان کابرایەک هێندی هێلکە دەکرِێ و بەرەو ماڵ دەبێتەوە، لە رێگادا بیر دەکاتەوەو لە دلێ خۆی دەڵێ، ئەو هێلکانە دەبەمەوە لەبن مریشکە کورکەکەیان دادەنێمەوە، بە ماوەیەکی کەم هەمووی هەڵدێنێ. ئای شتی چاکە، دەبمە خاوەنی کۆمەڵێک جوجەڵە، جوجەڵەکان گەورە دەبن، کە گەورەش بوون مریشکی قەڵەو و پان و پۆڕیان لێدەردەچێ! ئەوانیش هێلکە دەکەن و هێلکەکانیان دەبێتە جوجەڵە. سەرئەنجام ئەوانیش دەبنە مریشک و هەموویان دەفرۆشم. بە پارەکەی جووتێ تاژی و ئەسپێکی باش دەکرِم. هەموو ئێواران سواری ئەسپەکەم دەبم و تاژیەکان پێش خۆم دەدەم. قامچی لە ئەسپەکە دەدەم و هەیهای لێدەکەم. لەگەڵ ئەمە هەیهایەکی کردو لە شوێنی هەڵبەزی، لەو دەمەدا هێلکەکان هەموو کەوتن و شکان !

--کێ دەڵێ ئازاد دەکرێین، گومانی تیایە بمانکوژن !

–نەخێر...هەرگیز شتی واناکەن، دوژمن وایکردووە بیرمان بەرانبەر یەک رەش بێ، بە لایەنی چاکە بیر لە یەکتر نەکەینەوە! هەمیشە بەرچاو تاریک و رەشبین بین، رق و کینەیەکی وایان لە دەروونی چاندووین، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چۆنە، تووشی گێرەشێوێنیەکی وایان کردووین راستی و ناراستیمان لێ تێکەڵ بووە، پێویستە چارەیەک بۆ ئەمە بدۆزینەوە، بەر لە هەموو شتێک پێویستە سەری ئەو کرمە پان بکەینەوەو دەروونمان پاک بکەینەوە .

هەڵسایەوە و دانیشتەوە! دەنگێک زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕاند. یەکێ لەزیندانیەکان بە چاوێکی خەواڵوو بەدەم باوشێک دانەوە گوتی :

–وا دیارە لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگری! گوێ مەدەرێ، ئەو کاتەش وەک ئەو تەمەنەی رامانبووارد بەسەر دەچێ .

هۆمەر بەبزەیەکی خەماویەوە تێی روانی!

– چی بکەم... مێشکم هێندە ماندووە نازانم چی بکەم، خۆت بڵێ تووخوا کەی ئەمە ژیانە. باوەڕبکە دڵم هێندە تەنگە دەبێم هەنوکە شەق دەبەم !

شێرزاد مرۆڤێکی بنێسی رەنگ زەرد بوو، هە رکە سەیرت کردبووایە بەزەییت پیا دەهاتەوە، ئادگاری ئەوەی ئاشکرا دەکرد، کە بەبێ تامی چەوسێنراوەتەوە! جەورو ستەم وایان داپلۆسیبوو بە ئاستەنگ هەناسەی دەهات و دەچوو .

هۆمەر لە زۆر شتان حەزی دەکرد یارمەتی بدات، نەشیدەویست بە شێوەیەکی زەق ئەو هەستەی دەربخات، نەبادا کوڕیژگە بە خۆدا

بشکێتەوەو هەست بە ناگزوری خۆی بکا! دڵنیابوو شێرزاد لە خێزانێکی هەژارە، ئەمە پێویستی بە پرسیارو وەرام نەبوو بە ئاسانی لە نێوچەوانی دەخوێنرایەوە، قەتیشی وەبەر هەڵنەدێناو لێی نەدەپرسی. پاشان بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر ناوی راستەقینەی خۆی ئاشکرا بکا، سیخوڕو چاوساغ زۆر بوون، ئەمەش لەسەر خێزانەکەی لە نێو شار بەگران دەوەستا!

دوای ئەوەی ماوەیەک لەگەڵ شێرزاد ئاخاوتن، هۆمەر خڕ ئەو شتانەی لەکن درکاند، کە گوێی لێبوو. پێی راگەیاند، کە دانوستانەکە لەگەڵ رژێم ئاگر شکستی هێناوەو ئاگربەستەکە بەکۆتا هاتووە. ئەمە پەلکێشی نێو زۆر باس و خواسی کردن، وای لێهات شێرزاد خۆی دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی کرد:

–پیاو راست بڵێ باشە، من بەرایێ هیچم دەربارەی ئەو دوژمنە دڕندەیە نەدەزانی، باوەڕ بکە نەمدەزانی لە سێدارەدان هەیەو زیندانەکان پڕ لاوی خوێن گەرم و دڵسۆزەو لە جیهانێکی تر دەژیام! هەموو ئاواتێکم ئەوە بوو کار بکەم و خۆم پێ بگەیەنم، ئەی چۆن... دڵنیا بووم ئەگەر من کارنەکەم هەر لە نێو خۆمدا گێژ دەخۆمەوە و ژیانم یەک دنک بەرەو باشی ناڕوا. لەنکاوڕا رووداوێک روویدا هەموو ژیانمی گۆڕی، ئەویش گیرانی سەرهەنگی برام بوو، باوەڕبکە هۆمەر من هێندە لەو ماڵە بووم نەمدەزانی سەرهەنگ دەست لە کونان وەردەداو لە بنەوە کاردەکا، گەنجێکی کرو هێمن بوو وهەرگیز خۆی لە شتان هەڵنەدەقورتاند. بەرایێ، کە گیرا وامزانی لەسەر شتێکی ئاسایی گیراوە، هەر بۆیەش و بێترس بە دوایدا چووم هێندەم زانی منیشیان گرت و لە

کونجی زیندانییان ئاخنیم. جا باسی زیندانەکان لەوانەیە خۆت باشی بزانی. سەرت نەیەشێنم جارێ بەر لەوەی بزانم منیان بۆ گرتووە، فەلاقەیەکی باشیان کردم. چەند رۆژێک بەو شێوەیە مامەوە، ئەوەیان خستە ئەستۆم، کە دەستم لەگەڵ سەرۆی برام هەبووە و یارمەتیم داوە! هێندەی سوێندو قورئانم خوارد من ئاگام لە هیچ نیە بێسوود بوو. هەموو زیندانی شارەکانیان پێ گێرە کردم، هەموو جۆرە ئازارێکیان دام، لە کێبڵ و کارەبا تا دەگاتە شتە ئەلکترۆنیەکانی تر! رۆژێکیان چێشتەنگاوێکی درەنگ وەکو ئێستا، یەکێکیان هێناو فڕێیان دایە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی لە بەتانی لوول درابوو نەمناسیەوە، ئەوەی راستیش بێ لەبەر ئەوەی ئەو دیمەنە بەردەوام دووبارە دەبووەوە زۆر سەرنجم نەدا. هەر یەکێک لە ئێمە نۆرەی بهاتایە بە قاچی خۆی دەچووە دەرەوەو بەو شێوەیە دەیانهێنایەوە ژوورەوە. پاشان نازانم بۆ... کاک هۆمەر زۆر سەیر بوو، لەنکاوڕا سۆزم بزوواو موچڕکێک گیانمی گرتەوە، حەزم کرد لێی بچمە پێش، بەر لەمن دوو کەسی تر گەیشتبوونە کنی. پەڕۆیان بەدەم و چاوی دادەهێناو ئەو خوێن و جواناوەیان دەسڕیەوە، کە لەسەر رووخساری تێکەڵ ببوو. لە هۆش خۆی چوو بوو و نوزەی لێوە نەدەهات. کە سەیری روویم کرد دەتگوت گوللەیەکیان لێدام! دڵم رۆیشت و تاسام، وا شلەژام ئاگام لە هیچ نەما، لێی وردبوومەوە سەرهەنگی برام بوو! دەم و چاوی بە شێوەیەکی ترسناک شێوێنرابوو، هەر ئەو هۆیەش بوو وایکرد دوانەکەی تر، کە بەرلە من گەیشتنە کنی بسەنگرێنەوە. پەنگرێک کەوتە هەناوم، گریانم لە قوڕگی ماو نەشمتوانی بگرییێم. چاوەکانم کرانەوەو

برژانگەکانم لەرزەی تێکەوت، باوەڕ بکە چۆنت بۆ دەگێڕمەوە ئاوا بوو. لەو کاتەدا ئەوەی ئازار چیە لە لەشم دا نەمابوو، تووڕەییەکی وا لە دەروونم سەری هەڵدا بە درێژایی ژیانم هەستم پێنەکردبوو، وەلێ پیاو راست بڵێ باشە، هەرچەندە برای خۆم بوو، کاتێک بینیم لێی ترسام! راستە برای خۆم بوو، بێ هیچ گومانێک لە گیانی خۆم خۆشترم دەویست، کەچی وایان لێی کرد بوو لێی ترسام، سەرم بردە بن گوێی و چرپاندم:

–سەرهەنگ... سەرەکە... منم شێرزاد ... برات، نامناسیەوە؟ !

چەند جارێک بەدەم هەنسک دان و گریانەوە ئەوەم دووبارە کردەوە، وا دیاربوو بۆ دواجار هەستی بە دەنگم کرد، بۆیە چاوەکانی بە ئاستەم کردەوەو بزەیەکی خویناوی و ئازارێکی سەخت لە رووخساری رەنگی دایەوە! ماوەیەکی زۆر لە دیاری دانیشتم، چەند خەمم لەدڵ گورا، چوار هێندەش... هەزار هێندەش رق و تووڕەیی. لەو کاتەدا ئەگەر لەدەستم بهاتایە گۆی زەویم دەکردە کوتەک و لە تەپڵی سەریانم دەدا. زۆری پێنەچوو... هێشتا هیچ پەیوێکم لە زاری نەژنەوتبوو، کە ناویان خوێندمەوە، هەمدیس چاویان بەستمەوە، پێش خۆیان دام و بۆ ژوورێکیان راپێچ کردم. کە گەیشتمە ژوورەکە لەسەر ئەسکەملیەکیان دانام. هێشتا بە تەواوی دانەنیشتبووم، کە رووی پرسیاریان ئاڕاستەکردم :

–برایەکەت بینی چی بەسەر هاتووە ؟

–...!

--دڵنیابە تۆ زۆر لەو دژوارترت بەسەر دێت، ئامۆژگاریت دەکەین وەکو ئەو لەخۆت مەکە. ئەگەر گەمژەو بێئاوەز نی دان  بە هەموو شتێکدا بنێ، ئەو غەزری و قاچی لەزەوی چەقاند... تۆ وامەکە .

–من هیچ نازانم... باوەڕ بکەن ئەگەر هەر شتێکم زانیبووا دەمدرکاند  !

–چۆن ئاگات لە هیچ نەبووە، ئەی ئەو چەکانەی لە ماڵی ئێوە دۆزراونەتەوە ؟!

من تا ئەو دەمە نەمزانیبوو هیچ پارچە چەکێک لە ماڵی ئێمە دۆزرابێتەوە، بۆیە وا تێگەیشتم گەرەکیانە لەخشتەم بەرن! دوای ئەوەی ئازاد بووم زانیم ئەو شتە راست بوو چەند پارچە چەکێکیان لە ماڵی ئێمە دۆزیبووەوە! دوای ئەوەی چەند پرسیارێکیان لێکردم. وەک ئەوەی وایان بەباش زانیبێ چیتر خۆیان ماندوو نەکەن، یەکسەر بەرەو ژووری ئازاردانیان رەوانە کردم ، ئیتر ئاگام لە خۆم نەما تا ئەو کاتەی خۆم لە ژووری زیندانەکە بینیەوە! .

– شێرزاد لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیە نیشانەی خەم و ماندووبوونێکی زۆری بەرووەوە لکا، جگەرەیەکی داگیرساندو بە پەرۆشەوە قومێکی لێدا. دوای ئەوەی تاوێ داماو دوکەڵەکەی لەسەرخۆ بەبا کرد، دەستی بە ئاخاوتن کردەوە :

–لە زیندان زۆر شت فێر بووم، لە کاتی ئازاردانداا بیرم بۆ لایەک بەرهەڵدا دەکرد، زۆر جاران خۆشەویستەکەم دەهێنا بەرچاو. لەگەڵی داخاوتم و رازی دڵی خۆم بۆ دەدرکاند. ئەو کاتانەم دەهێنایە بەرچاو،

کە بە یەکەوەمان بەسەر بردبوو، ئیتر تا ئەو کاتەی دەبووڕامەوەو ئاگام لەخۆم نەدەما خۆم بەو بیرانە مژوول دەکرد. سەرەتا ئەوشتانەم نەدەزانی بۆیە ئازارەکە زۆر هەراسانی دەکردم، کەچی وردە وردە زیندانیەکانیانی تر فێری زۆر شتیان کردم! .

هۆمەر زانی شێرزاد زۆر پڕ بووە، بۆیە ویستی بڕێک شێنەیی بداتە باسەکە، بەو مەبەستە پرسی :

-وا دیارە خۆشەویستیشت کردوە ؟

-ئەی چۆن، برام هۆمەر... ئەمەش باسی خۆی هەیە !

شێرزاد خەمێکی قووڵ لە چاوەکانی بریسکەی دەدا، کە بینی هاوڕێیەکەی هەستی لەخۆی بڕیوە و بەتامەزرۆییەوە گوێی رادێراوە. دەنگی هەڵبڕیەوە:

-باوەڕ بکە خۆشەویستیشم وەکو هی خەڵکی دیکە نەبووە! زۆر یەکترمان خۆشدەویست، حاڵی ئەوان گەلێک لەهی ئێمە باشتر بوو، رۆژێکیان بینیم و پێی راگەیاندم یەکێک چۆتە خوازبێنی، داوای لێکردم شتێک بکەم! ئەوەی راستی بێ تووشی سەخڵەتیەکی زۆر بووم، هەرگیز بیرم لەو شتە نەکردبوەوە! بەڕایێ وامزانی درۆم لەگەڵ دەکا، ئەمەش بە گوێرەی قسەی برادەرێکم، ئامۆژگاری کردم و گوتی ئەمە بۆ ئەوە وادەکا تا تۆ تەنگە تاو بکا، وەلێ کە لێم کۆڵیەوە راستی دەکرد! ئەوەی چوبووە داخوازیشی کابرایەکی هەبووەی دەوڵەمەند بوو، نەمزانی چی بکەم، ناچار بووم خۆم لێشاردەوە! تا ئێستای لەگەڵ دابێ

نەمدیەوە، بەڵام تا ئێستاش هەر خۆشم دەوێ، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ، با لە باسەکە دانەبڕێم و ئەوەت بۆ تەواو بکەم. وەکو هەموو جارێک لەگەڵ لێدان بوورامەوە. کە هاتمەوە هۆش خۆم بینیم هەموو دەوریان لەسەرهەنگ دابوو، یەک دوانێک لە سوچێکی دوورەوە دانیشتبوون و بۆی دەگریان. شێت بووم، هەر چۆنێکی هەبوو خۆم گەیاندە لای و سەریم خستە سەر کۆشم :

–سەرهەنگ ... سەرهەنگ.. باخێوە.. من شێرزادم.

بەهەمان شێوەی جاری پێشو گرژیەوە، بەڵانەکونێ ئەمجارەیان چاوەکانی بە ئاستەم هەڵێناو بە دەنگێکی زۆر نزم. کە وێدەچوو بە زۆری لە قوڕگی وەدەردەنا گوتی :

– ببوورە شێرزاد، برام... تۆش بە ئاوری من سووتای ببوورە

منیش بە دەنگێکی پڕ بڕواوە گوتم:

–بە ئاوری تۆی چی برام، خۆ تەنیا دوژمنی تۆ نیە دوژمنی هەموومانە، دوژمنی داروبەردیشمانە !

خۆشم نەمزانی لەو کاتەدا چۆن ئەوەم هاتە سەرزار، بە شێوەیەکی واشم دەربڕی زیاتر لە ئاخاوتنی مرۆیەکی دەکرد، کە سەری لەو شتانە سپی کردبێ! وا دیاربوو سەرهەنگ بەمە زۆر شادمان بوو، بەڵام کە فرمێسکی بە چاوانمەوە بینی هەستم کرد گریانێک خۆی بە قوڕگی هەڵواسێ، ویستی دەستی بەرز بکاتەوەو فرمێسکەکەم بسڕێتەوە. کە دەستی بزواند. دەستی بەگرانابیەکەوە کەوتە سەر زەوی. کە دیقەتم

دایە زانیم دەستی شکا بوو، چەند بزمارێکیش لە باسکی درا بوو! کە سەیری پەنجەکانیم کرد هەمووی قوت کرا بوون، باوەڕم بەچاوی خۆم نەکرد! برام هۆمەر...تۆ خۆت بێنە شوێنی من، ئەگەر لە جێگای من بوای هەرگیز باوەڕت دەکرد!؟ نا دڵنیام باوەڕت نەدەکرد، ئیدی شێگیر بووم، خۆم بۆ نەگیراو دەستم بە جنێودان کرد. لە هەمووی سەیرتر، تۆ چی دەڵێی ئەگەر بێژم، تەرمی سەرهەنگ دوو رۆژ، دوو رۆژی رەبەق لەویَ مایەوە! رۆژی سێیەم ئەوجا بردیانە دەرەوە، ئەو دوو رۆژە لە کنم بە دووساڵ هەبوو. بەردەوام گریام، نەک من هەموو ئەوانەی لەویَ بوون، لەمن بە کوڵتر دەگریان. برام هۆمەر... ئەوەی بۆتی باس دەکەم گێڕانەوەی بە وشە ئاسانە ئەگینا...!

دڵۆپە رۆندک لەسەر روومەتی شێرزاد رێچکەی بەستبوو، جگەرەکەی تەواو کردو یەکی تریشی داگیرساند .

-دوای ئەوەی هیچم لەسەر ئاشکرا نەبوو ئازاد کرام، هەرچەندە سەرهەنگی براشم هیچی نەدرکاندبوو، بەڵام ئەو کاری تەواو بوو هاوڕێیەکەی دانی بە هەموو شتێک نابوو. کاتێک ئازاد کرام نەمزانی چی بکەم، وێنەی براکەم هەمیشە لەبەرچاوم بوو. چەند رۆژێک مامەوە تارێگەم دۆزیەوەو هاتمە دەرەوە، با ئەوەشت پیَ بێژم، لەو رۆژەوەی هاتومەتە دەرەوە ماڵەوەمان هەموو گیراون! دایک و باوکی پیرو خوشکی جحێل، هەمووی گیراون. سەیر کە بۆ چی هاتین تووشی چی بووین! باوەڕبکە کاتێک من  هاتمە دەرەوە لام گرنگ نەبوو بچمە کن هەر لایەنێک، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو چەک هەڵگرتن و تۆڵە کردنەوە بوو!.

هۆمەر بەتەواوی ئاوێتەی باسەکە ببوو، مشەیەکی لێوە هات و خیزی لەگەڵ قوتدایەوە. زۆر زۆر دڵگران بوو. شێرزادی لەکن خۆشەویستتر بوو، بۆیە نەیکردە نامەردی و ئەویش بەسەرهاتەکەی خۆی سەرلەبەری بۆ گێرایەوە، لەو کاتەی دەوریان گرتن ورایانگواستنەوەو گوندەخۆشەویستەکەیان ئاورتێبەردان، تا ئەو چرکەساتەی تیایدا دەژیان!.

–باشە ئەگەر لێرە ئازاد بووی، نیازت وایە چی بکەی ؟

هۆمەر بە نیگەرانەوە ئەو پرسیارەی کرد .

–نازانم... هەتاوەکو ئێستا هیچ بڕیەیەکم نەداوە، ئەی تۆ ؟

–لەوانەیە بگەڕێمەوە گوندەکەم، بەدوای ماڵەوەم ناردووە، جا نازانم ڕۆژگاریش بۆ کوێمان راپێچ دەکا !.

–دەبوایە لە زووەوە خێزانەکەت بگەڕاندبووایەوە .

–لە مێژە بە دووامدا ناردوون، نازانم بۆ هیچ وەرامێکیان نیە! .

–لەوانەیە پێیان نەگوترابێ !

–منیش هەروای تێدەگەم، ئەگینا ئەوانیش هەموو هێویەکیان هەر زورینەوە بوو، بۆ ئەوە دەژین جارێکی تر بگەڕێنەوە گوندەکەیان .

–لەوانەیە گوندەکەتان خۆش بێ ؟

–تواهوو... تواهوو، جا ئەوە پرسیارە دەکەی!

وێنەی گوندەکەیانی هاتەوە بەرچاو. دەنگی شمشاڵەکەی بە نزمی بەرزبووەوەو لەبن گوێی لەریەوە، چاوی پڕگریان بوو! حەزی دەکرد لەو دەمەدا شمشاڵەکەی لەکن بووایەو هەتا کولی دڵی دادەمرکا بیژەندبووایە، بە هەموو هێزێکی فووی پیا کردبووا، جا خوای دەکرد خوێن لە زاری فیچقەی دەکرد و شمشاڵەکەی سوور سوور دەبوو .

–باشە یەک کوڕت هەیە ؟

–بەڵێ... ئەگەر هەنوکە هیچی ترمان زیاد نەکردبێ !

–دیارە شتێک لە ئارادا هەبوو!

هۆمەر بەبزەیەکەوە سەری بۆ لەقاندو بەبەڵێ وەرامی دایەوە .

–کوڕەکەت ناوی چییە ؟

–بێوار...

–بێوار... بێوار یانی چی ؟!

ئەو پرسیارەی کرد و تاوێ بێدەنگ بوو، پاشان بەشەرمێکەوە گوتی :

–ببوورە کاک هۆمەر ئەو هەموو پرسیارە دەکەم، هیوادارم لێم زویر نەبی !

–نا.. هەرگیز وابیرمەکەوە، تۆ برای منی.

ئەمەی گوت و دەستی بەلێکدانەوەی وشەی بێوار کرد، بێوار یانی بێ هەوار، بێلانە، بێ وڵات، مرۆڤ لە خاکی خۆی هەڵکەنرا دەکەوێتە قون

دەریان و بێوار دەمێنێتەوە. ئێمەش وەکو بۆم باس کردی، لە خاکی خۆیان هەڵکەندرین.ماڵیان وێران کردین و خاکیان ئاور تێبەرداین، تەنانەت کانیاوەکانیشیان تەقاندەوە! ئەوەی راستی بێ دایکم ئەو ناوەی لێنا.

هۆمەر و شێرزاد هاوڕێیەتیەکەیان رۆژ بەرۆژ پتەوتر دەبوو. هۆمەر شێرزادی وەک شێرکۆ دەهاتە بەرچاو، رەفتارو هەڵسان و دانیشتنی کت و مت شێرکۆ بوو. وەلێ وەکو ئەو چوست و چاپوک نەبوو، وەکو ئەویش رۆشنبیر نەبوو، دەنا هێمنی و لەسەرخۆی و شێوازی ئاخاوتنی زۆر لەوی دەکرد. دوای دانیشتنەکەیان بە ماوەیەک ئەوجا هۆمەر بیری لەو پەیڤانە کردەوە، کە دەریبڕی. بیری لەوە کردەوە، کە هەنوکە بێوار خوشکێک یاخود برایەکی بۆ پەیدا بووبێ! خۆشیەک ختووکەیدا، بۆ ماوەیەک خۆی پێوە خەریک کرد، کژی لەشی هاتەوەو چرای هیوایەکی لەدڵ دایسا، باوێشکی هاتێ، حەزی کرد رابکشێ و سەر خەوێک بشکێنێ، کەچی لەو کاتەدا یەکێک گازی کرد، لە جێگاکەی هەڵسایەوە بە دوای دەنگەکە چوو

(4)

کاروانەکە ئەگەرچی وەڕەزو بێزار، شل و خاو ببوو، هەناسەی هەردەهات و دەچوو، ژیان وەک دووچەرخە وردەچەرخاو بەردەوام بوو. چرکەی میلی کاتژمێریش هێدی هێدی پەڕی بۆ مێژوو زیاد دەکرد، بیری مرۆڤەکانیش لەو خێراتر و بەلەزتر هەنگاوی دەنا!. دەنگی لاوکەکە بەتووڕەیی بەرز دەبووەوە، لە نێو چیاو دۆڵەکان دەنگی دەدایەوە، خۆی لە هەموو کونج و کەلەبەرێک دەپەستا، سەری بە هەموو کوچەو کۆڵانێکدا دەکرد، لە نێو هەموو بۆشاییەک ئارامی دەگرت. بەرەنگاری هەموو بەربەستێک دەبوەوە، هێلانەی لەدڵی هەموو کەسێکدا چێدەکرد، خەڵکی بەوریاییەوە گوێیان بۆ رادەدێرا، بە ئاگادارییەوە وشەکانیان هەڵدەسەنگاند. لەگەڵ ئەوەش، لەگەڵ ئەو هەموو گریەو شیوەن و زاریەی لە قاوغی لاوکەکە بوو، لەگەڵ ئەو هەموو فیگان و ژان و واتایەی لاوکەکە دەریدەبڕی، بەشێک هەر لە گوێی گادا خەوتبوون، بەردەوام لەتەلی کەراتیان دەداو و سترانی سەر لێشێواویان دەچڕی!.

* * *

کەژێ بە پەشۆکاویەوە لە دیار مەلۆتکەکەی دانیشتبوو، سەرنجی دابووە بێوار، کە لەم ناوەدا یاری دەکرد

-کوڕیژگەکەم روونە، تکات لێدەکەم روونە. خوا لەسەر سەرانە و دەزانێ تینی هیچم نەماوە!.

ئەو پەیوانە وای لە بێوار دەکرد، لە یاری کردنەکەی گەرمتر بێ، ناوە ناوە ئاوڕی لێ بداتتەوەو بەڕووی بزیقێتەوە .

-روونە کوڕیژگەکەم  روونە، تکات لێدەکەم روونە. خوا دەزانێ تینی هیچم نەماوە، دڵم بەرگەی ئەو هەموو خەمە ناگرێ،  ئاخر بێژە ئەو دڵە بچکۆلەیە چۆن بەرگەی ئەو هەموو شتە بگرێ ؟! تکا دەکەم روونەو مەرەدی باوکت مەنێوە !.

ئەگەر چی تووڕەو ئەنری بوو، زوو پەژیوان بووەوە. هۆمەر چ کارێکی سووک و نابەجێی نەکردبوو. پاشان ئەو هەردەم شانازی پێوە دەکرد، بەشان و باڵێ هەڵدەگوت و پێوەی دەنازی. لە کۆڕو کۆمەڵێ ژنان، کە ئەگەرچی زۆر کەمیش دادەنیشتن، باسی دەکرد و خۆی پێ هەڵدەدا، خۆشی نەیزانی بۆ لەو دەمەدا ئەو وشەیەی هاتە سەرزار !

-وەرە کوڕم روونە، وەرە کن دایکی خۆت، گوێم بۆ رادێرە. من هەنوکە هەموو شتێکی تۆم، باوکت خوا دەزانێ هەنوکە لەکوێیە، لەکام یاڵ واژی دەبێتەوە، یاخود بەسەر کام ترۆپک هەڵدەزنێ، کێ دەزانێ مەگەر هەر خوا خۆی نەبێ!.

مەلۆتکەکەی توندتر بەسینگیەوە نوساند، بە چاوێکی پڕ فرمێسک تێی راما، دەستی بە ماچ کردنی کردو لەباوەشی رایهەژاند:

-بینابیم دایێ کیژۆڵەکەم، بینابیم دایێ .

رابۆ لەگەڵ دەنگی گریانەکە تاوتاو چووە ژوور سەری:

–ئاگات لێی بێ کچی خۆم، ئاگات لێی بێ، بیهێنە وێیدە من .

لە هەمێزی خۆی ناو بەدەم هات و چوونەوە دەستی بەلاواندنەوەی کرد:

–ژیربەوە شیرنۆکەکەی من، ژیربەوە بەرخۆڵەکەم. من قەتم نەزانیوە شیرین گریا بێ ! ئەو هەموو شتەی بەسەرهات، هەموو چەکێکی لەسەر تاقی کرایەوە، قەتم نەزانیوە جارێک، تەنیا جارێک تاقە نووزەیەکی لێوە هاتبێ. تۆ بۆ دەگریێ، بەرخۆلەکەم تۆ بۆ دەگریێ ؟ !

ماوەیەک بەرلەوەی شیرین لە دایک بێ، هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو. هۆمەر بڕیەی دابوو، کە دوای بێوار ئەگەر کوڕیان بێ ناوی بنێن هەڵۆ. هەتاوەکونێ وەکو هەڵو بەرزەفڕەکانی چیای شیرینێ ئازاو بووێرو چاو نەترس بێ، ئەگەر کچیش بێ.. ئەوا ناوی بنێن شیرین، هەتاوەکونێ وەکو چیای شیرین جوان و روو سوور و گەردەنی وەکو لوتکەکانی بەرزو بڵند بێ. کەژێ ئەو داخوازیەی هۆمەری لەکن رابۆ نەدرکاندبوو. بۆیە کاتێک ئەو کچە هاتە دنیا، رابۆ لە بێوار چی کرد، لەمەش هەمان شتی دووبارە کردەوە! لە لایەک بەختیاری پێوە دیار بوو لە لایەکی ترمات و مەلوول دەهاتە بەرچاو، بە پەشۆکایەوە لە حەوشەکە دەهات و دەچوو لەبەرخۆیەوە منجەی دەهات.

کەژاڵ، کەژێ دەیزانی رابۆ بیر لەچی دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەو ئەگەرەش دەترسا، دەترسا ئەگەر بەدلێ ئەو نەکا. لەوانەیە بغەیدی و

زویر ببێ، بەهیچ جۆرێکیش حەزی نەدەکرد دڵی بشکێنێ. ئەگەرچی بووک و خەسوو نێوانیان بە باشی باس نەکراوەو زۆر کەم هەبووە لەگەڵ یەک تەبا بن، بەڵام ئەوان وانەبوون. رابۆ تەواو وەک کچی خۆی تێی دەڕوانی، ئەمیش وەک دایکی خۆی رەفتاری لەگەڵ دەکرد !

رابۆ کت پڕ وەستاو چووە ژوور سەری، ترپەی دلی هێندە دیکە زیادی کرد، وەک ئەوەی چەقۆی لەسەر راگیرابێ ئاوا بوو، بوواری ئەوەی نەدا ئاوا بمێنێتەوە، کەوتە گلیان :

–دەزانی کچم ناوێکی خۆشم بۆ بەرخۆڵەکەمان هەڵبژاردوە .

کەژی بە قورگ وشک بوونێک و زمان تەتەڵەییەکەوە وەرامی دایەوە :

–هۆمەریش ناوێکی داناوە!

رابۆ رووی گرژ بوو، دەم و چاوی هەڵگڵۆفت و هەستی بە زامدار بوونێک کرد، کەچی بەسەر خۆی نەهێنا. بە چاوێکی فرمێسک تێزاوەوە گرژیەوە:

–یانی چی ؟ !

کەژێ هێدم گربوو، تاماوەیەک نەشیا هیچ بێژێ، پاشان بەشەرمەزاریەوە گوتی :

–مەبەستم هیچ نەبوو، باوەڕ بکە مەبەستم هیچ نەبوو، هەتاوەکونێ تۆ هەبی کەس بە هیچ ناچێ، هەر تۆ مەزن و گەورەی هەمووماني .

رابۆ بێدەنگ بوو، بە ناگزوریەوە دانیشت و پاڵی دایە دیوارەکە. هەناسەیەکی هەڵکێشا، کە بۆنی نامرادی ودڵشکاوی لێدەهات. لەو دەمەدا بێوار چوە کنی، بەکرِی لەسەر کۆشی خۆی دانا.

– نەتگوت... بێژە بزانم چ ناوێکت هەڵبژاردوە !

–هیچ... بەردێکی لەسەر دانێ !

–تکا دەکەم ئازارم مەدە، من بە ئەنقەست وام نەکرد، چەند پەیوێک بوو لەزارم دەرچوو، بە هیچم وانەگوت. ئەگەر  هۆمەر باوکیشی بێ، وەلێ تاوەکو ئێستێ چەندی بۆ بێوار کردبێ بۆ ئەمەش هەر هێندەی دەکا، تۆ لە جێی باوک و دایک و هەموو کەسێکی ئەوی !

–وامەڵێ کچم، وامەلێ. ئەو زۆری بۆ کردووە. ئەگەر هەر یەکێک لەو میللەتە وەکو ئەو بووایە و وەکو ئەوی بکردبووایە، هەنوکە کارەکە بە جۆرێکی تر دەبوو، هەرگیز وا مەڵێ!.

هەتا ئەو دەمەش دڵنیا نەبوون و بە تەواوی نەیاندەزانی هۆمەر چی بەسەر هاتووە، ئەگەرچی لاونی و وێکەوتبوون بەدیل گیراوە، وەلێ باوەڕیان نەدەکرد! ئەو دەمەی ئەو هەواڵەیان زانی، رابۆ یەکسەر رووی لەو کابرایە کرد، کە هەواڵەکەی بۆ هێنابوون و پێی گوت:

–هیچم لێ مەشێرەوە، ئەگەر هەرشتێک روویداوە پێم بڵێ، پێویست بەم بینەو بەردەیە ناکا، بڵێ تەرمەکەی لە کوێیە با بچین بیهێنینەوە! .

رابۆ ژیانی لە نێو شەڕو ئاژاوە بەسەر برد بوو، دەیزانی شتی وا سەرەتا بە پێچ و پەنا دەگوترێ، بۆیە بەرایێ باوەڕی نەکرد، هەر چەندە کابرا سوێندی خواردو سێ بەردەی فڕێدا، هێشتا دڵی ئۆقرەی نەدەگرت و بڕوایی نەدەهێنا! هەر بەو ئومێدە بوو سەردانێکی بکاو هەموو شتێک بە چاوەکانی خۆیەوە ببینێ.. سەرباری ئەو خەمە، خەمی تەحۆشی هاتبووە سەر. لەو شەوەی بە تووڕەیی چووە دەرەوە، لەو شەوەڕا زۆر گۆڕانی بەسەر داهاتبوو، بەیانیان زوو دەچووە دەرەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ نەدەگەڕایەوە، کە دەگەڕایەوەش ماندوو هیلاک بوو، جلەکانی نیشانەی کارکردنیان پێوە دیاربوو! شتاقیان لە نهێنی تەحۆ نەدەگەیشتن، ئەویش هیچی لەکن نەدەدرکاندن .

تەحۆ ئەو شەوەی لەماڵ چووە دەرەوە زۆر بیری دزێوو نابەجێ خۆیان لە مەژی ئاخنی، زۆر نیازی خەراوی لە دەروون گەڵاڵە بوو. هەر کە قاچی راستەی لە دەرگا ئاودیوی دەرەوە کرد بڕیەیدا ئەو شەوە بێ پارە نەگەڕێتەوە! بۆ ئەم مەبەستەش یەکسەر بیری لە هەمزە کردەوە، ئەو هەمزەیەی بەرۆژ چەرچیاتی دەکردو بەشەویش قومارو مەیخانە پیشەی بوو! وا خووی دابووە خواردنەوە، ئەگەر شەوێک پارەی خواردنەوەی نەبووایە ئامادە بوو بەهەرچی رێگەیەک بێ پارە پەیدا بکا، پیاوی قوماربازیش لە دەشەوان شەوێک گیرفانی پڕ نیە. بۆیە هەردەم بەدوای داو تەڵەکەو فڕو فێڵدا دەگەڕا، هەموو زیندانەکانی وڵاتیشی بینیبوو!

تەحۆ ماوەیەک بەرلەوەی لەترسی گرتن و شون بزرکردن خۆی بشارێتەوە، لەتەک ئەو کوڕە پاکەتی دەفرۆشت، باشی دەناسی و زۆر

جاران باسی خۆی بۆ کردبوو. هەمزە ئەگەرچی مرۆڤێکی زۆر دڵ و دەروون فراوان بوو زۆر پیاوەتی لەدەست دەهات. تەحۆ لەبەر ئەو قومار کردنەی کەیفی پێنەدەهات. هەوڵیشی دەدا لێی دوورکەوێتەوەو تێکەڵی نەبێ، خۆشی نەیزانی لەو دەمەدا چۆن بیری لە هەمزە کردەوە!

بە خەمبارییەوە هەنگاوی دەنا، هێند دەترسا لە سێبەری خۆی دەرەوییەوە، لەوە دەترسا وەکو زەلامەکانی تر شوون  بزر بکرێ. ئەو ماوەیەی لە ماڵەوە بوو دەرەوەی نەدیبوو هەست بەترس کردنەکەی لە جاران زیاتر ببوو، کە دەستی بە سمێڵی داهێناو گەندەمووەکانی سمێڵی بەردەست کەوت. هەترەشی چوو! گلیەکەی ئەو شەوەی وەبیر هاتەوە کە چەکدارەکە کردی، ئەو شەوەی پیاوەکانی تیا شوون بزر کرا :

–هێشتا گوجیلەیە... کەی بوو بەسەگ چارەیەکی دەکەین !

وەک ئەوەی کەتنێکی گەورەی کردبێ، بەپەشۆکاویەوە ئاوڕی لەم لاو لەولای خۆی دەدایەوە. هەستی رادەگرت، دنیا کپ و خامۆش بوو هیچ لە ئارادا نەبوو، هاتنە دەرەوەکەی زۆر بە هەڵە زانی!

–نەدەبوایە بەو شەوە بێمە دەرەوە !

هەزار بیرو وردە ئەندێشەی بۆ هات، بیری کردەوە ئەگەر لەسەر کارێکی ئیوها بگیرێ چیدەکا ؟! ئەگەر هەموو کەسێک لێی خۆش بێ، ئەوا بەبێ هیچ گومانێک هۆمەر سەری دەبڕێ، هەر بەسەربڕین سەری دەبڕی! هەستی بە شەرمەزارییەک کرد، نەیزانی چۆن ئاوای بیر

کردۆتەوە. نەدەبوایە ڕێگە بە مەژی بدات لە سنووری خۆی زێتر پێ درێژبکاو لاقی لێهەڵبڕێ .

-مرۆڤ پێویستە لە کاتی تەنگانەدا زانایانە بیر بکاتەوە، ئەو شڵپە شڵپە لە تەنکاوێکی وادا شورەییە !

هێندە خەمی لە خۆی خوارد چاوی پڕ گریان بوو .

-تەحۆ... چۆنی ؟

کە سەیری کرد شۆڕش هاوڕێی بوو، شۆڕش دانێک لە قوتابخانە دەیخوێندو دانێکیش لەگەڵ ئەو پاکەتی دەفرۆت، گەنجێکی هێمن ولەسەرەخۆ بوو، تەحۆ زۆر باوەڕی پێدەکردو زۆریشی خۆش گەرەک بوو. لە کاتی تەنگانەدا هانای وەبەردەبردو سوودی لە ئامۆژگاریەکانی وەردەگرت. شۆڕش ئەگەرچی تەمەنی لە دەوری شانزە حەڤدە ساڵان بوو، هێندەی پیرەمێردێکی دنیا دیتەی دەزانی، سەری لە زۆر باس وخواسان دەردەچوو. کە دەربارەی هەر شتێک باخاوتانە زۆر لە سەرخۆ پەیوەکانی قەتار دەکرد، بە دەنگێکی نەرمیش دەریدەبڕی

-سوپاست دەکەم کاک شۆڕش تۆ چۆنی ؟

شۆڕش خەم ونامۆییەکی لە وەرامەکە بەدی کرد، وەلێ بەسەرخۆی نەهێنا، دڵنیا بوو شتێک لە ئارادا هەیە، ئەگەرنا تەحۆی بەشەو لەدەرەوە نەبینیبوو، لەئەو ئاگاداری هەموو شتێک بوو. دەیزانی دیسان راو دەستی پێکردۆتەوەو تەحۆ پارێزگاری خۆی دەکاو ناگەڕێ!

--خێرە... بەو شەوە بۆ کوێ دەچی!

ویستی زانایانە پەردە لە رووی نهێنییەکە هەڵماڵێ.

–دڵم تەنگە ... حەزم کرد هەوایەک وەرگرم!.

تەحۆ خۆشی نەیزانی ئەو وەرامەی چۆن بۆ هات، بۆیە کاتێک دیماهی بەرستەکەی هێنا، وەک ئەوەی بارێکی گرانی لەئەستۆی هێنابێتە خوار، هەستی بە حەسانەوەیەک کردو پشیەکی وەبەرهاتەوە!.

–منیش هەروەک تۆم، دڵنیام بێزار نابی ئەگەر بەشداری پیاسەکەت بکەم!

–نا... بە پێچەوانەوە. کەرەم کە...

بە جووتە دەستیان بەڕۆیشتن کرد، شۆڕش هەوڵیدەدا بێئەوەی تەحۆ هەست پێبکا رێگەیەکی بێ مەترسی بگرێتە بەر، بۆیە هەر بۆ نێو کۆڵانانەکانی دەبردەوە، لە هەمان کاتدا دەیویست گرێی نهێنیەکانی دڵی بکاتەوە. بۆیە هێدی هێدی دەزوەکەی شل دەکردەوەو داخاوت.

–نازانم بۆ ئەمشەو هەست بەدڵتەنگیەکی زۆر دەکەم! چەندی کردم نەشیام لە ماڵەوە دانیشم، وا هەستم کرد ئەگەر هەر لەژوورەوە بم لەوانەیە شەق بەرم، ئەی چۆن کاکی خۆم، دوێنێ ئەنجامی تاقیکردنەوەی سەری ساڵم وەرگرت، بە هیچ جۆرێ لەگەڵ ئەوە ناگونجێ، کە من هەوڵم بۆی داوە. ئەو شوێنە وەرم ناگرێ من گەرەکمە، ئەگەر بێیتە سەر راستەقینە مافی ئەوەم هەیە وەربگیرێم.

بەڵام تۆ ئاگات لەمە نیە، دڵنیام ئاگات لێی نیە، هەر قوتابیەک بە شێوەیەک نمرەی بۆ زیاد دەکرێ. ئەمە ئەوەیە... ئەوەی تر شتێکی ترە، ئیتر هەروا...ئەو ماندووبوونەی من و زۆری وەکو من بە فیڕۆ دەڕوا و لەبن پێی ئەوانەدا بزر دەبێ، ئەو شەونخونی خۆماندوو کردنە هەمووی بە فیڕۆ دەچێ، جا خۆت دەزانی ئەو ماندوو بوون بە فیڕۆچوونە یانی چی!

تەحۆ بەکزیەوە بزەیەکی هاتێ:

–وا دیارە خۆت ماندو نەکردوە!

ها...ها...های...ئەوە چی دەڵێی برای خۆم، کاکی خۆم. چما وازدێنن بە ئارەزووی خۆت بخوێنی، هەر رۆژەی یەکێکت دەنێرنە ژوور سەری. هەر رۆژەی بە بیانگەیەک لە قوتابخانەت دەردێنن. هەر رۆژەی بە جۆرێک دەتتۆقێنن، ئەگەر لەگەڵ ئەوان نەبی مافی ئاژەڵیشت پێ رەوا نابینن!

–هەر ئەوەشە هۆی دڵتەنگیەکەت ؟! لە چاو خەمی من دڵۆپێک نیە لە دەریا! .

–ئەگەر ئەمەت لا کەم و چکولانەبێ ، بێژە بزانم خەمی تۆچیە؟!

–هەر واز بێنە باشترە!

–وا دیارە خاترجەم نی لێم!

–ببووره مەبەستم ئەوە نیە، حەز ناکەم تۆش ئازاربدەم، نامەوێ بە خەمی خۆم  قەڵس وماندووت بکەم.

– ئەوە چی دەبێی تەحۆ، من شانازی بەوە دەکەم بەشداری خەمت بکەم، دڵنیاش بە ئەوەی لەدەستم بێ درێغی نەکەم.

–چیت پێ یەژم شۆڕش، خۆت  دەزانی برایەکەم لەدەرەوەیە، لەدوای دەست پێکردنی شەڕی براکوژی بزربووەو هیچ هەواڵێکی نیە، دەڵێن گوایە دیلە، وەلێ شتاقمان بڕوایمان نایێ!

– ئەوجا ئەوە چی تیایە، خۆت یا دایکت بڕۆن سۆراخی بکەن، بەڵام بەڕای من دایکت بچێ باشترە، نەوەک تۆش تووشی نسکۆیەک بی، هەر چۆنێک بێ ئەو ئافرەتەو نەختێ باشترە!

–باشتری چییە، ئەوانە دەزانن ئافرەت چییە ؟!

–باشترە ...هەر چۆنێکی بێ... باشترە!

– باشە گریمان ئەوا دایکم نارد، نا بێژی چۆن بینێرم. باوەڕبکە تاقە پوولێک چییە لەماڵێی گومان نابەین، دەبێن زگی تێر ئاگای لە هی برسی نیە، ئەمە زۆر راست گوتراوە!

شۆڕش تاوێ داما:

–گرنگ نیە، ئەوە چارەکەی ئاسانە، من نەختێکم هەیە بۆتی دێنم. ئەگەر هەت بوو بیگەڕێنەوە، ئەگەر نا گەردنی باوکیشت ئازاد بێ. بەڵام

یەک تکام هەیە. حەز دەکەم شتەکە لە نێوان خۆمان بێ ونەچێتە دەرەوە!

تەحۆ لەو دەمەدا گلیەکانی کەژێی لە نێو گوێی زرنگایەوە:

–جا تی تیایە ... برۆ قەرز بکە، نەشوورەییەو نەهیچ، قەرز دوومالاَن ئاوەدان دەکاتەوە. ئەمرۆ لە ئێمەیە سبەی لەوان، لەوەتەی دنیا دنیایە هەروەها بووەو هەر ئاواش دەبێ!

پەیوەکانی دایکیشی بەرەنگاری بووەوە:

–نا... هەرگیز خۆم تەریق ناکەمەوە، ئەگەر داوا لە یەکێ بکەم دەست بەرووەمەوە بنێ؟ ئەو کاتە دەبێ جلێ تەڕبکەم وبە خۆمی دابدەم!

– ببوورە کاک شۆڕش مەبەستم ئەوە نەبوو!

–پێویست ناکا شەرم لەیەکتر بکەین، منیش برای تۆم. ئەگەر لە کاتی وادا بەکەڵکی یەکتر نەیەین، کەی دێیین!

تەحۆ باسەکەی بۆ لایەکی تر بردەوە، کەوتە گێڕانەوەی ئەو ژیانە تاڵەی، کە رایاندەبوارد! ژیانێکی وابوو ئەوەی لە تیرەی مرۆیان بووایە زگی پێدەسوتاو بەزەیی پیادەهاتەوە. بەبێئەوەی ئاگای لەخۆی بێ پەیڤی وای لە زار دەردەچوو، زۆر ترسناک بوو. گەلێ جاران بیری لێدەکردەوەو برِیەی دابوو ئەو جۆرە گلیانە نەکا. کەچی بێدەستی خۆی باسەکە رایدەکێشاو دەیدرکاند! هەتاوەکونێ بۆی دەردەکەوت هەڵەیەکی

کردووە تووشی هەڵەیەکی تر دەبوو. بۆیە بەتووڕەییەوە بەردەوام دەبوو لەسەر ئاخاوتن وگوێی نەدەدایە:

–کاک شۆڕش ... ئەو ژیانەی ئێمە هیچ ئاژەڵێک پێی رازی نابێ، من سەرم لەوە سوڕماوە نازانم بۆ دەژین! ئەگەر هەر بۆ ئەوە بێ لە ئاخ واریێ خۆ ببینە خزمەتکارو ستۆکەچی خەڵکی، وابزانم مردن سەد کەڕەت پیاوانەترە! تۆ سەیر کە...هیچ شتێکمان پێ رەوا نابینن، لەوەش سەیرتر ئێمە خۆمانین، هەر یەکی بەدوایی کڵاوێکی بابردو کەوتووەو لەسوچێکەوە زوڕنا دەژەنێ. هەموو واتێدەگەن دەرمانی راستەقینەی ئێمە وەرگرتن و بەکارهێنانی بیری خەڵکی دیکەیە، هەر کەسێ یەکێک دەکاتە جێ روانگەی خۆی، فلان وفیسار دێنێتە گۆڕی و خۆی لەیاد دەکا! دەبێ ئەوە بزانین ئێمە خۆمان لە هەموو کەس لە ئازارەکانی خۆمان نزیکترین، بۆیە پێویستە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی خۆمان لە داو دەرمان بگەڕێین! توو ئەو خوایە ئەوە راستە لە کۆتایی سەدەی بیستەم خەڵک لەسەر خوانی تۆ هەڵپەڕن وتۆش لەبرسان خەوت لێنەکەوێ ! هیچ دینێک وئاینێک ئەمە پەسند دەکا؟!

شۆڕش بە هووشیاریەوە گوێی رادێرابوو و ئاوێتەی وشەکان ببوو. دەم نادەمیش ئاوڕی ئەم لاو ئەولای خۆی دەدایەوە. چونکی تەحۆ وا گەرم داهاتبوو ئاگای لە دەنگی خۆی نەمابوو! گەلێ کەڕەت زیاد لە پێویست دەنگی هەڵدەبڕی، ئەوەی شۆڕشی حەپەساند بوو ئەوە بوو تا ئەو کاتە ئەو تەحۆی بە مرۆڤێکی ئاسایی و تا رادەیەکیش گێلۆکە تێدەگەیشت، کەچی بۆی دەرکەوت زۆر لەوە گەورەترە وەکو ئەو تێی گەیشتبوو، مەژی و جۆری بیرکردنەوەی زۆر لەخۆی گەورەتر بوو!

لەوەترسا بەو شەوە دەنگی تەحۆ تووشی شتێکیان بکا! هەر بۆ ئەو مەبەستەی ڕێڕەوی گفتوگۆکە بۆ ئالێکی تر وەرچەرخێنی، دەستی بەپرسیاران کرد:

–ئەو ماوەیە ناتبینم. وێدەچی کارێکی تر بکەی ؟

–نەخێر... هیچ کارێک ناکەم!

–... بۆ ؟

– وا دیارە ئاگات لە هیچ نیە. ئەی نازانی دیسان ڕاوی ئێمە دەستی پێکردۆتەوە، هیچ کەسێک لە ئێمە لەژیانی دڵنیا نیە! لەلایەکی تر لەبەر هۆمەر لەوانەیە بزانی ئەوەی براو کەسی لەدەرەوەیە بەشێکی زۆری گیراون!

شۆڕش لە نێو ئەو هەموو پرسیارو وەرامە بۆی دەرکەوت بێکاری ڕۆلێکی گرنگی لە دڵتەنگی هاوڕێیەکەی هەیە، بەڵام نەبادا بە جۆرێکی تر لێکبداتتەوە بە هیچ جۆرێک باسەکەی بەو لایەوە نەشکاندەوە.

–باشە خۆ هەر وانابێ ... پێویستە چارەیەک بدۆزیتەوە!

– دەزانم نابێ... چارەیەکیشم دۆزیوەتەوە

ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن شۆڕش چیتر باسی قەرزی نەکرد، تەحۆ زانی شتەکە هەر پیاوەتی نواندن بوو، ئەگەر کەوتە کاری ڕاستەقینە هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە! نەک شۆڕش بەتەنیا، ئەوەی لەزۆران کەسی تر هەست پێکردبوو. پەژیوان بووەوە ئەو باسانەی لەگەڵێ کردەوە.

– نەدەبوایە ئەو هەموو شتەی لەکن بدرکێنم، هەر کەس لە ماڵی خۆی. ئەویش سای ئەو خەڵکە، خۆ فریشتە نیە. نەخێر... نەدەبوو وا بلەزی ئەوەی بن بەڕێ بخەمە سەربەڕێ، ئەوەی لەدڵمدایە بەچرکەیەک بە گۆڕێی وەربکەم. ئەو خەڵکە گوێ لە ئازارەکانی کەسێک دەگرێ بۆ ئەوە نیە یارمەتی بدات، بەڵکو بۆ ئەوەیە خەوشەکانی بزانێ!

شۆڕش بۆی داخاوت:

–مرۆڤ پێویستە گەورە بێ، لەهەموو ئەو کۆسپانە گەورەتر بێ، کە بەرەوڕووی دەبنەوە، ئەگەر هاتوو بەرانبەر هەر ئاستەنگ وتەگەرەیەک چاشمیش وشپرزەبێ، ئەوا بێگومان بەرگە ناگرێ و زوو چۆک دەدا. لە کاتی ئاواش زۆر جار بیری ناپەسنی بەمەژیدا دێ! ئەگەر بێتو ئاگاداری خۆی نەبێ لەوانەیە وەرچەرخێ ولەڕێ لابدات!

–هەمووی لەسەرەوە شتێک دەڵێن، لەناخەوەش شتێکی دیکەن! ئەگەر هەموو مرۆیەک باش بن وەک خۆیان دەردەخەن، ئەو هەموو تاوان وچاوساغیە لەکوێ دێ! باشتر وابوو هەر نەمدیبووا. توانای گوێگرتنی ئەو جۆرە گلیانەم نیە!

لە هیکڕا وەستا. بێئەوەی گوێ بداتە هاوڕێیەکەی، کە بە بایەخەوە بۆی داخاوت، یەکسەر دەستی بۆ تۆقە درێژ کردو گوتی:

––ببوورە کاک شۆڕش وابزانم لێرە دەبێ بگەڕێمەوە!

شۆڕش بەسەرسامیەوە تەماشای کرد، ویستی شتێک بڵێ، وەلێ بێدەنگ بوو هیچی نەگوت. کە تەحۆماڵئاوایی لێکردو خەریک بوو بڕوا. ئەوجا گوتی:

–دەبێ ببووری هەنوکە هیچم لەکن نیە، کاتێک دیاری بکە هەتاوەکونێ بەیانی پارەکەت بۆ بێنم!

–سوپاست دەکەم پێویست بەو ماندووبوونە ناکا!

لەسەر داخوازی و مکوڕبوونی شۆڕش، بەیانی کات و شوێنی دیاری کراویان دانا تیادا یەکتر ببینن. تەحۆ هەرچەندە بەسەر خۆی نەهێناو هەرێی پێدا. وەلێ لە ناخەوە باوەڕی پێنەهات. لەگەڵ ئەوەش چۆنی گوتبوو وای کردو هەرێی خۆی بەجێهێنا، بەیانی لە کاتی دیاری کراو گەیشتە ئەو شوێنەی دیاریان کردبوو.

تەحۆ تا رادەیەکی زۆر دەترسا، زۆر بەسەرهات و روداوی گوێ لێببوو، بیری لەوە دەکردەوە بچێ ...یا نا! ئەگەرچی چوونەکەی لەکن راست نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێی دابوو ئەوەی هەڵبژاردو بڕیەی چوونیدا! کاتێک لە شوێن و کاتی خۆی شۆڕشی بینی، لەسەرەوە گرژیەوەو لەناخەوە شەرم دایگرت، وەک ئەوەی سواڵ بکا وابوو، لە دڵی خۆی پاڕایەوەو دەستی بەرزکردەوە:

–خوایە کەس تووشی قەرزان نەکەی!

تەحۆ کاتێک پارەی نەبوو وایدەزانی کەی پارەی دەستکەوت رێ وراست دەگاتە کن هۆمەر، کەچی وانەبوو! لەوکاتە شەڕ گەرم بووەوەو

ڕێ و بان بوونە کونە مشک، ئەوانەی شارەزای ڕێگاکە بوون ئامۆژگاریان کرد، بۆ ماوەیەک خۆی بگرخێنێ ونەچێ!

کەژێ مەلۆتکەکەی هەر وەکو خۆی بە توندی لە باوەش گرتبوو دەیهەژاند، بەردەوام بیری دەکردەوە، تاوێک دەگرژیەوە تاوێکی تر کزو خەمبار دەبوو:

–ئێ توو ئەو خوایە... توو ئەو خوایەی لەبان سەرانەوەیە ئەگەر ناوەکە نەڵێی، من وام نەگوت تۆوای لێبکەی، ئەی وانیە! من وام نەگوت تۆ وای لێبکەی.

رابۆ سەری شۆڕکردەوەو نقەی لێوە نەهات، بگرە نیگایەکیشی ئاڕاستە نەکرد، وەک ئەوەی هەردوو گوێچکەی پڕی لۆکە کردبێ وابوو!.

–ئەگەر بمزانیایە ئیوها پێ دڵگیر دەبی قەت ئەو گووەم نەدەخوارد، خۆ کفرم نەکرد! چ تفم لەئاسمان نەکردو پۆلیە ئاورم لە قورئانێ نزیک نەکردەوە، گلیەکی راست و دروستم پێگوتی، واباشتربوو... توو ئەو خوایە وا باشتر نەبوو!؟ حەزت دەکرد درۆم لەگەڵ کردبووای ... حەزت دەکرد...؟!

رابۆ بەسەری زاری وەرامی دایەوە:

–ئەوجا دایکم بۆ خۆت زویر دەکەی، ئێوەژن ومێردی یەکن و زارۆش زارۆی خۆتانە، من کەرم خۆم تێکەڵ دەکەم، سەری سیرم قونکی پیوازم! کەراتیەکە لەمەڕ خۆمەو سووچی کەسی دیکە نیە، کەژێ دەستی بەگریان کردو پاڵێکی بە بێواری وەنا، کە خەریک بوو دەچووە

کنی، کەوتە سەر عەردی و ئەویش دەستی بەگریان کرد. رابۆ هێندەی دیکە ئەنری، لەگەڵ ئەوەش برِیەیدا هیچ نەکا، بەتیلەچاوێک سەیری کردو لە جێگەی خۆی نەبزووت، لەدڵی خۆی گوتی :

–ئۆی لەو کەرە... وا دەزانی بەو رەفتارەی وا لەمن دەکا باخێوم، ئۆی لەو کەرە !

لەدڵی خۆی وای گوت، کەچی کاتێک بێواری بینی بەو رەنگە دەگریا، ئاوری لە هەناوی دایسا، بەگورجی هەڵسایەوە ولەهەمێزی کرد:

–بینابیت دایێ کەژێ ... بۆ وات لەو کورپێژگە کرد، بینایت دایێ کەژێ، دەککە بە گوری بی، من کورپێژگەم بۆ تۆ بەخێو کردووە! چۆن دڵت بەرایی دەدا وای لێبکەی، دەککە بە گوری بی!

کەژێ، کە ئەمەی ژنەوت سەرسام بوو، لەگەڵ ئەوەش کەیفی پێهات وگرژیەوە، رابۆ، کە ئیوهای بینی هێندەی دیکە غەیدی:

–بەچی پێدەکەنی سەیە، حاڵت خۆشە... بەچی پێدەکەنی ؟!

ساڵحۆکی باوکیشی ئاوا بوو، کەشتێکی ئەقڵ نەگرتبووا عەرش وقورشی دێنایە گۆرِی وتەزرەکوتی دەکرد. تا ئەو دەمەش شتەکان وەکو خۆی لە مێشکی مابوونەوە. لە ئاستەنگ و شادمانیدا دڵی خۆی پێی دەدایەوە. ئەو ماوەیەی لەتاراوگەی ژێریان بەسەر برد، وای لێکرد گەلێ جاران دەست بخاتە بن گوێچکەی و لاوک و ستران بۆ پەرِاگەندەیی نامۆیی خۆی بچرِێ. کە هەرزەکار بوو تازە هەڵدەهات. گاڵتەی بەو جۆرە لاوکانە دەهات. کە پێگەیشت وقەیرە بوو، گاڵتەی

بەبیرکردنەوەی پێشانی دەهات، کە دادەنیشت وسەیری ئەو گەرما سووتێنەرەی دەکرد دەیگوت:

–تۆ بڵێی لەو دنیایە لەدەربەدەری و پەڕانگەندەی ناخۆشتر هەبێ!؟ دەبێ چ لەوە ناخۆشتر بێ، لەسەرماو سۆڵە وشەختەو بەفرو بۆران لە دیار ئاگردا لە خانۆچکەی خۆت دانیشتبێ وهەموو خێزانەکەت دەوریان دابێ. لەو ئاگردانەت جویبکەنەوە، لەخانوو گوندو وارو نشیمەنی خۆت هەڵکەنن، ئۆی خوایە گەورەکەم دەبێ شتی لەوە ناخۆشترت گوراندبێ؟!

رابۆ هەر قڕەی دەهات:

–هەتیو چەکەی گەزبەل بەڕشک ... بۆ وات لەو زارۆیە کرد؟ !

لە پڕ هێور بووەوە، بەخاویەوە چەند جارێک ناو لەپی بە تەوێلی بێوار داهێنا، ئەو زەنگوڵە جواناوەی سڕیەوە، کە وەک ئاونگ لەسەر تەوێلی نیشتبوون، پاشان بە نەرمی خۆی لارکردەوەو تەوێلی ماچ کرد، کەژێ ئەو مەراقەی هەر لەدڵ بوو، بۆیە دوای تاوێ بێدەنگی دەستی پێکردەوە:

– تۆ ناوەکەت نەگوت ... تەنیا گەرەکمە بزانم چ ناوێکت هەڵبژاردوە؟!

– هۆمەر چ ناوێکی  هەڵبژاردوە ؟

–شیرین ...!

رابۆ وردە وردە گرژیەوە.، وەک ئەوەی هەواڵی زیندوبوونەوەی وێسفی پێگۆترابێ خەنی بوو! پاشان بەگەرمی لە تریقەی پێکەنینێی دا:

--توو ئەو خوایە راست...!

--قاتێ درۆت لەگەڵ ناکەم !

دەستیان بە ئاخاوتن کردەوە، وەک ئەوەی نەپیکیان بێ نەبەڵا، رابۆ گوتی:

-دڵمان یەکە، ئەوەی راستی بێ منیش هەر ئەو ناوەم دانابوو ... خوایە لە کاری تۆ!

ئەوەی راستی بێ کەژێ زیاد لە پێویست حەزی لەناوەکە بوو، ناوەکە بە گوێرەی ئەو واتایەکی مەزنی هەبوو، بە منداڵی ساڵحۆکی باوکی هەمیشە بەسەرهاتی ئەو ناوەی بۆ دەگێڕایەوەو دەیگوت:

-کچی خۆم شیرین نیشانەی سەربەرزیە، ئەی نابینی چەند گەردن بەرزانە بەرانبەر هەموو هێرشێکی دڕندانە وەستاوە! ئەی نابینی گاڵتەی بە هەموو ئەو گەمژانە دێ، کە بەنیازی خاپوورکردنی دێن. کچی خۆم...شیرین زیندووەو وەک ئێمە بیر دەکاتەوە، وەکو ئێمە چاوی هەیەو هەموو شتێک دەبینێ، بڕۆ سەری پێبکەو گوێی بۆ بگرە. بزانە بەسەرهاتی ئەو ناوچەیەت هەموو بۆ دەگێڕێتەوە یا نا. ناوی هەموو ئەوانەت بۆ دێنێ کەنوکە ڕم وسەرەنێزیان لە جەرگی زارۆکان راکردووە. باسی ئەو کێوی وپێپەتیانەت بۆ دەکا، کە هاتنە کوردستان و پڕیان دایە ئابڕووی ئافرەتەکان، ماڵی هەژارو نەدارانیان هەتا شارەزوور خاپوور کرد! گوێ رادێرە بزانە چۆن و بەچ ئاوازێک ئەوانەت بۆ باس دەکا! گیانی شیرین گیانی پیرۆزە بۆ ئێمە، گوێ

بدەرێ کچی خۆم، دەبێژن لەو دەڤەرەی ئێمە پاڵەوانێک هەبوو، کوڕێک بووە لە کوڕە ئازاکانی ئێمە. ناوبانگ و شۆرەتی دنیای پڕکردبوو، ببووە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم دوژمنان، لەشەڕێکدا هەستی بە شتێک کرد، بیری کردەوە، کە ئەو دەڤەرە چیایەکی کێمە. ئەگەر بێتوو چیایەکی ئاوایان هەبێ ئەوا کەس دەرەقەتیان نایێ، بۆیە کاتێک خاترجەم بوو لەو شەڕەدا شەهید دەبێ، بڕیەی دا ببێتە چیا! واشی کرد، هەر چەندەی لێیاندا لە شوێنی خۆی نەجولا، هەتاوەکونێ بووە ئەو چیایە گەردەن بەرزە، کەلێیان پرسی بۆ وات کرد :

–هاواری کرد ... هۆی گەمژەینە ... کەرو بێئاوەزینە. گوایا نازانن وار چەند شیرینە.

لەو رۆژەوە ئەو پاڵەوانەیان لەکن شیرین بوو، ناویان لە چیایەکە نا شیرین، زامەکانی لەشی بوونە کانی و هەڵقولان!

کەژێ لەو دەمەی، کە ئەوەی لە باوکی ژنەوت، حەزی دەکرد شیرین ببێتە پتکە خۆڵێک وقووتی بدات، هەر لەبەرئەوەش زۆر زۆر کەیفی بەو ناوە دەهات، کە هۆمەر دایناببوو!

لەو کاتەدا لە دەرگای ماڵەکەیان درا، کەژێ دەرگاکەی کردەوە، ئەو کەسە بوو هەموو جارێک هەواڵی هۆمەری بۆ دەهێنان، هەرکە چاویان پێکەوت یەکسەر زانیان چی دەبێژی! هەر لەگەڵ دانیشتنی کابرا گوتی:

–ئەگەر گەرەکتانە بچنە کن هۆمەر. لەو کاتە باشترتان وەگیر ناکەوێ!

تەحۆ ماوەیەک بوو کاری دەکردو تەیارو ئامادە بوو. هێشتا ئەو گلیەکانی تەواو نەکردبوو، کە ئەو خۆی گۆڕیبوو لەتەکی دانیشتبوو. رابۆ وێدەچو بەم هەڵس وکەوتە قەڵس بووبێ، حەزی دەکرد هێندێک شت بە کوڕەکەی بڵێ، بۆیە بە هەنجەتی چالێنان چووە دەرەوەو بە تیلە چاوێکیش دیاردی بۆ کوڕەکەی کرد. ئەویش تاوێ دوای ئەو چووە دەرەوە، رابۆ چرپاندیە بن گوێی:

–کوڕم کەر مەبە، ئاگاداری خۆت بە، دەزانی دنیا گۆڕاوە، کەرو خۆش باوەڕ مەبە، زوو فریو مەخۆ. کێ دەڵێ بۆ ئەوە نیە تۆ بخاتە داوێکەوە، کێ دەلێ پارەی سەری تۆشی وا لەبەرێی دانیە! ئاگاداری خۆت بەو تەواو باوەڕی پێمەکە. ئەگەر ئەقلت شتێکی نەگرت نەیکەی.. ها.. باشە ؟ ئەگەر گومانیشت کەوتە دڵ خۆتی لێ بشارەوە!

تەحۆ بە بڕوا بەخۆبوونێکەوە گوتی:

–وا دەزانی منداڵم! چۆن دەتوانی من فریو بدات، هەهای...دایکم... وا دەزانی دنیام نەدیوە. هیچ خەمت نەبێ، قەت ناتوانێ من پێوە بکا، ئەگەر شتێکی ئاواشی لێگومان بکەم، خۆی لێناشارمەوە، نا... ئەوە کاری پیاوان نیە. دەست لە خنخنۆکەی دەنێم و دەیخنکێنم!

رابۆ لەگەڵ ئەو گلیە ترسێکی لەدڵ گورا، رەنگیشی کەمێک تێکچوو، شتێکی سەیری لە روخساری کوڕەکەی بەدی کرد، کە تا ئەو رۆژە هەستی پێنەکردبوو !

–وا بزانم من بچم باشترە، پیرێژنێکی وەکو من کەس هیچی پێ نالێ!

–هێی... دایکم، دەڵێی قەت لێرە تاقە هەناسەیەکت هەڵنەمژیوە، ئەوانە پیرو جحێڵ دەزانن!

–کوڕم، کە بیردەکەمەوە ئیوهام پێ باشترە!.

–دڵ لە دڵ مەدە، تکا دەکەم نەبترسەو نەدڵ لە دڵ بدە، هۆمەر پێویستی بە پیاوێکە پشتی بگرێ، نەوەک ژنێک بۆی بگرێی!

رابۆ ماوەیەک دیقەتی دایەو ونەختێک گرژیەوە:

–بڕۆ کوڕم ... خوا ئاگادارت بێ، خوا پشت و پەناو پشتیوانت بێ، وەلێ چۆنم پێگوتی وا بکە… باشە کوڕم ؟

تەحۆ بەخۆشحاڵیەوە سەری بەڵێی بۆ لەقاند. بە غەمگینیەوە بەرووی گرژیەوە! رابۆ چیتر خۆی بۆ دەربەست نەکرا، لەنکاوڕا پڕی دایەو ماچی کرد .

لەگەڵ کابرا بەجووتە وەدەرکەوتن وماڵ ئاواییان کرد، بەرلەوەی لە دەرگای حەوشە بچنە دەرەوە، کەژێ بە شەرمێکەوە گازی کرد، بەدەم نزگرەیەکەوە قورئانێکی بچووکی دەرهێناو دایە دەست تەحۆ:

–ئەوە بدە هۆمەر، پێی بێژە ئاگای لە خۆی بێ و لەبەریێ خۆی بنێ، بەڵکو خوا بە هۆی ئەو قورئانەوە دەیپارێزێ! پێی بڵێ ... باشە؟ پێی بڵێ لەبەریێ خۆی جوێ نەکاتەوە!

تەحۆ قورئانەکەی وەرگرت هیچی نەگوت، دەرگاکەی کردەوەو لەگەڵ کابرا چوونە دەرەوە.

*        *        *

دنیا پەردەیەک تاری و رەشی بەسەر دادرابوو، خەڵکەکە هەمووی بێزار، کەس باوەڕی بەکەس نەمابوو! خۆ فرۆشتن وهەڵگرتنی چەکی نامەردی کەوتبووەبرەو! دوژمن لە جاران دڕندەتر بەربووە گیانی خەڵکەکە، دەستی بەخاپوورکردن و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان کرد.

کاروانەکە بەماتیەوە هەنگاوی دەنا، هەموو لەیەکتر رادەمان وبەچاو یەکتریان دەدواند، دڵتەنگ و بێ هیوابوون. لەگەڵ ئەوەش چەکیان هەر لەشان بوو، فیشەکدانیان وەکو جاران لەمل بوو، خەنجەرو شەشاگریان لەبەر پشتێبوو، وەلێ خوێن مەیوو لاشە ساردو سڕ بوون!

*        *        *

یەکێک چووە بن سەری هۆمەرو هەواڵی ئازاد بوونی پێڕاگەیاند، بە پێچەوانەی هەموو زیندانیەک، کە ئازاد دەکرێ خەنی دەبێ، ئەو هیچ خۆشیەکی پێوە دیاری نەد، بگرە لە جاران زگارتر بوو! دوای ئەوەی ئازادکران، لەگەڵ شێرزاد بەجووتە ئەوێیان بەجێهێشت، بەبێ هیچ نەخشەیەک ملی رێگایان گرت و لەوێ دوورکەوتنەوە، ماوەیەکی باش رۆیشتن ئەوجا شێرزاد گوتی:

-باشە چی بکەین ... بۆ کوێ بچین ؟!

هۆمەر تاماوەیەک هیچ وەرامێکی پێ نەدرایەوە، پاشان گوتی:

-خۆت دەزانی من باوەڕم بە هیچ نەماوە، بۆیە ناتوانم چیتر چەک هەڵگرم! بڕیەم داوە بگەڕێمەوە و گوندەکەم ئاوەدان بکەمەوە .

-دوژمن وا خەریکە گوندەکانی ئەو لایەش دەسووتێنێ، چۆن دەتوانی گوندەکەی خۆتان ئاوەدان بکەیەوە.!

-گوندەکەی ئێمە دوورەو جارێ دەستی دوژمنی ناگاتێ.

هۆمەر ئەمەی گوت و بێدەنگ بوو. کەوتە بیرکردنەوە، بیری کردەوەو بیری کردەوە، هەموو لاپەڕەکانی خەباتی هێنایەوە بەرچاو، هەموو ئەوانەی هاتەوە بەرچاو، کە لەژیاندا مابوون. ئەوانەی کوژرا بوون، شێرکۆ وهەزارەهای وەکو شێرکۆ! بەزەیی بەخۆی بە هەموو نەتەوەکەی هاتەوە، ئەوان چیان دەچاندو بۆ چیان دەڕوانی، چیان دەدووریەوەو چیان وەبەر چاو دەکەوت! ڕووداوێک بوو تا بڵێی لەدڵ گران وسووتێنەر.

شێرزاد بە بێزاریەکەوە گوتی:

-ئەگەر لەدڵت گران نەبێ منیش لەگەڵت دێم!

هۆمەر بە خۆشەویستیەکەوە سەیری کردو بزەیەکی هاتێ، یەک دووجاران دەستی لە شانیدا و پێی گوت:

-گوندەکەی ئێمە هی تۆشە!

شێرزاد نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوا، هەرچی هۆمەر بوو بە گورجیەوە هەنگاوی دەنا. لەنکاوڕا شێرزاد بە نا کامیەوە وەستا:

– پێویست ناکا ئێمە خۆمان لە یەکتر ببەستینەوە، هەر یەکە دەبێ ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر، کە چارەنووس بۆی نوسیوە!

–مەبەستت چییە ؟!

– وا بزانم من بڕۆم باشترە!

– بۆ کوێ؟

–بۆ ئەو دیو... ئەگەر ڕێککەوت دەچمە دەرەوەی وڵات، چاوم بەرایی نادا لێرە بمێنمەوە!

بەبێدەنگی بەردەوام بوونەوە لە ڕۆیشتن، هەردووک کزو مەلوول، ناگزورو پەریشان بوون .

شێرزاد گوتی:

–من دەڕۆم... وەلێ حەزدەکەم بۆ دواجارماڵەوە ببینم!

ئەگەرچی هۆمەر لەو ڕاراییە سەرسام ببوو، بەسەرخۆی نەهێنا! هەستی دەکرد چەکەکەی ببووە بارێگی گران بۆی، بە پێچەوانەی پێشان، کە هەر هەستی پێنەدەکرد! بگرە زۆر جاران بە خۆشەویستیەوە بە هەمێزی خۆی وەدەناو ڕازو نهێنیەکانی خۆی لەکن دەدرکاند. بیری کردەوە ئەویش ماوەیەکی زۆر بوو ماڵەوەی نەبینیبوو، بۆیە وای بەباش زانی ئەویش سەردانێکی ماڵەوە بکا.

–ئەگەر ڕێککەوت هەر بەیەکجار ئەوانیش لەگەڵ خۆم دێنم، لەمێژە بە هێوی و خۆزگەی گەڕانەوەن، وا باشترە کارەکە بە یەک جار بکەم!

وێنەی گوندەکەی هێنایەوە بەرچاو، دەیویست شوێنێک هەڵبژێرێ کە سەر لەنوێ خانووی تیا بنیات بنێتەوە. هەرچەندە هێنای وبردی لە شوێنەکەی خۆیانی باشتر نەدۆزیەوە! وای بەدروست زانی گوندەکە هەر لە شوێنی خۆی ئاوەدان بکرێتەوە!

–بیر لەچی دەکەیتەوە ؟!

–منیش لەگەڵ تۆ دێم، پێویستە منیشماڵەوە ببینم، ئەگەر بشگونجێ ئەوا لەگەڵ خۆمیان دێنم، ئەی بەڕای تۆش وا باشتر نیە.

–-با...!

ئەوان لەو ئاخاوتنە بوون، کە گەیشتە گوندێک و بۆ فراوین لایان دا

* * *

لەم لایە هۆمەر دەگەڕایەوە، هێوی بڕو دڵشکاو، زویرو زگار بوو. لەو لایە تەحۆ بە گەرمیەوە هەنگاوی دەنا، بەخۆشەویستیەوە، وەک ئەویندارێکی دڵ ناسک وهەست بەرز لە لوتکە چیایان رادەما! سەیری خەڵک ودیمەنە جوان و قەشەنگەکانی دەکرد، لەدڵی خۆی دەیگوت:

–ئەگەر بگەمە کن هۆمەر ناگەڕێمەوە! نا... هەرگیز ناگەڕێمەوە، باش بوو دەرباز بووم، لەئەنجامدا ئاواتەکەم هاتە دی، چەک هەڵدەگرم و بەرەنگاری دوژمنان دەبمەوە!

خۆی بە مرۆڤێکی مەزن و بە دەسەڵات هاتە بەرچاو وشانازی بەخۆی کرد!

–ئا.. چەک هەڵدەگرم، وای ئەگەر چەکێکی باشم دەکەوێتە دەست! دەچمە ناوەندی شار ... ئا... چی تیایە، دەچمە ناوەندی شارو تۆڵە لەوانە دەکەمەوە، کە چاو لە خەڵکی سوور دەکەنەوە! ئەگەر چەکیشم لەدەست بێ ناتوانن بمدەنە بەر زللان، ناتوانن لێم نزیکبنەوە، ئەی چۆن ئەو کاتە ئەو پیاوە نابن، کە بوێرن لێم نزیک بنەوە!

ئەو هەستە وای لێکرد گەرمتر... بەگوڕتر...بە جۆشتر هەنگاوان هەڵێنێ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیش ئەوەی دەهاتەوە بەرچاو، کە لە گوندەکەیان دەردەچوون، دەنگی لرمەکانیان لە نێو گوێی دەزرنگایەوە، تۆزو دوکەڵەکەی وەک خۆی بینی بەرز دەبووەوە، فرمێسکی وەکو جاران لەچاو گلۆربووەوە.

* * *

(کاروانەکە بەردەوام بوو لە رۆیشتن، ئەهریمەنیش زێتر داری لە ئاورەکە وەردەدا. هەر کەس خۆی لە کن راست و راستەقینەبوو، هەژارو چەوساوانیش بەردەوام دەبوونە خۆراکی شەڕ. قەل وداڵ بەلاشەو گۆشتی گەنج ولاوان خەنی ببوون. کاروانەکەش هەر بەردەوام بوو، دەنگی لاوکەکەش بەردەوام دەهات، بە سۆزتر بەرز دەبووەوە، تەلی سۆزەکان زێتر زرینگەی دەهات. ئەگەرچی چرای هیوایان کز ببووەوە، باوەڕیان لەق وشلۆق ببوو، هەرگیزاو هەرگیز کۆڵیان نەدەدا، هەنگاویان هەردەنا. هەوا دەوەستا...ئەوان نەدەوەستان، رووبار دەوەستا ... ئەوان نەدەوەستان، هەموو شتێک دەوەستا ... ئەوان هەر نەدەوەستان و ئەگەر بەکەمیش بووایە رێگاکەیان هەر دەبڕی!).

# ژیاننامەی نووسەر



-کامەران احمد محمدامین (کامەران مەنتک)

-قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری هەولێر تەواو کردوە.

-ساڵی 1982 ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای لەهەولێر لەتەواو کردوە.

-ساڵی 1992 بەشداری لەتاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی کردوە.

-ساڵی 1997 بەکالۆریۆسی لەمێژوو ، لەکۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.

-ساڵی 2000 ماستەر لەمێژوو ، هەر لەهەمان کۆلیژو زانکۆدا.

-ساڵی2007 دکتورا لەفەلسەفەی مێژووی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان ، زانکۆی موسڵ.

-ساڵی 2000 بەکالۆریۆس لەیاسا ، زانکۆی سەلاحەدین.

- له ساڵی 2011 پلەی زانستی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

- ساڵی 2017 پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆر له بواری فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

ئەزموونی وانەبێژی

له-2004 لەکۆلیژی مافی زانکۆی سەحەدین وانەی گوتوەتەوە

وەک وانەبێژێک لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وانەی گوتوەتەوە.

ئێستا مامۆستایە لەکۆلیژی زانستەرامیاریەکان لەزانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

## بەرهەمەبڵاوکراوەکانی

### بەزمانی کوردی

#### ئەدەبی

فرمێسکی ئەستێره، - شعر - 1988

پریاسگەی رێگای سەرکەوتن ، چامە1992

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی یەکەم _کۆچ - 2004

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی دووەم ، گێژەن – 2005

فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

- کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ، توێژینەوەیەکی سیاسی – ئابووری. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، 2000

-کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا 1932-1955، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، 2010.

–بازرگانی ڕەشی نەوت و دارشتنەوەی پەیوەندیە هەرێمایەتیەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

–دارمان و بەکۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

– کوردستان بەرەو کوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2018

– کورد لە پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا – توێژینەوەیەک لە دیپلۆماسیەت و ستراتیژەتی چین لە دەستپێشخەری –پشتێنەو ڕێگا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020.

– پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو ڕێکخراوی داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020

– کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا، کتێبێکی ئەلیکترۆنی، هەولێر، 20121

**فەلسەفەی مێژوو**

– ئازادی لەنێوان فەلسەفەو یاسادا ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی یاساو سیاسەتدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، 2005

– دیالێکتیکی زەمەنی مێژوویی و خوێندنەوەیەکی تر بۆ زانستی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2017

– شیکردنەوەو هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2018

**وەرگێڕان**

–سوسیالیزمدا ئێستاو لەداهاتوو ، 1984.

بەزمانی عەرەبی

فەلسەفە

-السياسه الدوليه فی ضوء فلسفه الحضاره، دراسه تحليليه نقديه، دار المعرفه، لبنان ، 2009.

## بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی

### ئەدەبیەکان

-تۆڵە، رۆمان.

-گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک.

-هاواری بێدەنگ، کۆمەڵەشیعر

## توێژینەوە(کتێب)

- تێکشکانی سیستەمی تاک جەمسەری و شەڕی نوێی سارد

-کوردستان لەپرۆژەی ئۆراسیا

کوردو گرێکوێرەی گەیشتن بەدەریا-لە ئۆکرانیاوە بۆ رۆژئاوای کوردستان

-کۆبانی و مملانێیە نێودەوڵەتییەکان

-تورکیاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی

-ئازادی و شارستانیەت ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی مێژوو.

-نەتەوایەتی و بزاڤی نەتەوایەتی کوردی.

-راپەڕینەکانی کوردی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەژێر رۆشنایی گۆڕانکاریەئابوریەکاندا.

-کۆمۆتراژیدیاکانی هەرێمی کوردستان و مانیفێستی قۆناغێکی نوێ

-کوردو بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی

-زانکۆ یا نەزانکۆی سەلاحەدین، نوقورچێکی توند لەجەستەیەکی مردوو

**بە زمانی عەرەبی**

-إنحطاط الامبراطورية الأمريكية وسقوطها - دراسة في ضوء فلسفة الحضارة.

-النفط وإعادة صياغة العلاقات الاقليمية في الشرق الاوسط، دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-ثلاثية القوى العظمى(روسيا، الصين، الهند) ومستقبل أوراسيا

-دراسة تاريخية سياسية تحليلة

-تغير طبيعة القوى وأثره في العلاقات الدولية- دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-الحرية بين جدلية العقل والارادة - دراسة فلسفية تاريخية

**وتار**

-لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەوتارو نووسین لەگۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکوردیەکاندا.


ئیمەیلی نووسەر:

Kamaran.amin1@su.edu.krd

k.mentk@yahoo.com

بەرگی چاپی یەکەم


بێوار
ڕۆمانێکی مێژووییە
بەرگی دووەم
کامەران مەنتک
چاپی یەکەم
٢٠٠٥


لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما
زەنجیرەی ٤٧

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( ٤٧)

سەرپەرشتیکردنی چیرۆك‌و رۆمان
زرار سەرتاش

ناوی کتێب:بێوار
ژانر: رۆمان
نووسینی: د. کامەران مەنتك
دیزایین: نما
تیراژ: ٥٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥
مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری  نما پارێزراوە